مجلـــة

# الصِراطُ الْمُسْتَقِيم

گۆڤاری

# ڕێگـــای ڕاســـــت

**گۆڤارێکی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزییە**
**دەستەیەك لە مامۆستایانی ئاینی دەری دەکات**


خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى


---


**ماڵپەری بەهەشت**

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾

(النساء:١)

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا . يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾.

(الأحزاب:٧١/٧٠)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

## سەروتار

# فەرمان کردن بەچاکە
# و
# ڕێگری کردن لە خراپە

✍: سەرنوسەر: م/ عبداللطیف أحمد مصطفی
ئیمام وخە طیبی مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە

----------------------------------

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

✉ islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آلِه وصحبه أجمعين .

ئەركێك هەیە كە خوای پەروەردگار لە سەر موسڵمانانی واجب كردووە، وە كتابەكەی بۆ دابەزاندووە، وە پێغەمبەرانی پێ ناردووە، بەڵام لەناو ئێمەدا مردووە، ئەو واجبەش بریتییە لە ئەركی فەرمانكردن بە چاكە وڕێگری كردن لەخراپە، ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت) دەفەرمووێ: (ئەو واجبە پیرۆزە زۆر دەمێكە مردووە خەڵكی پێی هەڵناستن و ئەو ئەركەیان بەجێ نەگەیاندووە)، جا كە ئیمامی نەوەوی لەسەردەمی خۆیدا وا بڵێت، ئەی ئێمە ئەمڕۆ دەبێ بڵێین چی لەكاتی بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو خراپەو تاوان وبێ شەرعیە، لەكاتی مردنی ئەو هەموو فەرمان وسوننەت وچاكەیە تەماشا دەكەین نابینین كەسانێك كۆمەڵانێك هەستن بەفەرمان كردن بەچاكەو ڕێگری كردن لەخراپە، خوای پەروەردگار پێغەمبەرانی یەك لەدوای یەك نارد بۆ ئەوەی ئەمر بەچاكەو بكەن و ڕێگری لەخراپە بكەن، گەورەترین فەرمانیش كە پێغەمبەران ئەمریان پێكردووە تەوحیدو تەنها خواپەرستی بووە، وەخراپترین مونكەرو خراپەش كەنەهیان لێكردووە شەریك بۆ خوا دانان بووە، خوای گەورە باسی پێغەمبەری خۆمان دەكات ﷺ: ﴿يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾ [الأعراف: ١٥٧ ] .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیان پێ دەكات بە چاكەو ڕێگریان لێ دەكات لە خراپە.

خوای گەورە محمدی نارد ﷺ فەرمانی چاكە بە خەڵك دەكات، وەشتی خەراپ لە خەڵك مەنع دەكات، هیچ شتێك نییە چاك بێت و لەئیسلامدا لێمان قەدەغە كرابێت، وەهیچ شتێك نییە پاك بێ و لێمان مەنع كرا بێ، ئەوەی كە لێت مەنع كراوەو قەدەغە كراوەو حەرام كراوە خراپەو پیسەو زەرەرمەندە بۆ خۆت و بۆ كۆمەڵگاو خێزانەكەت بۆیە خوای گەورە حەرامی كردووە، پەروەردگارمان لە كیتابە پیرۆزەكەیدا واجبی كردووە وپێمان دەفەرمووێ (وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ) ئەی موسڵمانان با لەناو ئێوەدا ئومەتێك هەبێت كەسانێك هەبن كە (يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ): باكەسانێك هەبن لەناو ئێوەدا كە خەڵكی بانگ بكەن بۆ خێر كە خەڵكی بانگ بكەن بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ وەكو ابن كثير دەفەرمووێ لەتەفسیرەكەیدا، وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ: وەئەمر بەچاكە بكەن، وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ: وەنەهیش لەخراپە بكەن، وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ: وەئەو كۆمەڵە كەسەی كەبەو واجبە هەڵدەستن، واجبی دەعوەو بانگەواز ی خەڵك بۆ خێرو بۆ سوننەت، وە واجبی ئەمر بەچاكەو نەهی لەخراپە، أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ: خوای گەورە دەفەرمووێ ئەوانە سەرفرازو سەركەوتوون، ئەو كۆمەڵە مفلح وسەركەوتوون لای خوای پەروەردگار كە هەڵدەستن بەو ئەركە گرنگە كە بەختەوەری كۆمەڵگا بەهەڵسانە بەو ئەركە، هەر كۆمەڵگایەك كە فەرمان بەچاكەو نەهی لەخراپەی تێدا نەبێت خراپەكاری تێدا بڵاودەبێتەوە بەدڕەوشتی تێدا بڵاودەبێتەوە چاكەی تێدا نامێنێت وەلەئاخیردا بەهیلاك

دەچێت، وەبێگومان ئەو کۆمەڵە سەرفرازەش کەبەو ئەرکە هەڵدەستێ ناڕەحەتی دێتە ڕێ، کەسێك کە ئەمڕۆ لە ڕۆژگاری بڵاوبوونەوەی دیاردەی شیرك وبیدعەو خورافەت، لەڕۆژگاری بڵاوبوونەوەی دیاردەی نیفاق وفیسق وفجورو بەدڕەوشتی ئەمر بەچاکە بکات وخەڵکی بۆ خێر بانگ بکات بێگومان خەڵك لێی ڕازی نابێت، بێگومان چاك باسی ناکرێت، ناوو ناتۆرەی لێدەدرێت دژایەتی دەکرێت، بەڵام پێویستە صەبر بگرێت، هەروەکو چۆن لقمان (علیە السلام) کاتێ کەئەمر بەکوڕەکەی خۆی دەکات، خوای پەروەردگار ئەمری بە لقمان کرد: (وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ) (القمان: ١٢) .

خوای گەورە حیکمەتی بەلقمان بەخشی بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکات، لقمانیش هەستا بۆ سوپاس کردنی خوا، یەکەم کەس کە دەستی پێکرد ئامۆژگاری کوڕەکەی بوو، کۆمەڵێك ئامۆژگاری دەکات لەناویاندا دەفەرمووێ:

(يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ) (القمان: ١٧) .

ئەفەرمووێ ئەی ڕۆڵەکەم ئەی کوڕەکەم أَقِمِ الصَّلَاةَ، نوێژ بکە، کام باوکانەن ئەمڕۆ کە ئەمر بە منداڵەکانیان دەکەن بەنوێژ کردن، کەنوێژی بەیانی لەگەڵ خۆیان خەبەریان دەکەنەوەو نوێژ بکەن، کێن ئەوانە؟ يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ/ ئەی ڕۆڵەکەم نوێژبکە، وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ/ وەبەنوێژیش ئیسلامەتی تەواو نابێت دینداریتی تەواو نابێت، بەهەشتت بەدەست نایەت ولەجەهەننەم ڕزگارت نابێت، ئەرکێکی تریش واجبە لەسەرت دوای نوێژ، وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ/ کەئەویش بریتیە لە ئەمر بەچاکە کردن، وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ/ وەنەهی لەخراپە بکە ئەی ڕۆڵەکەم، وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/ بەڵام سەبریش بگرە لەسەر هەر ناڕەحتیەك کەتوشت دێت، وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/ بۆچی لقمان (علیە السلام) فەرمانی بەکوڕەکەی کرد کەصەبر بگرێت، وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/ چونکە دەیزانی ئەگەر کوڕەکەی هەڵسێت بە نوێژ کردن ولەگەڵ نوێژ کردنەکەیشیدا ئەمر بەچاکە بکاو نەهی لەخراپە بکا، دەیزانی کوڕەکەی تووشی ناڕەحەتی دێت، دەیزانی دژایەتی دەکرێت، دەیزانی تووشی موصیبەت دێت بۆیە فەرمووی وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/ بەڵام صەبریش بگرە لەسەر ئەوەی کەتووشت دێت، وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ/صەبریش بگرە لەسەر ئەو مصیبەتەی کەلەڕێگای بانگەوازی وفەرمانکردن بەچاکەو نەهی لەخراپە دێتەڕێت، إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ/ ئەوە سیفەتی ئینسانی بەرزە، ئەوە ئیشی چاك وبەرزە کەخوای پەروەردگار پێی خۆشەو فەرمانی پێکردووە پێمان، سەیری ئەو باوکە بکەن، سەیری لقمان بکەن فەرمان بەکوڕەکەی دەکات ئەمر بەچاکە بکاو نەهی لەخراپە بکات، ئەگەر ناڕەحەتیشی تووش بێت دەڵێ صەبر بگرەو گوێ مەدەرێ، بەڵام هەندێك لەباوکان ناهێڵێت کوڕەکەی بچێتە مزگەوت دەڵێ ڕۆڵە تووشی بەڵاو موصیبەتێك دەبیت نەچیت، ناهێڵێ ڕیشی بهێڵێتەوە لەپێناوی خوا دەڵێ ئەوە نەکەی دوایی باتووشی موصیبەتێك نەبیت، لەگەڵ ئینسانی چاك نەگەڕێیت باتووشی موصیبەتێك نەبیت، وادەزانێ موصیبەت ئەوەیە کەلاشەی تووشی ناڕەحەتی بێت،

بەلاَم ئەگەر کوڕەکەی لەدیندا تووشی موصیبەت بێت، کوڕەکەی دینی نەمێنێ وئەخلاقی نەمێنێ بەلایەوە موصیبەت نییە، لەکاتێکیشدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو:

(ولا تجعل مصيبتنا في ديننا)[1] .

ئەی خوایە کەموصیبەتت تووشیش کردین موصیبەت لەدینمان تووش نەکەیت، موصیبەتی دونیا ئاسانە براکەم، باماڵت هەمووی بسوتێ، بامنداڵت هەمووی بمرێت، با بۆخۆشت لەناو بچیت بەلاَم ئیمانت سەلامەت بێت، نەك هەر ئیمانت سەلامەت بێت بەهەشتت دەبێ، بەلاَم با سەر هەر سەلامەت بێت کەئیمانی تێدا نەما ئاگر شوێنیەتی خوا پەنامان بدا، کەواتە ئاوا ئامۆژگاری منداڵەکەت بکە کەدەست بەدینی ئیسلامەوە بگرێ، دەست بە قورئان وسوننەتەوە بگرێ، فەرمان بەچاکە بکاو نەهی لەخراپە بکا، مەترسە لێی بیدەرە دەست خوای پەروەردگار با تەوەکولت لەسەرخوا بێ، فێری بکە ئارام بگرێ لەسەر ناڕەحەتی، پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) چۆن فەرمانیان کردووە بەچاکەو نەهیان کردووە لەخراپە، ئەو هەموو ناڕەحتیەیان هاتۆتە ڕێ، ئارامیان گرتووە لەسەری، چونکە کەسێك کە بەهەشتی بوێ پێویستە ئارام بگرێ، بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣﴾ (العصر: ١ - ٣).

خوای گەورە سوێند دەخوات کەخەڵکی هەمووی لەزەرەرمەندیدایە، ئیلا ئەوانە نەبێ کەئیمانیان هەیە وکردەوەیان چاکە، وەسێ یەم شتیش فەرمان بەچاکە دەکەن ئامۆژگاری یەکتر بەچاکە دەکەن، وەچوارەم شتیش ئامۆژگاری بەئارامگرتن دەکەن، چونکە هەرکەسێ فەرمان بەچاکە بکات تووشی ناڕەحەتی دەبێت، ئیلا (أن يشاء الله) بەلاَم پێویستە ئارام بگرێ چونکە ئەو کەسەی کە فەرمانیش بەچاکە نەکات هەر تووشی ناڕەحەتی دێت، بەلاَم لەوانەیە ناڕەحەتیەکەی ئەو خراپتر بێت لەدینەکەی بێت، ناڕەحەتی تۆ تەنها لەدونیا بوو خوای گەورەش لەسەرت لا دەدات وئاخیرت خێر دەکات، فەرمان بەچاکەو ڕێگە گرتن لەخراپە واجبێکە خوا لەسەری داناوین، ئەو کەسانەی کەپێ هەڵسن أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ/ ئەوانە لەو کەسانەن کە سەرفرازو سەرکەوتوون بە دەقی ئایەتی خوای پەروەردگار وەکو باسمان کرد، وەئەو کەسانەشن کەخوای ڕەحمیان پێدەکات، خوای گەورە دەفەرمووێت:

(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ) (التوبة: ٧١). ئەفەرمووێ: ئیمانداران بەپیاو وبەژنەوە، ئیمانداری ژن وپیاو ئەوانە دۆست وخۆشەویست وکەسی یەکترن، پەیوەندی ئیمانی لەناو خەڵکدا بەهێزترین پەیوەندییە، با

(١)(رواه الترمذي، وحسنه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١٢٦٨)

لەعەشیرەتەکەی تۆش نەبێت باخزمیشت نەبێت، مادام ئیماندارە وەکو تۆ ئەوە براتە (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُـــونَ إِخْـــوَةٌ) خـوای گەورە دەفەرمووێ ئەو ئیماندارە پیاو وژنانـە یەکـەم سیفەتیان يَـــأْمُرُونَ بِـــالْمَعْرُوفِ / کەفـەرمان بەچاکە دەکـەن، دووەمیان وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ/ ڕێگری لەخراپە دەکەن، ئەوجا سێیەم فـەرمووی وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ/ وەنوێـژیش دەکـەن، چوارەم شتیش وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ/ زەکاتیش دەدەن، پێنجـەمیش وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ / گوێڕایـەڵی خـواو پێغەمبـەرﷺ دەکەن، واتە دەست بەقورئان وبەسوننەتەوە دەگرن، أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّـــهُ/ ئا ئەوانـەن خـوا ڕەحمیـان پێدەکات، دەتەوێ خوا ڕەحمت پێبکـات بـرای مـن، دەتـەوێ ڕەحمـەتی خـوای گـەورەت تـووش بـێ وبەهەشـتت بەنـسیب بێـت ولەجەهەننەم ڕزگارت بێت، دەتەوێ ژیانت خۆش بێت لەدونیا ڕەحمەتی خوات بەرکەوێ ولەڕەحمەتی خـوادا بـژییت، ئەوا هەستە بەو پێنج ئیشەی کە خوا باسیکرد کە سیفەتی ئیماندارانی پیاو و ژنە یەکـەم سیفەتیان فـەرمان بەچاکەو دووەمیان ڕێگرتن لەخراپە وسێیەمیان نوێـژو وچوارەمیان زەکات، بیربکـەرەوە موسـڵمان فـەرمان بەچاکەو ڕێگـرتن لەخراپە پێش نوێژ کردن باسی کردوون خوای گەورە، بۆ ئەوەی وانەزانی ئیسلامەتی بـەس نوێـژەو بـەس، نوێـژێك کـە لەخراپە ناتگەڕێنێتەوە، نوێژێك کەهانت نەدا بۆ چاکەکردن، نەخێر نوێژ پەیوەنـدی بـەخۆت وخواوەیـە، بـەڵام فـەرمان بەچاکە وڕێگرتن لەخراپە پەیوەندی بەخۆت وخێزانت وکۆمەڵگاکـەت و وڵاتەکەوەیـە، سیفەتی ئیمانـدار ئەوەیـە پـێش ئەوەی کەباسی نوێژ بکرێـت بـۆی پـێش ئـەوەی کـە سیفەتی نوێـژ کـردن وزەکاتـدانیان بـاس کـا خـوای گـەورە، دوو سیفەتی تری باس کرد کە فەرمان بەچاکە دەکەن و ڕێگە لەخراپە دەگرن، ئـەوە سیفەتی ئینسانی ئیمانـدارە، بـەڵام ئەی سیفەتی ئینسانی دووڕوو چی یە؟

خوای گەورە لەبەرامبەریشدا باسی ئینسانی دووڕوو دەکات! دەفـەرمووێت: (الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْـــضٍ) (التوبة: ٦٧). دووڕووەکان بـەژن وبـە پیاویانـەوە کـەزۆرن لەسـەردەمی ئێمـەدا خـوا زۆریـان نـەکات، مونافیقـەکان کـە دووڕوون ڕووی سەرەوەی موسڵمانەوە لەدڵیشدا بێ ئیمانە، ئـەو مونافیقانـە خـوای گـەورە دەربارەیـان دەفـەرمووێت: (يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ) / بـیر بکـەرەوە فـەرمان دەکـەن بـەڵام بەچاکەنا بـەڵکو فـەرمان بەخراپـە دەکـەن، فـەرمان ناکـەن بەخەڵکی بێن بۆ ماڵی خواو نوێژ بکەن، فەرمانی پێدەکات بچێت بۆ سینەماو بۆمەلهاکان، وَيَنْهَـــوْنَ عَـــنِ الْمَعْـــرُوفِ/ ڕێگە دەگرن خەڵك بێتە مزگەوت، ڕێگە دەگرێ خەڵك دەرز بخـوێنێ دەرزی قورئـان، ڕێگـە دەگـرێ ئافرەتێـك حیجـابی هەبێ وخۆی پۆشتە بکات، ئـەو مامۆسـتایەش کـە لەقوتابخانـە ڕێگری لەقوتابیـەکان دەکات لـەو دووڕووانەیـە خـوا بمانپارێزێت، مەمنوعـە نابێـت ئـافرەت حیجـابی هـەبێت بـەچ قانونێـك وبەچـی دەسـتورێك، کـام بڕگـەی دەسـتوورە کەئەوەی مەنع کردووە ئافرەت خۆی دانەپۆشێت، یا کام بڕگەیـە کەمـەنعی کـردووە کـەقوتابیانمان جگەرگۆشـەکانمان نوێـژ نەکـەن ومـەجالی نوێـژ نـەکردنیان نـەبێت، ئـەوە سیفەتی دووڕووە خـۆت بەفەیلەسوف و ڕۆشـنبیر مەزانـە ئـەی مامۆستا کاتێ کە مەنعی ئەو هەموو قوتابیە دەکەی کەنوێژ بکەن، بۆیە ئەو هـەموو پرسیارەی دێتـە لامـان، مامۆسـتا

لەقوتابخانە مەجالی نوێژکردنمان نییە چی بکەین لەگەڵ نیوەڕۆ جەمعی بکەین؟، چی بکەین ئەگەر هاتینەوە مەغریب بوو چۆن بیکەین بەتایبەتی لەزستاناندا کەڕۆژ کورتە، بۆ لە ولاتێکی موسڵماندا مامۆستایەکی بەناو موسڵمان ڕێگا نەدا قوتابییەکان نوێژ بکەن، ئەگەر دوو دەقە لەوانەکەی تاخیر بوو نایەڵێ بێتە ژورەوە، دەڵێ لەکوێ بوی وەلا نوێژم دەکرد دەبچۆ دەرەوە بۆت نییە بێیتە ژوورەوە، بزانە سیفەتی دووڕووت هەیە خوا بمانپارێزێ، وریابە خۆت بپشکنەو بەخۆتا بچۆرەوە، وامەزانە تۆ ڕێزت هەیە لای خوای پەروەردگار کەسێکی دووڕوویت خوا بمانپارێزێت کە ئەوە سیفەتت بێت، (الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ)./کامەی خراپەیە فەرمان بەوە دەکەن، دەتوانێت بیانباتە دەرەوە بچن سەعاتێك کچ وکوڕ تێکەڵ بکەن وەلا وەرزش و دەرزی وەرزشمان هەیە، بەلام دوو دەقە ڕێگا نادرێت نوێژەکەی بکات بۆ خوای گەورە،(يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ)،/ وەدەستیشی گرتۆتەوە موناقق، منافق ماڵ نابەخشێت لەپێناوی خوا وئەو عادەتەی نییە، وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ بۆچی؟ نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ،/ چونکە خوای گەورەیان لەبیرچوەتەوە، دووڕوو خوای گەورەی لەبیر نییە کە خوا کێیە؟ کە گەورەیی خوا چەندە، لەبیری نییە کە سبەی فڕێ دەدرێتە ناو چاڵێکەوە لە قەبرەکەیدا ئەوجا پەشیمان دەبێتەوە، (نَسُوا اللَّهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ) (التوبة: ٦٧) خوای گەورە دەفەرموێت، دووڕووەکان فاسقن، ئەوانە خراپەکارن و بەدڕەوشتن خوا بمانپارێزێت، کەواتە ئەی ئەو کەسەی کەوا تۆزێك لەتوانا ومەسئولیەتت هەیە وریابە بەر هەڕەشەی خوا نەکەویت، هەولبدە فەرمان بەچاکە بکەی، هەوڵدە ڕێگە لەخراپە بگری، چونکە بەختەوەری ئەو کۆمەڵگایەمان لەوەدایە کەفەرمان بەچاکە بکەین وڕێگە لەخراپە بگرین، پاش ئەوەی کە خوای پەروەردگار باسی سیفەتی ئیمانداران وسیفەتی دووڕووانی کرد، ئەوجا حاڵی هەردوو لایشیان باس دەکات: (وَعَدَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ ) خوای گەورە دەفەرمووێ: خوای گەورە خۆی بەڵێنی بەدووڕووەکانی ژن وپیاو وکافرەکانیش داوە بەڵێنی چی؟ نَارَ جَهَنَّمَ/ بەڵێنی ئاگری دۆزەخی پێداوون، یەکەم سیفەتی دووڕوو چی یە وتمان، فەرمان بەخراپە دەکاو وەنەهیش لەچاکە دەکا، ئەوە سیفەتی یەکەمیانە، سیفەتی دووەمیشیان وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ،/ ناچێ دینارێك لەپێناوی خوا ببەخشێت، وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ،/ وریابە پرسیار لەخۆت بکەو موڕاجەعەی خۆت بکەو بزانە ئەو سیفەتانە لەتۆدا هەیە، کەتێتدا هەیە بەپەلە فریای خۆت بکەوە، خوای گەورە دەفەرمووێ بەڵێنی بەدووڕووەکان وبەکافرەکان داوە بەئاگری دۆزەخ، خَالِدِينَ فِيهَا،/بەبەردەوامی تێیدا دەمێننەوە، هِيَ حَسْبُهُمْ،/ ئەو ئاگرەیان بەسە، ئەو ئاگرەی بەسە، لەدونیا چی دەکات بابیکات دووڕوو، دەتوانێ فێڵ بکات، بەلام کەچووە ناو ئاگرەوە، خوای گەورە دەفەرمووێ: هِيَ حَسْبُهُمْ،/ئەو ئاگرەیان بەسە خوابمانپارێزێ لەو ئاگرە، ئاگرێك کەئاگری دونیا بەشێك بێت لەحەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ ،ئاگری دونیا بەست نییە ئەی موسڵمان، ئەگەر بەئاگری دونیا بسوتێی، بیربکەرەوە، ئەو کەسانەی کەدەسوتێن لەدونیا بەئاگری دونیا حاڵیان چییە؟ ئەوەندەی بەسە بۆ ئەوەی

عەزابی پێ بخوا، یان لەحاڵێکی خۆشدایەو جارێ ماوێتی، دەڵێ ئەوەندە هیچ نییە پێی موتەئەسیر نابم، ئاگری دونیا بەست بێت، ئەی دەبێ ئاگرێك حەفتا قات بەتین بێت دەبێ چۆن بێت خوا بمانپارێزێت؟ خوای گەورە دەفەرمووێ: هِيَ حَسْبُهُمْ وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ،/ وەخواش لەعنەتی لەو دووڕووانە کردووە، وَلَعَنَهُمُ اللَّهُ،/ خواش لەعنەتی لێکردوون، وەلەڕەحمەتی خۆی دەریکردوون، بۆ لەڕەحمەتی خۆی دەریان دەکات؟ تەماشای ئایەتێکی ترکە کە خوای گەورە چیمان پێ دەفەرمووێ:

(لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ ) (المائدة: ٧٨).

خوای گەورە لەعنەتی لە بەنو ئیسرائیل کرد لەسەر زمانی داودو عیسای کوڕی مەریەم، لەزەبوورو لەئینجیلدا لەعنەتیان لێکرا، وەخوا لەعنەتی بۆناردن، بۆ؟ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ،/ چونکە سەرپێچی فەرمانی خوایان دەکردو دەست درێژیشیان دەکرد، ( كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ ) (المائدة: ٧٨). بۆیە لەعنەتیان لێکرا کە ئەگەر مونکەرێك خراپەیەك تاوانێك دەکرا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ،/ نەیان دەووت کاکە ئەوە خراپەیە مەیکە، بابە ئیشی من نییە من هەقم چییە؟ کەس ناچێتە قەبری کەسەوە، کەس بەئاگری کەس ناسوتێ، هەر کەسە خۆی لەسەرە، دەست بەکڵاوی خۆت بگرە با نەیبات، ئەو قسانە هەمووی پوچن و وەهەمووی دژی شەریعەتی ئیسلامن، وامەزانە بەئاگری کەسەوە ناسوتێی، بەئاگری خەڵکەوە دەسوتێی، کەببینیی ئەوە خراپەیەو ئینکاری لێنەکەی کەمترین شت بەزمانت نەڵێی کاکە لەخوا بترسە، بەنەرمی، ناڵێم شەڕی لەگەڵ بکە بڵێ برای بەڕێزم لەخوا بترسە، تەقوای خوا بکە، ئەو کارەی تۆ دەیکەی خوا پێی ناخۆشە، ئەو کارەی تۆ دەیکەی خراپە بڵاوەدەکاتەوە لەوڵاتدا لەشارەکەماندا، ئەگەر ئەوە نەڵێیت ئەوە بزانە ئیمان لەدڵتدا بزانە هەر نییە یان زۆر لاوازە خوا بمانپارێزێ و نیفاق چووەتە ناوی، خوای گەورە فەرمووی بۆ لەعنەتیان لێکرا بەنی ئیسرائیل: (كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ)، چونکە ڕێگریان لەیەکتر نەدەکرد ئەگەر مونکەرێك خراپەیەکیان کردبا، نەیان دەووت کاکە ئەمە مەکە خراپەیە، ئەوەیان نەدەکرد ئەو سیفەتەیان نەبوو، دەبینێت بێ شەرعی دەکرێت، هەموو باوکەکان دەبینن منداڵەکانیان لە قوتابخانە نوێژی عەسر ناکەن، کەسێك جورئەتی نییە غیرەتی نییە هەڵسێت بڵێت دەی ڕیش سپییەکان دەی پیاو ماقولان، نەك بەنیەتی ئاژاوە، بابچین بۆ ئیدارە بۆ تربیە بۆ ناحیە بۆ وڵات پرسیار بکەین ئایا ئەوە قانوونی وڵاتە ئەگەر وڵاتمان ڕێگری لەنوێژ بکات ئەوە وڵاتێکی کافرە بابیناسین، ئەگەر قانونیشی تێدا نییە، لەقانوونیشدا ڕێگری لێناکرێت، ئەی ئەو کەسە کەمە چییە کە لە قوتابخانەدا خۆی موسەیتەر کردووەو نایەڵێ منداڵەکانمان نوێژ بکەن، جولاّن هیچتان ئینکاری ئەو خراپەیەتان کرد، کەسی نایکات، بابە چ ئیشمان پێیە، موشکیلە نییە ئەوە کەی موشکیلەیە، گرنگ منداڵەکەم دەرچێ لەخوێندن، دەرچێ لەخوێندن بەڵام دەدۆڕێ لەئاخیرەتدا، بەدەستی خۆت دەبیتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکەت ببێتە سوتەمەنی دۆزەخ خوا بمانپارێزێت، کامتان ڕیش سپیەکانتان باپێش گەنجەکان، کامتان زۆر

بەنەرمی وبەعاقڵانە هەستان بڕۆنە تەربیە بڵێن با کچ وکوڕ تێکەڵ نەبێ لەخوێندن، مەسەلەکە تیرۆرستی نییە، مەسەلەکە لە بەرژەوەندی خوێندن وڕەوشتی گەلەکەمانە، کێ هەستا؟ کوا ڕیش سپییەکان، کەس نایکات، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کەئیمان لەدڵەکاندا یان نەماوە یان لاوازە، سیفەتی ئیماندار پێش نوێژ کردن ڕێگرتن لەخراپەیە، ئەی بۆ نایکەیت، وامەزانە زۆر بەئاسانی ڕزگارت بێت خوا بمانپارێزێت، بەنو ئیسرائیل خوا لەعنەتی لێکردن چونکە ڕێگریان لەخراپە نەدەکرد، ئەی ناترسی بەر لەعنەتی خوای گەورە بکەوی لەڕەحمەتی خوا دەرچی، خوا بمانپارێزێت، کەس واتێنەگا ئێمە لەگەڵ ئاژاوەین، پەنا بەخوا نە ئاژاوە گێڕین نە لەگەڵ ئاژاوەگێڕانیشین، بەڵام دەمانەوێت ولاتەکەمان ولاتێکی بەختەوەر بێت، خەڵکەکەمان لە ئاسودەیی وڕەوشتی بەرزدا بژیەت، نەك وەکو کرمی ناوخۆ ئەو گەلە وردە وردە ئەخلاق وڕەوشتی نەمێنێ وبتەپێت و بدۆڕێت، هەر ئوممەتێك ئەخلاقی نەما ئیمانی نەما سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ براکانم، کەواتە خوای گەورە لەعنەتی لێکردن چونکە فەرمانیان بەچاکە نەدەکردو ڕێگریان لەخراپە نەدەکرد، لەعنەتی لێکردن وبۆ دۆزەخ ودەفەرمووێ بەسیانە، بەڵام سیفەتی ئیماندار خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ) (التوبة: ٦٧) خوای گەورە بەڵێنی بەئیمانداران داوە بەژن وپیاویان ئەوانەی فەرمان بەچاکە دەکەن وڕێگری لەخراپە دەکەن، خوای گەورە بەڵێنی بەهەشتی پێداون، (تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا ) کەڕووبار بەژێریدا دەڕوات، (وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ)،/

خوا لێیان ڕازییە لەو ئیماندارانە، موسڵمان هەوڵ بدە خوا لێت ڕازی بێت، با ترسی هیچ کەسێك وشەرم کردن لە هیچ کەسێك وات لێنەکات کەبڵێی ئەوە ڕاستە ئەوە ڕاست نییە، لەکەس مەترسە برای من بەس لە خوای گەورە بترسە، ئەو کەسەی کە لە غەیری خوا دەترسێ، تووشی ئیمان لاوازی وبگرە تووشی هاوەڵ بڕیاردانیش دەبێت پەنا بەخوای پەروەردگار، ئەوجا لەبیرت نەچێت پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ: (أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر)[٢].

گەورەترین تێکۆشان قسەیەکی ڕاستە لەلای کاربەدەستێکی ستەمکار بیکەیت، ئەگەر زانیت کاربەدەستێك ستەمکارە برۆ قسەی ڕاست بکە، برۆ لای بڵێ کاکە گیان لەخوا بترسە برام، لەخوا بترسە ئەو ئیشەی تۆ دەیکەی زەرەر لەخۆتیش دەدەی وزەرەر لە قیامەتیشت دەدەی وزەرەر لەوڵات وگەلەکەیشت دەدەیت، ئەو کارە مەکە پەشیمان بەرەوە، بۆیە عطائی کوڕی أبي رباح چووە لای عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان کە خەلیفە بوو لەسەردەمی خۆیدا، نەك خەلیفەیەك تەنها شوێنێکی وەکو کوردستانی بچووکی ئێمەی بەدەست بێ، هەموو دەوڵەتی ئیسلامی بەدەست عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوانەوە بوو، عطائی کوڕی أبی رباح چووە ژوورەوە بۆ لای تەماشای کرد دانیشتووە لەسەر تەختی پاشایەتی ئەوهەموو ڕەئیس وعەشیرەت وئەو هەموو وەزیرو پیاو ماقوڵو مەزنانە لای دانیشتوون، کە عطائی کوڕی أبی رباح هات یەکسەر خەلیفە لەبەری هەڵساو هێنای لای خۆی دانیشاندو بۆ خۆی چوو لەسەر چۆك

(٢) (رواه أبو داود والترمذي وابن ماجة، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١١٠٠) .

بەرامبەری دانیشت فەرمووی ئەی إمام بفەرموو چ دەڵێی چ پێویستیەکت هەیە تابۆت لەسەر چاو دانێین، ووتی: یەك شتت پێ دەڵێم ئەو کورسیەی کەتۆ لەسەری دانیشتووی بەخوێنی موهاجرو أنصارەکان تۆ گەیشتوویتە ئێرە، وامەزانە بەشان وبازوی خۆت ئێستا ئەو شوێنەت هەیە وئیسلام ئەو هەموو فەتح وفتوحاتەی هەیە یەکسەر ئاوا بەئاسانی تۆ گەیشتۆتە دەستت، ئەو تەختەی تۆی لەسەر دانیشتووی ئەوە خوێنی موهاجرو ئەنصارەکانە کە ڕشتیان ئیسلام بەرزبۆوەو ئێستا گەیشتۆتە دەستی تۆ (فاتق الله في أبناء المهاجرين والأنصار) دەی تەقوای خوا بکەو لەخوا بترسە، ئاگات لەمندالی مهاجرو ئەنصارەکانیش بێت، ئێمەش ئاوا بەکاربەدەستەکان دەڵێین ئەو تەختەو تاراجەی کە لەسەری دانیشتوون ئەوە خوێنی ئەو کەسانەیە کە خوێنیان ڕژا بۆ ئەوەی ئێمە بگەینە ئەم ڕۆژە دوای فەزڵ وکەرەم وڕەحمەتی خوا، کەواتە ئەوەتان لەبیر نەچێت ئەو خوێنە بۆ ئەوە نەڕژاوە بۆ ئەوەی بەدڕەوشتی بڵاوبێتەوە، خوێن بۆ ئەوە نەڕژاوە مەشروب وخواردنەوە بەئاشکراو بەبێ شەرم وحەیا لەناو شارەکانماندا هەبێت، خوێن بۆ ئەوە نەڕژاوە کچ وکوڕمان تێکەڵ بێت مستەوای خوێندن نەمێنێت وبەدڕەوشتی بڵاوبێتەوە، خوێن بۆ ئەوە نەڕژاوە ڕیبا بڵاوبێتەوە لەناو خەڵك، بائاگامان لەوە بێت، ئاگامان لە گەلەکەی خۆمان بێت، وەخەڵکیش ئاگایان لەخوای گەورە بێت، چاکەکاربن نەك تێکدەرو وێرانکاربن، کەواتە براکانم تەنها ئامۆژگاری نەك وێرانکاری وتێکدەر ئەوە نا، کەلیمەی ڕاستی بڵێ بڕۆ ئامۆژگاری خێری بکە، چونکە ئەو کاربەدەستەش کەتۆ بچیت ئامۆژگاری خێری بکەیت تۆ ڕاستی لەگەڵی، ئەو کەسەی کەماستاوی بۆ بکات ودەستی بۆ لەمل بدات، ئەوە خیانەتی لێ دەکات ئەوانە ماستاوچین ودەست لەمل دەدەن، والله چاکەی کاربەدەستەکەیان ناوێت، وچاکەی گیرفانی خۆیان دەوێت، دەیەوێ بۆ خۆی شتێکی دەست کەوێ کە مەدحی کرد، جا بۆیە عطـــائی کوڕی أبی رباح ئەو قسانەی تەواو کردو، عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان فەرمووی ئەوەی بۆ خەڵکت داوا کرد لەسەر سەرو چاوم جێ بەجێی دەکەم، ئەی جەنابت چی داواکاریەکت هەیە فەرمووی، من داواکاریم لەلای دروستکراو نییە، من داواکاریم لای خوای گەورەیە، ئیشم بەتۆ نییە، بۆ ئەوە نەهاتووم داوای پارەت لێبکەم، ئێمەش بافێر بین، باکەسێکمان نەچێتە لای کاربەدەستێك ونەڵێت والله ئەگەر پارچە زەویەکم بدەیتێ، بەرمیلە نەوتێك ئەگەر بۆمان بدەیت نەوتمان نییە، ئەگەر بکرێ فلانە ئیشەم بۆ بکەیت، سووك دەبیت، هەوڵدە ئیشی خۆت تەنها لەخوا داوا بکە، بەڵام هەوڵ بۆ ئیشی تێکڕای خەڵکی وموسڵمانان بدە، فەرمان بەچاکە بکەو ڕێگری لەخراپە بکە، بۆیە وای لێهاتووە ئەمڕۆ ئەو کەسانەی کەفەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپەش بکەن، ڕێزیشیان کەم بۆتەوەو قسەیان قبوڵ ناکرێت، چونکە داواکارییەکانیان بۆ خۆیانە نەك بۆخەڵك وگەل ونیشتمانەکەیان وبۆ دینەکەیان بێت، براکانم خوای پەروەردگار باسی ئەو ئوممەتە دەکات دەفەرمووێ:

﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾ (آل عمران: ١١٠).

ئێمە خێرترین ئوممەت بوون بۆچی خێرتریت ئوممەت بووین؟ دەفەرمووێ چونکە ئێوە فەرمانتان بەچاکە کردو ڕێگریتان لەخراپە کرد (وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ) ئیمانەکەی خستە دوای فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگەگرتن لەخراپە، کەواتە چاکەی ئەو ئوممەتە لەوەدایە کەفەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپە بکا، بەلاّم بەنەرم ونیانی نەك بەتێکدەری نەك بەئاژاوە گێڕی نەك بەفیتنەیی نا، فەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپە بەریفق و بەئەدەبەوە بەزانینەوە، کەبزانیت ئەوە سەردەکێشێت بۆ چاکتر، نەك سەربکێشێ بۆ وێرانکاری وخراپتر، ئەوجا فەرمان بەچاکە وڕێگری لەخراپە ئەوە نییە کە ئێمە بچین دامو دەزگاکان بسوتێنین وتێکی بدەین، ئەوە وێرانکارییە، ئەوە خۆی لەخۆیدا مونکەرەو خراپەیە، فەرمان بەچاکە ئەوەیە قسەی ڕاست بکەی هەوڵی ڕاست بدەی، تەعاون وهاوکاری لەسەر خێر بکەین، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

(من رأى منكم منكرا فليغيره بيده)[٣] .

هەرکەسێك لەئێوە خراپەیەکی بینی با بەدەست بیگۆڕێت، ئەگەر لەتواناتدا هەبوو، لەماڵی خۆتدا بەدەست دەیگۆڕی، ڕەئیس عەشیرەت لەعەشیرەتەکەی خۆی، مودیر لەدائیرەکەی خۆی، ڕەئیسی حکومەت لە وڵاتەکەی خۆی، بەلاّم جگە لەوە تۆ بۆت نییە بچی بەدەست لەگەڵ خەڵك بیکەیتە فیتنەو شەڕ، **فإن لم يستطع فبلسانه** نەتتوانی بەزمان، **فإن لم يستطع فبقلبه** / بابەدڵ پێت ناخۆش بێت، **وذلك أضعف الإيمان** / ئەوە نیشانەی لاوازی ئیمانە، وەلە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمێت:

(ليس وراء ذلك من الإيمان حبة خردل)[٤].

ئەوەی کە لەدڵیشدا خراپە بەخراپە دانانێ، ئەوە حەبە خەردەلێکیش ئیمانی لەدڵدا نەماوە، زۆرکەس دەبینی نەك بەخراپە ناڵێ خراپە، نەك لەدڵیش پێی ناخۆشە، بەڵکو پێشی خۆشە دڵەکەی خراپەی دەوێت، فەرمانیش بەخەراپە دەکات، زانیمان ئەوە سیفەتی ئینسانی دووڕووە خوا بمانپارێزێ لە دووڕووەکان، جا موسڵمانان با موڕاجەعەی خۆمان بکەینەوە، باپێی هەڵسین لەپێناوی خوادا بەدڵسۆزی، ئەگەر بەو ئەرکە هەڵسین والله وڵات وگەلەکەشمان بەختەوەرو بەرز دەبێ إن شاء الله تعالى، چونکە ئەگەر نەخۆشیەك بڵاو بوەوە لەلاشەدا زوو چارەسەری نەکەیت هەموو لاشەت دەگرێتەوە، سەرەنجامی خراپ دەبێت، خوا بمانپارێزێت، وەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

(مثل القائم على حدود الله والمدهن فيها كمثل قوم استهموا على سفينة في البحر فأصاب بعضهم أعلاها وأصاب بعضهم أسفلها فكان الذين في أسفلها إذا استقوا من الماء مروا على من فوقهم فقال الذين في أعلاها لا ندعكم تصعدون فتؤذونا

---

(٣) (رواه النسائي والترمذي وابن ماجة، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٦٢٥٠) .

(٤) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥٧٩٠).

فقالوا لو أنا خرقنا في نصيبنا خرقا ولم نؤذ من فوقنا فإن يتركوهم وما أرادوا هلكوا جميعا وإن أخذوا على أيـــديهم نجـــوا ونجوا جميعا)(٥).

واتە: وێنەی ئەو کەسانەی فەرمان بەچاکە دەکەن وەکو ئەو کەسانە وان کە لەناو کەشتییەکدان دوو تـاقمن، کۆمـەڵێك لەژێرەوە، کۆمەڵێکیش لەسەرەوە، ئەوانەی ژێرەوە هەموو جار دەبێ بێنە سـەرەوە ئـەوجا ئـاو بخۆنـەوە، دەڵـێن جا ئەو هەموو ماندووبوونە بەئێمە ناکرێت با لەژێرەوە بۆ خۆمان کونێکی تێبکەین بۆ ئەوەی یەکسەر ئاوەکە لێمـان نزیك بێت وئەو ناڕەحەتیە نەبینین، پێغەمبەر خوا ﷺ دەفەرمووێ: ئەگەر ئەوانەی سەرەوە لەخوارەوە بگـەڕێنو وازیـان لێ بێننو بڵێن خۆ جا کونەکە لەخوارەوەیە ئیشی بەسەروە نییە، ئەوە هەموویان نوقم دەبن، ئەگـەر دەستیـشیان بگرن ئەوە هەموویان ڕزگاریان دەبێ، جا وامەزانە کە ئەو کەسەی خەراپە دەکـات بـەس بـۆ خـۆی زەرەر دەکات، کۆمـەڵگا هەمووی خراپ دەبێت، کۆمەڵگا هەمووی تێك دەچێت تۆش بەهۆی ئـەوەوە زەرەر دەکـەیت کەواتـە کـە خراپـەت دی دەستی خراپەکار بگرەو ئامۆژگاری بکە، ئەوجا هەموومان قازانج دەکەین ولای خوای گەورەش سـەرفرازو سـەرکەوتوو دەبین خوا ڕەحمان پێدەکات، دەنا خوای گەورە غەزەبمان لێدەگرێت، بەر لەعنەتی خـوا دەکـەوین خـوا بمانپارێزێت، خوای گەورە وامان لێبکـەی کەبـەو ئەرکـە پـیرۆزە هەڵسین فـەرمان بەچـاکە بکـەین وڕێگـری لەخراپـە بکـەین، خـوای گەورە وڵاتمان بەختـەوەر کـەیت، خـوای گـەورە ئاسـودەیی وئـارامی وخـوای گـەورە ئـەمن وئاسـایش وئـەمن وئیمان بخەیتە ناو وڵاتەکەمانەوە، آمین آمین

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

**لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن**

---

(٥) (رواه البخاري والترمذي، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥٨٣٢)

# ناسینی خوای گەورە

✍ بێگەرد جانی عەزیز

-----------------------------------

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

✉ islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

**عێراق - کوردستان - کەلار**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

لەم بابەتەدا بە پشتیوانی خوای گەورە تیشکێك دەخەینە سەر ناسینی خوای گەورەو ئەو شتانەی کە پەیوەندیان پێوەی هەیە، سەرەتا با بزانین خوای گەورە کێ یە؟ خوای گەورە ئەو زاتە بەرزەیە کەخۆی تاکو تەنهایە هەروەکو دەفەرموویت: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ اللَّهُ الصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴿٤﴾﴾ [الإخلاص].

واتە: ئەی محمد ﷺ بڵێ ئەو خودایە تاك و تەنهایە جێی نیازو ئومێدە کەسی لێ نەبووە لەکەس نەبووە هەرگیز هیچ کەس هاوشێوەو هاتای نییە.

کەواتە خوای گەورە ئەو خوایەیە کەجن ومرۆڤ و هەموو بونەوەرو زەویو ئاسمانی دروست کردووە کەبەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە تاکو تەنهایەو دوورە لەهەموو عەیبو کەمو کورپییەك هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ﴿١٩٠﴾ الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿١٩١﴾﴾ [آل عمران].

واتە: دروست کردنی ئاسمانەکانو زەویو جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژ یەك بەدوای یەکدا هاتنیان بەڵگەی دیارو ئاشکران کە ئەم بوونەوەرە تەنها بەخوای تاکو تەنها هاتۆتە کایەوە، ئەم بەڵگە دیارانەش مرۆڤی خاوەن مێشكو ژیر هەستیان پێدەکات کە خۆی تووشی ملهوڕی لاڕێی نەکردبێ، ئەو مرۆڤانەی لەشەو و ڕۆژ، لەخۆشیو ناخۆشیدا لەهەموو هەستانو دانیشتنێکداو لەکاتی پاڵکەوتن هەمیشە خودایان لەبیرەو بیریش لەدروست کردنی زەویو ئاسمان دەکەنەوەو دەڵێن: ئەی خودایە بەبێ هوودە ئەم بوونەوەرەت دروست نەکردووە بەڵکو حیکمەتێکی گەورە خۆتی تێدایەو تاکو ئێمە تۆ بناسینو بەتەنها تۆ بپەرستین پاكو بێگەردی بۆ تۆ بمان پارێزە لە ئاگری دۆزەخ.

## کێ خوای گەورەی دروست کردووە؟

وەڵام/ ئەگەر شەیتان دڵەڕاوکێی بۆ دروست کردن بەم پرسیارە ئەوا پەنا بگرن بەخوای گەورە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ ۖ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾﴾ [فصلت].

واتە: ئەگەر شەیتان وەسوەسەو دڵە ڕاوکێی بۆ دروست کردن ئەوە پەنا بگرنە خوای گەورە لێی، چونکە بەڕاستی خوای گەورە بیسەرو زانایە.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فێری کردووین کە چۆن فێڵەکانی شەیتان ڕەد بکەینەوە، بەوەی کە بڵێین: (آمنت بالله ورسوله، الله أَحَدٌ الله الصَّمَدُ لَمْ يلدِ وَلَمْ يُولَدْ وَلَم يَكُنْ لَهُ كُفواً أَحَدٌ، ثُمَّ لْيَتْفُلْ عن يَسَارِهِ ثَلاثاً وَلْيَسْتَعِذْ مِنَ الشَّيْطَانِ ولينته فإن ذلك يذهب عنه) [1].

(١) (رواه البخاري ومسلم وأبو داود، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: ٨١٨٢).

واتە: باوەڕم هەیە بەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ خوای گەورە تاکو تەنهایە، خوای گەورە بێ پێویستە لە دروستکراوەکانی، کەسی لێ نەبووەو لەکەسیش نەبووە، وەهیچ کەسیش هاوشێوەی خوای گەورە نییە. پاشان سێ جار تف بکات بەلای چەپیداو، پەنا بگرێت بەخوای گەورە لە شەیتان، وە وازبێنێت لەو وەسوەسەیە ئەم شتانە دەبنە هۆی لاچوونی ئەم وەسوەسەیە.

وە پێویستە بوترێت: خوای گەورە دروستکارەو دروستکراو نییە، بۆ زیاتر نزیك بوونەوەی ئەم شتە لەبیرو هۆشماندا دەڵێین: ژمارە دوو ژمارە یەك لەپێشیەوەیەتی، وە ژمارە یەك هیچ شتێك لە پێشیەوە نییە، خوای گەورە تاکو تەنهایەو هیچ شتێك لە پێشیەوە نەبووە، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت:

(اللهُمَّ أَنْتَ الأَوَّلُ فَلَيْسَ قَبْلَكَ شيء)[٢].

واتە: خوایە تۆ لەسەرەتاوە هەر بوویتو هیچ شتێك لە پێش تۆوە نەبووە.

وە خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣﴾﴾ [الحديد] .

واتە: هەر خوای گەورەیە کە یەکەمینو دواهەمینە، وە ئاشکراو نهێنی دەزانێت، وە ئەو بەهەموو شتێك ئاگادارە.

## ئایا ئێمە خوای گەورە دەبینین؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئێمە لە دونیا خوای گەورە نابینین، بەڵام لە قیامەتدا تەنها باوەڕداران دەیبینن، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾﴾ [القيامة].

واتە: زۆر ڕوخسار لەڕۆژی دواییدا گەشاوەنو دەدرەوشێنەوە چونکە تەماشای پەروەردگاریان دەکەن.

وەهەروەها کەسانێك پرسیاریان لە پێغەمبەر ﷺ کرد ئایا ئێمە لەقیامەتدا خوای گەورە دەبینین؟ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی:

(نعم، فهل تضارون في رؤية الشمس في الظهيرة ليست في سحابة؟ قالوا: لا، قال: فهل تضارون في رؤية القمر ليلة البدر ليس في سحابة؟ قالوا: لا، قال فوالذي نفسي بيده لا تضارون في رؤية ربكم إلا كما تضارون في رؤية أحدهما)[٣].

واتە: بەڵێ لەقیامەتدا هەرکەسێك باوەڕدار بێت دەیبینێت، ئایا ماندوو دەبن لە بینینی خۆر لە نیوەڕۆدا کە ساماڵ بێتو هەور نەبێت؟ ووتیان: نەخێر، فەرمووی: ئایا ماندوو دەبن لە بینینی مانگی چواردە کە ساماڵ بێتو هەور نەبێت؟ ووتیان: نەخێر، فەرمووی: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە خوای گەورە دەبینن‌و ماندوو نابن لە بینینی هەروەکو چۆن ماندوو نابن لە بینینی ئەو دووانە.

(٢) (رواه مسلم وأبو داود والترمذي وابن ماجة وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤٤٢٤)

(٣) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٥٥٥٥).

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ:

(اذا دخل اهل الجنة الجنةَ نادى مناد: يا اهل الجنة، ان لكم عند الله موعدًا يريد ان يُنجزِكموه، فيقولون: ما هو؟ الم يُبيِّضْ وجوهنا، ويثقل موازيننا، ويدخلنا الجنة، وينجينا من النار؟) قال: (فيكشف الحجاب فينظرون اليه، فما اعطاهم شيئًا احب اليهم من النظر)(٤).

واتە: کاتێ بەهەشتیەکان چوونە بەهەشتەوە دۆزەخیەکان چوونە دۆزەخەوە جاڕدەرێك بانگ دەکاتو دەڵێت: ئەی بەهەشتیەکان ئێوە لەلایەن پەروەردگارەوە بەڵێنێکتان پێدراوە دەیەوێ بۆتان جێ بەجێ بکات، ئەوانیش دەڵێن ئەو بەڵێنە چییە؟ ئایا ڕوومانی سپی نەکردووە؟ ئایا کێشانی کردەوە چاکەکانمانی قورس نەکردووە؟ ئایا نەی خستوینەتە بەهەشتو لەئاگریش نەیپاراستووین؟ جا پەردە لا دەبرێت بۆیانو، سەیری خوای گەورە دەکەن سوێند بەخوا هیچ شتێکی پێ نەداون خۆشتر بێت لەلایان لەسەیرکردنی خوای گەورە ئەوەندە چاویانی پێ گەش بێتەوە.

## خوای گەورە لەکوێ یە؟

خوای گەورە لەسەر عەرشە لەسەرووی هەموو ئاسمانەکانەوە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ [طه].

واتە: خوای گەورە لەسەر عەرش بەرزو بڵند بۆتەوە، بەوشێوەی شیاوی بێت ئێمە چۆنیەتیەکەی نازانین.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

(ان الله كتب كتابا قبل ان يخلق الخلق فهو مكتوب عنده فوق العرش)(٥).

واتە: خوای گەورە نوسراوێکی نوسیوە پێش ئەوەی دروست کراوەکان دروست بکات، ئەو نوسراوە لای خۆیەتی لەسەر عەرش .

لەیەمەن پارچە زێڕێکیان نارد بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ دابەشی کرد بەسەر چوار کەسدا بۆ ئەوەی دڵیان بۆ دینی ئیسلام ڕابکێشێت، پاشان نەفەرێك ڕاست بووەوە وتی ئەی پێغەمبەر ئێمە شایستەترین بیدە بە ئێمە بۆ دەیدەی بەو چوار کەسە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(ألا تأمنوني وأنا أمين من في السماء)(٦). واتە: ئایا ئێوە منتان لا ئەمین نییە لەکاتێکدا من ئەمینداری ئەو زاتەم کە لەئاسمانە لەسەر عەرش.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە لەسەر عەرشە بەزاتی خۆی.

---

(٤) (رواه مسلم وأحمد، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير:٥٢١).

(٥) (أخرجه البخاري ومسلم، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٢١٤).

(٦) (رواه البخاري، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٢٦٤٥)

## ئایا خوای گەورە لە گەڵماندایە؟

وەڵام/ خوای گەورە لە گەڵماندایە بەزانیاری خۆیو وتەکانمان دەبیستێتو دەمان بینێت وەك خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿ قَالَ لَا تَخَافَآ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ﴿٤٦﴾ ﴾ [طه] .

واتە: خوای گەورە بەموساو هارونی فەرموو لەفیرعەون مەترسن چونکە من لەگەڵتانم، دەبیستمو دەبینم .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت:

(إنكم تدعون سميعا قريبا وهو معكم)[٧]. واتە: ئێوە داوا لەخوایەك دەكەن كە دەبیستێتو نزیكە لێتانەوەو لەگەڵتاندایە بەزانیاری خۆی، وتەکانتان دەبیستێتو دەتان بینێت.

## ئایا هیچ کەسێک غەیب دەزانێت؟

هیچ کەسێك غەیب نازانێت جگە لەخوای گەورە، وەکو خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ ﴿٥٩﴾ ﴾. [الأنعام ].

واتە: خەزێنەکانی غەیب لای خوای گەورەیە، هیچ کەسێك نایزانێت تەنها خۆی نەبێت .

## بۆچی خوای گەورە ئەم ئاسمانو بوونەوەرەی دروست کردووە؟!

بێ گومان ئینسان پلەوپایەیەکی زۆر گەورەو بەرزی گرنگی هەیە، کەهیچ دروست کراوێکی نێو بوونەوەر نایگاتێ ئەویش ئەوەیە کەهەرچی لە ئاسمانو زەویدا هەیە خوا بۆ ئینسانی ملکەچ کردووە کەسوودی لێ وەربگرێ لەژیانو گوزەرانی دونیادا وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ ٱلۡبَحۡرَ لِتَجۡرِيَ ٱلۡفُلۡكُ فِيهِ بِأَمۡرِهِۦ وَلِتَبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِهِۦ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴿١٢﴾ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾ [الجاثية ].

واتە: هەر خوا خۆی دەریای بۆ ئێوە ملکەچو ژێر بارکردووە، تا بەفەرمانی خودا کەشتی لەناویدا بگەڕێ بێ ئەوەی نقوم ببێ، وە بۆ ئەوەی لەو بەخششو نیعمەتانەی کەخودا دایناوە لەدەریادا ئێوە لێی سوود مەندبن .. وەهەرچی لەئاسمان زەویدایە، هەر هەمووی موڵکی خودایە بەمیهرەبانی خۆی بۆ ئێوەی دەستەمۆ کردووە بۆ ئەوەی لەژیانی دونیادا لێی بەهرەمەندبن، ئا ئەمانە بەڵگەو نیشانەی ڕوونو ئاشکرای تێدایە بۆ کەسانێ کە بیر بکەنەوەو بزانن کە حیکمەتی دروست بوونی ئەم بوونەوەرە چییە .

لەئایەتەکانی قورئاندا بەڵگەو نیشانەی زۆری تێدایە کەباس لەوە دەکاتو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم گەردوونەو ئەوەی لەم بوونەوەرەدا هەیە، هەر هەمووی خودا لەپێناوی مرڤدا دروستی کردووەو ژێرباری کردووەو بەجۆرێك ڕێکخراوەو دانراوە لەگەڵ سروشتو ژیانیدا بگونجێ، وە بەئەندازەو چۆنیەتیەکی وەها دروست کراوەو بەدی هێنراوە کەژیانی مرۆڤی پێ چاکو تەواو بێ.

---

(٧) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٨٦٤).

وەهەر شتێك بۆ ژیانی ئینسان پێویست بێو زەرورەتی ژیانی بێ خودا بۆی ئامادەکردووەو لەگەڵ سروشتی ژیانیدا گونجاندویەتی، وەهەر شتێك کە ببێتە مایەی کۆسپو تەگەرەو ڕێگر لەژیان خودا لای بردووەو نەیهێشتووە.

**بۆچی خوای گەورە مرۆڤی دروست کردووە؟**

ئاشکرایە، یەکەم دروست کراو لەدروستکراوەکانی خوای گەورەدا لە مرۆڤدا بریتییە لە ئادەم ﷺ وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ ﴾ [ص] .

واتە: خوای گەورە بەفریشتەکانی فەرموو: من دەمەوێت مرۆڤێك دروست بکەم لەقوڕ.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (كلكم بنو آدم وآدم خلق من تراب)[٨].

واتە: ئێوە هەمووتان نەوەی ئادەمن، وە ئادەم دروست کراوە لەخۆڵ .

بەڵام بابزانین خوای گەورە بۆچی مرۆڤی دروست کردووە؟!

بێگومان ئەو حیکمەتو مەبەستە گەورەو گرنگەی کە مرۆڤ لە پێناویدا دروست بووەو وەکو وەزیفەو ئەرکێکی پڕ بایەخی سەرشانی خۆی دەبێ جێ بەجێی بکات بریتیە لە بەندایەتی کردنی خوای پەروەردگار، وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ [الذاريات].

واتە: جنۆکەو مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرسستنی خۆم نەبێت بە تاکو تەنها.

وە ئەم بەندایەتی کردنەش گەورەترین حەقو مافێکە کە خوای پەروەردگار لەسەر مرۆڤی دانابێ وەکو پێغەمبەر ﷺ بە موعاذی کوڕی جەبەلی ﷺ فەرموو:

(يا معاذ بن جبل هل تدري ما حق الله على عباده وما حق العباد على الله؟ قال: الله ورسوله أعلم، قال: فإن حق الله على العباد أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئا)[٩].

واتة: ئایا دەزانی مافی خوا لەسەر بەندەکانی چییە؟ ئەویش ووتی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ باشتر دەزانن، فەرمووی: حەقو مافی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە کە بیپەرستنو بەندایەتی بۆ بکەنو هاوبەشی بۆ دانەنێن.

**خوای گەورە بۆچی داوای پەرستنمان لێ دەکات؟**

بەڕاستی پێداویستی بەندەکانە بەوەی کەتەنها (الله) پەرستراویان بێتو پەرستنی بۆ بکەن، وەکو پێداویستیانە بەوەی کە پەروەردگاریان بێتو دروستیان بکاتو ڕزقیان بداتو لەش ساغو خۆشحاڵیان بکات.

---

(٨) (رواه البزار، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤٥٦٨).

(٩) (متفق عليه، وانظر صحيح الجامع الصغير: ٧٩٦٨).

واتە هەروەکو چۆن بەبێ ئەو پەروەردگارە نە بوونیان دەبێت، وەنە بەردەوامیش، بەهەمان شێوەش – بگرە زیاتریش لەمانەی پێشوو – ئەگەر بەندایەتی کردنیان نەبێت بۆ خوا، ئەوە ژیانی ڕاستەقینەیان لەدەست دەچێتو ژیانی تاڵی دونیاو قیامەتیان تووش دەبێت، کەواتە بۆ ئەوەی خۆشحاڵی ڕاستەقینەو بەردەوامیان دەست کەوێت، ئەوە لەنانو لە ئاو زیاتر، پێویستیان بەوەیە خوا بپەرستنو لەهەموو کەسێك خۆشتریان بوێتو ڕازی بێت لێیانو لەتوڕەیی خۆی بیانپارێزێت، چونکە فەقیری دونیا ماوەکەی کورتەو بڕاوەیەو هەتا سەر نییە، بەڵام فەقیری قیامەت بەردەوامو نەبڕاوەیە بۆ بێباوەڕانو هاوبەش پەیداکەران، وە مرۆڤ گەر لاشەکەی ماوەیەکی کورت لەناڕەحەتی دابێت لەژیانی دونیای بڕاوە، ئاسانترە لەوەی دڵو لاشەی بەبەردەوامی لەتاڵیو عەزابو ئازاردا بێت لەدوا ڕۆژی نەبڕاوە –پەنا بەخوا–.

وەهەروەها دڵی مرۆڤ خۆش نابێت بەبەردەوامیو تەواوی لەهەموو ڕوانگەیەکەوە، تەنها بەخودا نەبێت.

بەڵام غەیری خوا ئەگەر ببێتە هۆی خۆشیەکیش بۆ دڵی مرۆڤ ئەوە خۆشیەکی تەواو و تاسەرو بەردەوام نابێت، بەڵکو کاتییەو خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی ناخۆشیو ژیان تاڵی داهاتووی هەتا سەر، وەنیشانەی ئەم ڕاستیانە لەواقیعدا دەبینرێت زۆر بەئاشکرا، بۆ نموونە موسڵمانی تەنها خواپەرست لەسەر زانستی بەردەوام دڵ خۆشو ڕووگەشە، وەخۆشیو لەززەتی ئیمانو خواپەرستیەکەی بەهەموو دونیا ناگۆڕێتەوە، وەبگرە ئەو کاتە بەلایەوە خۆشترین کاتە، کە هەموو دونیای دەکاتە قوربانی خوا پەرستیەکەی، وەخۆیشی لەو پێناوەدا بەخت دەکات وەتاوەکو زیاترو چاکتر خواپەرستی بکات، ئەوە زیاتر لەهەموو کاتەکانی تری خۆشحاڵ ترە، ئەگەر لە دونیاشدا لەهەموو کەس هەژارترو بێ دەسەڵات تریش بێت، بەڵام مرۆڤی دوور لە خوا کەبەندایەتیو ملکەچی بۆ خوا ناکاتو دڵەکەی خۆشەویستی تەواوی خودای تێدا نییە، دەبینین ئەو مرۆڤانە ئەگەر خاوەنی هەموو سامانو دەسەڵاتی دونیاش بن، هەر دڵ تەنگو ژیان تاڵو نائارامو نامورتاحن، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینەیان بۆ (الله) لەدەست چووە، کە ئارامی تەواو وکامڵ بەدڵ دەدات.

﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾ [الرعد].

بۆیە دەبینین هەر ڕۆژەی خۆشەویستێك دەگۆڕنو دڵیشیان هەر ناحەسێتەوە جا هەندێکیان خۆشەویستیەکەی ماڵو سامانە کەلەلای هەموو شتێکە، وە ئامادەش نییە دینارێك ببەخشێت بەبێ بەرامبەر، هەندێکیشیان زەعامەتو ناو و شوهرەت خۆشەویسترین شتە بەلایەوە وەلەپێناو دەست کەوتنو مانەوەی زەعامەتەکەی ئامادەیە سەدانو هەزاران کەس بەکوشت بداتو بیانکاتە قوربانی دەسەڵاتەکەی ئەگەر بەجۆگەی خوێنیش بێت، وەهەندێکیان ئافرەت سەرخۆشی کردووە بەلایەوە گەورەترین ئاواتو مەبەستێتی، خۆشویستنی ئافرەت دڵی داگیرکردووە، ئاگای لە چاکەو مرۆڤایەتی و یادی پەروەردگاری نەماوە، بەڵام بێگومان هەریەك لەم سێ خۆشویستنەی ئەوان ئاکامێکی تاڵی دەبێتو ژیانی ناخۆشی بەدواوەیە، وەجاری واش هەیە کە خۆشەویستەکەی دەست ناکەوێت، یان لەدەستی دەچێت خۆی

ئینتیحار دەکاتو خۆی دەکوژێت، کەواتە خۆشەویستەکەی بووە هۆی ناخۆشحاڵی دونیاو دوارۆژی، وەلەززەتی خۆشەویستیەکەی وەکو خواردنێکی شیرینی ژەهراوی کراو وابوو، سەرەتا بەشیرینیەکەی خەڵەتاو کۆتاییەکەیشی لەناو چوونی خۆی بوو بەژەهرەکەی.

کەواتە چۆن لاشە پێویستی بەخواردنو خۆراکو بەئیسراحەت هەیە، بەهەمان شێوەش بگرە زیاتریش دڵ پێویستی بە ئارامیو لەززەت هەیە، کە بەوە دەستی دەکەوێت کە تەنها خواپەرستراوی بێتو لەهەموو یەکێك زیاتر خۆشی بوێتو ڕەزا بوونی ئەوی دەست کەوێتو توڕەیی وسزای ئەوی لێ بەدووربێت.

وە زۆربەی خەڵکی تۆی بۆ خۆی دەوێت نەك بۆ خۆتی بوێت، واتە دەیانەوێت لەتۆوە سوود مەندبن، وەبەسەر تۆدا سەرکەون بۆ بەرژەوەندییەکانیان، ئەگەر بە زەرەری دینو دونیای تۆش تەواو دەبێت بەڵام پەروەردگار تۆی بۆ خۆت دەوێت، وەکە بەندایەتی لەسەر داناویتو داوای پەرستنمان لێ دەکات لەبەر پێویستیو موحتاجێتی خۆی نییە بەم پەرستنەی تۆ بۆ ئەو، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

خوای گەورە دەفەرمووێت:

(يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم كانوا على أتقى قلب رجل واحد منكم ما زاد ذلك في ملكي شيئا، يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم كانوا على أفجر قلب رجل واحد منكم ما نقص ذلك من ملكي شيئا .....فمن وجد خيرا فليحمد الله ومن وجد غير ذلك فلا يلومن إلا نفسه)(١٠).

واتە: ئەی بەندەکانم ئەگەر ئەوەڵو ئاخیرتانو مرۆڤ و جنۆکەتان لەسەر دڵی پیاو چاکترین کەستان بن ئەوە هیچ لەموڵکی من زیاد ناکات، ئەی بەندەکانم ئەگەر ئەوەڵو ئاخیرتانو مرۆڤ و جنۆکە لەسەر دڵی خراپترین کەستان بن ئەوە لە موڵکی من هیچ شتێك کەم ناکاتەوە... ئەی بەندەکانم ئەوە هەر کردەوەکانی خۆتانە کە بۆتان دەژمێرمو دەتان دەمەوە، ئەگەر کەسێ خێرو چاکەی دەست کەوت با سوپاسی خوا بکات وە ئەگەر خراپەی دەست کەوت ئەوە تەنها لۆمەی خۆی بکات .

کەواتە خوای پەروەردگار هیچ پێویستی بەو پەرستنانە نییە کە ئێمە بۆی دەکەین، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی تۆیەتی تاوەکو بەختەوەری دونیاو دوارۆژ بیت . کەواتە پێویستە مرۆڤ تەنها خوا بپەرستێتو ڕوو بکاتە ئەو و ڕەجای ڕەحمەتی ئەو بکات، چونکە ئەو پەروەردگارە سەرەڕای بوونی توانای لەسەر بە جێ هێنانی داواکارییەکانەوە هەیە، کە چاکەت لەگەڵ دەکات ویارمەتیت دەداتو خۆشیت بۆ دێنێت شەڕت لەسەر لادەدات، بۆیە خوای پەروەردگار کە داوای پەرستنمان لێ دەکات، هەمووی تەنها بۆ خاتری خۆتە، چونکە خوای بەخشندە خۆی لەخۆییدا دەوڵەمەندو بەڕێزو بەخشندەو میهرەبانەو بێ پێوستە لەبەندەکانی بۆ ئەوە چاکەت لەگەڵ ناکات تاوەکو ڕۆژێك لەڕۆژان چاکەی لەگەڵ بکەیتەوە، یان بەفریای بێیت وپاداشتی بدەیتەوە، بەپێچەوانەی مرۆڤەکان چاکە لەگەڵ یەکتر ناکەن بە

(١٠) (رواه المسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٤٣٤٥).

بەرامبەر نەبێت، واتە هەرکەسێك یارمەتیت بدات ئەوە لەبەر موحتاجیو بەرژەوەندی خۆی یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی پاداشتی ئەو یارمەتیو چاکە کردنەی وەربگرێتەوە لەدونیا، یان لەقیامەت، یان لەتۆ، یان لە پەروەردگار بەگوێرەی نیەتی ئەو کەسە، کەواتە لە هەردوو حاڵەتدا مرۆڤ کە چاکەیەکت لەگەڵ بکات ئەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی پێش بەرژەوەندی تۆ!

کەواتە ئومێد بوونت بە چاکەو یارمەتی خوا سوود بەخشەو هیچ باجێکی بەدواوە نییە، بەڵام ئومێد بوون بەچاکەی غەیری خوا ئەوا باجو منەتو زەرەری لەدواوە دەبێت، چونکە کەس چاکەت لەگەڵ ناکات بەبێ بەرامبەر تەنها خوا نەبێت کە هیچ پێویستیەکی بە پەرستنی بەندەکانی نییە، وە کە پەرستنی لەسەر داناوین بۆ بەختەوەربوونو خۆشحاڵی خۆمانە نەك ئەو موحتاجی ئەو پەرستنانە بێت کە ئێمە بۆی دەکەین، بەڵکو ئەگەر هەموو خەڵکی خوا پەرست بن هیچ لە خوایەتی خوا زیاد ناکات، وە ئەگەر هەموو خەڵکیش کافربن هیچ لە خوایەتی ئەو کەم ناکات.

## سوودی یەکخواپەرستی چی یە؟

وەڵام/ سوودی یەکخواپەرستی ئەوەیە کە ئەمین دەبیت لەسزای هەمیشەیی لە دوا ڕۆژدا، وەدەبێتە هۆی ڕێنمایی بۆت لەدونیادا، وە دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکان، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ ٨٢﴾ [الأنعام] .

واتە: ئەوانەی کە بڕوایان هێناوەو هاوبەش دانانیان تێکەڵ بیروباوەڕەکەیان نەکردووە، ئەوانە ئەمینن لەسزای خوای گەورە لەڕۆژی دواییدا، وە ڕێنمایی کراون لەدونیادا، (بِظُلْمٍ/ واتە هاوبەش بڕیاردان) پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(وحق العباد على الله أن لا يعذب من لا يشرك به شيئا)[11].

واتە: مافی بەندەکان لای خوای گەورە ئەوەیە کەسزای ئەو کەسانە نەدات کە هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نادەن.

## خوای گەورە کە خۆی مرۆڤی دروست کردووە بۆچی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات؟!

بێ گومان یەکێك لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت ناوی (یوم الحساب) (ڕۆژی لێپرسینەوە) کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە لە سورەتی غافر: ٢٧، وەیەکێك لە پایەکانی باوەڕ بریتییە لە باوەڕبوون بە (ڕۆژی قیامەت بۆ ڕۆژی لێپرسینەوەی خەڵکی) بۆیە دەبێت ئێمەی موسڵمان باوەڕمان بە ڕۆژی (لێپرسینەوە) هەبێت بۆیە، یەکێك لەناوە جوانەکانی خوای مەزن (العدل) کە زۆر دادپەروەرە، وەلە عەدالەتی خودایە کە نابێ کافرو موسڵمان لەیەك تەرازوودا دابنرێو وەکو یەك سەرەنجامیان هەبێ، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلۡمُفۡسِدِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ نَجۡعَلُ ٱلۡمُتَّقِينَ كَٱلۡفُجَّارِ ٢٨ ﴾ [ص] .

---

(١١) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٩٦٨).

واتە: ئایا ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کردووە، دەکرێ‌و دەگونجێ وەکو خراپەکاران مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین؟ دەشێ خودای حەکیمو کارزان چاکەکاران‌و خواناسان‌و خۆپارێزان لەتاوان وەك خراپەکاران تەماشا بکات‌و حیسابیان بۆ بکات؟ بێگومان نەخێر.

جا ئەگەر قیامەت‌و ڕۆژی لێپرسینەوە نەبێ‌و بەچاکەکار نەوترێ چاکەت کردو بەخراپەکار نەوترێ خراپەت کرد مانای وایە وەك یەك تەماشا کراون‌و حیسابیان بۆ کراوە، ئەوەش لەخوایەکی دادوەری داناو کارزان‌و حەکیم ناوەشێتەوە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ﴿٣٤﴾﴾ [الفصلت].

واتە: هەرگیز کاری چاك‌و خراپ یەکسان نین و بەڵکو دوو شتی جیاوازن، کاری چاك ئەوەیە کە خوای گەورە پاداشتی چاکی بۆ ئەنجامدەرەکەی تەرخان کردووە هانی خەڵکانیشی داوە لەڕێگەی ئایینی پیرۆزەوە کە بۆی بسازێن‌و بیکەن، بەڵام کاری خراپی قەدەغە کردووە ئەویش هەر لەڕێی ئایینەوە بەئێمەی ناساندووە سزای بۆ ئەنجامدەرەکەی داناوە .

## پیاوێک لە لێپرسینەوە دەترسێت!

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەیگێڕێتەوە، دەفەرموێت:

(أسرف رجل على نفسه فلما حضره الموت أوصى بنيه فقال إذا أنا مت فأحرقوني ثم اسحقوني ثم اذروني في البحر فوالله لئن قدر علي ربي ليعذبني عذابا ما عذبه أحدا، ففعلوا ذلك به فقال الله للأرض: أدي ما أخذت فإذا هو قائم، فقال: ما حملك على ما صنعت؟ قال: خشيتك يا رب فغفر له بذلك)[١٢].

واتە: کابرایەك هەبوو زۆر زیادەڕەوی لە گوناهدا کردو (ستەمی) لەخۆی کرد کاتێك کەوتە سەرەمەرگ بە منداڵەکانی ووت: ئەگەر مردم بم سوتێنن‌و بمهاڕن‌و بمدەن بەدەم ڕەشەباوە، چونکە سوێند بەخوا ئەگەر پەروەردگارم بتوانێ زیندووم بکاتەوە بەجۆرێك سزام دەدات سزای کەسی نەدابێت، جا کاتێ مرد، وایان لێکرد، خوای گەورەش فەرمانی دا بەزەوی هەموو خانەکانی لەشی ئەم کابرایەم بۆ کۆبکەرەوە، زەویش کۆی کردەوە کتوپڕ کابرا هەستایە سەرپێ خوای گەورە فەرمووی چی وای لێکردیت وابکەیت؟ ووتی لەترسی تۆ ئەی پەروەردگارم، خوای گەورەش لێی خۆش بوو.

## خودای گەورە بۆچی دۆزەخ و بەهەشتی داناوە؟!

بێگومان خوای گەورە دۆزەخی وەکو سزایەك بۆ بێباوەڕان ئامادەکردووە وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ ﴿٢٤﴾﴾ [البقرة].

واتە: خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی کە سوتەمەنییەکەی خەڵکی بەدکارو بەردە بۆ بێباوەڕانی ئامادەو ساز کردووە.

وە دەبێت ئێمەی موسڵمان زۆر بترسین لە ئاگری دۆزەخ چونکە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم زۆر لێی ترساوە وەك لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت:

---

(١٢) (رواه البخاري، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٩٦٥).

(اتقوا النار ولو بشق تمرة)[١٣].

واتە: ئیمانداران خۆتان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ ئەگەر بە بەخشینی لەتە خورمایەکیش بێت .

وە خوای گەورە لەسورەتی (الزمر) دا باسی چۆنیەتی ڕاپێچ کردنی بێباوەڕانمان بۆ دەکات کە دەچن بۆ دۆزەخ وەکو دەفەرمووێت:

﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَتۡلُونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ رَبِّكُمۡ وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنۡ حَقَّتۡ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٧١ قِيلَ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ٧٢﴾ [الزمر].

واتە: ئەوانەی بێباوەڕ بوون ڕاپێچ دەکرێن بۆ دۆزەخ کۆمەڵ کۆمەڵ، تاکاتێ دێنە (نزیکی) دۆزەخ دەرگاکانی دەکرێنەوە وە دەرگاوانی دۆزەخ بەوان دەڵێت ئایا پێغەمبەرانتان بۆ نەهات کە ئایەتەکانی پەروەردگارتان بەسەردا بخوێننەوە، وەبتان ترسێنن لە گەیشتنتان بەم ڕۆژە، دەڵێن: بەڵێ هاتن ئاگاداریان کردین بەڵام بڕیاری سزادراوە بەسەر ئێمەی بێ باوەڕد، پێیان دەوترێ لە دەرگاکانی دۆزەخەوە بچنە ژوورەوە، ئای چ خراپە جێگەو مەنزڵگای خۆ بەزل زانان . کەواتە بۆمان دەردەکەوێت خودای گەورە دۆزەخی وەکو سزایەك بۆ بێ باوەڕانی ئامادەکردووە.

**سوکترین سزای جەهەننەمی!**

پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:

(إن أهون أهل النار عذابا يوم القيامة لرجل يوضع في أخمص قدميه جمرتان يغلي منهما دماغه كما يغلي المرجل بالقمقم)[١٤].

واتە: بێگومان لەڕۆژی دواییدا ئەوەی لە هەموو دۆزەخیان سزای سوکترە پیاوێکە دوو پشکۆی ئاگر دادەنێن لەژێر چاڵایی هەردوو ژێر پێیدا جا لەبەر تینی ئەو دوو پشکۆیە مێشکی دەکوڵێ وەك ئاوی سەر ئاگر) .

(سبحان الله) ئەمە سوکترین سزای دۆزەخی بێت کە مێشکی دەکوڵێنێ ئەی دەبێت قورسترین سزای چی بێت؟!

وەپێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت:

(يؤتى بأنعم أهل الدنيا من أهل النار يوم القيامة فيصبغ في جهنم صبغة ثم يقال له يا ابن آدم هل رأيت خيرا قط هل مر بك نعيم قط فيقول لا والله يا رب)[١٥].

---

(١٣) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ١١٤).

(١٤) (رواه البخاري، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٢٠٣٥).

(١٥) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٣٦٦٣).

واتە: لەڕۆژی دوایی چ کەسێك لەوپەڕی نازو نیعمەتدا بووە بەڵام لەڕۆژی دواییدا دۆزەخیە دەیهێنن یەك جار لەئاگر هەڵی دەکێشن پاشان پێی دەوترێ ئەی ئادەمیزاد ئایا هیچ خۆشیو چاکەیەکت بینیوە؟ ئایا خۆشیت بەسەردا هاتووە؟ دەڵێ نەوالله ئەی پەروەردگارم .

کەواتە پێویستە لەسەر ئێمەی موسڵمان خۆمان بپارێزین لە ئاگری دۆزەخ بە گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەر ﷺ تا دوور بین لە ئاگر لەو ئاگرەی کە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو:

(والذي نفسي بيده لو رأيتم ما رأيت لضحكتم قليلا ولبكيتم كثيرا، قالوا: وما رأيت يا رسول الله؟ قال: رأيت الجنة والنار)(١٦).

واتە: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ئەوەی من بینیم ئەگەر ئێوە بتان بینایە، کەم پێدەکەنینو وەزۆر دەگریان، هاوەڵانﷺ فەرموویان چیت بینی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: بەهەشتو دۆزەخم بینی .

**خوا بۆچی بەهەشتی داناوە؟!**

بەهەشت ئەو نیعمەتە پاكو خۆشو جوانەیە کە خوای گەورە بۆ لەخوا ترسان ئامادەی کردووە وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾[آل عمران] .

واتە: پێشبڕکێ بکەن بۆ لێبوردنێکی گەورە لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆ بەهەشتێك کە پانیەکەی بەئەندازەی ئاسمانەکانو زەوییە کە ئامادەکراوە بۆ لەخواترسان.

کەواتە بەهەشت بۆ ئەو کەسانە ئامادە کراوە وەکو پاداشتێك بۆ باوەڕدارانو لەخواترسان وەکو لەئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾ [النازعات] .

واتە: ئەو کەسەی کەترسابێ لە هەڵوێستگەی بەردەم پەروەردگاریو بەرگری نەفسی خۆی کردبێ لەئارەزووی خراپە ئەوە بێگومان بەهەشت جێگایەتی.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (يؤتى بأشد الناس بؤسا في الدنيا من أهل الجنة فيصبغ في الجنة صبغة فيقال له يا ابن آدم هل رأيت بؤسا قط هل مر بك شدة قط فيقول لا والله يا رب ما مر بي بؤس قط ولا رأيت شدة قط)(١٧).

واتە: لەڕۆژی دواییدا بەهەشتیەك دەهێنرێ کە لەدونیادا لەهەموو کەس زیاتر لەتەنگانەو ناخۆشیدا بووە هەڵی دەکێشن لەنازو خۆشی بەهەشتو پاشان پێی دەڵێن ئایا هەرگیز ناخۆشیت دیوە؟ ئایا هیچ سەختیو تەنگانەیەکت هاتۆتە ڕێ؟ دەڵێ: نەوالله نە ناخۆشیم تووش بووەو نەتەنگانەم بینیوە .

---

(١٦) (رواه البخاري، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٨٧٦).

(١٧) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٨٠٠٠).

وە لەفەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ:

(قال الله تعالى: أعددت لعبادي الصالحين ما لا عين رأت ولا أذن سمعت ولا خطر على قلب بشر)(١٨).

واتە: خوای گەورە فەرموویەتی: ئامادەم کردووە بۆ بەندە چاکەکانم بەهرەو نیعمەتی وا کەچاو نەیدیوەو گوێ نەیبیستووە، بەدڵی کەسدا نەهاتووە.

وە لەبەهەشتدا نەك هەر نیعمەتی خۆشی تێدایە بگرە لەوەش زیاتر ڕەزامەندی خوای گەورەیە واتە خودای گەورە لە بەهەشتیەکان زۆر ڕازییە.

وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:

(إن الله تعالى يقول لأهل الجنة: يا أهل الجنة، فيقولون: لبيك ربنا وسعديك والخير في يديك، فيقول: هل رضيتم؟ فيقولون: وما لنا لا نرضى وقد أعطيتنا ما لم تعط أحدا من خلقك، فيقول: ألا أعطيكم أفضل من ذلك؟ فيقولون: يا رب وأي شيء أفضل من ذلك؟! فيقول أحل عليكم رضواني فلا أسخط عليكم بعده أبدا)(١٩).

واتە: بێگومان خودای گەورە بە بەهەشتیەکان دەفەرمێت، ئەی بەهەشتیەکان ئەوانیش دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان بەدەم فەرمانتەوە هاتین‌و لەخزمەتت داین‌و هەموو چاکە لەدەستی تۆدایە جا (خوای گەورە دەفەرمووێ: ئایا ڕازیبوون؟ ئەوانیش دەڵێن ئەی پەروەردگارمان بۆچی ڕازی نابین لەکاتێکدا ئەوەی بە ئێمەت داوە بەهیچ یەکێ لەدروستکراوەکانت نەداوە؟ جا خوای گەورە ئەفەرمووێ: ئایا شتێکتان پێ بدەم چاکتر لەوە؟ ئەوانیش دەڵێن: چ شتێك هەیە چاکتر لەمەی پێمان دراوە؟ جا خوای گەورە– دەفەرمووێت: ڕەزامەندی خۆم دەڕژێنم بەسەرتانداو لەپاش ئەوە هەرگیز لێتان زویرو تووڕە نابم.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ طِبۡتُمۡ فَٱدۡخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ٧٣ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعۡدَهُۥ وَأَوۡرَثَنَا ٱلۡأَرۡضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلۡجَنَّةِ حَيۡثُ نَشَآءُۖ فَنِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ٧٤ ﴾[الزمر] .

واتە: کەسانێ کە لەپەروەردگاریان دەترسان دەبرێن بۆ بەهەشت پۆل پۆل تا کاتێك دێنە نزیکی بەهەشت‌و دەرگاکانی دەکرێنەوە وەدەرگاوانەکانی بەوان دەڵێن سەلامتان لێبێت ئێوە پاك‌و خاوێن بوون لەتاوان لەدونیا کەواتە بڕۆنە ناو بەهەشت بەهەمیشەیی، دەڵێن سوپاس بۆ ئەو خودایەی هەر بەڵێنێکی بە ئێمە دابێت، وە زەوی بەهەشتی بەمیرات پێ داین لەهەر شوێنێکی بەهەشتدا بمانەوێ نیشتەجێ دەبین ئای چەند چاکە پاداشتی چاکەکاران .

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە خوای گەورە دۆزەخی وەکو سزایەکی توند بۆ بێباوەڕان ئامادەکراوە وەبەهەشتیش خوای گەورە وەکو پاداشتێك بۆ ئەو ئیماندارانە ئامادەی کردووە کە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرن ﷺ و کاری چاکە

---

(١٨) (متفق عليه، وانظر صحيح الجامع الصغير: ٤٣٠٧).

(١٩) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ١٩١١)

دەکەن، خوای گەورە ئەم بەهەشتەی بۆ ئامادە کردووە کە پانایی هێندەی ئاسمانو زەوییە، کەواتە پێویستە موسڵمانی ژیر بیربکاتەوەو خۆی بپارێزێت لەو ئاگرە کە مەلائیکەتەکانی خوا لێی ترساوە، وەپێغەمبەرەکەمان ﷺ لێی ترساوە وە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ رضي الله عنهم لەو ئاگرە ترساون .

کەواتە پێویستە هەموو کەسێك لەو ئاگرە ترسناکە بترسێت ئەو ئاگرەی کە ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاوەڵاندا دانیشتبوو لەپڕ (گرمەی شتێك هات) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەزانن ئەو گرمەیە چی بوو؟ هاوەڵانرضي الله عنهم فەرموویان: خواو پێغەمبەری خوا ﷺ باشتر دەزانن، پێغەمبەر فەرمووی ﷺ: ئەوە بەردێك فڕێ درایە ناو دۆزەخ پاش (حەفتا ساڵ) (٧٠) گەیشتە ناوی.

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: كنا عند النبيﷺ فسمعنا وجبة فقال النبيﷺ: أتدرون ما هـذا؟ قلنـا: الله ورسوله أعلم، قال: هذا حجر أرسله الله في جهنم منذ سبعين خريفا فالآن حين انتهى إلى قعرها[٢٠] .

داواکارم لە خوای گەورە بەبەهەشتی پانو بەرین شادمان بکاتو بمانپارێزێت لە ئاگری دۆزەخو لە سزای ناو گۆڕ.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**سەرچاوە گرنگەکان.**

١- پوختەی تەفسیری قورئان لەگەڵ هۆی هاتنە خوارەوەی فەرموودەکان.

٢- خواپەرستی نەك شەخس پەرستی . زنجیرە ڕێنماییەکانی گۆڤاری ڕێگای ڕاست (ژمارە ١). نووسینی (م/ عبداللطيف أحمد مصطفى).

٣- بیروباوەڕی ڕاست لەقورئانو فەرموودە ڕاستەکاندا، دانانی (شێخ: محمد جميل زينو)، وەرگێڕانی: م/ یوسف ڕەشید.

٤- گرنگترینو لەپێشترین زانست ئەوەیە ئینسان بزانێ بۆچی دروست کراوە؟ . ئامادەکردنی/ دکتۆر کاوە ئەکرەم سەنگاوی. سایتی فیردەوس.

٥- پەنجا چیرۆکی ( صحيح ) لەفەرموودەکانی بوخاری: نووسینی: علي عبدالعال الطهطاوي. وەرگێڕانی/ عبدالرحمن أحمد.

ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org
لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

(٢٠) (رواه البخاري ومسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٣٦٧٣) .

# شیرکی نەهێشتنی سیفاتەکانی خوای گەورە

## (شرك التعطيل)

✍ : م/ هێمن عبدالكريم

----------------------------------

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين نحمده حمد الشاكرين، ونشكره شكر الحامدين، والصلاة السلام على المبعوث رحمة للعالمين، أما بعد:

**گومانی تێدا نییە کە گەورەترین تاوان لای خوای گەورە هاوەڵ دانانە بۆ خوای پەروەردگار، چونکە لە چەندین ئایەتدا وە لە (حديث)ە کانی پێغەمبەرﷺ ئاماژەی پێکراوە، وە خوای گەورە لەم تاوانە خۆش نابێت، مەگەر بە تەواوی وازی لێ بێنێتو بەتاکو تەنها خوای بەرزو بڵند بپەرستێت، خوای گەورە دەفەرمێت:**

**﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾** (النساء: ٤٨).

**واتە: خوای گەورە لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبێت جگە لە (شيرك) نەبێت.**

**وقال تعالى: ﴿وَجَعَلَ لِلَّهِ أَنْدَادًا لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِهِ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ﴾** [الزمر: ٨]، فمن جعل لله ندا من خلقه فيما يستحقه عز وجل من الإلهية والربوبية فقد كفر بإجماع الأمة. (ابن تيمية).

**وە خوای گەورە دەفەرمووێت:**

**﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ﴾** (المائدة: ٧٢) .

**واتە: هەرکەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێت ئەوا بە هەشتی لەسەر حەرام دەبێت وە شوێنی دۆزەخە.**

**وقال النبيﷺ: (ألا أنبئكم بأكبر الكبار، قالها ثلاثا، قالوا بلى يارسول الله، قال الاشراك بالله، .....)**[1] .

**وە شيرك جۆری زۆرە یەکێك لە جۆرەکانی (شيرك) کە هەڵم بژاردووە ناوی (شرك التعطيل) ە:**

**شرك التعطيل: ئەو جۆرە شيركەیە کە خاوەنەکەی یەکێك یان هەموو سيفەتەکانی خوای گەورە لەکار دەخات، وە** ابن تيمية **باسی دەکاتو، دەیکات بە دوو بەشەوە:**

التعطيل الكلي: **ئەو جۆرەیە کە بڵێیت ئەصڵەن خوای گەورە خالق و رازق و هەڵسوڕێنەر نییە.**

**وەڵاممان بۆ ئەوە ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگارە کە دەفەرمێت:**

**﴿قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾** [ابراهيم : ١٠] .

التعطيل الجزئي: **ئەو جۆرەیە کەدان دەنێت بە بوونی خوای گەورەو خالقیو رازقی خوای گەورە بەڵام نەفی سيفەتێك یان چەند سيفەتێکی خوای گەورە دەکات، وە هەندی (معتزله)ەکانو هەندی لە فيرەقە گومڕاکانی تر دەڵێن خوا هەیە بەڵام نە لە ئاسمانە نەلە دەرەوەی عالەمە نە لە ناوەوەی عالەمە، مەکانی نییە، چونکە دەڵێن ئەگەر بکەوێتە ناو عالەمەوە ئەوە دەبێت بە مەخلوق, هەر لەبەر ئەوەشە کە باوەڕیان بە دابەزینی خوا نییە لە کاتی سێیەکی شەودا، وە یاسەیەکی عەقڵانی فەلسەفی دەڵێن:** (المعدوم شيئ) **(نەبوو شتە) (چونکە**

(١) (البخاري ومسلم والترمذي، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٢٩٩) .

دەڵێن تۆ نییەتو ئیرادەت هەیە لە دروست بوونی ئەو شتە نەبووە پێش ئەوەی ببێت مادەم ئیرادەو قەصد هەیە دوایی کە هاتە وجود کەواتە خۆی لە خۆی دا هەبووە).

وە هەندێکی تر لە فیرەقە گومڕاکان هەیە وەکو(نەصرانیەکان) کەباوەڕیان بەسێ خوا هەیە، (أب وابن وروح القدس) .

وە هەندێکی تریان باوەڕیان بە تێکەڵ بوونی خوا هەیە (الحلول) کە دوو بەشە (لاهوت و ناسوت) لاهوت وەکو درعێك وایە بۆ ناسوت، واتە بۆ نزیك بوونەوە لە خوا (التقرب).

لێرەدا زۆربەی (أهلي كلام) کە پێیان دەڵێن (أهلي النظر) دەڵێن: (أنه لو كان للعالم صانعان فعند اختلافهما مثل أن يريد أحدهما تحريك جسم وآخر تسكينه، أو يريد أحدهما إحياء، والآخر أماتته فإما أن يحصل مرادهما، أو مراد أحدهما، أو لايحصل مراد واحد منهما، والأول ممتنع، لأنه يستلزم الجمع بين الضدين، والثالث ممتنع، لأنه يلزم خلو الجسم عن الحركة والسكون، وهو ممتنع، ويستلزم أيضا عجز كل منهما، والعاجز لايكون إلها، وإذا حصل مراد أحدهما دون الآخر، كان هذا هو الإله القادر، والآخر عاجزا لا يصلح للإلهية) .(العقيدة الطحاوية).

ئەم دەلیلە بە دەلیلێکی گەورەی ئەهلی کلام ناودەبرێت بۆ سەلماندنی وجودی خالق ئەم بەڵگەیە مەنعی ئەوە دەکات کە دوو خوا هەبێت، واتە: (ئەگەر بێت و دوو خالق هەبێت ئەوە خۆی لە خۆیدا بۆ کردنی کارێك خیلاف دەکەوێتە نێوانیانەوە، یەکێکیان بیەوێت کارێك بکات یەکێك بمرێنێت بۆ نموونە ئەوە ئەوی تریان بەعەکسەوە کارێك بکات، ئەو دوو خالقە یان مەبەستی هەردووکیان دێتە دی یان مەبەستی یەکێکیان دێتە دی یان مەبەستی هیچیان نایەتە دی، ئەگەر بڵێین مەبەستی هەردووکیان دێتە دی ئەمەش شتێکە پێچەوانەی عەقڵە، چونکە یەکێکیان دەیەوێت بیمرێنێت ئەوی تریان دەیەوەێت بیژێنێت وە ئەمە هەرگیز روونادات، سێیەمیشیان ئەگەر بڵێین مەبەستی هیچیان نایەتەدی ئەوە خۆی لە خۆیدا شتێکی پووچەڵە، چونکە هەردووکیان مەبەستیان هەیە، وە ئەگەر مەبەستیان نەبێت ئەوە هیچیان نابێت بە خالق، ئێستا ماوەتەوە سەر ئەوەی مەبەستی یەکێکیان بێتە دی، ئەگەر مەبەستی یەکێکیان بێتە دی ئەوە یەکێکیان دەبێتە (إله) وە ئەوی تریان دەبێتە (المخلوق).

وە مەنهەجی ئەهلی سوننە توحیدی (الالوهية)ە نەك توحیدی (الربوبية).

بەلاّم زۆربەی (أهلي النظر) کە پێیان دەڵێن ئەهلی کەلام باوەڕیان وایە کە سەرەکیترین شت تەوحیدی (الربوبية)یە ئەم ئایەتەش دەکەنە بەلگە بۆ قسەکەیان: ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا﴾ [الأنبياء: ٢٢] .

ئەگەر بێت و دوو خوا هەبێت ئەوا هەموو مەخلوقات تیاچوونیان مسۆگەرە، ئەمە هەڵەیەو نابێتە دەلیلی (تمانع) هەروەکو (ابن تيمية) دەفەرمووێت ئەم ئایەتە خۆی ڕەدە لە سەریان چونکە نافەرمووێت (أرباب)، وە

دەڵێن بە پێی ئەم ئایەتە نابێت (خالق و صانع) دووان بێت، وە مەنهەجی ئەهلی سوننە دەڵێن ئەم ئایەتە باسی (إله) دەکات وە هەر ئایەتێك کە باسی (إله) بکات ئەوا باسی(عبودية) دەکات واتە یەك خوا شایستەی ئەوەیە کە بپەرستێت بەراستی، ئەمان دەڵێن لە دوای دروست بوونی تیاچوونی بەسەردا دێت واتە دوای دروست بوونی مەخلوق، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵەیە، هەروەکو (أبي العز الدمشقي) دەڵێت: (لاعتقادهم أن توحيد الربوبية الذي قرره هو التوحيد الالهية الذي بينه القرآن).

وە لێرەدا قاعیدەی (أهل السنة) ئەوەیە کە ئەو کەسەی تەوحیدی (الالوهية)ی هەبێت ئەوا توحیدی (الربوبية)ی تەواوە، بەلآم بە پێچەوانەوە تەواو نییە، (توحيد الالوهية المتضمن لتوحيد الربوبية وهو عبادة الله وحده لا شريك له، فإن المشركين من العرب كانوا يقرون بتوحيد الربوبية) بدليل قوله تعالى (ولئن سألتهم من خلق السموات والارض ليقولن الله) .

وە دەلیلێکی تریان ئەوەیە:

ئایەتێك دەهێننەوە کە خوای پەروەردگار ڕەخنە دەگرێت لە بەنی (اسرائيل) کە گوێرەکەیەکیان دروست کرد لەسەر دەستی (سامری)کە موسیﷺ چوو بۆ (میقات) خوای گەورە لەسەر قسەی (ئەهلی کەلام) فەرموویەتی:

﴿وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَى مِنْ بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ﴾ (الأعراف: ١٤٨).

واتە: لە دوای ڕۆیشتنی موسیﷺ قەومەکەی گوێرەکەیەکیان دروست کرد لە خشڵ و زێر کە قوڕەی هەبوو.

ئەهلی کەلام دەڵێن ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر قسەکەی ئێمە کە خوای گەورە ڕەخنە لە قەومەکەی موسی دەگرێت (کە گوێرەکەیەکیان دروست کرد کە خاوەن جەسەد بوو ووتیان ئەمە خوایە، بۆیە خوا نەفی ئەوە دەکات کە خوا جەسەدی هەبێت نابێت ئەو سیفەتانەی بۆ دابنێیت کە ببێت بە جەسەد)، پاشان (ابن تيمية) ڕەدی ئەوە دەداتەوەو دەڵێت: وشەی جەسەد لە قورئانی پیرۆزدا لە چوار شوێندا هاتووە، یەکەم:

(وَمَا جَعَلْنَاهُمْ جَسَدًا لَا يَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَمَا كَانُوا خَالِدِينَ) (الأنبياء: ٨)، دووەمیان: (وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ) (ص: ٣٤)، سێیەمیان (ئایەتەکەی الأعراف کە ئەوان دەیکەن بە بەڵگە)، چوارەمیان (فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ) (طه: ٨٨) (ابن تيمية) دەڵێت ئەمە نەفی (جسد) دەکات (جسد) جیاوازی هەیە لەگەڵ جسمدا(لاشەدا)(جسم ئەوەیە کە حەیاتی تێدا بێت بەلآم جسد ئەوەیە کە حەیاتی تێدا نەبێت) خوای گەورە ڕەخنەی لێگرتن کە گوێرەکەیەکی بێ ڕوحیان دەپەرست چونکە جسد بوو، وە مرۆڤی زیندوو کاملترە تا مرۆڤی مردوو، بۆیە ڕەخنەکەی خوای پەروەردگار ئاراستەی (جسد)ەکە کراوە، پاشان خوای گەورە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرمووێت:

﴿أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لَا يُكَلِّمُهُمْ وَلَا يَهْدِيهِمْ سَبِيلًا﴾ ئەوە ڕەخنەکەیە نەك ڕەخنەکە وشەی (جسد)ەکە بێت، ئایا نەیان بینی کە قسەیان لە گەڵدا ناکات وە هیچ ڕێگەیەکیان پێ نیشان نادات، کە خۆی لە خۆیدا ئەم دوو سیفەتە سیفەتی خالقە، خالق دەبێت ڕێگای ڕاست نیشانی بەندەکانی بدات، وە قوڕەی کە گوێرەکەکە دەیکرد (سامری) وا دروستی کردبوو کە دوو کونی هەبوو لە پێش و دواوە کە هەوایەك بهاتایە ئەوا دەنگێکی لێوە دەهات.

پاشان ئەم جۆرە (شرك التعطيل) ناشیرینترینو خراپترین جۆرەکانی شیرکە، نموونە بۆ ئەم جۆرە شیرکە وەکو ئەوەی فیرعەون کە وتی:

﴿وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ (الشعراء: ٢٣).

وە خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ﴾ [غافر: ٣٦].

واتە: فیرعەون بە هامانی وت: کۆشکێکم بۆ دروست بکە بۆ ئەوەی بگەمە ئەو ڕێگایە.

وە شیرك و تعطیل پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، هەروەکو ابن (القيم الجوزيه) لە کتێبی (الجواب الكافي)دا دەڵێت: (فكل مشرك معطل، وكل معطل مشرك).

کەسی مشرك تعطیلی سیفەتەکانی خوای پەروەردگار دەکات، وە هەرکەسێك تعطیلی سیفەتەکانی خوا بکات لە پاش ئەوەی کە بە تەواوی بۆی ڕوون بووەوە(الاقامة الحجة) کرا ئەوا بە مشرك دادەنرێت و لە بازنەی ئیسلام دێتە دەرەوە، وە هەندێ جار مشرك دان دەنێت بە سیفەتەکانی خوای پەروەردگار بەڵام حەقی تەواوی (توحيد) بەتاك و تەنیایی خوانادات .

وە ئەم جۆرە (شرك تعطيل) دەکرێ بە سێ بەشەوە:

**١- تعطيل المصنوع عن صانعه وخالقه.**

واتە: لە کارخستنی دروستکار کە خوای پەروەردگارە بۆ دروست کراوەکانی.

**٢- تعطيل الصانع -سبحانه- عن كمال المقدس -بتعطيل أسمائه وأوصافه .**

واتە: لە کارخستنی دروستکەر کە (خوای پەروەردگارە) لە تەواوێتیو بێ نوقستانی وە لە کارخستنی ناوە پیرۆزەکانیو صیفەتە بەرزەکانی .

**٣- وتعطيل معاملته عما يجب على العبد من حقيقة التوحيد .**

واتە: لەکارخستنی خوای گەورە کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەندەکانی(بە هۆی قورئانەوە) لە تەواو و ڕاستێتی بە تاکو تەنیایی خوای پەروەردگار .

ئەم جۆرە کۆمەڵێك بوون پێیان دەوترا (طائفة أهل وحدة الوجود) کە دەیان ووت (ما ثم خالق ومخلـــوق) وە دەیان ووت (ولا هاهنا شيئان) .

وە کۆمەڵێکی تری (ملحد)هەبوو کە قسەیان لەسەر ئەبەدیەتو ئەزەلیەتو بوونی خوای گەورە دەکرد، ئەم کۆمەڵە دەیان ووت: (خوا پاڵی داوەتەوەو کاروباری دونیا خۆیان خۆیان بەڕێوە دەبەن) .

ئەم کۆمەڵانە پێك هاتبوون لە(جهميه و قرامطه)ەکان ئەمانە دانیان دەنا بەسیفەتاکانی خوای پەروەردگار بەڵام مەخلوقیان بە تەواو تر دادەنا لە خوای گەورە(نعوذ بالله) .

وە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان کە ئاگاداری خۆیان بن خۆیـان بپـارێزن لـە هـەموو جـۆرە شـیرکێك، وە گرنگی تەواو بدەن بە بیروباوەڕی راست لەسەر مەنهەجی (السلف الصالح) وە پێویستە هەموومان ئەم دووعایە بکەین کە

(اللهم إنا نعوذ بك أن نشرك بك شيئا نعلمه، ونستغفرك لما لا نعلمه)[٢].

=================================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

(٢) (صحيح الترغيب والترهيب: ٣٦).

# شوێن کەوتنی قورئان و سوننەت
# بە تێگەیشتنی پێشینی ئوممەت

## اتباع الكتاب والسنة بفهم السلف الصالح

: الشيخ عبدالمالك بن أحمد بن المبارك رمضاني الجزائري

وەرگێڕانی: م.عبدالغفور عبدالله

----------------------------------

لەبڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:

ئەوەی کەوا ناکۆکی تێدا نییە لەنێوان موسڵماناندا لەکۆنو تازەدا ئەوەیە کە ئەو ڕێگایەی خوای گەورە پێی ڕازییە بۆ ئێمە بریتییە لە ڕێگای قورئانو سوننەت، وە هەموو شتێك بۆ لای ئەو ڕێگایە دەگێڕنەوە، وە دەستپێکیشان هەر لەو ڕێگەیەوەیە، ئەگەر جیاوازیش بن لەڕووەکانی هێنانەوەیان بە بەڵگە واتە قورئانو سوننەت .

وە خوای گەورەش زەمانەتی بەردەوامی و دامەزراوی بۆ ئەو کەسە کردووە کە شوێن قورئانی پیرۆز دەکەوێت هەربۆیە لەسەر زوبانی جنۆکە باوەڕدارەکانەوە

فەرموویەتی:

﴿ قَالُواْ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ ﴾ [الأحقاف: ٣٠].

واتە: ئەی گەلەکەمان ئێمە گوێمان لە پەیامو قورئانێك بوو کە لەدوای موسا ﷺ هاتۆتە خوارەوە کە هەموو ئەو پەیامانەی کە پێش ئەم هاتوونەتە خوارەوە بەڕاستی دەزانێتو دڵنییای لەسەر دەکاتەوە وە ئەو قورئانە ڕێنمونی هەموو مرۆڤایەتی دەکات بۆ ڕاستیو ڕێگایەکی ڕاستو ڕەوان .

هەروەك چۆن زەمانەتی ئەوانە دەکات کە شوێن پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەون، کە خوای گەورە پێی دەفەرمووێت: ﴿ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ ﴾ [الشورى: ٥٢]

واتە: بەڕاستی ئەو بەرنامەیەی کە بۆ تۆمان ناردۆتەوە خوارەوە ڕێنمونی دەکات بۆ ڕێگایەکی ڕاست و دروست .

بەڵام ئەوەی کەوای لە گروپە ئیسلامییەکان کردووە لە ڕێگای ڕاست لابدەن ئەوەیە کە کۆڵەکەی سێیەمیان لەبیر کردووە کە لە هەردوو وەحیەکەدا ئاماژەی پێدراوە، ئەویش بریتییە لە تێگەیشتنی پێشینی چاك بۆ قورئانو سوننەت .

وە بە ڕاستی سورەتی فاتیحە زۆر بەڕوونی هەرسێ بنچینەکەی لەخۆ گرتووە: کە دەفەرمووێت:

﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ ﴾ [الفاتحة: ٦].

واتە: خوایە گیان ڕێنمونیمان بکەیت بۆ ڕێگای ڕاست .

کە هەردوو بنچینەی قورئانو سوننەت دەگرێتەوە، هەروەك پێشتر باسمان کرد.

وە کە دەفەرمووێت:

﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ ﴾ [الفاتحة: ٧].

واتە: ڕێگای ئەوانەی کەوا نیعمەتو بەخشینەکانی خۆتت پێداون .

وە ئەوە تێگەیشتنی پێشین دەگرێتەوە بۆ ئەو ڕێگایە، لەگەڵ ئەوەی کە هیچ کەسێك گومانی لەوەدا نییە کە هەرکەسێك دەست بگرێت بە قورئانو سوننەتەوە ئەوە بەڕاستی هیدایەت دراوە بۆ ڕێگای ڕاست، تەنها ئەوە نەبێت کە تێگەیشتنی خەڵکی بۆ

قورئانو سوننەت هەندێکی ڕاستەو هەندێکیشی هەڵەیە، کە ئەوەش پێویستی بە بنچینەیەکی سێیەم هەیە بۆ لابردنی ئەو خیلافو بیروڕا جیاوازانە، ئەویش بریتییە لە گرێدانی تێگەیشتنی ئەوانەی کەوا پاشینەن بە تێگەیشتنی ئەوانەی کەوا پێشینەن .

ئیبن قەییم دەفەرمووێت: (ورد بەرەوە لە نهێنیەکی جوان لە باس کردنی هۆکارو پاداشت بۆ ئەو سێ تاقمە بە کورتترینو پوختترین دەربڕین، لەبەرئەوەی نیعمەت پێبەخشینیان بەستراوەتەوە بەو هیدایەتەوە کە بریتییە لە زانستی بەسودو کردەوەی چاك)[1] .

وە دەفەرمووێت: (وە هەرکەسێك زیاتر حەق بناسێتو شوێنی بکەوێت ئەوا ئەو کەسە نزیکترە لە ڕێگای ڕاست، وە هیچ گومانیشی تێدا نییە کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ڕەزای خوایان لەسەر بێت ئەوان لەپێشترن بۆ ئەم وەسفە وەك لە ڕافیزەکان ... هەر بۆیە پێشین لێکدانەوەی (ڕێگای ڕاست و ئەهلەکەیان) بە ئەبو بەکرو عومەرو هاوەڵانی رضي الله عنهم پێغەمبەری خوا ﷺ لێکداوەتەوە...)[2] .

وە ئەمەش دەقێکە لەوەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت لەسەر ئەوەی کە باشترین کەسانێك کە خوای گەورە فەزڵو نیعمەتی زۆری پێبەخشیون لە زانستو کردەوەی چاك هاوەڵانی پێغەمبەرن ﷺ، چونکە ئەوان ئامادەی دابەزینی قورئان بوون، وە ئاگاداری سوننەتو ڕێنمونیەکانی پێغەمبەر ﷺ بوونو تێی گەیشتبوونو بەجوانی لێکیان دەدایەوە، هەروەك ئیبن مەسعود رضي الله عنه دەفەرمووێت: (هەرکەسێك لەئێوە کە دەیەوێت شوێن کەسێك بکەوێت ئەوا با شوێن ئەوانە بکەوێت کە مردوون، چونکە کەسی زیندوو لە فیتنە پارێزراو نابێت، وە ئەوانە هاوەڵی موحەممەدن ﷺ، وە ئەوانە باشترینی ئەم ئوممەتەن، وە خاوەنی باشترین دڵن، وە بەسودترین زانستیان پێبووە، وە کەمترین داواکاریان هەبووە، ئەوانە گەلێك بوون خوای گەورە هەڵی بژاردن بۆ هاوەڵایەتی کردنی پێغەمبەرەکەی ﷺ و سەرخستنی ئایینەکەی، بۆیە ڕێزو گەورەیی ئەوانتان لەبەر چاو بێت، وە شوێن ڕێبازی ئەوان بکەون، وە ئەوەندەی کە دەتوانن دەست بگرن بە ڕەوشتو ئایینی ئەوانەوە، چونکە بەڕاستی ئەوان لەسەر ڕێگایەکی ڕاست بوون)[3] .

وە هەروەها دەفەرمووێت:

**(إن الله نظر في قلوب العباد فوجد قلب محمد ﷺ خير قلوب العباد فاصطفاه لنفسه وابتعثه برسالته، ثم نظر في قلوب العباد بعد قلب محمد ﷺ فوجد قلوب أصحابه خير قلوب العباد فجعلهم وزراء نبيه، يقاتلون على دينه فما رآه المسلمون حسنا فهو عند الله حسن، وما رأوه سيئا فهو عند الله سيئ)**[4].

---

(١) (مدارج السالكين: ١\١٣) .

(٢) (مدارج السالكين: (١\٧٢-٧٣)، وقد صح هذا التفسير موقوفا على أبي العالية والحسن، ذكره ابن حبان في الثقات (٦\٢٩٩) تعليقا، و وصله ابن نصر في السنة (٢٧)، وابن جرير في تفسيره (١٨٤)، وابن أبي حاتم في تفسيره (١\٢١-٢٢)، والحاكم (٢\٢٥٩)، وصححه هو والذهبي) .

**وە بروانە:** الإمامة والرد على الرافضة لأبي نعيم (٧٣)، فقد ورد فيه مثله عن ابن مسعود رضي الله عنه.

(٣) (أخرجه بنحوه ابن عبدالبر في جامع البيان: (٢\٩٧)و رواه أبو نعيم في الحلية عن ابن عمر رضي الله عنه: (١\٣٠٥)) .

(٤) (رواه أحمد (١\٣٧٩)، وغيره، وحسنه الألباني موقوفا في: تخريج الطحاوية: ص٥٣٠) .

واتە: خوای گەورە سەیری دڵی بەندەکانی کرد دڵی موحەممەدی ﷺ بە باشترین دڵ بینی، هەربۆیە هەڵیبژارد بۆ خۆی و پەیامەکەی خۆی پێدا نارد، پاشان تەماشای دڵی بەندەکانی کرد لەدوای دڵی موحەممەد ﷺ دڵی هاوەڵاکانی ﷢ بە باشترین دڵ بینی، هەر بۆیە کردنی بە وەزیرو یاریدەدەری پێغەمبەرەکەی ﷺ، ئەوان لە پێناو ئایینەکەیدا دەجەنگان، وە هەر شتێك کە موسڵمانان(هاوەڵان﷢) بە باشی دابنێن ئەوا لەلای خوای گەورەش باشە، وە هەر شتێك بەخراپ دابنێن ئەوا لەلای خوای گەورەش خراپە) .

وە ئەو موسڵمانانەش کە ئیبن مەسعود ﷠ مەبەستنی بریتین لە هاوەڵان﷢.

ئیمامی ئەحمەد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (بنچینەی سوننەت لەلای ئێمە بریتییە لە دەست گرتن بەو بەرنامەیەی کە هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ لەسەربووە وە هەروەها شوێنکەوتنیان تێیدا)[٥] .

وە هەرکەسێکیش ڕەزامەندی خوای بەدەست هێنابێت لەدوای ئەوان ئەوا بەهۆی شوێن کەوتنی ئەوانەوەیە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ ﴾ [التوبة: ١٠٠][٦].

(والسابقون الأولون) ئەوانەن کە پێش ئەم ئوممەتە کەوتن وە دەست پێش خەریان کردووە لە ئیمان هێنانو کۆچ کردن لەبەر خوا بۆ مەدینە، هەروەها تێکۆشاونو بەردەوام لەسەر ئەو ئایینە بوون کە خوای گەورە ناردوویەتییە خوارەوە کە ئایینی ئیسلامە . (من المهاجرين) ئەوانەن کە دەرکران لەناو ماڵ و سامانیان وە بەتەمای پاداشتی خوای گەورە بوون و ڕەزامەندی ئەویان دەویست وە مەبەستییان سەرخستنی دینی هەڵبژێراوی خواو پاشان پێغەمبەرەکەی بووە ﷺ . بەڕاستی ئەوانە ڕاستگۆن (والأنصار) وە لە پشتیوانان کە ئیمانیان هێناو لە دڵو دەرونیانو ماڵەکانیاندا جێگیربوو، وە ئەو کۆچ کردوانەیان خۆش دەویست کە دەهاتن بۆ لایان وەپێش خۆیانیان دەخستن ئەگەر لە شتێکیشدا بوایە کە تایبەتی خۆیان بووایە. (والذين اتبعوهم بإحسان) ئەوانەش کە بەچاکی شوێن کەوتەی ئەوانن لە بیروباوەڕو گوتارو کردەوەدا چونکە ئەو پێشینە چاکە لە هەموو زەم کردنێك ڕزگاریان بووەو ئەوپەڕی ستایش کراونو باشترین ڕێزیان لێ گیراوە لە لایەن خوای میهرەبانەوە . (رضي الله عنهم) خوای گەورە ڕازی بووە لێیان وە ئەوەش گەورەترین نیعمەتە لە بەهەشت دا.

(ورضوا عنه) ئەوانیش بەو بەشە ڕازین کە خوا پێی بەخشیون .

وە دیاری کردنی ماوەی سەردەمی پێشین هاتووە ئەو پێشینەی کە ڕەوا نییە سەرپێچی بکرێن ئەویش بە داهێنانی جۆرە تێگەیشتنێك کە ئەوان ئەو تێگەیشتنەیان نەبوو بێت، وەك لە فەرمودەکەی ئیبن مەسعود﷠ کە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم ثم يجيء أقوام تسبق شهادة أحدهم يمينه ويمينه شهادته)[٧] .

---

(٥) (رواه اللالكائي في شرح أصول اعتقاد اهل السنة) (٣١٧)، وابن الجوزي في مناقب أحمد (ص: ٢٣) في كلام طويل، وساق الخلال إسناده في السنة (١٦٨)، واختصره).

(٦) بڕوانە: (تخريج استدلال مالك بهذه الآية في إعلام الموقعين لابن القيم: (٤\٩٤-٩٥) .

واتە: (باشترینی خەڵکی خەڵکی ئەم سەردەمەی منن، پاشان ئەوانەی کە لەدوای ئەمان دێن، وە پاشان ئەوانەی کە لەدوای ئەمانیشەوە دێن، وە پاشان خەڵکانێك دێن کە شایەتی دانەکەیان پێش سوێند خواردنەکەیان دەکەوێت، وە سوێندەکەشیان پێش شایەتی دانەکەیان دەکەوێت) .

وە ئیمام عبدالحمید بن بادیس ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێت: (ئیسلام ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەردایە ﷺ وە ئەوەش کەوا پێشینەکانی لەسەری بوون لە ئەهلی ئەو سێ سەدەیەی کە شاهێدی باشیو چاکەیان بۆ دراوە لەسەر زوبانی ئەو کەسەی کە ڕاستگۆیەو بە ڕاستگۆ دانراوە)[٨] .

وە بۆ ئەم بنچینەیەش تێڕوانین و بەڵگە هەیە لە قورئانو سوننەت، لەوانە: خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ ﴾ [النساء: ١١٥] .

واتە: هەر کەسێك سەرپێچی پێغەمبەر ﷺ بکاتو دژایەتی ئەو دینە بکات کە هێناویەتی لەدوای ئەوەی کە بەڵگەکانی بۆ ڕوون کرایەوە لە قورئان و سوننەت، وە شوێن ڕێبازی غەیری موسڵمانان کەوت، ئەوا دەیدەینە دەست ئەو ڕێبازو بەرنامەیەی کە خۆی هەڵیبژاردوە وە لە سەرئەنجامیشدا بەهۆی ئەو لادانەیەوە دەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوەو سزای دەدەین، وە دۆزەخیش خراپترین شوێنە کە چاوەڕێی ئەوان دەکاتو چارەنوسی ئەوانی بۆ دەگەڕێتەوە .

وە شاهید لێرەدا بریتییە لە گرێدانی دورکەوتنەوە لە ڕێبازی موسڵمانان لەگەڵ سەرپێچی کردنی پێغەمبەر ﷺ بەیەکەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو هەڕەشە توندە جێبەجێ ببێت، لەگەڵ ئەوەی کە سەرپێچی کردنی پێغەمبەر ﷺ بەتەنها بەسە بۆ ئەو هەڕەشەیە هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّواْ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَىٰ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا وَسَيُحۡبِطُ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٣٢﴾ ﴾ [محمد: ٣٢][٩].

واتە: ئەوانەی کە بێباوەڕییان هەڵبژاردو وە خۆیان و خەڵکانی تریان بەرەو بێباوەڕی برد ئەویش بەهۆی ڕێگریان لە ڕێبازەکەی خوای گەورە بە لاشەو ماڵو سامان وە دژایەتی پێغەمبەریان ﷺ کرد و سەرپێچیان کرد لەدوای ئەوەی کە هەموو بەڵگەو ئایەتەکانیان بۆ ڕوون کرایەوە ئائەوانە با باش بزانن بەو کارەیان هیچ زیانێکیان بە خوا نەگەیاندوە چونکە خوای گەورە بێ پێویستە لە هەموو دروستکراوەکانی، وە هەموو ئەو پەرستنو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن بۆ غەیری خوا هیچی لەلای خوا قەبوڵ نییە وە هەمووی پوچەڵە.

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة فواحدة في الجنة وسبعين في النار، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة فواحدة في الجنة وإحدى وسبعين في النار، والذي نفسي بيده لتفترقن أمتي على ثلاث وسبعين فرقة فواحدة في الجنة وثنتين وسبعين في النار، قيل يا رسول الله ﷺ من هم؟ قال: هم الجماعة)[١٠] .

---

(٧) وە هەرکەسێك بەگومانە لە ژمارەی سەدەکان با بگەڕێتەوە بۆ کتابی: الصحيحة للألباني رقم (٧٠٠) . متفق عليه، البخاري (٢٦٥٢)، و مسلم (٢٥٣٣) .

(٨) (آثار الامام عبدالحميد بن باديس (٥\٧٣).

(٩) بڕوانە: (مجموع فتاوى لابن تيمية: (١٩\١٩٤) .

واتە: جولەکە پارچە پارچە بوون بۆ حەفتاو یەك تاقم، یەك تاقمیان لەبەهەشتەو حەفتایان لە دۆزەخە، وە گاورەکان دابەش بوون بۆ حەفتاو دوو تاقم، یەك تاقمیان لەبەهەشتەو حەفتاو یەك تاقمیان لە دۆزەخە، سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ئوممەتەکەی منیش دەبێت بە حەفتاو سێ تاقمەوە، یەکێکیان بۆ بەهەشتەو حەفتاو دوویان بۆ ناو ئاگرن، ووترا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کێن ئەو تاقمەی کە دەچنە بەهەشتەوە؟ فەرمووی: (الجماعە) یە.

واتە: ئەوانەی کە پەیوەستن بە قورئان و سوننەتەوە بە تێگەیشتنی هاوەڵان) .

وە شاهید لێرەدا ئەوەیە کەوا کۆمەڵی ڕزگاربووی بە (جەماعە) وەسف کرد، وە خۆلادان لە دانە پاڵیان بۆلای قورئانو سوننەت، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەهیچ شێوەیەك ئەوان لەم دووانە دەرناچن، وە نهێنی ئەمەش لەوانەیە وریاییەك بێت لەسەر (جەماعە) کە بەتەواوی لە قورئان و سوننەت گەیشتون، وە هەروەها کردەوەی پێدەکەن بەو شێوەیەی کەوا خواو پێغەمبەر ﷺ دەیانەوێت، وە ئەو کاتەش هیچ کۆمەڵێك نەبوون تەنها هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ نەبێت، وە هەر بۆیە زانایان لەفزێکی تری ئەم فەرموودەیەیان بە صەحیح داناوە کە حاکمو غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە کە پێغەمبەر ﷺ وەسفی کۆمەڵی ڕزگار بووی کردوەو فەرموویەتی:

(ما أنا عليه وأصحابي)[11] .

واتە: (ئەوانەن کەوا لەسەر ئەو مەنهەجو ڕێبازەن کەمنو هاوەڵانمی لەسەرن) .

وە هەروەها عیرباضی کوڕی ساریە رضي الله عنه دەفەرموێت:

(وعظنا رسول الله ﷺ موعظة بليغة ذرفت منها العيون ووجلت منها القلوب، فقال قائل: يا رسول الله ﷺ كأن هذه موعظة مودع؟ فماذا تعهد إلينا؟ فقال: " أوصيكم بالسمع والطاعة فإنه من يعش منكم بعدي فسيرى اختلافا كثيرا فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل بدعة ضلالة)[12].

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری کردین ئامۆژگاریەکی زۆر کاریگەر، بەهۆیەوە فرمێسك بەچاوەکاندا هاتە خوارەوە، وە دڵەکانیشی ڕاچڵەکاند، ئینجا یەکێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ: ئەوە وەکو ئامۆژگاری کەسێکە کە ماڵئاوای دەکات، بەچی ئامۆژگاریمان دەکەیت؟ ئەویش فەرمووی: ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی کە لەخوا بترسن، وە بە گوێڕایەڵیو ملکەچی نواندن، ئەگەر بۆ بەندەیەکی حەبەشیش بوو، چونکە بەڕاستی هەرکەسێك لەدوای من بژی ئەوا دووبەرەکیو جیاوازی زۆر دەبینێت، بۆیە فەرمانتان پێدەکەم کە دەست بگرن بە سوننەتی منەوە، وە هەروەها دەست بگرن بە سوننەتی هاوەڵە هیدایەت دراوەکانەوە، وە پەیوەست بن پێیانەوە بە کاکیلەکانتان توند دانی پێدا بنێن، وە وریابنو خۆتان بپارێزن لە شتە داهێنراوەکان، چونکە بەڕاستی هەموو تازە داهێنراوێك بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە) .

---

(١٠) (سلسلة الأحاديث الصحيح: ١٤٩٢) .

(١١) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥٣٤٣) .

(١٢) (رواه ابوداود وغيره، وصححه الألباني في: مشكاة المصابيح: ١٦٥) .

وە شاهێد لێرەدا بریتییە لە کۆکردنەوەی شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەرو ﷺ سوننەتی جێنیشینە هیدایەت دراوەکانی رضي الله عنهم[١٣]، پاشان ورد بەرەوە کە چۆن پێغەمبەر ﷺ وتەکەی خۆی کرد بە ئامۆژگاری بۆ ئوممەتەکەی لەدوای خۆی تا فێری ڕاستگۆیی وتەکانیان بن لە ڕەسەنایەتی ئەم مەنهەجەدا، پاشان ورد بەرەوە کەوا چۆن بەرەنگاری ناکۆکیو جیاوازی بۆتەوە بە پەیوەست بوون بەو مەنهەجەوە بۆ فێربونی ئەو بنچینەی کەوا (تێگەیشتنی پێشینی چاك) هۆکاری ڕزگار بوونە لە پەرتەوازەیو تەفرەقە .

شاطبي ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (هەروەك دەبینی پێغەمبەر ﷺ سوننەتی جێنشینە ڕێنمونیکراوەکانی رضي الله عنهم بەستەوە بە سوننەتی خۆیەوە، وە لە شوێن کەوتنی ئەو شوێن کەوتنی سوننەتی ئەوانە، وە شتی تازە داهێنراویش پێچەوانەی ئەمەیە، لە هیچ شتێکدا لەو نییە، چونکە ئەوەی ئەوان رضي الله عنهم کردویانە بە سوننەتو لەسەری ڕۆیشتون: یان شوێن کەوتن بووە بۆ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، وە یان شوێن کەوتن بووە بۆ ئەو شتەی کە ئەوان لێی تێگەیشتوون لە سوننەتەکەیدا ﷺ لە وردو درشتی بە شێوەیەك کەلای غەیری ئەوان شاراوە بووە، وە ئەوەش لەمە زیاتر نییە)[١٤].

وە هەموو ئەم دەقانەم هێناونو کردومن بە بەڵگە لەسەر ڕەسەنێتی ئەو بوارەی کە ویستومە باسی بکەم، چونکە بۆم دەرکەوت کە ئیبن ئەبیلعیز لە شەرحی ئەو وتەیەی طەحاوی ئەوەی لاداوە کە دەڵێت: (وە شوێن سوننەتو جەماعە دەکەوین، وە دور دەکەوینەوە لە دووبەرەکیو جیاوازیو نامۆیی)[١٥] .

## جێبەجێ کردن:

لەبەر پێویستی پابەند بوون بە تێگەیشتنی قورئان بەهۆی سوننەتەوە، وە هەروەها پابەند بوون بە تێگەیشتنی قورئانو سوننەت بەو شێوەیەی کەوا پێشینە چاکەکان لەسەری بوون، لێرەدا بەسەرهاتێك دەهێنمەوە کە لە ڕۆژانی مەینەتی ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت ڕویداوە، بۆ ئەوەی هەردوو مەبەستەکە ڕوون بکاتەوە لەیەك کاتدا .

ئاجوڕی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (پێم ڕاگەیەنراوە لە – المهدی – یەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت کەوتویەتی: باوکم لە کەسی نەداوە – واتە: الواثق – تەنها لە مامۆستایەك نەبێت کە لە – مصیصە – وە هێنرابوو، وە ماوەیەك لە بەندیخانە مابووەوە، پاشان ڕۆژێك باوکم بیری کەوتەوەو وتی: ئەو مامۆستایەم بۆ بهێنن، هێنایان کە دەست و پێوەند کرابوو، کاتێك لەبەر دەستیدا وەستێنرا سڵاوی لێ کرد، بەڵام ئەو وەڵامی سڵاوەکەی نەدایەوە .

مامۆستاکەش پێی وت: ئەی پێشەوای باوەڕداران! تۆ ئەدەبی خوای گەورەت لەگەڵدا بەکار نەهێنام، وە هەروەها ئەدەبی پێغەمبەریش ﷺ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآ ﴾ [النساء: ٨٦].

واتە: ئەگەر سڵاوتان لێکرا ئەوا بە جوانترین شێوە وەڵامی سڵاوەکە بدەنەوە یان هەروەکو خۆی وەڵامی بدەنەوە .

وە هەروەها پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی کردوە بە وەڵامدانەوەی سەلام!!

---

(١٣) کە ئیبن قودامە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (لمعة الاعتقاد) دا ئاماژەی پێداوە (بە ژمارە ٦- البدر) .

(١٤) (الإعتصام: (١\١٠٤) .

(١٥) (ص ٣٨٢-٣٨٣) ط . المكتب الاسلامي .

ئەویش پێی وت: وعليك سلام . پاشان بە (ابن ابي دؤاد)ی وت: پرسیاری لێ بکە، ئەویش وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران! من دەست بەسەرو بەندکراوم، لە بەندینخانەدا بە تەیەموم نوێژ دەکەم، وە ئاوم لێ قەدەغە کراوەو پێم نادەن، فەرمان بکە کۆتو زنجیرەکەم بکرێنەوە، وە فەرمان بکە ئاوم بدەنێ خۆم پاك بکەمەوەو نوێژ بکەم، پاشان پرسیارم لێ بکە .

ووتی: فەرمانی کردو بەندەکانی کرانەوە، وە فەرمانی کرد کە ئاوی بدەنێ، دەست نوێژی گرتو نوێژی کرد، پاشان بە (ابن ابي دؤاد) ی وت: پرسیاری لێ بکە .

ئنجا مامۆستاکە وتی: پرسیارکردن بۆ منە، فەرمانی پێبکە کە وەلأمم بداتەوە، ئەویش وتی: پرسیار بکە، مامۆستاکە ڕوی لە (ابن أبي دؤاد) کردو پرسیاری لێ کردو ووتی: هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئەو شتەی کە خەڵکی بۆ لا بانگ دەکەی، ئایا ئەم شتە پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی بۆ بانگ کردووە؟

وتی: نەخێر!

وتی: ئەی ئەو شتە ئەبوبەکری صدیق رضي الله عنه لەدوای ئەو خەڵکی بۆ بانگ کردووە؟

وتی: نەخێر!

ئەی ئایا شتێکە کە عومەری کوڕی خەتتاب رضي الله عنه بانگەوازی بۆ کردووە لەدوای ئەوان؟

وتی: نەخێر!

مامۆستاکە وتی: ئەی ئەو شتە عوسمانی کوڕی عەففان رضي الله عنه بانگەوازی بۆ کردووە لەدوای ئەوان؟

وتی نەخێر!

وتی: ئەی ئەو شتە عەلی کوڕی ئەبو تالیب رضي الله عنه بانگەوازی بۆ کردووە لەدوای ئەوان؟

وتی: نەخێر!

مامۆستاکە وتی: کەواتە شتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بانگەوازی بۆ نەکردبێت، وە نە ئەبوبەکر، وە نە عومەر، وە نە عوسمان، وە نە عەلی رضي الله عنهم بانگەوازیان بۆ نەکردووە تۆ خەڵکی بۆ بانگ دەکەیت؟! ئەمەش لەوە زیاتر نییە کە بڵێین: زانیویانە یان نەیانزانیوە.

ئەگەر بڵێیت: زانیویانە بەلأم بێدەنگ بوون لەسەری، کاتی چۆن ئەوان کە زانیویانەو دروست بووە بێ دەنگ بن لەسەری بەهەمان شێوەش بێ دەنگ بوون بۆ ئێمە دروستە لەسەری، وە ئەگەر بڵێیت: ئەوان نەیان زانیوەو من زانیومە، ئەی ناپاکی کوڕی ناپاك! پێغەمبەر ﷺ و جێنشینە ڕێنوما کراوەکان رضي الله عنهم شتێکیان نەزانیبێت تۆو هاوەلأنت دەیزانن؟!

موهتەدی وتی: باوکم بینی هەڵساو سەرسام بوو، وە جلەکانی بەدەمیەوە ناو پێ دەکەنی، پاشان وتی: ڕاست دەکات، لەوە زیاتر نییە کەتۆ بڵێیت: نەیان زانیوە یان زانیویانە .

ئەگەر بڵێین: زانیویانەو بێ دەنگ بوون لەسەری ئەوە بێ دەنگ بوونمان بەسە وەك ئەوان بێ دەنگ بوون .

وە ئەگەر بڵێین: ئەوان نەیانزانیوەو تۆ زانیوتە . ئەی ناپاکی کوڕی ناپاك!

پێغەمبەر ﷺ و هاوەلأنی رضي الله عنهم شتێکیان نەزانیوە تۆو هاوەلأنت زانیوتانە؟!

پاشان وتی: ئەی ئەحمەد! وتم: بەڵێ، وتی: مەبەستم تۆ نییە، بەڵکو مەبەستم (ئیبن ئەبی دؤاد )ە، هەڵسا بۆ لای و وتی: شتێك بدە بەو مامۆستایە، وە دەری بکە لە شارەکەمان) .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا زەهەبی لە (السیر) دا هێناویەتی (... وە ئیبن ئەبی دؤادی لەبەرچاو کەوت، وە لەدوای ئەو کەسی تری تاقی نەکردەوە) .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا: (موهتەدی دەڵێ: وە بەهۆی ئەو وتووێژەوە من پەشیمان بوومەوە لەو قسەیە، وە گومان دەبەم کە باوکیشم لەو کاتەوە گەڕابێتەوە)[١٦] .

لێرەدا دەڵێم: جوان ورد بەرەوە: ئەو مامۆستایە ئەم کارەی گەڕانەوە بۆ ژیاننامەی پێشینە چاکەکانمانﭫ وە جیاوازی و ناکۆکیەکان ڕاستەوخۆ نەمان، وە هەروەها هۆکاری هیدایەت دانی ( واثق و موهتەدی) بوون وەك لە بەسەرهاتەکەدا باس کرا، وە ئەمەش ڕێنیشان دەرتە لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی ئەمە بنچینەیەکی ڕەسەنە، بۆیە پارێزگاری لێبکە ! .

هەربۆیە تا ئێستاش زانایان وتەکەی پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەهێننەوە کە دەڵێت: (کۆتای ئەم کارە چاك نابێت تەنها بەوە نەبێت کە سەرەتاکەی پێ چاك بوە) . وە ئەم وتە گەورەیە مالیك وەری گرتووە لە مامۆستاکەیەوە وەهبی کوڕی کەیسان[١٧] .

## وریاییەك:

ئەگەر پێشینە چاکەکانمان لەشتێکدا جیاوازیان هەبووبێت ئەوا تەنها ڕێگا بۆ چارەسەر کردنی ئەو جیاوازییە بریتی بووە لە بەڵگەی قورئان و سوننەت، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ [النساء: ٥٩] .

واتە: ئەگەر لە هەر شتێکدا کێشەو ناکۆکی کەوتە نێوانتانەوە ئەوا بۆ چارەسەر کردنی بگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە (قورئانی پیرۆز) و پێغەمبەر ﷺ (فەرمووده صەحیحەکانی)، ئەگەر بەڕاستی ئێوە باوەڕتان بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، وە ئەمەش چاکترو باشترە بۆ ئێوە .

وە وشەی (شئ) لێرەدا نەناسراوە (نکیرە)یە و لە سیاقی مەرجدا (شرط)دا هاتووە، کە ئەمەش هەموو جیاوازی و ناکۆکییەك دەگرێتەوە لە بوارە بنچینەیی و لاوەکیەکاندا (الاصول و الفروع)، هەروەك مامۆستا محمد ئەمین شنقیطی ئاماژەی پێداوە[١٨] .

---

(١٦) قال الذهبي: (هذه القصة مليحة، وإن كان في طريقها من يجهل ولها شاهد) (السير: (١١\٣١٣) .

قلت: وقد رواها الاجري في الشريعة بلاغا (١\٤٥٥)، ثم أسندها (رقم: ١٩٣)، وعنه ابن بطة في الابانة الرد على الجهمية (٤٥٢) .

وأخرجها أيضا من طريق أخرى ابن بطة تحت الرقم السابق و (٤٥٣)، والخطيب في تاريخ بغداد (٤\١٥١-١٥٢)، و (١٠\٧٥-٧٩)، وابن الجوزي في مناقب الامام أحمد (ص: ٤٧٥-٤٨٠)، وعبدالغني المقدسي في المحنة ( ص: ١٦٩-١٧٤) و (١٦٧-١٦٩)، وابن قدامة في التوابين (ص: ٢١٠-٢١٥) .

(١٧) رواه الجوهري في مسند الموطأ (ق ١٣٨ ب)، من طريق إسماعيل بن أبي أويس، وابن عبدالبر في التمهيد (٢٣\١٠) من طريق أشهب بن عبدالعزيز، كلاهما عن مالك قال: (كان وهب بن كيسان يقعد إلينا ولا يقوم حتى يقول لنا: اعلموا ... ) وذكرها وإسنادها صحيح .

(١٨) (أضواء البيان: (١\٣٣٣) .

وە هەروەها ئیبن قەییم دەفەرموویت: (ئەگەر لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی تێدا نەبوایە کە جیاوازیو ناکۆکی لەسەرەو ئەم دوانەش بەس نەبونایە، ئەوا فەرمانی نەدەکرد بە گەڕانەوە بۆلای قورئانو سوننەت، چونکە نابێتو نەگونجاوە خوای گەورە فەرمان بکات بە گەڕانەوە بۆلای شتێك لە کاتی دووبەرەکیو ناکۆکیدا لە کاتێکدا کە نەتوانێت ئەو جیاوازیە یەك لای بکاتەوەو نەیهێڵێت)[١٩].

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

==================================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

(١٩) (إعلام الموقعين: (١\٤٩).

# هەندێك لە حوكمەكانی هەجر كردنی ئەهلی بیدەعو خاوەن تاوانە گەورەكان

✍:م/ محمد عبدالرحمن

----------------------------------

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

**عێراق - كوردستان - كەلار**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين وبعد:

## ئایا مافەکانی موسڵمان بەسەر برای موسڵمانیەوە لە هەموو حاڵەتێکدا بەجێدەهێنرێن؟

بنچینەو بنەوا وایە کە بەجێگەیاندنی ئەو مافانە لە نێوان هەموو موسڵماناندا هاوبەشن‌و نابێت جیاوازی بکرێت لە نێوان موسڵمانێك‌و یەکێکی تردا، بەڵام زانایان تەنها دوو حاڵەتیان جوودا کردووەتەوە لەم بنچینەیە لەبەر هەندێك بەڵگەی شەرعی کە باسیان دەکەین .

قال المناوي في شرح حديث (**حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ**): (أي الحقوق المشتركة بين المؤمنين عند ملابسة بعضهم بعضا)[1].

**واتە: مافەکان هاوبەشن لە نێوان بڕواداراندا لە کاتی تێکەڵ بوونی هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریاندا .**

وقال أيضاً: (تنبيه: قال ابن العربي: عليك في رعاية هذه الحقوق وغيرها بالمساواة بين المسلمين كما ساوى الإسلام بينهم في أعيانهم، ولا تقل هذا ذو سلطان وجاه ومال وهذا حقيرٌ، والحاصل لا تُحقِّرْ صغيراً، واجعل الإسلام كله كالشخص الواحد والمسلمين كالأعضاء لذلك الشخص، فإنَّ الإسلام لا وجود له إلاَّ بالْمسلمين كما أنَّ الإنسان لا وجود له إلاَّ بأعظائه وجميع قواه الظاهرة والباطنة...)[2]

**واتە: بیرخستنەوەیەك: (ابن العربي المالكي) فەرموویەتی:**

**پێویستە لەسەرت چاودێری بکەیت لە بە جێهێنانی ئەم مافانەو جگە لەمانەشدا بە یەکسانی لە نێوان موسڵماناندا هەروەکو چۆن ئیسلام یەکسانی کردووە لە نێوان خودی موسڵماناندا، وە نەڵێیت ئەمە دەسەڵات دارە یان ناودارە یان پارەدارەو ئەوەش سووك‌و بێڕێزە، هەروەها بچووکیش بێڕێز مەکە بەڵکو هەموو ئیسلام بکە بە لاشەی یەك کەس‌و موسڵمانانیش بە ئەندامەکانی ئەو کەسە، چونکە ئیسلام بوونی نیە ئیللا بە موسڵمانانەوە نەبێت هەوەکو چۆن مرۆڤ بوونی نیە ئیللا بە ئەندامەکانی لاشەوەو هەموو توانا دەرەکی‌و ناوەکیەکانیەوە نەبێت ...**

**بە کورتی: بنچینەو ئەصڵ وایە کە نابێت بە هیچ شێوەیەك جیاوازی بکرێت لە نێوان موسڵماناندا لە بەجێگەیاندنی هەموو ئەم مافانەدا .**

**وە ناشبێت موسڵمان بە بێ هیچ هۆکارێکی شەرعی پشت لە برای موسڵمانی بکات، بەڵام ئەگەر هۆکارێکی تایبەت بە نێوانی خۆیانەوە هەبوو ئەوا دروستە موسڵمان تاوەکو سێ ڕۆژ پشت لە برای موسڵمانی بکات، بەڵام زیاتر لە سێ ڕۆژ حەرامەو دروست نییە چونکە لە فەرموودەکەی ڕابردوودا هاتووە:**

(... **وَنَهَى عَنْ هِجْرَةِ الْمُسْلِمِ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثٍ**) .

---

[1] (فيض القدير: ٣ / ٥١٧) .

[2] (فيض القدير: ٣ / ٥١٦ ــ ٥١٧) .

**واتە: پێغەمبەری خواﷺ قەدەغەی کردووە موسڵمان قسە لەگەڵ موسڵماندا نەکاتو پشتی لێ‌هەڵبکات زیاتر لە سێ ڕۆژ.**

قال الإمام البخاري: (باب الْهِجْرَةِ وَقَوْلِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ: "**لاَ يَحِلُّ لِرَجُلٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثٍ**")[٣] و (باب مَا يَجُوزُ مِنَ الْهِجْرَانِ لِمَنْ عَصَى)[٤] و (باب مَنْ لَمْ يُسَلِّمْ عَلَى مَنِ اقْتَرَفَ ذَنْباً، وَلَمْ يَرُدَّ سَلاَمَهُ حَتَّى تَتَبَيَّنَ تَوْبَتُهُ، وَإِلَى مَتَى تَتَبَيَّنُ تَوْبَةُ الْعَاصِي؟ وَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرٍو: "لاَ تُسَلِّمُوا عَلَى شَرَبَةِ الْخَمْرِ")[٥].

**لەم سەر بابەتو ناونیشانانەی ئیمامی (البخاري)دا بۆ فەرموودەکانی ئەو بابەتانە ئەوە تێدەگەین کە:**

**ـ لە بنەوادا پشت کردنو عاجز بوون لە برای موسڵمان زیاتر لە سێ ڕۆژ حەڵاڵ نی‌یەو حەرامە .**

**ـ پشت کردنو عاجز بوون لە برای موسڵمانی تاوانبار زیاتر لە سێ ڕۆژ حەڵاڵو دروستە .**

**ـ سەلام ناکرێت لە موسڵمانی تاوانبارو وەڵامی سەلامیشی نادرێتەوە تاوەکو تەوبەیەکی ڕوونو ئاشکرا نەکات.**

وقال الحافظ: (وَقَدْ ذَهَبَ الْجُمْهُورُ إِلَى أَنَّهُ **لَا يُسَلِّمُ عَلَى الْفَاسِقِ وَلَا الْمُبْتَدِعِ**... وَقَالَ الْمُهَلَّبُ: **تَرْكُ السَّلَامِ عَلَى أَهْلِ الْمَعَاصِي سُنَّةٌ مَاضِيَةٌ، وَبِهِ قَالَ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ فِي أَهْلِ الْبِدَعِ** ...

وَأَلْحَقَ بَعْضُ الْحَنَفِيَّةِ بِأَهْلِ الْمَعَاصِي مَنْ يَتَعَاطَى خَوَارِمَ الْمُرُوءَةِ، كَكَثْرَةِ الْمِزَاحِ وَاللَّهْوِ وَفُحْشِ الْقَوْلِ، وَالْجُلُوسِ فِي الْأَسْوَاقِ لِرُؤْيَةِ مَنْ يَمُرُّ مِنْ النِّسَاءِ وَنَحْوِ ذَلِكَ .

وَحَكَى ابْنُ رُشْد قَالَ: قَالَ مَالِك: لَا يُسَلَّمُ عَلَى أَهْلِ الْأَهْوَاءِ، قَالَ ابْنُ دَقِيق الْعِيد: وَيَكُونُ ذَلِكَ عَلَى سَبِيلِ التَّأْدِيبِ لَهُمْ وَالتَّبَرِّي مِنْهُمْ ...

وَقَالَ النَّوَوِيّ: **وَأَمَّا الْمُبْتَدِعُ وَمَنْ اقْتَرَفَ ذَنْباً عَظِيماً وَلَمْ يَتُبْ مِنْهُ فَلَا يُسَلِّمُ عَلَيْهِمْ وَلَا يُرَدُّ عَلَيْهِمْ السَّلَام** كَمَا قَالَ جَمَاعَةٌ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ، وَاحْتَجَّ الْبُخَارِيُّ لِذَلِكَ بِقِصَّةِ كَعْب بْن مَالِك انْتَهَى ...

وَاقْتَصَرَ الْبُخَارِيُّ عَلَى الْقَدْرِ الَّذِي ذَكَرَهُ لِحَاجَتِهِ إِلَيْهِ هُنَا، وَفِيهِ مَا تَرْجَمَ بِهِ مِنْ تَرْكِ السَّلَامِ تَأْدِيباً وَتَرْك الرَّدِّ أَيْضاً، وَهُوَ مِمَّا يُخَصُّ بِهِ عُمُوم الْأَمْر بِإِفْشَاءِ السَّلَام عِنْد الْجُمْهُور ...)[٦].

**واتە: زۆربەی زانایان بۆچوونیان وایە: کەوا نابێت سەلام بکرێت لە فاسق (ئەو کەسەیە کە بە ئاشکرا تاوان دەکات) و بیدعەچی ...**

**وە (المهلب) فەرموویەتی: سەلام نەکردن لە تاوانباران سوننەتێکی پێشنە و بەردەوامە، وە زۆربەی زانایان فەرموویانە: سەلام نەکەن لە ئەهلی بیدەع ...**

---

[٣] (انظر الفتح: ١٠ / ٦٠٣) وما بعدهُ .

[٤] (انظر الفتح: ١٠ / ٦١٠) وما بعدهُ .

[٥] (انظر الفتح: ١١ / ٤٩) وما بعدهُ .

[٦] الفتح: (١١ / ٤٩ ــ ٥٠) .

وە هەندێك لە (حەنەفی مەزهەبەکان) ئەوانەشیان داوەتە پاڵ تاوانباران کەوا شتانێك دەکەن پیاوەتیو کەسایەتی مرۆڤی پێ دەڕوشێت وەکو زۆر سوعبەتو گاڵتە کردنو ووتەی نابەجێو قسەی خراپ ووتنو دانیشتن لە بازاڕدا بۆ سەیر کردنی ئەو ئافرەتانەی کە تێپەڕ دەبنو هاوشێوەکانی ئەمانە کە پیاوەتی لەکەدار دەکاتو دەیڕوشێنێت .

وە (ابن رشد) دەگێڕێتەوە کەوا ئیمامی (مالك) فەرموویەتی: نابێت سەلام بکرێت لە ئەهلی هەواو ئارەزوو و بیدعەچی‌یەکان، (ابن دقيق العيد)یش فەرموویەتی: ئەمەش بە مەبەستی ڕاهێنانو پەروەردە کردنە بۆیانو خۆ بێ بەری کردنە لە کردارو ڕەفتارە ناڕەواکانیان ...

وە (النووي) فەرموویەتی: بەڵام بیدعەچیو ئەوەی کە تاوانی گەورەی ئەنجام داوەو تەوبەی نەکردووە ئەوا ئەمانە سەلامیان لێناکرێتو وەڵامی سەلامیشیان نادرێتەوە وەکو چۆن کۆمەڵێك لە زانایان فەرموویانە، وە ئیمامی (البخاري) بەسەرهاتەکەی (كعب بن مالك) کردووەتە بەڵگە بۆ ئەمە ...

وە ئیمامی (البخاري) لەم بابەتەدا ئەوەندەی لە فەرموودەکەی (كعب بن مالك) باس کردووە کە پێویستی پێبووە لێرەدا، وە ئەوەندەی تێدایە کە کردوویەتی بەسەر باسی ئەم بابەتە لە نەکردنو وەڵام نەدانەوەی سەلام بە مەبەستی پەروەردەکردن، وە ئەمەش دەکرێت بە تایبەت کاری گشتێتی فەرمان کردن بە بڵاوکردنەوەی سەلام لای زۆرینەی زانایان ...

وقال النووي في "رياض الصالحين": (بَابُ تَحْرِيمِ الـهِجْرَانِ بَيْنَ الْمُسْلِمِينَ فَوْقَ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ إِلاَّ **لِبِدْعَةٍ فِي الْمَهْجُورِ أَوْ تَظَاهُرٍ بِفِسْقٍ**..)[٧].

واتە: پشت هەڵکردن لە نێوان موسڵماناندا زیاتر لە سێ ڕۆژ حەرامە تەنها لە دوو حاڵەتدا نەبێت: لە بیدعەیەکدا کە لە پشت لێهەڵکراوەکەدا هەبێت یان لەبەر ئاشکرا کردنی تاوانو یاخی بوون لە ئەرکە شەرعی‌یەکان .

وقال البغوي: (النهي عن الـهجران فوق ثلاث فـما يقع بين الرجلين من التقصير في حقوق الصحبة والعشرة دون ما كان كـذلك في حق الدين، **فإنَّ هجرة أهل الأهواء والبدع دائمة إلى أنْ يتوبوا**)[٨].

واتە: قەدەغە کردنی پشت هەڵکردن لە نێوان موسڵماناندا زیاتر لە سێ ڕۆژ تایبەتە بەوەوە کە ڕوو دەدات لە نێوان دوو پیاودا کە کەمو کوڕیان هەبێتو کەمتەرخەم بن لە بە جێهێنانی مافەکانی هاوڕێیەتیو هەڵسوکەوت کردن لە ئاستی یەکتردا نەك ئەو پشت هەڵکردنە بێت کە لەبەر هۆکاری مافە ئایینی‌یەکان ڕوو دەدات، چونکە پشت هەڵکردن لە هەڵگرانی هەواوئارەزوو و بیدعەچی‌یەکان بەردەوامە تاوەکو تەوبە دەکەنو دەگەڕێنەوە لە بیدعە کردنو شوێنکەوتنی هەواوئارەزوو .

**لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا لە دوو حاڵەتدا ئەم مافانە بەجێناهێنرێن بۆ موسڵمان کە بریتین لە:**

**حاڵەتی یەکەم: ئەو موسڵمانەی کە پشتی لێهەڵکراوە بە هۆی (تاوانی گەورە و ئاشکرا)وە:**

ئەگەر موسڵمانێك کەوتە ناو تاوانێکی گەورەوەو بە شێوەیەکی ئاشکراش ئەنجامی دەدا ئەوا پێویستە یەکەم جار ئامۆژگاری بکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوەو تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر بەردەوام بوو ئەوا دەبێت پشتی

[٧] انظر: شرح رياض الصالحين: (٤ / ١٣٧ — ١٤٠) .

[٨] شرح السنة للبغوي: (١ / ٢٢٤) .

لێهەڵبکرێت لە لایەن ئەو موسڵمانانەوە کە پشت هەڵکردنیان گاریگەریو سەرزەنشتیو ڕاچەڵەکاندنی تێدا دەبێت بۆ سەر ئەو کەسە تاوانبارەو هاوشێوەکانیو دەشبێتە مایەی خۆ پارێزی کردن لە کەوتنە ناو ئەو تاوانە بۆ خۆیانو کەسانی دەوروبەریان .

بەڵگەش لەسەر ئەمە بریتی‌یە لە:

فەرموودەی ئەو سێ صەحابی‌یەی کە لە جەنگی (تەبوك)دا دواکەوتن، وە بە هۆی ئەو دواکەوتنەیانەوە پێغەمبەری خوا ﷺ و باقی تری صەحابە بۆ ماوەی (٥٠) پەنجا ڕۆژ پشتیان هەڵکرد لەو سێ صەحابیەو قسەیان لە گەڵیاندا نەدەکردو وەڵامی سەلامیشیان نەدەدایەوەو تەنانەت لە (١٠) دە ڕۆژی کۆتایدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد بە جیابوونەوەی خێزانەکانیان لێیان تاوەکو ئایەتی (١١٨)ی سورەتی (التوبة) دابەزی: ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَرۡضُ بِمَا رَحُبَتۡ وَضَاقَتۡ عَلَيۡهِمۡ أَنفُسُهُمۡ وَظَنُّوٓاْ أَن لَّا مَلۡجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيۡهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡ لِيَتُوبُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١١٨﴾.

ئیمامی (ابن حجر) لە شەرحو شیکردنەوەی ئەو فەرموودەیەی کە لە سەرەوە ئاماژی بۆ کرا فەرموویەتی:

(قَالَ الطَّبَرِيُّ: قِصَّةُ كَعْب بْن مَالِك أَصْلٌ فِي هِجْرَان أَهْلِ الْمَعَاصِي)[٩].

واتە: بەسەرهاتی (كعبُ بن مالك) بنچینەو بنەوایەکە بۆ پشت هەڵکردن لە تاوانباران .

هەروەها فەرموودەی ئەو صەحابیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی جەنازەی لەسەر نەکرد بە هۆی قەرزاری‌یەوە:

عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه قَالَ: (كَانَ النَّبِيُّ ﷺ لاَ يُصَلِّي عَلَى رَجُلٍ عَلَيْهِ دَيْنٌ، فَأُتِيَ بِمَيِّتٍ، فَسَأَلَ: **أَعَلَيْهِ دَيْنٌ؟** قَالُوا: نَعَمْ عَلَيْهِ دِينَارَانِ، قَالَ: **صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ** ...))[١٠].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی جەنازەی نەدەکرد لەسەر پیاوێك کە قەرزار بوایەت، جا مردوویەکیان بۆ هێنا، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئایا قەرزی بە سەرەوەیە؟ ووتیان: بەڵێ دوو دیناری بە سەرەوەیە، فەرمووی: ئێوە خۆتان نوێژ لە سەر هاوەڵەکەتان بکەن...

قال المباركفوري: (قَالَ الْقَاضِي وَغَيْرُهُ: امْتِنَاعُ النَّبِيِّ ﷺ عَنْ الصَّلَاة عَلَى الْمَدْيُون إِمَّا لِلتَّحْذِيرِ عَنْ الدَّيْنِ، وَالزَّجْرِ عَنْ الْمُمَاطَلَة، وَالتَّقْصِير فِي الْأَدَاء، أَوْ كَرَاهَةَ أَنْ يُوقَفَ دُعَاؤُهُ بِسَبَبِ مَا عَلَيْهِ مِنْ حُقُوق النَّاسِ وَمَظَالِمِهمْ .

وَقَالَ الْقَاضِي ابْنُ الْعَرَبِيِّ فِي الْعَارِضَةِ: وَامْتِنَاعُهُ مِنْ الصَّلَاة لِمَنْ تَرَكَ عَلَيْهِ دَيْنًا تَحْذِيرًا عَنْ التَّقَحُّمِ فِي الدُّيُون لِئَلَّا تَضِيعَ أَمْوَالُ النَّاسِ، كَمَا **تَرَكَ الصَّلَاةَ عَلَى الْعُصَاة زَجْرًا عَنْهَا حَتَّى يُجْتَنَبَ** خَوْفًا مِنْ الْعَارِ، وَمِنْ حِرْمَانِ صَلَاةِ الْإِمَامِ وَخِيَارِ الْمُسْلِمِينَ)[١١].

واتە: خۆگرتنەوەی پێغەمبەر ﷺ لە کردنی نوێژی جەنازە لەسەر قەرزار یان بۆ ووریاکردنەوەیە لە قەرزو سەرزەنشت کردنە لە دوا خستنی بردنەوەیو کەم تەرخەمی کردنە لە دانەوەیدا، وە یان لە بەر پێناخۆش بوونی بوو لە ڕاگرتنی دوعاکەی بە هۆی ئەو مافو ستەمانەی خەڵکەوە کە بە سەریەوەیەتی .

---

[٩] الفتح: (١٠ / ٦١١) .

[١٠] صحيح سنن أبي داود رقم: (٣٣٤٣) وصحيح سنن الترمذي رقم: (١٠٦٩) وصحيح سنن النسائي رقم: (١٩٦٢) واللفظ لـهُ ، وأصلهُ في الصحيحين .

[١١] تـحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي: (٤ / ١٧٧).

وە (ابن العربـي) فەرموویەتی: خۆگرتنەوەی پێغەمبەر ﷺ لە کردنی نوێژی جەنازە لەسەر قەرزار لەبەر وورپاکردنەوە بووە لە کەوتنە ناو قەرزەوە بۆ ئەوەی ماڵو سامانی خەڵك نەفەوتێت، هەروەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ **نوێژی لە سەر تاوانباران نەدەکرد بە مەبەست سەرزەنشت کردنیان تاوەکو دوور بکەونەوە لێی** لە ترسی عەیبەو شەرمەزاریو مەحرومو بێبەش بوون لە نوێژی پێشەواو پیاوچاکانی موسڵمانان .

وقال صاحب "عون المعبود": (وَلَا يُصَلِّي عَلَيْهِ الْإِمَامُ **رَدْعًا لِأَهْلِ الْمَعَاصِي** إِذَا عَلِمُوا أَنَّهُ مِمَّنْ لَا يُصَلَّى عَلَيْهِ، **وَلِئَلَّا يَجْتَرِئَ النَّاسُ عَلَى مِثْلِ فِعْلِهِ**)[١٢].

واتە: پێشەوای موسڵمانان نوێژ ناکات لەسەر مردووی قەرزار لەبەر ڕاچەڵەکاندنی تاوانباران ئەگەر بزانن ئەوانیش نوێژیان لەسەر ناکرێت، وە بۆ ئەوەی خەڵك چاونەترس نەبن لە ئاستی ئانجامدانی وێنەی ئەو کردارەی ئەو .

**حاڵەتی دووەم: ئەو موسڵمانەی کە پشتی لێهەڵکراوە بە هۆی (بیدعەو لە ڕێ لادان)ەوە:**

قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله: (ومثلُ أئمة البدع من أهل المقالات المُخالفة للكتاب والسنة أو العبادات المُخالفة للكتاب والسنة: **فإنَّ بيان حالهم وتَحذير الأُمَّة منهم واجبٌ باتفاق المسلمين**، حتى قيل لأحمد بن حنبل: الرجل يصوم ويصلي ويعتكف أحب إليك أو يتكلم في أهل البدع؟ فقال: إذا صام وصلى واعتكف فإنَّما هو لنفسه، وإذا تكلم في أهل البدع فإنَّما هو للمسلمين هذا أفضل، فبين أنَّ نفع هذا عام للمسلمين في دينهم من جنس الجهاد في سبيل الله، إذ تطهير سبيل الله ودينه ومنهاجه وشرعته ودفع بغي هؤلاء وعدوانِهم على ذلك واجب على الكفاية باتفاق المسلمين، ولولا من يقيمه الله لدفع ضرر هؤلاء لفسد الدين وكان فساده أعظم من فساد استيلاء العدو من أهل الحرب، فإنَّ هؤلاء إذا استولوا لَمْ يفسدوا القلوب وما فيها من الدين إلاَّ تبعاً، **وأما أولئك فهم يفسدون القلوب ابتداءً**)[١٣].

واتە: پێشەوا بیدعەچییەکان لە خاوەنی بیروباوەڕو پەرستشە پێچەوانەکان بۆ قورئان سوننەت، ئا ئەمانە ڕوونکردنەوەی حاڵیانو وورپاکردنەوەی موسڵمانان لێیان واجبو پێویستە بە یەك دەنگی موسڵمانان، تاوەکو ووتراوە بە ئیمامی (أحمد بن حنبل): پیاو ڕۆژوو بگرێتو نوێژ بکاتو لە مزگەوتدا بمێنێتەوە ئایا ئەمە خۆشەویست ترە لای تۆ یان قسە سەبارەت بە ئەهلی بیدەع بکاتو حاڵیان ڕوون بکاتەوە؟

ئەویش فەرمووی: ئەگەر ڕۆژوو بگرێتو نوێژ بکاتو لە مزگەوتدا بمێنێتەوە ئەمە سوودەکەی تەنها بۆ خۆیەتی، وە ئەگەر قسە سەبارەت بە ئەهلی بیدەع بکاتو حاڵیان ڕوون بکاتەوەو موسڵمانانیان لێ وورپا بکاتەوە سوودی ئەمە بۆ موسڵمانانە بە گشتی ئەمەیان باشترە، ئیمامی (أحمد) ڕوونی کردەوە کەوا سوودی ئەمە گشتیە بۆ موسڵمانان لە دینو ئایینەکەیاندا کەوا بەشێکە لە جیهادو تێکۆشان لە پێناوی خوادا، چونکە پاك کردنەوەی ڕێگای خواو ئایینەکەیو ڕێبازەکەیو شەریعەتەکەیو دوورخستنەوەی دەست درێژی ئەو بیدعەچیانەو دژایەتی کردنیان لەسەر ئەوە واجبە لەسەر هەندێك لە زانایان بە یەك دەنگی

---

[١٢] عون المعبود شرح سنن أبي داود: (١٢ / ٧٤) وانظر: (٨ / ٣٣٠) منه أيضاً ، والأمثلة على هذا كثيرة انظرها في "هجر المبتدع" للشيخ بكر أبو زيد ص: (٢٦ — ٣٠) .

[١٣] مجموع الفتاوى: (٢٨ / ١٣١ — ١٣٢) .

موسڵمانان، وە ئەگەر کەسانێك نەبێت کە خوا دایناون بۆ دوورخستنەوەی زیان‌و زەرەری ئەو بیدعەچییانە ئەوا دین‌و ئایین دەگەنیاو تێك دەچوو، وە گەنیوی‌و تێك چوونی سەر دەستی ئەهلی بیدەع گەورەترە لە گەندەڵی دەست بە سەراگرتنی دووژمن لە شەڕخوازان، چونکە ئەمانە ئەگەر دەستیان گرت بەسەر موسڵمانانداندا دڵەکان‌و ئەوەشی کە تێیدایە لە دین‌و ئایین تێك نادەن‌و نایگەنێنن ئیللا وورده وورده‌و هەنگاو بە هەنگاو نەبێت، بەڵام ئەو بیدعەچییانە ئا ئەوانە سەرەتا دڵەکان تێك دەدەن‌و گەندەڵی دەکەن .

وقال أبو إسماعيل الصابوني في بيان اعتقاد السلف الصالح أصحاب الحديث:

(ويبغضون أهل البدع الذين أحدثوا في الدين ما ليس منه ولا يُحبونهم ولا يصحبونهم ولا يسمعون كلامهم ولا يُجالسونَهم ...)[١٤].

(واتفقوا مع ذلك على القول: بقهر أهل البدع وإذلالهم وإخزائهم وإبعادهم وإقصائهم، والتباعد منهم ومن مُصاحبتهم ومعاشرتهم، والتقرُّب إلى الله بمُجانبتهم ومُهاجرتهم ...)[١٥].

**واتە: ئەهلی سوننە ڕقیانە لە ئەهلی بیدەع ئەوانەی کە لە دین‌و ئاییندا شتانێکیان داهێناوە کە بەشێك نییە لێ‌ی، وە ئەهلی بیدەعیان خۆشناوێت‌و هاوەڵێتیان ناکەن‌و گوێ بۆ قسەیان ناگرن‌و لە گەڵیاندا دانانیشن**

**وە ئەهلی سوننە لەگەڵ ئەمەدا یەك دەنگن لەسەر بیروباوەڕی:**

**پۆرت شکاندنی ئەهلی بیدەع‌و سەرشۆڕ کردنیان‌و ئابڕوو بردنیان‌و دوورخستنەوەیان‌و کەنار خستنیان، هەروەها دوور کەوتنەوە لێیان‌و لە هاوڕێیەتی‌و تێکەڵاوی کردنیان‌و، نزیك بوونەوە لە خوا بە دوورکەوتنەوە لێیان‌و پشت لێ‌کردنیان ...**

## دوو تێبینی:

**یەکەم: مەبەست لە (پشت لێ‌کردن) لە ئەهلی بیدەع‌و ئەوانەی کە تاوان بە ئاشکرا دەکەن لە سێ خاڵی سەرەکیدا کۆدەبێتەوە کە بریتین لە:**

**١ ـ بۆ ئەوەی کەسی (پشت لێ کراو) بچێت بە خۆیداو بیرێك لە خۆی‌و کردارە ناشەرعی‌و ناڕاستەکەی بکاتەوەو وازی لێبێنێت .**

**٢ ـ بۆ ئەوەی ئەو کەسەی پشتی لێ‌کردووە پارێزراو بێت لەو هەڵەو تاوانەی کە ئەو تێیدا دەتلێتەوەو بە هۆی ئەوەوە توشی نەخۆشی نەبێت .**

**٣ ـ بۆ ئەوەی کەسانی تر چاوی لێ‌نەکەن‌و شوێنی نەکەون‌و توشی نەخۆشی نەبن بە هۆی تێکەڵاوی کردنیەوە .**

عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: (مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالْجَلِيسِ السَّوْءِ: كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ، فَحَامِلُ الْمِسْكِ إِمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ، وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً، **وَنَافِخُ الْكِيرِ إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً**)[١٦].

---

[١٤] اعتقاد السلف الصالح أصحاب الحديث ص: (١٠٠) رقم: (١٦١) .

[١٥] اعتقاد السلف الصالح أصحاب الحديث ص: (١١٢) رقم: (١٧٥) .

واتە: نمونەی هاوەڵی چاكو هاوەڵی خراپ: وەكو هەلگری بۆنی میسك (واتە بۆن فرۆش) و فووكار بە كوورەدا وایە، هەلگری بۆنی میسك یان لەو بۆنەت پێدەبەخشێت یان لێی دەكڕیت یان بۆنی خۆشی لێدەبینیتو هەڵیدەمژیت، **بەڵام فوكار بە كوورەدا یان جلەكانت دەسوتێنێت یان بۆنی پیسی لێدەبینێتو هەڵیدەمژیت .**

واتە: هاوڕێو هاومەجلیسی چاك خێردارو بێ زیانە، بەڵام هاوڕێو هاومەجلیسی خراپ بێخێرو زیان بەخشە.

قال الإمام الألباني: (من فوائد هذا الحديث ما ترَّجمَ البيهقي بقولهِ: "باب **مُجانبة الفَسَقَة والـمُبتدعة**، ومَنْ لا يُعينكَ على طاعة الله عز و جل")[١٧].

واتە: لە سوودەكانی ئەم فەرموودەیە ئەوەیە كە ئیمامی (البيهقي) ئەم ناونیشانەی بۆ داناوە:

(بابەتی: **دوور كەوتنەوە لە تاوانبارە فاسقەكانو بیدعەچیەكان**، هەروەها ئەوانەی كەوا یاریدەدەرت نین لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورە) .

**دووەم**: پەیڕەوكردنی بابەتی (پشت لێكردن) ئەحكامی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێت ئەو ئەحكامانە لەبەرچاو بگیرێن لە كاتی پشت لێكردندا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ئەحكامانە ووردەكاری تێدایە و بابەتی ئەم كتێبەش (**برایەتی نێوان موسڵمانان**) پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی نیە لەگەڵ ئەم بابەتەدا ئەوا دەرفەتمان نیە لێرەدا بە تێرو تەسلیو بە درێژی باسیان لێوە بكەین، بۆیە بە كورتی هەندێك لەو ئەحكامانە باس دەكەم:

١ ـ پەیڕەوكردنی بابەتی (پشت لێكردن) لە كاتێكدا پێویستە كەوا یەكێك یان زیاتر لە مەبەستو ئامانجەكانی ئەم كارە لە واقعدا بەرجەستە ببێتو بە دی بێت، ئەگینا (پشت لێكردن) دروست نیە .

٢ ـ دەبێت پەیڕەوكردنی (پشت لێكردن) بەرژەوەندی ئیسلامو موسڵمانانی تێدا بەرقەرار بێتو زیانو گەندەڵی كەم كاتەوەو نەیهێڵێت، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بەسەرماندا شكایەوەو زیانو گەندەڵی زیاتر بوو لە بەرژەوەندییە شەرعییەكانی ئەوا دروست نیە .

٣ ـ پەیڕەو كردنی بابەتی (پشت لێكردن) دەگۆڕێت لەسەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر و لە شوێنێكەوەو بۆ شوێنێكی ترو هەروەها لە كەسێكیشەوە بۆ كەسێكی تر، ئەوەش بە پێی ئەم حاڵەتانە:

أ / ئەگەر ئەهلی سوننە زۆرو بە هێز و خاوەنی تواناو دەسەڵات بوون ئەوا پەیڕەوكردنی (پشت لێكردن) دروستە، بەڵام ئەگەر ئەهلی سوننە لەسەردەمێكدا یان لە شوێنێكدا كەمو لاوازو بێ توانا بوون ئەوا (پشت لێكردن) دروست نیە.

ب / دەبێت ئەو كەسەی كە (پشت دەكات) لەكەسی بیدعەچی یان تاوانبار خاوەن كەسایەتییەكی ئاوەها بێت كە (پشت لێكردنەكەی) كاریگەری هەبێت لەسەر كەسی (پشت لێكراو)و كەسانی دەوروبەری.

---

[١٦] صحيح البخاري رقم: (٢١٠١) و (٥٥٣٤) وصحيح مسلم رقم: (٣٧) والبيهقي في "شعب الإيمان" رقم: (٩٤٣٥)، نقلاً عن سلسلة الأحاديث الصحيحة: (٧ /٦٥١) رقم: (٣٢١٤) .

[١٧] سلسلة الأحاديث الصحيحة: (٧ / ٦٥١) تحت الحديث رقم: (٣٢١٤) .

ج / دەبێت کەسی (پشت لێکراو) شایستەی پشت لێکردن بێت بەوەی کە تاوانی گەورە بە ئاشکرا ئەنجام بدات یان سوور بێت لەسەر بیدعە کردن یان بانگەوازکار بێت بۆ بیدعە .

٤ ـ (پشت لێکردن) چەندین جۆرو شێوازو پلەی هەیە:

ـ هەندێك جار بە لێدانی (بیدعەچی یان تاوانبار) دەبێت .

ـ وە هەندێك جار بە بەند کردنی دەبێت.

ئەم دوو شێوازە تەنها لە کاتی هەبوونی دەسەڵاتو توانادا پەیڕەو دەکرێن .

ـ وە هەندێك جار بە هاوڕێیەتی نەکردنو تێکەڵاو نەبوون دەبێت .

ـ وە هەندێك جار بە سەلام لێ نەکردن دەبێت .

وە لە گەڵ ئەم جۆرو شێوازانەدا چەندینو چەندین شێوازو پلەی تر هەیە کە زانایانی ئەهلی سوننە باسیان لێوە کردووە، ئەمەش بە پێی سەردەمو شوێنو کەسەکانەوە گۆڕانکاری بەسەر دێت .

سەبارەت بەم بابەتە هەندێك لە وتەی زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە باس دەکەم بە کورتی:

١ ـ **شێخ** (ابن باز) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی:** (...، وإنْ رأيتَ أنَّ الـهجرَ يزيد الـمهجور شراً، وأنَّ اتـصالك بـه أنفع له في دينهِ وأقل لشرهِ فلا تـهجرهُ، لأنَّ الـهجرَ يُقصد منه العلاج فهو دواء، فإذا كان لا ينفع بل يزيد الـداءَ داءً فأنت تفعل ما هو الأصلح من الاتصال بهِ وتكرار النصيحة والأمر بالـمعروف والنهي عن الـمنكر من غير اتخاذهِ صاحباً ولا خليلاً، لعـل الله أن ينفـع بذلك...)[١٨].

واتە: ئەگەر بینیت (پشت لێکردن) دەبێتە هۆی زیاد بوونی خراپەی (پشت لێکراو)، وە پەیوەندی کردنت پێیەوە سوودی هەبوو بۆی لە ڕووی ئاینەکەیەوە و خراپەی کەم تر دەکردەوە ئەوا (پشتی لێمەکە)، چونکە مەبەست بە (پشت لێکردن) چارەسەر کردنەو بریتییە لە دەرمان، جا ئەگەر سوودی نەبوو بەڵکو بە هۆیەوە نەخۆشییەکە زیادی کرد ئەوا تۆ ئەو کارە دەکەیت کەوا چاکتر بێت لە پەیوەندی کردن پێیەوەو دووبارە کردنەوەی ئامۆژگاری کردنیو فەرمان پێ کردنی بە چاکەو ڕێگری لێکردنی لە خراپە بە بێ ئەوەی بیکەیت بە برادەرو هاوڕێو دۆستو خۆشەویستی خۆت، بەڵکو بەوە خوا سوودی پێ بگەیەنێت .

٢ ـ **وە شێخ** (الألبانـي) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی:** (...، الـمُقاطعة وسيلة شرعية يُرادُ بـها تـحقيق مـصلحة مشروعة وهي تأديب الـمُهاجَر أي الـمُقاطَع، فإذا كانت الـمقاطعة لا تؤدبهُ بل تزيدهُ ضلالاً على ضلالهِ فحينئذٍ لا تَجب الـمُقاطعة .

فلذلك نـحن اليوم لا نتشبث بالوسائل التي كان يتعاطاها السلف، لأنَّهم كانوا ينطلقـون بـهـا مـن موقـف القـوة، واليـوم الـمسلمون ضُعفاء في كل شيء ليس فقط الـحكومات بل الأفراد، والأمر كما قال ﷺ: "**إِنَّ الإِسْلاَمَ بَـدَأَ غَرِيبَـاً وَسَـيَعُودُ غَرِيبَـاً**

---

[١٨] مجموع فتاوى ومقالات متنوعة: (٥ / ٣٤٣- ٣٤٤) .

فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ، قِيلَ: وَمَنِ الْغُرَبَاءُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: أُنَاسٌ صَالِحُونَ فِي أُنَاسِ سَوْءٍ كَثِيرٍ مَنْ يَعْصِيهِمْ أَكْثَرُ مِمَّنْ يُطِيعُهُمْ" . فلو نحن فتحنا باب المقاطعة والهجر والتبديع لفعلنا ما يُخالِف المصلحة الشرعية ...)[١٩].

واتە: دابڕان (پشت لێ کردن) ڕێگا چارەیەکی شەرعیە مەبەست پێی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی ڕێپێدراوە لە شەرعدا کە بریتی‌یە لە تەمێکردنی (پشت لێ‌کراو) و ئەو کەسەی کەوا لێی دادەبڕێیت، جا ئەگەر دابڕان (پشت لێ‌کردن) ەکە نەبووە مایەی تەمێکردنی بەڵکو گومڕا بوونی زیادی کرد بەسەر گومڕایەتییەکەیەوە ئەوا لەو کاتەدا دابڕان (پشت لێ کردن) پێویست (واجب) نی‌یە .

لەبەر ئەوە ئێمە لەم ڕۆژگارەدا دەست نابەین بۆ ئەو ڕێگا چارەیانەی کەوا سەلەف دەیانگرتەبەر، چونکە ئەوان لە بارودۆخی هەبوونی هێزو تواناوە ئەو ڕێگا چارەیانەیان دەگرتەبەر، بەڵام ئەمڕۆ موسڵمانان لاوازن لە هەموو شتێکدا نەك تەنها حکومەتەکان بەڵکو بە تاکەکانیشەوە، وە حاڵەتەکە بەو شێوازەیە کەوا پێغەمبەر ﷺ لە بارەیەوە فەرموویەتی: "بەڕاستی ئیسلام بە غەریبی دەستی پێکردو لە داهاتوویەکی نزیکیشدا غەریبو نامۆ دەبێتەوە جا بەختەوەریو خۆشحاڵی بۆ ئەوانەی کەوا غەریبن، وترا: غەریبەکان کێن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: کەسانێکی چاکی کەمن لە نێو کەسانێکی خراپی زۆردا، ئەوانەی کەوا سەرپێچییان دەکەن زۆرترن لەوانەی کەوا گوێڕایەڵییان دەکەن" .

کەواتە ئەگەر ئێمە دەرگای دابڕانو پشت لێ‌کردنو بە بیدعەچی دانان بکەینەوە ئەوا کارێك دەکەین کە پێچەوانەی بەرژەوەندی شەرعی‌یە .

٣ ـ وە شێخ (ابن العثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی: (فإذا كان في هجر من فعل المعصية لترك واجبٍ أو فعلِ مُحرَّم فائدة يُهجَر حتى تتحقق الفائدة، وأمَّا من كان هجرهُ لا يفيده شيئاً بل لا يزيد الأمر إلاَّ شدةً وإلاَّ بُعداً عن أهل الخير فلا يُهجَر، لأنَّ الشرع جاء بالمصالح وليس بالمفاسد...)[٢٠].

واتە: ئەگەر پشت کردن لە کەسێك کە تاوانی کردبێت بە وازهێنان لە فەرزێك یان بە کردنی حەرامێك سوودی هەبوو ئەوا پشتی لێ‌دەکرێت تاوەکو ئەو سوودە بەدی دێت، بەڵام ئەگەر کەسێك پشت لێ‌کردنی هیچ سوودی پێنەگەیاند بەڵکو کارەکە زیاتر توندتر بووەوەو کابرای پشت لێ‌کراو زیاتر دوور کەوتەوە لە چاکەکاران ئەوا پشتی لێ‌ناکرێت، چونکە شەرع بەرژەوەندیەکانی هێناوە نەك زیان و خراپەکان .

هەروەها فەرموویەتی: (...، فكُلُّ مؤمنٍ وإنْ كان فاسقاً فإنَّهُ يُحرم هجرهُ ما لَمْ يكن في الهجر مصلحة، فإذا كان في الهجر مصلحة هجرناهُ، لأنَّ الهجر حينئذٍ دواء، أمَّا إذا لَمْ يكن فيه مصلحة أو كان فيهِ زيادة في المعصية والعتو فإنَّ ما لا مصلحة فيهِ تركهُ هو المصلحة...)[٢١].

---

[١٩] شريط من هو الكافر؟ وما هي البدعة المكفرة؟

[٢٠] شرح رياض الصالحين: (٤ / ٢١٩ ــ ٢٢٠) .

[٢١] مزيل الإلباس في الأحكام على الناس ص: (٢٥٢) .

واتە: هەموو بڕوادارێك ئەگەر چی فاسقو لارێگریش بێت بەڕاستی پشت لێكردنی حەرامە مەگەر لەو پشت لێكردنەدا بەرژەوەندی هەبێت، جا ئەگەر ئەو پشت لێكردنە بەرژەوەندی تێدا هەبوو ئەوا پشتی لێدەكەین، چونكە ئەو كاتە پشت لێكردن دەرمانو چارەسەرە، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی تێدا نەبوو یان بووە هۆی زیاد بوونی تاوانو سەركەشی ئەوا بەڕاستی ئەوەی كە بەرژەوەندی تێدا نەبێت وازلێهێنانی بەرژەوەندییە .

٤ ـ وە شێخ (مُقبل) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی: (...، فلا بُدَّ من النظر في مصلحة الـهجر، إذا كان الـهجرُ سيؤثر ويرجع الشخص إلى الـحق فلا بأس أنْ يُهجَر، وإذا كان سيزداد عتواً ونفوراً فلا تَهْجُر...)[٢٢].

واتە: پێویستە بڕوانرێت بۆ بەرژەوەندی پشت لێكردن، ئەگەر پشت لێكردن كاریگەری هەبوو و كەسە پشت لێكراوەكەی گێڕایەوە بۆ لای حەقو ڕاستی ئەوا پشت لێكردن دروستەو هیچی تێدا نییە، وە ئەگەر بووە هۆی زیاد بوونی سەركەشیو دووركەوتنەوەی كەسەكە ئەوا پشتی لێناكرێت .

هەروەها فەرموویەتی: (...، أنصحكم أنْ لا تـحضروا مُحاضرات الـمبتدعة من حزبيين وغيرهم، لـماذا؟ لأنَّهم يبثون السموم فيها شعرتم أو لـم تشعروا، أمَّا إذا لقيتهُ في الطرق فالسلام عليكم، وعليكم السلام، وإذا صافحك فصافحهُ، لكن من أجل سلامة قلوبكم والـمحافظة على قلوبكم من الشُّبهِ أنصحكم أنْ لا تـحضروا مُحاضرات الـمبتدعة سواء كانوا حزبيين أم غيرهم...)[٢٣].

واتە: ئامۆژگاریتان دەكەم بە ئامادە نەبوونی وانەو وتارو كۆڕی بیدعەچییەكان لە حزبییەكانو جگە لەوانیش، بۆ؟ چونكە ئەو بیدعەچیانە لە نێو ئەو وانەو وتارو كۆڕانەدا ژەهر بڵاو دەكەنەوە بە خۆتان بزانن یان نەزانن، بەڵام ئەگەر لە ڕێگادا پێی گەیشتیت ئەوا سەلامی لێبكەو وەڵامی سەلام كردنیشی بدەرەوە، وە ئەگەر تەوقەی لە گەڵا كردیت ئەوا تۆش تەوقەی لە گەڵا بكە، بەڵام لەبەر سەلامەتیو پاراستنی دڵەكانتان لە گومانو شوبهەكانیان ئامۆژگاریتان دەكەم بە ئامادە نەبوونی وانەو وتارو كۆڕی بیدعەچیەكان چ حزبییەكان بن یان جگە لەوان بن یەكسانە .

وە بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم بوارەدا: ئامۆژگاری خوێنەر دەكەین بە خوێندنەوەی ئەم كتێبە زۆر بە سوودە بە ناونیشانی: (**هَجرُ الـمُبتَدِع**) للعلاَّمة الشيخ: (بكر بن عبد الله أبو زيد) . وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

==================================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن

---

[٢٢] غارة الأشرطة: (٢ / ٨٧ ــ ٨٨) .

[٢٣] الأجوبة السديدة في فتاوى العقيدة: (١ / ١٦٧ ــ ١٦٨) للشيخ مقبل الوادعي .

# سیاسەتکردن
# یان
# خۆ لە بیرچوون؟!

م/ خلیل فهمی عمر

==================================

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

بێگومان ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەخۆ، وە هیچ لایەنێکی فەرامۆش‌و پەراوێز نەکردووە، بەڵکو هەموو لایەنەکان باسیان لێکراوە، وەك خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿وَنَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ تِبۡيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ٨٩﴾ [النحل: ٨٩] .

واتە: ئەم قورئانمان بۆ ناردی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تا هەموو شتێك ڕوون بکاتەوەو ببێتە ڕێنمایی‌و ڕەحمەت‌و مژدە بۆ موسڵمانان .

بۆیە یەکێك لەو بوارانەی کە ئیسلام لێی دواوەو باسی کردووە بواری سیاسەتە، کەواتە سیاسەتی شەرعی بەشێکە لە دین، وە موسڵمان پێویستە بڕوای پێ هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی موسڵمان مەنهەجێکمان هەیە هەموو کارەکانی بۆ لا دەگەڕێنینەوەو پێی دەپێوین ئەویش: قورئان وسوننەتە بەتێگەیشتنی سەلەف لە هاوەڵان‌و شوێن کەوتووانیان، وە بڕوامان وایە کە ئەو قورئان‌و سوننەتە چارەسەری هەموو کێشەکانمان بۆ دەکات، وە بە هیچ شێوەیەك سەرگەردان‌و سەر لێشێواو نابین گەر بە تەواوی بگەڕێینەوە بۆ لای، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت:

(قَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا إن اعتصمتُم بهِ فلَنْ تَضِلُّوا أبدا كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّتِي)[1] .

واتە: ئەی خەڵکینە من دوو شتم لە دوای خۆم بۆتان بەجێ هێشتووە، هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن: قورئانەکەی خوای پەروەردگارو سوننەتەکانی خۆمە.

لەبەر ئەوە کارێك بە چاك دەزانین کە شەرع بە چاکی بزانێت، هەروەها کارێك بەخراپ دەزانین کە شەرع بەخراپی بزانێت .

دیارە هەموو کەسێکی بە ویژدان دەبینێت‌و دەبیستێت‌و دەزانێت لێرەو لەوێ کە چۆن موسڵمانان دورکەوتونەتەوە لەدینەکەیان وەچۆن دوژمنانی ئیسلام بە داخەوە زاڵ بوونە بەسەرماندداو خێرو بێری وەڵاتەکەمان دەبەن، بە شێوەیەك کە لە مێژوودا هاوشێوەی نەبووە، سەرباری ئەوەش دوژمنان بوونەتە دەم ڕاست‌و دەم سپیمان، ئەوان دێن بۆ وڵاتی موسڵمانان تاوەکو کێشەکان چارەسەر بکەن، تۆ بڵێیت ئەو چارەسەرەی کە دوژمنی بە دۆست دانراو دایئەڕێژێت چارەسەری حەقیقی و یەکلاکەرەوە بێت؟!!!

(١) (رواه الحاكم، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٤٠) .

هەروەها چۆن تەفرەقەو جیاوازیو پەرتەوازەیی کەوتۆتە نێوانمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك ئەو تەفرەقەو پەرتەوازەییە هەر بەنەخۆشیو ناخۆشی و بەلا نازانێت!!، بەڵكو چارەسەرەكان بەنەخۆشیو نەخۆشیەكانیش بەچارەسەر دەزانێت!!، وە هەندێكی تریش كێشەكان دەگەڕێننەوە بۆ شتانێكی نا مەنتیقو ناڕەوا.

هەر بۆیە موسڵمانان تەفرەقەو جیاوازیو جیاڕایی كەوتۆتە نێوانیان، وە بوونەتە چەندەها گروپو حزبەوە، وە لەژیانێكی تەسكو پڕ لە ناخۆشیو دوور لە ئاسایشو هێمنی ژیان دەگوزەرێنن.

بۆیە هەر یەكە لەو حزبانە ویستویەتی لەلای خۆیەوە لە هۆكارەكانی ئەو ژیانە تاڵ ودژوارە بكۆڵێتەوەو چارەسەرێكی بۆ دارێژێ، بۆیە هەر چاكسازێك شێوەیەكی بە چارەسەر زانیوە بۆ كێشەكان.

لەبەر ئەوە لە ئەنجامدا حزبە ئیسلامیەكان دەبن بەدوو بەشەوە بۆ گۆڕینو چارەسەركردنی ئەم بارودۆخە:

**یەكەم**: بەشێكیان پێیان وایە بە گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیادی لە رێگەی دیموكراسیو پەرلەمانو هەڵبژاردنەوە حوكمی ئیسلام دەگێڕنەوەو كێشەكان چارەسەر دەكەن.

**دووەم**: بۆچوونی دووەم دیسان پێیان وایە چارەسەری ئەم كێشانە بەگرتنە دەستی دەسەڵاتی سیادی دەكرێت، بەڵام بە رێگەی زەبری هێزو جەنگو شورش كردنو خۆكوژی .

### هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم دوو بۆچوونە :

هیچ یەكێك لەم دوو بۆچوونە هۆكاری هەموو ئەم بەڵایانە كە بەسەر موسڵماناندا هاتووە ناگێڕنەوە بۆ خۆمان، واتە هیچ یەكێك لەو دوو بۆچوونە ئیعترافی تێدا نییە بە خراپ بوونو لادانو دووركەوتنەوەی موسڵمانان لە دینەكەیان ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە هەوڵدان بۆ ئیصلاح بوونی خەڵكی بە پێویستو زەرورەت نازانن، چونكە هەردوو بۆچوونەكە وایدەزانن سەرچاوەی هەموو كێشەكان حوككامو كاربەدەستانن، لەبەر ئەوە دەڵێن پێویست ناكات خۆمان خەریك بكەین بە خەڵكەوە، چونكە سوڵتە گرنگە، وە بە چاك بوونی سوڵتە خەڵكی بۆ خۆی چاك دەبێت.

بەڵام لە ڕاستیدا هۆكاری سەرەكی دوركەوتنەوەی موسڵمانانە لە دینەكەیان شوێن كەوتنی دونیایە، هەروەك پێغەمبەرەكەمان ﷺ بۆی باسكردووینو دەفەرموێت:

(يُوشِكُ الْأُمَمُ أَنْ تَدَاعَى عَلَيْكُمْ كَمَا تَدَاعَى الْأَكَلَةُ إِلَى قَصْعَتِهَا فَقَالَ قَائِلٌ: وَمِنْ قِلَّةٍ نَحْنُ يَوْمَئِذٍ؟ قَالَ: بَلْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ وَلَكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ وَلَيَنْزَعَنَّ اللَّهُ مِنْ صُدُورِ عَدُوِّكُمْ الْمَهَابَةَ مِنْكُمْ وَلَيَقْذِفَنَّ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ الْوَهْنَ، فَقَالَ قَائِلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الْوَهْنُ ؟ قَالَ: حُبُّ الدُّنْيَا وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ)[٢] .

واتە: میللەتان بەسەرتاندا زاڵ دەبن و ڕووتان تێ دەکەن هەروەکو چۆن خەڵکی دەڕژێنە سەر خواردن، کەسێك وتی ئایە بەهۆی کەمیمانەوەیە لەو ڕۆژەدا؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی نا ئێوە لەو ڕۆژەدا زۆرن بەڵام وەکو کەفی سەر دەریا وان، وەخودای گەورە ترس لە دڵی دوژمنانتان دەردەکات بەرامبەر بەئێوە، وە (الوهن) دەخاتە دڵی ئێوەوە، کەسێك وتی ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ وەهن چییە؟ فەرمووی: خۆشەویستی دنیاو پێناخۆش بوونی مردنە )

**لەبەر ئەوە** هەردوو بۆچوونەکە بەهەڵەداچوون، چونکە بەڕاستی لە تەشخیصی نەخۆشیێکاندا هۆکاری سەرەکی توشبوون بەو نەخۆشییانەیان نەدۆزیەوە، لەبەر ئەوە دەواکانیان چارەسەری نەخۆشیەکان ناکات، بەڵکو زۆربەی جاریش نەخۆشیەکان زیاتر دەکات، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە واقیعی کوردستانی خۆمانە کە هەردوو بۆچونەکەمان بینی سەرکەوتوو نەبوون نە لەبواری سیاسیو پەرلەماندا کە پۆستە سیادیەکان بەدەست بهێنن، تاوەکو لەڕێگەی دەسەڵاتو سوڵتەوە خەڵکی بگۆڕن بەوەی کە زیاتر دەست گرتوویان بکەن بە ئیسلامەوە(هەروەك دەڵێن)، هەروەها بە ڕێگای جەنگو شۆڕشیش بەهەمان شێوە سەرکەوتوو نەبوون هەروەك بینران، ئەوەتا لەجیهانیشدا شوێنەواری کارو جیهادەکەیان دیارە کەچەندەها زیانیان گەیاندە موسڵمانان، نموونە بوون بۆ ئەو پەندە کە دەڵێت: (خانوویەکیان دروست کرد، بەڵام شارێکیان بە ڕووخاندا) .

**ئایا چارەسەر چییەو لەچییەوە دەست پێ بکەین تاوەکو سەرکەوین بەسەر دوژمندا؟.**

دیارە ئێمەی موسڵمان مەنهەجێکمان هەیە کە بڕوامان وایە چارەسەری هەموو کێشەکانمان دەکات گەر بەتەواوی بگەڕێینەوە بۆی، ئەویش: قورئان وسوننەتی پێغەمبەرەکەمانە ﷺ لەبەر ئەوە پێویستە بزانین ئەو پێغەمبەرە ﷺ چۆن ڕووبەڕووی ئەو واقیعەی خۆی بۆتەوە، وە لە چییەوە دەستی پێ کردو گۆڕانی لە کوێوە کرد چونکە ئەو سەرمەشقو پێشەنگمانە:

﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ﴿٢١﴾ ﴾ [الأحزاب: ٢١] .

(٢) (صحيح، أخرجه الامام أحمد في: (المسند) (٥/٢٧٨)، وصححه العلامة الالباني ـــ رحمه الله ـــ في (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٩٥٨) .

پێغەمبەری خوا ﷺ سیانزە ساڵ لە مەککەی پیرۆزدا بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ تەوحیدو یەکخواپەرستی، بە پێچەوانەی بانگەوازی زۆرێك لە گروپو حزبەکان کە تەنها هەوڵ بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتو حوکم دەدەن، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ دەیزانی کە چارەسەر بە پەروەردە کردنی خەڵك دەبێت لەسەر ئیسلام نەك بە گرتنە دەستی حوکمو دەسەڵات، ئەوەتا سەرانو سەرکردەی کافرەکان پێی دەڵێن:

(وإن كنت تريد به شرفاً، سودناك علينا، حتى لا نقطع أمراً دونك، وإن كنت تريد به ملكاً، ملكناك علينا..)(٤).

واتە: ئەگەر تۆ مەنصەب وپلەت دەوێ، ئەوە دەتکەین بەپێشەواو گەورەی خۆمان، هەتاوەکو کەس قسە لە قسەی تۆدا نەکات (نەوەکو سەرکردەیەکی کارتۆنی بیتو هیچت بەدەس نەبێ)، خۆئەگەر پادشایشت دەوێت ئەوە دەتکەین بەپادشاو مەلیکی خۆمان ...)

**کەواتە** کێشەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ کافران دا ململانیەی دەسەڵات نەبوو، بەڵگو کێشەی ئەو نەهێشتنی شیركو بڵاوکردنەوەی تەوحیدو تەنها خواپەرستی بووە، لەبەر ئەوە بانگەوازی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) تەنها ئەوەبوو کە دەیان فەرموو: ئەی خەڵکینە لە خوابترسنو گوێڕایەڵی خوا بکەن، وە ئێمە داوای هیچ شتێکتان لێ ناکەین بەڵکو پاداشتی ئێمە لای خوایە:

﴿إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٠٧﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٠٨﴾ وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٠٩﴾﴾ [الشعراء: ١٠٧ – ١٠٩].

واتە: بێگومان من نێرراوێکی ئەمینم بۆتان، جا کەواتە لە خوا بترسنو گوێڕایەڵی من بکەن لەوەی فەرمانتان پێدەکەم، لە جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکەشمدا داوای پاداشتان لێ ناکەم، پاداشتی من تەنها لەلای پەروەردگاری جیهانەکانە.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ زیاتر خۆی ماندوو دەکرد بەخەڵکی هەژارو سادەوە، وە بانگەوازی ئەوانی زیاتر دەکرد وەك لە پادشاو سەرۆك وڵاتەکان، تاوەکو پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێ جار زۆر خەفەتبارو بێزار دەبوو لە کاتێکدا کە خەڵکی ئیمانیان نەدەهێنا، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٨﴾﴾ [فاطر: ٨].

(٣) (البداية والنهاية: ٣/٦٣).

بەڵکو خەریك بوو نەفسی خۆی بە هیلاك دەبرد لە پێناویاندا: ﴿ فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمۡ إِن لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ أَسَفًا ٦ ﴾[الكهف: ٦] .

هەر بۆیە لە شارو گوندو بازاڕو ماڵەکاندا بەردەوام بانگەوازی خەڵکی دەکرد، بەڵام بۆ بانگەوازی کردنی پادشاو سەرکردەکان زیاتر بە نوسینی نامەیەکی کورت بانگەوازی دەکردنو بە سەفیرێکدا ئەو نامەیەی پێدەگەیاندن، بەڵام بۆ خۆی نەدەچوو بۆ لایان، نموونەی دەقی یەکێك لەو نامانەش ئەمەیە: (بِسْمِ اللَّهِ الرحمن الرَّحِيمِ من مُحَمَّد عبد اللَّهِ وَرَسُولِهِ إلى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ سَلَامٌ على من اتَّبَعَ الْهُدَى أَمَّا بَعْدُ فَإِنِّي أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الْإِسْلَامِ أَسْلِمْ تَسْلَمْ وَأَسْلِمْ يُؤْتِكَ الله أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ فَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَعَلَيْكَ إِثْمُ الْأَرِيسِيِّينَ: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٦٤ ﴾[5] [آل عمران: ٦٤] .

ئەگەر بەراوردێکی بانگەوازە پڕ بەحیکمەتەکەی پێغەمبەری خواﷺ بە بانگەوازی حزبێکانی ئەمڕۆ بکەین، دەبینین زۆر لەیەك دوورو جودان، پێغەمبەری خوا ﷺ یەکەم شتێك کە دەستی پێ دەکرد پاك کردنەوەی عەقیدە بوو لە شیرك، بەڵام دەبینین حزبێکانی ئەمڕۆ دەڵێن واز لەشیرکی قبور بێنن خۆتان خەریك کەن بەشیرکی قصورەوە، بەڵام ئەوەتا لە سەردەمی پێغەمبەری خوداﷺ یەکێك لە پادشا گەورەکانی ئەو سەردەمە موسڵمان دەبێت ئەویش نەجاشی یە کە پادشاو مەلیکی حەبەشە بوو، پێغەمبەری خواﷺ هیجرەت ناکات بۆ لای تاوەکو دەسەڵاتەکەی لێ وەربگرێتەوەو خۆی ببێت بە سەرۆك، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەزانێت گەر بێتو گەلان بە قەناعەتو بڕوابوونەوە ئیسلامیان نەوێ، ئەوە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتیشدا هەر نایانەوێت.

**کەواتە : حکومەتو سوڵتە سێبەری خەڵکەو خەڵك چۆن بوو ئەوە سوڵتەش بەو شێوەیە دەبێت** ﴿کما تکونوا یولی علیکم﴾

کەوابوو گەر خەڵکی باش بێت ئەوە خوای گەورەش کەسی باش دەکات بە سەرکردەیان، گەر خەڵکیش خراپ بوو ئەوە بەپێچەوانەوە خوای گەورەش کەسی خراپ دەکات بە سەرکردەیان، ئەمەش ڕاستیەکی مێژوویە ئەوەتا خوای گەورە فیرعەون زاڵ دەکات بەسەر قەومەکەیدا، چونکە قەومەکەی خراپەکارن، وە ئەوان لەو ئاستەدان کەفیرعەونێکی ستەمکار سەرکردەو پێشەوایان بێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ فَٱسۡتَخَفَّ قَوۡمَهُۥ فَأَطَاعُوهُۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ٥٤ ﴾ [الزخرف: ٥٤] .

---

[5] (صحيح البخاري: ١٦٥٨/٤).

واتە: جا فیرعەون بەم قسانە قەومەکەی خروشاندو هەڵیخەڵەتاندنو عەقڵیانی سوك کردو ئەوانیش گوێڕایەڵیان کرد، بەڕاستی ئەوانە گەلێکی فاسقو تاوانبارو لە سنوور دەرچوو بوون .

ئەوەتا خوای گەورە وەسفی ئەو قەومە دەکات بەوەی کە قەومێکی خراپو لەرێ لادراو فاسق بوون، هەر بۆیە خوای گەورە فیرعەونی بۆ ناردن چونکە ئەو گونجاوە بۆ ئەو قەومە .

هەروەها لە حەسەنی بەصریەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هاتووە گوێی لە پیاوێك بوو دوعای لە حەججاج دەکرد، ئەویش فەرمووی: (لا تفعل، انكم من أنفسكم أوتيتم إنما نخاف إن عزل الحجاج أو مات أن يتولى عليكم القردة والخنازير فقد روى أن أعمالكم عمالكم وكما تكونوا يولى عليكم)[٦].

واتە: دوعای لێ مەکە، چونکە نەفسو کردەوەی خۆتان چۆنە لەو شێوەیەش هاتووە بۆتان، ئەگەر حەججاج دورکەوێتەوە یان بمرێت ئەوە نزیکە گاورو جولەکە ببێت بە سەرپەرشتیارو حاکمتان، وە ڕیواتکراوە کە سەرکردەکانتان بەرووبوومی کردەوەکانتانە، وە ئێوە چۆن بوون ئەوانیش بەو شێوەیە دەبن).

**کەوابوو**: خراپ بوونی کاربەدەستو سەرکردەکان بەرهەمی کردەوەکانی خۆمانە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٦٥﴾ [آل عمران: ١٦٥] .

واتە: ئاخۆ کاتێك زیانتان پێ گەیشت لە تێکشکانەکەی ڕۆژی ئوحداو سەرتان سوڕما بەتایبەتی کە حەفتا کەستان شەهید بوون، کە ئێوەش بەر لەو شەڕە (لە بەدر) دوو ئەوەندە زیانتان بەوان گەیاند، حەفتا کەسیان کوژرانو حەفتاشیان بە دیل گیران، وتتان هۆی دووچار بوونمان چی بوو؟ ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: ئەوەی تووشتان بوو هۆی سەرەکی لە خۆتانەوە بوو، چونکە ئێوە فەرمانی پێغەمبەرتانﷺ شکاند، بەڕاستی خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە .

هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ٣٠﴾ [الشورى: ٣٠] .

هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿مَّآ أَصَابَكَ مِنۡ حَسَنَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَۚ ٧٩﴾ [النساء: ٧٩] .

لە (منصور بن أبي الأسود) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (سألت الأعمش عن قوله تعالى: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٢٩﴾ [الأنعام: ١٢٩]، ما سمعتهم يقولون فيه؟ قال: سمعتهم يقولون إذا فسد الناس أُمِّرَ عليهم شرارهم) .

---

[٦] (بڕوانە: ( كشف الخفاء: ١٤٧/١).

واتە: پرسیارم لە ئەعمەش کرد دەربارەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ١٢٩ ﴾ ئەوەی ئێوە بیستووتانە دەربارەی ئەم ئایەتە چییە؟ فەرمووی: بیستوومانە کە دەیانووت وەختێ کە خەڵکی خراپ بوو، جا ئەو کاتە کەسانی خراپ دەبن بە سەرکردەو کاربەدەستیان).

هەروەها (طرطوشي) لە کیتابی (سراج الملوك) دا دەفەرمووێت: (لم أزل أسمع الناس يقولون: أعمالكم عمالكم، كما تكونوا يولى عليكم، إلى أن ظفرت بهذا المعنى في القرآن؛ قال الله تعالى: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًا ﴾ [الأنعام: ١٢٩] وكان يقال: ما أنكرت من زمانك فإنما أفسده عليك عملك. وقال عبد الملك بن مروان: ما أنصفتمونا يا معشر الرعية، تريدون منا سيرة أبي بكر وعمر ولا تسيرون فينا ولا في أنفسكم بسيرتهما، نسأل الله أن يعين كل على كل كما تكونوا يولى عليكم.

وقال قتادة: قالت بنو إسرائيل: إلهنا أنت في السماء ونحن في الأرض فكيف نعرف رضاك من سخطك؟ فأوحى الله تعالى إلى بعض أنبيائهم: إذا استعملت عليكم خياركم فقد رضيت عنكم، وإذا استعملت عليكم شراركم فقد سخطت عليكم.

وقال عبيدة السلماني لعلي بن أبي طالب رضي الله عنه: يا أمير المؤمنين ما بال أبي بكر وعمر انطاع الناس لهما، والدنيا عليهما أضيق من شبر فاتسعت عليهما ووليت أنت وعثمان الخلافة ولم ينطاعوا لكما، وقد اتسعت فصارت عليكما أضيق من شبر؟ فقال: لأن رعية أبي بكر وعمر كانوا مثلي ومثل عثمان، ورعيتي أنا اليوم مثلك وشبهك!.)[٧]

هەروەها لە کەعبی ئەحبارەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) هاتووە کە دەفەرمووێت: (إن لكل زمان ملكا يبعثه الله على **قلوب** أهله، فإذا أراد بقوم صلاحاً بعث فيهم مصلحا، و إذا أراد بقوم هلكة بعث فيهم مترفا، ثم قرا: ﴿ وَإِذَآ أَرَدْنَآ أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا ٱلْقَوْلُ فَدَمَّرْنَٰهَا تَدْمِيرًا ١٦ ﴾[٨] [الإسراء: ١٦] .

واتە: بەڕاستی خوای گەورە بۆ هەموو کاتو سەردەمێك پادشاو سەرکردەیەك دەنێرێت لەسەر دڵی کەسانی ئەو سەردەمە (ئەگەر خەڵکی چاك بوون ئەوە خوای گەورە کەسی چاك دەکات بەسەرکردەیان وە ئەگەر خەڵکی خراپ بوون ئەوە خوای گەورە کەسی خراپ دەکات بە سەرکردەیان)، ئەگەر خوای گەورە

---

(٧) بڕوانە: (سراج الملوك: ٤٦٧/٢ ).

(٨) بڕوانە: (شعب الإيمان: ٧٣٨٩).

بیەوێت قەومێك بگۆڕیو صاڵحیان بكات ئەوە چاكسازو موصلّحێك دەنێرێت بۆیان، وە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت قەومێك لەناوبەرێت ئەوە كەسی خراپ دەنێرێت بۆیان، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

﴿ وَإِذَآ أَرَدۡنَآ أَن نُّهۡلِكَ قَرۡيَةً أَمَرۡنَا مُتۡرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيۡهَا ٱلۡقَوۡلُ فَدَمَّرۡنَٰهَا تَدۡمِيرٗا ﴿١٦﴾ ﴾ [الإسراء: ١٦] .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەكدا زۆر بەڕاشكاوی ڕوونی دەكاتەوە كەخراپ بوونی سوڵتە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بوونو دووركەوتنەوەی خەڵكی لە ئیسلام هەروەك دەفەرموویت:

(لم ينقص قوم المكيال والميزان إلا أُخذوا بالسنين وشدة المؤنة وجور السلطان عليهم، ولم يمنعوا زكاة أموالهم إلا منعوا القطر من السماء)[٩] .

واتە: هیچ قەومو گەلێك دەست ناكەن بەدزی وخیانەت لەتەرازوو و پێوانەیاندا ئیلا خوای گەورە تۆڵەیان لێ ئەكاتەوە بەگرانیو قورسی باری ژیان، **وە ستەم و زوڵمی فەرمانڕەواكانیان بەسەریانەوە دەبێت**، وە كە زەكاتی ماڵیان دەرنەكەن ئیلا پەروەردگاریش بارانیان لێ دەگرێتەوە ).

حەسەنی بەصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەكاتێكدا كە خەڵكی بێزاری دەر ئەبڕن لە دەست حەججاج، بۆیە ئامۆژگاریان دەكاتو دەفەرموویت:

(إن الحجاج عقوبة من الله عز وجل؛ فلا تستقبلوا عقوبة الله بالسيف، ولكن استقبلوها بتوبة وتضرع واستكانة، وتوبوا تكفوه)[١٠] .

واتە: بەڕاستی حەججاج سزاو عقوبەی خوایە بە سەرتانەوە، لەبەر ئەوە ڕووبەڕوی سزای خوا مەبنەوە بە شمشێر، بەڵكو پێویستە تەوبەو ملكەچی دەربڕن بۆ خودا، چونكە تەنها گەڕانەوەتان بۆ لای خوا چارەسەرە ).

هەروەها هاتووە كە موسڵمانێك نامەیەك دەنێرێت بۆ محمد كوڕی یوسف كەتێدا سكاڵا دەكات لە زوڵمو خراپەی كاربەدەستان، محمد كوڕی یوسف وەڵامی نامەكەی دەداتەوەو دەڵێت: (بَلَغَني كتابُك وتَذكر ما أَنتُم فيه، وليسَ يَنبَغي لِمَن يَعملُ المعصيةَ أن يُنكرَ العُقوبةَ، و لم أرَ مَا أَنتُم فيه إلا مِن شُؤم الذنوب، والسلام)[١١] .

---

[٩] (صحيح الترغيب والترهيب: ٢١٨٧).

[١٠] (رواه ابن أبي الدنيا في: العقوبات: ٥٢).

[١١] (**بڕوانە**: سراج الملوك: ٢/٤٦٧ ).

**واتە: نوسراوەکەتم پێ گەیشت، بەڵام بیرێك لە کردەوەکانی خۆتان بکەنەوە، چونکە ناکرێ بۆ کەسانێك کە تاوانو سەرپێچیان هەیە نکۆڵی لە سزاو عقوبەی خوا بکەن، وە من هیچ شتێك نابینم کە بووبێتە هۆکاری خراپ بوونی سەرکردەکانتان تەنها بە هۆی کردەوە خراپەکانی خۆتانەوەیە).**

**هەروەها ئیمامی** (ابن الارزق) **لە کیتابی** (بدائع السلك في طبائع الملك) **دا فەرموویەتی:** (يجب على الرعية ملاحظة أن جور السلطان وعماله نتيجة أعمالها الحائل عن نهج الصراط السوي، لما سبق من تقرير مدلول قولهم: كما تكونوا يولي عليكم. وبذلك أجاب ابن الجزار السرقسطي عن المستعين بن هود، وقد تشكى إليه بعض رعاياه من بعض عماله.

نَسَبتُمُ الجَورَ لِعُمَّالِكُم ...
ونِمتُم عن سُوءِ أَفعالِكُمْ
لاَ تَنسبوا الجَورَ إِلَيهم فمَا ...
عُمَّالِكُم إلاَّ بأَعْمالِكُمْ
تَاللهِ لَو مَلَكْتُم سَاعة ...
لم يَخطُر العَدلُ على بَالِكُمْ )[١٢]

**زوڵم و خراپە دەدەنەپاڵ کاربەدەستان ...**
**وە بێ ئاگاو خەو توون لە کردەوە خراپەکانی خۆتان**
**جا زوڵم وخراپە مەدەنە پاڵ ئەوان ... تەنها بەرهەمی کارو کردەوەکانی ئێوەن کاربەدەستانتان**
**سۆیند بە خوا ئەگەر کاتژمێرێك ئێوە کاربەدەست بوونایە...**
**ئەوە دادپەروەری بە خەیاڵتاندا نە دەهات**

ئیمامی (ابن القيم) **(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وتەیەکی زۆر بەنرخی لەم بوارەدا هەیە کە دەفەرمووێت:**

**(تأمل حكمته تعالى في** ان جعل ملوك العباد وأمراءهم وولاتهم من جنس اعمالهم بل كأن أعمالهم ظهرت في صور ولاتهم وملوكهم فإن استقاموا استقامت ملوكهم وإن عدلوا عدلت عليهم وإن جاروا جارت ملوكهم وولاتهم وإن ظهر فيهم المكر والخديعة فولاتهم كذلك وإن منعوا حقوق الله لديهم وبخلوا بها منعت ملوكهم وولاتهم ما لهم عندهم من الحق ونحلوا بها عليهم وإن اخذوا ممن يستضعفونه مالا يستحقونه في معاملتهم اخذت منهم الملوك مالا يستحقونه وضربت عليهم المكوس والوظائف وكلما يستخرجونه من الضعيف يستخرجه الملوك

---
(١٢) (بدائع السلك في طبائع الملك: ١/٢٣٥).

منهم بالقوة فعمالهم ظهرت في صور اعمالهم وليس في الحكمة الالهية ان يولى على الاشرار الفجار الا من يكون من جنسهم **ولما كان الصدر الاول خيار القرون وابرها كانت ولاتهم كذلك فلما شابوا شابت لهم الولاة فحكمة الله تأبى ان يولي علينا في مثل هذه الازمان مثل معاوية وعمر بن عبدالعزيز فضلا عن مثل ابي بكر وعمر بل ولاتنا على قدرنا وولاة من قبلنا على قدرهم** )[١٣] .

**واتە: وردبەرەوە لە حیكمەتی خوای گەورە كە چۆن پادشای بەندەكانیو پێشەواو كاربەدەستەكانیان لە جنسی كردەوەكانیانن داینـاون، بەڵكو كردەوەكانیان لە پادشاو كاربەدەستەكانیاندا دەر ئەكەوێتو ڕەنگ دەداتەوە (واتە: ئەگەر كاربەدەستان خراپ بوون ئەوە بزانە خەڵكی خراپن)، ئەگەر ئەوان ڕاستڕەو بوون ئەوە پادشاو سەرگەورەكانیان راستڕەو و باش دەبن بۆیان، خۆ ئەگەر ئەوان لایان داو خراپ بوون ئەوە بەهەمان شێوە سەركردەكانیشیان لادراو و خراپ دەبن بۆ سەریان، وە ئەگەر ئەوان ستەم كارو زاڵم بن ئەوە پادشاو كاربەدەستەكانیشیان ستەمكار دەبن، وە ئەگەر فێڵ تێیاندا ئاشكرا بوو ئەوە كاربەدەستەكانیشیان بەو شێوەیە دەبن، وە ئەگەر حەقی خوایان نەداو ڕەزیلیان تێدا كرد ئەوە پادشاو كاربەدەستەكانیشیان حەقی خۆیانیان پێ نادەن ڕەزیلی تێدا دەكەن، وە ئەگەر شتیان لە خەڵكی نەدارو بێ توانا وەرگرت بە ناحەق لە مامەڵەو كڕینو فرۆشتندا، ئەوە كاربەدەستەكانیشیان ئەو شتانەیان لێ دەبەن بە ناحەق، وە باجو زەریبەیان لەسەر دائەنێن، خۆ ئەگەر ئەوان شتی خەڵكی هەژاریان بردبێت بەفێڵ ئەوە كاربەدەستەكان ماڵەكانیان بەزۆرو بە زەبری هێز دەبەن، جا لەبەر ئەوە كاربەدەستانیان دەردەكەوێتو دروست دەبێ لە وێنەی كردەوەكانیاندا، جا لەبەر ئەوە لە حیكمەتو دانایی خوای گەورەوە نییە كە سەرپەرشتیارو كاربەدەستی باش بۆ خراپترین كەسان بنێرێت تەنها لە جنسو هاوبابی خۆیان نەبێت، جا لە كاتی یەكەمدا چونكە چاكترینی سەدە بوون ئەوە سەركردەو كاربەدەستەكانیان چاك بوون ...)**

**هەروەها شێخ ( العثيمين ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە دوای باسكردنی شتێك لە ژیانی ئیمامی عومەر رضي الله عنه دەفەرمووێت:**

**(هكذا كانت سيرة الخلفاء في صدر هذه الأمة حين كانت الرعية قائمة بأمر الله خائفة من عقابه راجية لثوابه فلما بدلت الرعية وغيرت وظلمت نفسها تبدلت أحوال الرعاة وكما تكونون يولى عليكم)**[١٤] .

---

(١٣) **بروانە:** (مفتاح دار السعادة: ١/ ٢٥٣).

(١٤) (**بروانە**: الضياء اللامع في الخطب الجوامع).

واتە: ئەوە بوو ژیانی جێنیشینەکان ( کەلەخواترس‌و دادپەروەرو ڕاستگۆ بوون ...) لەسەردەمی یەکەم دا، لەبەر ئەوەی خەڵکی بە فەرمانی خوایان دەکردو دەترسان لە سزای خوا، وە بەئومێدی پاداشتی خوا بوون، بەڵام وەختێ کە ئەو خەڵکە وەکو خۆی نامێنێت‌و دەگۆڕێ‌و خراپ دەبن‌و ستەم لە نەفسی خۆیان دەکەن، ئەو کاتە حاڵی کاربەدەستانیش دەگۆڕێ بەوەی کە خراپ دەبن، لەبەر ئەوە ئێوە چۆن بن ئەوە کاربەدەستانیشتان بەو شێوەیە دەبێت ).

**کەواتە ئەگەر ئەمانەوێت سەرکەوتوو بین ئەوە:**

با لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، با چاو بگێڕین بە خۆماندا، با بزانین ئایە ئێمە بۆ خوای گەورە دەژین، وە چیمان بۆ دوا ڕۆژی خۆمان پێش خستووە، با نەخشەی ژیانمان بەیەکجاری لە بنەڕەتەوە بگۆڕین لە هەموو ڕوانگەیەکەوە، لەڕوانگەی بیروباوەڕو پەرستن‌و ئاکارو ڕەوشتەوە .

بەڵێ چارەسەری بنەڕەت‌و شایستە بریتییە: لەو گۆڕانکارییەی کە لە خۆماندا بەرپا دەبێت هەروەك وتراوە ﴿أقيموا دولة الاسلام في قلوبكم تقم لكم في أرضيكم﴾ .

واتە: دەوڵەتی ئیسلامی لە دڵەکاندا دروست بکەن، خوای گەورە دەوڵەتان لەسەر زەوی دا بۆ دروست دەکات.

تەنها ئەم ئایەتە بەسە ئامۆژگاریکەرمان بێت کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ١١﴾ [الرعد: ١١] .

واتە: بێگومان خوای گەورە بارودۆخی هیچ قەوم‌و گەلێك ناگۆڕێت، تاوەکو ئەوان دڵ‌و دەروونی خۆیان نەگۆڕن، خۆ هەرکات خوای گەورە ویستی زیان‌و بەڵایەك بەسەر گەلێکدا بهێنێ (لە دەرئەنجامی سەرکەشی‌و یاخی بوونیان) هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نییە، وە هیچ کەسیش ناتوانێت جگە لە خوا فریایان بکەوێت‌و ڕزگاریان بکات) .

لەکۆتاییدا کورتەی مەبەست بە وتەیەکی جوانی شێخ (عبدالمالك رمضاني الجزائري)دێنین کە دەفەرمووێت: (لَيسَ المَقصودُ مِن البَحثِ في هَذه القَاعدةِ (كَما تَكُونوا يُولَّ عَلَيكُم ) التسليمَ للواقعِ مِن غَير تسببٍ في الإصلاَح، بل الإصلاَحُ مطلوبٌ، ولاَ هوَ في عدَم الاعتِراف بفَسادِ الحالِ، ولاَ هو في ضَرورةِ السعي لإصلاَحه أو عدم ذلك، ولَكن الخلاَف في طَريقه، ومِن أجلهِ اعتَنَى أهلُ العلمِ بهَذه القاعدةِ كما مرَّ؛ لأنَّها إذَا جُهلَت أو أُغفلَت ظلَّ المرءُ يُكابدُ التَّغيير من غَير بابِه، وكانَ كمَن يَقصدُ هدفاً من غَير طَريقه، فمتَى يَصل?!

والخِطابُ هنا مُوجَّه إلى جَميع النَّاس، لكنَّني أَخصُّ مُنهم صِنفَين :

١ــ أَصحابَ الحُلولِ السِّياسيَّة، معَ أنَّني بينتُ أنَّ السِّياسةَ من الدِّين.

٢ــ أَصحابَ الحُلولِ الدَّمويَّة، معَ العِلم بأنَّ الجِهادَ هوَ ذِروةُ سَنام هَذا الدِّين.

فالأوَّلونَ ظنُّوا أنَّ الأمرَ يَحتاجُ إلى السِّباق إلى السُّلطة !، والآخَرونَ مَا يرونَه إلاَّ قَطفِ الرُّؤوس المُتسلِّطة ! لذَا، أَحببتُ تَبيينَ أَصل بليَّة المُسلمينَ؛ لأنَّ الاهتِداءَ إلى تعيينه يَعني الاهتِداءَ إلى العلاَج؛ فإنَّ التَّوصُّل إلى علاَج كـلِّ داءٍ يَنطلِـقُ مـن جُذوره.

ولاَ شكَّ أنَّ فَسادَ حالِ المُسلمينَ في بلَد ما سببُه فَسادُ الرَّاعِي والرَّعيَّة، وإذَا باتَ مَعلوماً أنَّ الرَّاعيَ قد يتسبَّبُ في إفساد الرَّعيَّة بما يَبثُّه فيهم من أَنظمة مُخالفةٍ لشَرع ربِّ العالمينَ، فَلْيُعلَم أنَّ فَسادَ الرَّاعِي متسبَّبٌ عن فَسادِ الرَّعيَّـة أوَّلاً؛ لأنَّ اللهَ قالَ: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿١٢٩﴾﴾ [الأنعام: ١٢٩] ، ولَما كانَ هَذا هو الأصل فإنَّ اللهَ عزَّوجَل جعلَ إصلاَحَ النَّفْس السَّبيلَ الوَحيدَ لإصلاَح الرَّاعي والرَّعيَّة، فقـالَ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ ۗ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ ۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ ﴿١١﴾﴾ [الرعد: ١١]، فلذَلكَ كانَ سيِّدُ المَصلحين ﷺ لا يَزيدُ في افتتاح خُطبـه على التَّعوُّذ من شرِّ النَّفس، فيَقولُ: ((...ونَعوذ باللهِ من شُرورِ أَنفُسنا وسيِّئَاتِ أَعمالنا))، فلماذَا يُعرض كَثيرٌ من الـدُّعاة عن طاعة اللهِ في هَذا واتِّباعِ رَسولِه ﷺ؟!

إنَّ الَّذي دَعاني لِهَذه الكتَابة هو الإشفاقُ على الجُهودِ المَبذولة في الدَّعوةِ الإسلاَميَّة من أن تَضيعَ بلاَ فائدة تُذكر، لاَسيما وأَنَّ هَذه الجُهودَ قد شَملَت مساحات واسعة من مَجالاَت الدَّعوة وأَخذَت من أَوقات أَصحابها مَا لو استرشَدوا فيها بهَدْي الكتَاب والسُّنَّة ونظَروا في سيرةِ الأَنبياء بعَين الاتِّباع لبلَغوا ــ بإذْن الله ــ الغاية في أَقصَر زمنٍ، ولكنَّ الَّذي يَنحرف عـن ذَلكَ من الصِّنفَين المُشارِ إِليهما يُخشَى علَيه أَلاَّ يَكونَ له نَصيبٌ من عمله هَذا سوَى نَظير مَا لَمن قالَ فيه ربُّنا عزوجل ﴿عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ﴿٣﴾﴾ [الغاشية: ٣] . هَذه هيَ حالُ المُغالين في العمَل السِّياسيِّ، أمَّا في العلم فلاَ يَكادونَ يَعرفونَ منـه سـوى رَصد حرَكات الأُمراءِ والرُّؤساءِ وحفظ أَخطائهم كما يَحفظونَ أَسماءَ أَبنائهم !

وأمَّا في الدَّعوةِ فلاَ يَكادونَ يَخرُجونَ عن مَضْغ أَعراض أُولئكَ وتَحفيظها أَجيالَهم معَ إهمالِ الجَماهير الَّتي يَغلُبُ علَيهـا الجَهلُ بدين اللهِ عزوجل، ولقَد كادَ يمرُّ علَينا عُقودٌ من الزَّمنِ، وليسَ لَنشئنا فيها من حَديث سوَى هَذا اللَّغوِ الزَّمن، مـع المُبالَغة في تعظيم (فِقه الوَاقع)، حتَّى إنَّه لَيُلاَزمُه في الحضَر، ويُزامله في السَّفر)[١٥]

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

==================================

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

**لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن**

[١٥] (بڕوانە پەرتوکی: كَما تَكُونوا يُولَّ عَلَيكُم).

# فەزڵو پلەو پایەی زانستو زانایان

✍ : م/ ڕێباز محمود رەزا
پێش نوێژو وتاو خوێنی مزگەوتی پشت قەڵا لە چەمچەماڵ

----------------------------------

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com
07701517378
عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

براو خوشكانی موسڵمان سەلامو بەزەیی خودا بڕژێ بەسەرماندا لای بەڕێزتان ئاشكرایە كە خودای پەروەردگار ڕێزی تایبەتی داناوە بۆ زانستو زانایان، وە پێویستی كردووە لەسەرمان كە ڕێگەی زانست بگرینە بەر بۆ ئەوەی سەرفرازی دونیاو دواڕۆژ بەدەست بهێنین، وەهۆكاری بەدەست هێنانی بۆ ئاسان كردووین چی لەلاشەماندا وەك: دەستەكان بۆ گرتنی پێنوسو چاوەكان بۆ تەماشا كردنی زانست وەگوێچكەكانمان بۆ بیستنی زانست، بەتایبەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا كەئامێری پیشكەوتوو هەن وەك: (كاسێت, سیدی, فلاش میمۆری.... هتد) وەقاچەكانمان بۆ سەفەر كردن بۆ بەدەست هێنانی زانست وەك زانایانی ئەم ئوممەتە چەندین گەشتو ڕێگەی دووریان بڕیوە بۆ بەدەست هێنانی زانستی شەرعی، وەچی لەو ئامێرانەی لەم ڕۆژەدا بوونیان هەیە وەك: (كۆمپیوتەر, تۆڕی ئینتەرنێت) وەئەو شتانەی كە لەسەرەوە باسمان كرد بەمەرجێك لەكاری چاكەدا بەكاریان بهێنین وەك (فێربونی زانست).

بۆیە داوا لەبرایانو خوشكانی كورد زوبانی خۆشەویست دەكەم هەموو تواناكانیان بخەنە گەڕ بۆ فێربوونی زانستی شەرعی لەسەرچاوەی خۆی كە بریتییە لە(قورئانو سوننەت بەتێگەیشتنی پێشینی ئوممەت) هەرچۆن زانایان گرتوویانەتە بەر، وەك پێشەوایان: (أبوحنيفة, مالك، شافیعی, أحمد, ابن تيمية, ابن صەلاحی شارەزوری....), وە بابەتەكەم پێكهاتووە لە

١- پێناسەی زانستو زانایان

٢- ڕێزی زانستو زانایان لە قورئان وفەرموودەو وتەی زانایانی ئیسلام.

ما الفخرُ إلاّ لأهلِ العلمِ إنهمُ
على الهُدى لمن استهدى أدلاءُ
وقدرُ كلُّ امرئ ماكانَ يحسنهٌ
والجاهلونَ لأهلِ العلمِ أعداءُ
فَفُز بعلمِ تعش حيا بهِ أبدا
الناسُ موتى وأهلُ العلمِ أحياءُ

### پێناسەی زانست لەزمانەوانیدا:

١- (عَلِمَ الشئ بالكسر يعلمه (عِلماً) عَرَفه)[1].

٢- لەزاراوەی زانایاندا: (وەك پێشەوا ابن القيم دەفەرمووێت:

(العلم: قال الله، قال رسوله ﷺ: قال: الصحابة).

واتە: زانست ئەوەیە کەخوای پەروەردگار فەرمووبێتی وەپێغەمبەری خودا فەرمووبێتی ﷺ وە هاوەڵە بەڕێزەکان رضي الله عنهم فەرمووبێتیان، واتە قورئانو سوننەت ڕوون بکاتەوە.

وە پێشەوا (شافیعی) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت:

(والعلم ماكان فيه حدَّثنا

وسوى ذاك وسواس الشياطين).

واتە: زانست ئەوەیە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدرابێتەوە جگە لەوە وەسوەسەی شەیتانەکانەوە.

زانایان ئەوانەن کەشارەزان لەشەرعی خوداو کردار بەو زانستەیان دەکەن لەسەر ڕێنماییو بەرچاو ڕوونی بانگەوازی بۆ لا دەکەن.

### ڕێزی زانایانی ئیسلام لەقورئانو سوننەتو ووتەی ( پێشینان )دا:

١- خوای پەروەردگار دەفەرمێت:

﴿ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ﴿١١﴾ ﴾ [المجادلة: ١١].

واتە: خوای پەروەردگار باوەڕدارانتان ئەو کەسانەی خاوەن زانیارین پلەو پایەیان بەرز دەکاتەوە.

٢- هەروەها دەفەرمێت:

﴿ شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ ۚ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ ﴾ [آل عمران] .

واتە: خوای گەورە شاهێدی ئەدات کە تاکو تەنهایەو هاوبەشی نییە، وە مەلائیکەکانیش هەمان شاهێدی ئەدەن وە ئەو کەسانەی کەزانان هەمان شەهادە ئەدەن وەك دان نانێك بەڕاستی داو هەستان بەدادپەروەری،جارێکی تر تەئکید دەکات تاکو تەنهایەو بەدەسەڵاتو وکاربەجێیە.

(لەم ئایەتەدا خوای گەورە فەزڵی زانستو زانایانی ڕوون کردۆتەوە چونکە خودای پەروەردگار تەنها باسیانی کردووە لەنێوان مرۆڤەکاندا وەشەهادەتی زانایانی هاوتا کردووە لەگەڵ شەهادەتی (زاتی خۆی جل جلاله) وشەهادەتی مەلائیکەکان وەشەهادەتی زانایانی کردووەتە گەورەترین بەڵگە لەسەر تەنهایی خودای گەورە.

ئەمەش بەڵگەی چاکی زانایانەو خەڵکی شوێن کەوتەی ئەوانن وەئەوان پێشەوان لەمەشەوە ڕێزو پلەبەرزی زانایان دەردەکەوێت لەبەرزیدا جا ئەندازە ناکرێت)[2].

---

(١) مختار الصحاح: ٤٥٢ مادة (ع ل م).

٣- هەروەها دەفەرمێت:

﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ﴿٢٨﴾﴾ [الفاطر] .

واتە: بەس زانایان ترسی تەواوەتیان هەیە لە پەروەردگاریانو بە زانستەوە لێی دەترسن لەنێوان بەندەکانی خوادا.

(هەرکەسێك بەخودا شارەزاتر بێت ئەوە لەخواترسترە، وەترسانی لەخودای گەورە پێویستی دەکات لەتاوان دەست هەڵگرێت وەخۆی ئامادە بکات بۆ خزمەتی ئەو خودایەی لێی ترساوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕێزی زانست، چونکە بێگومان زانستەکەی بانگەشەی دەکات بۆ لەخواترسان وەئەوانەی لەخودای گەورە دەترسێن ئەوانە کەسانی بەڕێزن لای ئەو هەروەکو چۆن پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُۥ ﴿٨﴾﴾ [البينة].

واتە: خودا لێیان ڕازی بووەو ئەوانیش لەخودا ڕازیین ئەمە پاداشتی کەسانێکە کە لەخوا ترساون بە زانستەوە)[٣] .

٤- هەروەها دەفەرمێت:

﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴿١٢٢﴾﴾ [التوبة].

واتە: بۆچی لەهەر کۆمەڵێك لەو کۆمەڵانە جا لەشارەکاندا بن یاخود لەهۆزەکاندا بن (طائفة) یەك واتە کۆمەڵێك نین دەرنەچن بۆ جیهادو خۆیان شارەزا بکەن لەئایینی پیرۆزی ئیسلامو ئاگاداری کەسەکانیان بکەن لەدەرەنجامەکانی شیرك وشەڕو فەساد بۆ ئەوە ئەوانیش شارەزا بنو ڕزگاریان بێت لەسزای دونیاو دوارۆژ .

(لەم ئایەتەدا بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە بەڕێزی زانستی لەخۆ گرتووە بەتایبەت تێگەیشتن (فیقه) لەئاین کە ئەوەش گرنگترینی کاروبارەکانە، وەهەرکەسێك زانستێك فێر بێت پێویستی سەرشانێتی کە ڕایگەیەنێتو بڵاوی بکاتەوە لەناو خەڵکیدا وەئامۆژگاریان بکات، چونکە بێگومان بڵاوکردنەوەی زانست لەزاناوە لەبەرەکەتی ئەو زانستەیەو وەئەو پاداشتەیە کە زیاد دەکات)[٤] .

وەشێخ أبوبكر بن جابر الجزائري (رحمه الله) دەفەرمووێت: (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر یەکسانی داخوازی زانست (طلب العلم) لەگەڵ تێکۆشان (جیهاد) کردن لەڕێی خوادا بەو مەرجەی نیەت پاك بێت لەبەر خودا لەهەوڵدان بۆ فێربوونی زانستو تێکۆشان لەڕێی خوادا، چونکە یەکەمیان بۆیە هەوڵ بۆ زانست (علم) دەدات تاکو خەڵك فێر بکاتو کردار بەو عیلمە بکەن لەبەر خواو لەڕێگەی خوادا وەتێکۆشەر (مجاهد) ئەم پاداشتە بەدەست ناهێنێت ئیلا بۆ سەرخستنی ووشەی (الله) نەبێت بەتایبەت)[٥].

---

(٢) (تەفسیری شێخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي رحمه الله ص: ١١٦).

(٣) (تفسير السعدي ص:٧٥١ دار ابن حزم).

(٤) (تفسير السعدي ص: ٣٧١).

(٥) (أيسر التفاسير: ٦٨١/٢).

فەزڵی زانستەو زانایان لەسوننەتی پێغەمبەردا ﷺ.

١- قال الرسول ﷺ:

**(طلب العلم فريضة على كل مسلم)**(٦).

**واتە: فێربوونی زانست فەرزێكە لەسەر هەموو موسڵمان).**

٢- وقال ﷺ:

**(من سلك طريقا يطلب فيه علما سلك الله به طريقا من طرق الجنة، وإن الملائكة لتضع أجنحتها لطالب العلم رضا بما يصنع، وإن العالم ليستغفر له من في السموات ومن في الأرض والحيتان في جوف الماء، وإن فضل العالم على العابد كفضل القمر ليلة البدر على سائر الكواكب، وإن العلماء ورثة الأنبياء، وإن الأنبياء لم يورثوا دينارا ولا درهما إنما ورثوا العلم فمن أخذه أخذ بحظ وافر)**(٧).

**واتە: هەركەسێك ڕێگەیەك بگرێتە بەر خوازیاری فێربوونی زانستێك بێت خودای پەروەردگار ڕێگەیەك لەڕێگاكانی بەهەشتی پێ دەگرێتە بەر، وەبێگومان مەلائیكەی خودا باڵەكانی دادەنێت بۆ خوازیاری زانست** (طالب العلم) **وەك ڕەزامەندیەك بەو پیشەیەی پێی هەستاوە، وەبێگومان كەسی زانا بۆی دەپاڕێتەوە چی ئەو كەسانەی لە ئاسمانەكاندان وئەوانەی لەسەر زەوین وەماسیەكان لەناو ئاودا، وەڕێزی زانا بەسەر كەسی خواناسدا وەكو ڕێزی مانگی چواردە وایە بەسەر هەموو ئەستێرەكاندا كەلەوان ڕووناكترە، وەبێگومان زانایان میرات گرانی پێغەمبەرانن** (عليهم الصلاة والسلام) **وەپێغەمبەران** (عليهم الصلاة والسلام) **دینارو درهەمیان بەمیرات بە جێ نەهێشتووەبەڵكو زانستیان بە میرات بە جێ هێشتووە، وەهەركەسێك پشكی بەركەوێت بەڕاستی پشكی چاكی وەرگرتووە.**

٣- وقال ﷺ:

**(من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين)**(٨).

**واتە: هەرك ەسێك خودای گەورەو میهرەبان ویستی چاكە (خەیری) پێ هەبێت لەئایین شارەزای دەكات وتێی دەگەیەنێت.**

٤- وقال ﷺ:

**( من خرج في طلب العلم فهو في سبيل الله حتى يرجع)**(٩).

**واتە: هەر كەسێك دەربچێت بۆ فێربوونی زانست** (طلب العلم) **ئەو كەسە لەڕێگەی خوادایەو وەكو تێكۆشەر (مجاهد) وایە تادەگەڕێتەوە.**

---

(٦) (صحيح/ رواه ابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٣٩١٣، و ٣٩١٤، وانظر: السراج المنير: ٢٤٠).

(٧) (صحيح/ رواه أبو داود والترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٦٢٩٧، وانظر: السراج المنير: ٢٥٥).

(٨) (صحيح/ رواه الترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٦٦١١ و ٦٦١٢، وانظر: السراج المنير: ٢٥٩).

(٩) (حسن/ رواه الترمذي، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٨٨، وانظر: السراج المنير: ٢٥٤).

٥- وقال ﷺ:

( من جاء مسجدي هذا لم يأته إلا لخير يتعلمه أو يعلمه فهو في مترلة المجاهد في سبيل الله، ومن جاء لغير ذلك فهو بمترلة الرجل ينظر الى متاع غيره)[١٠].

واته: هەر کەسێك هات بۆ ئەم مزگەوتەی من (مزگەوتی مەدینە) نەیەت ئیلا بۆ کارێکی چاکە (خەیر) نەبێت فێر ببێت خۆی یان کەسی تر فێربکات ئەو کەسەی کەهاتووە پلەی وەکو پلەی تێکۆشەر (مجاهد) ێکە لەڕێگەی خوادا وەهەرکەسێك بۆ مەبەستێکی تر بێت جگە لەخێرو چاکە ئەو کەسە پلەی وەکو ئەو پیاوە وەهایە تەماشای شتومەکی کەسێکی تربکات.

٦- وقال ﷺ:

( الخلق كلهم يصلون على معلم الخير حتي حيتان البحر)[١١].

واته: دروستکراوەکانی خودا هەر هەمووی دوعای خێرو لێخۆشبوون دەکەن بۆ ئەو کەسەی خێر فێری خەڵکی دەکات هەتاوەکو ماسی ناو دەریاکانیش ئەو نزایە دەکەن.

٧- وقال ﷺ:

( فضل العلم أحب إلى من فضل العبادة وخير دينكم الورع)[١٢] .

واته: پاداشتی زانیاریەك کەفێربوونی سوننەت بێت پێم خۆشترە لەکردارێك کەسوننەت بێت هەر وەکو زانیاریەك فێربوونی فەرز بێت چاکترە لە کردارێکی فەرز، وەباشترینی ئیشەکان وەرعە کەخۆ پارێزیە لەحەرام.

٨- وقال ﷺ:

(سيأتيكم أقوام يطلبون العلم، فإذا رأيتموهم فقولوا لهم: مرحباً بوصية رسول الله ﷺ وأفتوهم)[١٣]

واته: کەسانێك دێن بۆ لاتان بۆ فێربوونی زانست کاتێك بینییانتان بڵێن (مەرحەبا) واتە بڵێن هاتوون بۆ جێگەیەکی فراوان لەبەر وەسیەتەکەی پێغەمبەرﷺ ڕێزیان لێبگرنو فەتوای شەرعیان بۆ بدەن).

٩- وقال ﷺ:

(سبع يجرى للعبد أجرهن وهو في قبره بعد موته: من علم علما أو أجرى نهرا، أو حفر بئراً، أو أغرس نخلاً، أو بني مسجداً، أو ورث مصحفاً أو ترك ولداً يستغفر له بعد موته)[١٤].

---

(١٠) ) (صحيح/ رواه ابن ماجة والبيهقي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٦١٨٤، وانظر: السراج المنير: ٢٥٣).

(١١) (صحيح/ رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٣٣٤٣، وانظر: السراج المنير: ٢٣٣).

(١٢) (صحيح/ رواه الطبراني والبزار، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤٢١٤، وانظر: السراج المنير: ٢٤٧).

(١٣) (حسن / رواه ابن ماجة، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٣٦٥١، وانظر: السراج المنير: ٢٣٨).

(١٤) (حسن / رواه البزار وأبو نعيم، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٣٦٠٢).

واتە: حەوت کردار پاداشتەکەیان دەچێت بۆ خاوەنەکانیان لەناو گۆڕەکەدا لەپاش مردنی: کەسێك زانیاریەکی فێری کەسێك کردبێت، یاخود جۆگایەکی ڕێك خستبێت ئاوی پیا بڕوات یاخود بیرێکی هەڵکەند بێت یاخود دارێکی خورمای چاند بێت یاخود مزگەوتێکی دروست کرد بێت یاخود پەرتوکێکی قورئانی پیرۆزی لەپاش خۆی جێهێشتبێت جا لای خۆی بێت یاخود لەدونیادا بۆ کەسێکی تری کڕی بێت یاخود بۆ مزگەوتێك یاخود منداڵێکی جێهێشتبێت لەپاش خۆی داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات لەخودا لەپاش مردنی).

١٠- وقال ﷺ:

( إن الله تعالي يبغض كل عالم بالدنيا جاهل بالآخرة)[١٥].

واتە: بێگومان خودای پەروەردگار ڕقی لەهەموو کەسێکی شارەزا بەکاروباری دنیاو نەزان بەرامبەر کاروباری دوا ڕۆژە.

## ڕێزی زانست وزانایان لای زانایانی ئیسلام

١- يحيى کوڕی معين (رحمه الله) هات بۆ لای ئیمامی أحمد (رحمه الله) کاتێك لەگەڵ (ئیمام أحمد) دابوو ئیمامی شافعي (رحمه الله) بەسواری وولاغەکەی تێپەڕی بەلایاندا ئیمامی ئەحمەد هەستاو سەلامی لێکردو شوێنی کەوت لەسەرخۆ، وە میوانەکەشی دانیشتبوو کە(يحيى) بوو (رحمه الله) کاتێك گەڕایەوە میوانەکەی پێی فەرموو ئەی باوکی عبدالله (إمام أحمد) چەند جار ئەمە دەکەی فەرمووی لەم قسەیە گەڕێ ئەگەر ئەتەوێت شەرع (فيقهـ) شارەزا بیت ئەوا دەست بەکلکی ئەو ماینەی ئیمامی شافیعی یەوە بگرە)[١٦].

٢- پێشەوا مەروەزی دەفەرمووێت: (فلانە کەسی دراوسێمان ووتی چوومە بۆ لای إسحاقی کوڕی إبراهیمی ئەمیر، وە فلانە کەسو فلانە کەس ناوی چەند دەسەڵات دارێکی هێنا، نەم بینیوە سامناکتر لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل. چووم بۆ لای دەربارەی شتێك گفتوگۆ بکەم لەگەڵیدا لەرز هات بەگیانمدا لە هەیبەتو سامی ئەو پێشەوا بەڕێزە پاشان مەروەزی (رحمه الله) دەفەرمووێت: ئیمامی (الكلبي) (خاوەنی هەواڵی نهێنی) شەوێکیان چوو بۆلای ئیمامی ئەحمەد (رحمه الله) لەتاو هەیبەت وسامگرانی پێشەوا (ئەحمەد) دەرگاکەیانی لێتێکچوو لەدەرگای ماڵی مامی إمامی أحمدیان دا)[١٧].

٣- قتيبەی کوڕی سعيد (رحمه الله) دەفەرمووێت: إمامی ثوری وەفاتی کردو وەرعی لەگەڵ خۆی بردوو وەفاتی کرد لەگەڵیدا، وە إمامی شافيعی وەفاتی کردوو سوننەتی پێغەمبەریش ﷺ لەگەڵیدا وەفاتی کرد، وەئیمامی ئەحمەدی کوڕی حنبل (رحمه الله) دەمرێتو داهێنراو (بيدعە) سەر هەڵئەدات)[١٨].

---

(١٥) (صحيح الجامع الصغير: ١٨٧٩، وانظر: السراج المنير: ٢٢٩).

(١٦) (منجد الخطيب: ١/ ٣٥٠).

(١٧) (المصدر السابق: ج١/ ص ٣٦١).

(١٨) (المصدر السابق: ج١/ ص٣٥٠).

٤- أبو عبيد دەفەرمووێت: کەسم نەبينيووە عاقڵتر بێت لەإمامی شافيعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وەيونسی کوڕی عبدالأعلى هەمان وەصف دەکات بۆی تاوەکو دەڵێت ئەگەر ئوممەتێك کۆ بکرێتەوە پاشان عەقڵی (إمامی شافيعی) دابەش بکرێت بەسەر هەموو ئەو ئوممەتەدا بەشی هەر هەموويان دەکات)[١٩] .

يەکێك لەزانايان (رحمه الله) إبن مهدی دەفەرمووێت: نەم ئەتوانی تەماشای إمام سفيانی ثـوری بکەم لەتاو شەرمو سامی گرانی لەو پياوە بەڕێزە.)[٢٠] .

٥- پێشەوا أيوب سختيانی دەفەرمووێت: (پياوی وا هەبوو لای ئيمامی حەسەنی بەسری دادەنيشت بۆ ماوەی سێ ساڵ گەر پرسيارێکی هەبوايە پرسيارەکەی نەدەکرد چونکە ئەوەندە ئيمامی حەسەن سامو هەيبەتی هەبوو لەدڵيدا)[٢١] .

٦- ابن عباس ﷺ هەستا چوو بۆ لای زيدی کوڕی ثابت ﷺ و ولاغەکەی بۆ گرت زيد فەرمووی: دوورکەوەرەوە ئەی کوڕە مامی پێغەمبەری خودا ﷺ. عبداللەش فەرمووی: ئێمە ئاوا دەکەين بۆ زاناو گەورەکانمان واتە ئاوا ڕێز دەگرين لەوان بەس)[٢٢].

لەکۆتاييدا دەڵێم.

باژيان لەگەڵ ئەم چەند بەسەر هاتەدا بەرينە سەر بەئومێدی سوودو قازانج وەرگرتن لێی إن شاء الله تعالى.

١- يونسی صەدەفی دەفەرمووێ: نەم بينيووە کەسێك عاقڵتر لە ئيمامی شافيعی، ڕۆژێکيان (مناظرة)م (گفتوگۆ کرد) لەگەڵيدا دەربارەی باسێك پاشان جيابووينەوەو پاشان پێم گەيشت دەستی گرتمو فەرمووی: يا أبا موسى ئايا نابێت برايەتيمان بەردەوام بێت گەرچی لەبۆچوونيشدا جياواز بين؟)[٢٣] .

ئيمامی زەهەبی (رحمه الله) دەفەرمووێت: (ئەمە بەڵگەيە لەسەر فراوانی عەقڵی ئەو ئيمامەو فيقهی نەفسی خۆی، چونکە بەردەوام ئەوانەی مناقەشەی يەکتری دەکەنو جياوازن لەبۆچووندا جياواز بوونە)[٢٤].

٢- عبدالله کوڕی محمدی وراق: دەفەرمووێت: (لەمەجليسی ئەحمەدی کوڕی حنبل دابووم فەرمووی لەکوێوە هاتوون؟ ووتمان لەمەجليسی (أبو کريب) ە وەهاتووين فەرمووی: زانستی لێوە بنووسن لەبەر ئەوەی شێخێکی صالحە: ووتمان: بەڵام ئەو تەعنەت (تانەت) لێ ئەدات: فەرمووی: جا ژيانی من چييە؟ شێخێکی صاڵح بەژيانی من تووشی بەلا بووە؟)[٢٥] .

---

(١٩) (المصدر السابق: ج١/ ص ٣٤٩).
(٢٠) (المصدر السابق: ج١/ ص ٣٣٩).
(٢١) (المصدر السابق: ج١/ ص ٣٢٧).
(٢٢) (المصدر السابق: ج١/ ص ٣١٢).
(٢٣) (المصدر السابق: ج١/ ص ٣٤٩).
(٢٤) (المصدر السابق: ج١/ ص٣٤٩).
(٢٥) (المصدر السابق: ج١/ ص (٣٦١).

٣- وەئیمامی شافعی (رحمه الله) دەفەرمووێت: (کاتێك گوێبیستی هەواڵی مردنی کەسێك لەزانایانی ئەهلی سوننە دەبم وا دەزانم هەندێك ئەندامەکانی لاشەم لەدەست ئەدەم!).

٤- ئیمامی زوهری دەفەرمووێت: (دەچووم بۆ لای عورووەی کوڕی زبیر (رحمه الله) لەبەر دەرگاکەیان دادەنیشتمو خۆ ویستم لێبوایە دەچوومە ژوورەوە بەڵام ئەگەڕامەوە نەئەچوومە ژوورەوە، چونکە زۆر لام بەڕێزو گەورە بوو!)[٢٦].

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لاإله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك

==================================

ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org
لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

(٢٦) (المصدر السابق: ج١/ ص ٣٢١).

# هەندێك ئاداب بۆ فێرخوازانی زانستی شەرعی

م/ محمدی کانی سارد
وتار خوێن لە مزگەوتی: الفرقان
لە شۆرش/ چەمچەماڵ

---

لەبڵاوکراوەکانی

## ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org
islam_kurd_ba8@yahoo.com
07701517378
عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه الى يوم الدين .**

سەلامی خوای گەورە لەهەموو خوشکو برایەکی بەڕێز بێت ئەم باسە هەندێك ئادابی گرتۆتە خۆ، بۆ قوتابیانی زانستی شەرعی، چ بەرامبەر خۆیان، یان بەرامبەر مامۆستاکانیان، کە پێویستە ڕەچاو بکرێت.

## یەکەم: مەبەست ڕەزامەندی (الله) بێت.

برای خۆم: بادەرچوونت بۆ بەدەست هێنانی زانستی شەرعی لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار بێت، وریابە ڕیاو ناوبانگ تێکەڵی نەبێت، جا ئەو کاتە خوای گەورە مەبەستی خێری بۆ ویستی شارەزات دەکات، وەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ﴾ [العنكبوت: ٦٩]

واتە: ئەوانەی لە پێناوی ئێمەدا کۆشش وجیهاد دەکەن، ئێمەش ڕێنماییان دەکەین بۆ ڕێگاکانی گەیشتن بەئێمە، بەڵام گومانی تێدا نییە خاوێن کردنەوەی ناخ هەوڵی دەوێت، وەکو ئیمامی سوفیانی الثوری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

(ماعالجت شيئاً أشد علي من نيتي) .

واتە: چارەسەری هیچ شتێکم نەکردووە بەئەندازەی خاوین کردنەوەی نیەتم لەسەرم گران بووبێت، بەڵام تۆ خۆت ماندوو بکە خوای گەورە سودمەندت دەکات، وەکو إبراهيم النخعي (ڕەحمەتی لێبێت) دەفەرمووێت:

(مَن طلب شيئاً من العلم يبتغى به الله عز وجل، آتاه الله عزوجل مايكفيه)[1].

واتە: هەر کەسێك هەوڵدا بۆ بەدەست هێنانی بەشێك لە عیلمو زانیاری، تێیدا مەبەستی خوای گەورە بێت، ئەوا خوای پەروەردگار لەزانستی شەرعی ئەوەندەی پێ دەبەخشێت کەبەسی بێت.

بەڵام کە ڕیای تێکەوت ئەو ماندو بوونە بەرەو دۆزەخی دەبات، پەنا بەخوا، وەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:

**(مَن تعلم علماً مما يُبتغى به وجه الله، لا يُعلمه إلا ليصيب عرضا من الدنيا، لم يجد عرف الجنة يوم القيامةِ)**[2].

واتە: هەر کەسێك فێری زانستو زانیاریەکی شەرعی بێت، لەوە کە دەبێت مەبەست تێیدا خوای گەورە بێت، بەڵام فێر نەبێت تەنها بۆ ئەوە نەبێت بەشێك لەدونیا بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەو کەسە بۆنی بەهەشت ناکات لە دوارۆژدا –پەنابە خوای گەورە–.

---

(١) (كتاب العلم للنسائى: ٢٧).

(٢) (المستدك على الصحيحين١/١١٣، سنن ابن ماجة: ٢٥٢، سنن أبي داود: ٣٦٦٤، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٦١٥٩).

## دووەم: بەردەوام بە لەئامادە بوونی وانەکاندا:

چونکە بەردەوام بوون لەئامادە بوون هۆکاری فێربوونو وەرگرتنی زانیاری نوێیە، بۆیە هەر قوتابی عیلمێك هەموو غەمی فێربوون بوو، خوای گەورە إن شاء الله فێری دەکات، وەنیەتیشی خاوێن دەکات، مادام لەترسی خودایە، وەهەر کات سوودمەند بوو بە بەشێك لەعیلم، ئەوا بەشێك لەجەهلو نەزانین دەڕوات، یەکێك لەزانایانی سەلەف دەفەرمووێت:

(إن أحداً لا يُولد عالماً والعلم بالتعلم) .

واتە: هیچ کەسێك بەزانایی لەدایك نابێت، بۆیە زانستو زانیاری بە هەوڵدانو فێر بوونە، کەئەمەش هاومانای فەرمودەیەکی پێغەمبەرمانە ﷺ کە دەفەرمووێت:

(**إنما العلم بالتعلم**)[٣] .

کەوا بوو بە دەست هێنانی زانستی شەرعی بە میراتی نییە، بەڵکو هەوڵو کۆششە، وەکو ئیمامی أحمد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت:

(إنما العلم مواهب يؤتيه الله مَن أحب مِن خَلقهِ، وليس ينالُ أحد بالحسب)[٤] .

واتە: لەڕاستیدا عیلم بەهرەیەکە خوای گەورە دەیدات بەهەر کەس لەبەندەکانی کە خۆشی بوێت، بۆیە هیچ کەسێك بەهۆی حەسەبو ڕەسەنەوە پێی ناگات.

إذالم تزرع وابصرت حاصدا
ندمت على التفريط فى زمن البذر

هەیە لە گەنجانی قوتابی عیلم دەڵێت: بەردەوامم لەئامادە بوون، بەڵام کەدەردەچم لە لای هەموویان بەشێکم بیر دەچێتەوە !

برای خۆم: نائومێد مەبەو ئامادەبە، بەڵام بگەڕێ بەدوای خەلەلداو بزانە هۆکاری لەبیر چونەوەت چیە، ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:

(شكوت الى وكيع سوء حفظي
فأرشدني الى ترك المعاصى
وأخبرني بأن العلم نورُ
ونور الله لايُهدى لعاصي)[٥].

واتە: سکاڵام برد بۆلای وەکیع بەهۆی خراپی لەبەر کردنم، ڕێنیشاندەری کردم بە وازهێنان لەسەر پێچی، وەهەواڵیشی پێدام کەعیلمو زانیاری نورە، وە نوری خواش بۆ سەرپێچیکار هەرگیز نابێت بە هیدایەت.

---

(٣) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣٤٢).

(٤) (معالم فى طريق طلب العلم: ٦٨).

(٥) (ديوان الإمام الشافعي: ٤١).

## سێ یەم: لە سەرەتاوە ئامادە بە

واتە: دوا مەکەوەو ئیهمالی مەکە، بەڵکو پیرۆزی دەرسەکەت بدە بەسەر کارەکانی تردا بەڵکو ئەمە بە گرنگ ببینە ئەوانی تر لەدوای ئەمە، نەوەك وەکو ئەوانەی کە مەحرومو بێ بەشن لەعیلم، عیلم وەکو شتێکی جزء ی ببینی پەنا بەخوا، بۆیە ئەگەر لە هەموو مەوعیدێکی وانەکەتدا ئامادە بوویت ئەوا زیاتر سودمەند دەبێت، پرسیار کرا لە ئیمامی الشعبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

(من أين لك هذا العلم كله؟ قال: بنفي الاعتماد، والسير في البلاد، وصبر كصبر الحمار، وبكور كبكور الغراب)(٦).

واتە: ئەم هەموو زانستەت لەکوێ بوو؟ فەرمووی: بەوەی هیچ متمانەیەکم نەهێشت تەنها متمانە بەالله نەبێت، وەگەڕان بەشارەکاندا، وەئارام گرتن لەسەر هەر ناڕەحەتیەك کەدروست دەبوو، وەزوو ئامادە بوون، یان زوو دەرچون، وەکو زوو دەرچونی قەلەڕەش.

سەمعانی دەیگێڕێتەوە لە الفرعانی کە فەرمووی: (ئێمە گوێمان لە فەرمووده دەگرت لای (عبدالصمد بن الفضل) لە کاتێکدا دەرگاکەمان داخرابوو، یەکێك لە دەرگاکەی دا زۆر بەتوندی، عبدالصمد بە یەکێکمانی ووت، هەستە تەماشای بکە: ئەگەر ئەم لەوانە بوو کە ئەهلی ڕەئین، دەرگاکەی لێ بکەوە، بەڵام ئەگەر ئەهلی حدیث بوو دەرگای لێمەکەوە، هەندێکیان وتیان ئایا ئەهلی حدیث لە پێشتر نین کە دەرگایان بۆ بکرێتەوە؟ فەرمووی: نەخێر، ئەهلی ڕەئی لەپێشترن، لەبەر ئەوەی ئەمە کاری هاوەڵانی حدیثە، ئەی بۆ زوو ئامادە نەبوون، ئەمە کاری هاوەڵانی ڕەئی نییە، بۆیە عوزریان بۆ دادەنرێت)(٧).

جا برای فێرخوازم: ئەگەر زوو لەخزمەتی دەرسدا بیت بزانە چ خێرێکت بە دەست دەگات، بە صەڵەواتی مەلائیکەت بۆت، بەدابەزینی ڕەحمەت بۆت.

العراقی باسی دەکات لە (المرجحات) لەهۆکارەکانی ترجیع کردن لەلای زانایانی فەرموودەناس (ئەگەر کەسێکی نزیك لە شێخ لەگەڵ کەسێك کە دوور بێتو بە کەمی لەلای شێخ بێت، جیاوازییان لەنێواندا دروست بووە، ئەوا ڕیوایەتی نزیکەکە پێش دەخرێت بەسەر دورەکەدا، لەبەر ئەوەی کابرای نزیك زیاترو نزیکترو بێ دەنگ بووەو گوێی لە شێخەکەیو ئەو فەرموودەیەش بووە کە گێڕاویێتیەوە.

## چوارەم: هەروانەیەکت لەدەست چوو، بەگوێ گرتنەوە پێی بگە.

سارد مەبەوە لەو وانەیەی لەدەستت چووە، ئەگەر چی ئیشو ئاڵۆزی هەندێ جار ڕوو لەمرۆڤ دەکات، بەڵام ئەگەر چالاك بیت لەدەرسەکانتدا دەتوانیت بەوان بگەیت، بەسود وەرگرتن لەو تەسجیل کراوە، یان لە هاوڕێکانت چونکە زۆربەی وانەکان زنجیرە باسن، مەیەڵە بیچڕێت، ئەگەر وابوویت ئەوا دەیسەلمێنی إن شاء الله کە قوتابی عیلمیت، وە بەم کارە دەربازت دەبێت لەسیفەتێکی دووڕوەکان، چونکە ئەوان نەك ئەم جۆرە هەوڵە نادەن، بەڵکو ئامادەش بن هەوڵی وەرگرتنی نادەن،

---

(٦) (معالم في طريق طلب العلم: ٧١، الرحلة في طلب الحديث: ١٦٩).

(٧) (معالم في طريق طلب العلم: ٧١).

وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ حَتَّىٰٓ إِذَا خَرَجُوا۟ مِنْ عِندِكَ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ مَاذَا قَالَ ءَانِفًا ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَهْوَآءَهُمْ ﴿١٦﴾ ﴾ [ محمد]

واتە: ئەی محمدﷺ هەندێك لەو دووڕوانە گوێت بۆ دەگرن، هەتا کاتێ لەلای تۆ هەڵدەستن، دەپرسن لەوانەی زانیاریان پێدراوە (هاوەڵان) ئەرێ ئێستا ئەم پیاوە چی وت؟ ئا ئەوانە خودا مۆری تاوانباری ناوە بەسەر دڵیاندا، وەشوێنی هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتوون .

حاڵی نە ئەبوون، یان لەبەر جەهلیان، یان لەبەر گاڵتە جاڕیان، خوای گەورە بمانپارێزێ لە خۆیانو فکرو سیفەتیان.

## پێنجەم: کاتێك لەدەرسدا بویت بێدەنگ بەو خۆت سەرقاڵ مەکە.

بەداخەوە بەدی دەکرێت لەکاتێکدا مامۆستا خەریکی وانە وتنەوەی وانەکەیە، هەندێك لە قوتابیەکان خۆیان سەرقاڵ دەکەن، یان بەمۆبایلەوە، یان هەر شتێکی تر، کەئەمە پێچەوانەی ئەدەبی سەلەفە بەرامبەر عیلم .

ئیمامی الذهبي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە لە (احمد بن سنانەوە) کە فەرمووی: (كان عبدالرحمن بن مهدى لا يُتحدث فى مجلسه، ولا يُبرى قلم، ولا يتبسم أحد، ولا يقوم أحد، كأنما على رؤوسهم الطير، أو كأنهم فى الصلاة (فإذا رأى أحداً منهم تبسم او تحدث لبس نعله وخرج)[٨].

واتە: عبدالرحمن ی کوڕی مهدی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەمەجلیسیدا لەکاتی وانە وتنەوەیدا قسە نەدەکرا، وە کەس خەریکی چاك کردنی قەڵەم نەدەبوو، وە کەس پێنەدەکەنی، وەکەس هەڵنەسا، کش ومات بوون هەروەکو ئەوەی باڵندە لەسەر سەریان بێت، یان وەکو لە نوێژدا بن وابووە، وەئەگەر یەکێکی ببینیایە پێدەکەنی، یان بزە پێکەنین، یان قسە دەکات، نەعلەکانی لەپێدەکردو دەڕۆی واتە تووڕە دەبوو. بیستت برای خۆم مەجلیسی عیلم چ ئەدەبێکی دەوێ؟ لەبەر ئەوەی مەجلیسێکە ئارامیو سەکینەت چوار دەورەی گرتووە، بۆیە سەرقاڵ بوون قوتابی بێ ئاگا دەکات لەزانستەکەو پێچەوانەی هەیبەتی عیلمە، کە ئەم ئەدەبەش ئەدەبی هاوەڵان بوو (خوایان لێ ڕازی بێت).

## شەشەم: ئامادەی موحازەرە گشتی یەکان بە.

ڕاستە سەر قاڵبوون بەهۆی کارکردن وبژێوی ژیان لەزۆر شتی کردوون، بەڵام بەپێی توانا، چونکە لەزەتی عیلم ئازار لادەبات، بإذن الله، بەتایبەتی ئەوانەی ناخوێنن بەهۆی نەخوێنەواریان، دەتوانن سوود لەموحازەرەکان وەربگرن، بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی متمانە بەعیلمیان دەکرێت، وە بزانە مادام لەبەر زاتی — الله — ئامادە دەبیت، خوای گەورەش بەرەکەت دەخاتە کاتتەوە، بۆیە سوودمەندی دینو دونیاو دواڕۆژ دەبیت إن شاء الله، چونکە کە تەمەنت ڕۆی ئەو کاتە وەرگرتنت لاواز دەبێت، وە پەشیمانی سوودی نابێ، شێخ جبرين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) باسی دەکات: (أن ثلة من طلبة العلم عندما كانوا في زمن الطلب كانوا يتأسفون ويندمون على مشايخ أدركوهم لكونهم لم يحضروا حلتهم)[٩].

---

(٨) (تذكر الحفاظ: ٣٣/١، سير أعلام النبلاء) .

(٩) (معالم في طريق طلب العلم: ٧٦).

واتە: زۆرێك لەقوتابیانی عیلم هەبوون ئەسەفیان هەڵدەكێشاو پەشیمان بوون، لەكاتی خوێندنیاندا گەیشتبوون بەزۆرێك لەشەیخەكان، چونكە ئامادەی حەلقەی دەرزو موحازەرەیان نەبوون.

كەوابوو برای خۆشەویستم هەركات زانیت لەهەر مزگەوتێك وتار یان موحازەرە هەیە بڕۆ بەمەرجێك ئەو كەسە متمانەی پێ بكرێت بەخۆیو علمەكەی، واتە ئەهلی سوننە بێت، نەك حیزبیو بیدعەچی.

ئەگەر زانیاریشت هەبوو لەوەی مامۆستا دەیڵێ هەر ئامادەبە، چونكە بەهەڵسوكەوتی مامۆستاو خوڕەوشتی سوودمەند دەبی.

## حەوتەم: هەرگیز نائومێد مەبە.

برای خۆم: لەبیرچوون، یان شت درەنگ وەرگرتن سروشتی بەشێكە لەخەڵك تۆ یەكەم كەس یان تەنها كەسێك نیت كەوا بیت، بۆیە نائومێد مەبە، هەوڵ بدە بەدەوركردنەوەیو دووبارە كردنەوەی، چ كاتێك هەیە پیرۆزتر بێت لەو كاتەی تۆ بەسەری دەبەیت بۆ تێگەیشتن لە زانستێك؟!

ئیمامی ئەحمەد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەگەڵ بەرزیو پلەوپایەو گەورەیی فەزڵی دەفەرمووێت:

(مكثت في كتاب الحيض تسع سنين حتى فهمته)[10] .

واتە: نۆ (٩)ساڵم پێ چوو لەكتابی حەیز هەتا تێگەیشتم.

ئیمامی الشنقيطي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) باسی خۆی دەكات لەپێشەكی تەفسیرەكەیدا (أضـــواء البيـــان) كە شەیخەكەی مەسئەلەیەكی بۆ شەرح كرد بوو، بەڵام لەلای ڕوون نەبوو، دەفەرمووێت: ئەو مەسئەلەیەم لا ڕوون نەبوو، گەڕامەوە بۆ ماڵو كەوتمە پشكنینو لێكۆڵینەوە، خزمەتكارەكەش وەستابوو لەدیار سەرم بەگڵۆپێكەوە، بەردەوام لەگەڕاندا بوومو چای سەوزم دەخوارد تا خۆر كەوت، دەفەرمووێ: إشكالەكەم نەما، تا بەهۆی ئەو گەڕانەوە بێ پێویست بووم لەوانەی ڕۆژی دووەم، لەبەرامبەر ئەو عیلمەی كەدەستم كەوت، بەهۆی گەڕان لەتێگەیشتن لەیەك بابەتدا زانیاری یەك ڕۆژی بەدەست هێنا.

بۆیە هەرگیز نائومێد مەبە، ئیلا پەروەردگار بەشت دەدات، داوای یارمەتی لەخوای گەورە بكە، هەبووە لەزانایان دەیان بەڵكو سەدان درهەم ودیناریان دەدا لەپێناو گەیشتن بەبابێك لەبابەكانی عیلم، بۆیە كاتێك تێنەگەیشتی هیچ عەیب نییە بگەڕێوە بۆ لای مامۆستاكەت چەند جار، وەئەو قوتابیانەی پێكەوەن، شەرم مەكەو پێت عەیب نەبێت باتەمەنی لەخوار تەمەنی تۆوە بێت، كەبەداخەوە ئەو شەرم كردنە بەشێك لەقوتابی عیلمی بێبەش كردووە لە بەشێك زانیاری، بۆیە ئەو كیبرو فیزە لابە، وە ئەو شەرمە دروست كراوە لابە كە نەك خێری تیا نییە بەڵكو زیانی لێداوی، ئیمامی موجاهید (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ: (لا يتعلم العلم مُستحي ولا مستكبر)[11] .

واتە: ئینسانی شەرمنو خۆبەزل زان هەرگیز فێری زانیاری نابێت.

---

(١٠) ( طبقات الحنابلة: ١/ ٢٦٨) .

(١١) (رواه البخاري: كتاب العلم، فتح الباري: ١/ ٣٠١).

بەڕاستی ئەوە لەشەیتانەوەیە کە لەخۆبایی بوون و عوجب دەکاتە کاڵای باڵای .

شعبة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموویێت: (من دەچووم بۆ لای قتادە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پرسیاری دوو فەرموودەم دەکرد، پێی دەوتم، پاشان دەیوت: زیاترت پێ بڵێم؟ دەمووت، نەخێر، تا لەبەری دەکەم بەتەواوی، بۆیە ئیمامی الزهری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ:

( من طلب العلم جملة واحدة فاته جملة، وإنما يدرك العلم حديث وحديثان)[١٢] .

واتە: هەر کەسێك داوای عیلمی کرد، یان گەڕا بەدوایدا بەیەك جار ویستی بەدەستی بهێنێ، ئەوا زۆرێکی لەدەست دەچێ، بەڵکو بە عیلم دەگات بە وەرگرتنی یەك فەرموودە یان دوان.

## هەشتەم: لەکاتی دەرس و وانەدا قسە بە مامۆستاکەت مەبڕە.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەدەبە لەحەلەقاتی عیلمدا، بۆیە لەکاتی وانەدا پرسیار زۆر کردن، یان هەر هەڵوێستێکی تر کەمی ئەدەبە بەرامبەر مامۆستا، یان بەرپەرچ دانەوەی لە بابەتێکدا، ئەگەر گرفتێکی وا دروست بوو، لەپاش تەواو بوون بەڕێزەوە بەمامۆستا بڵێ.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

(ليس منا من لم يجل كبيرنا، ويرحم صغيرنا، ويعرف لعالمنا حقه)[١٣].

واتە: لەسوننەتی من لایداوە کەسێك ڕێز لەگەورەمان نەرگرێ ( ئەوانەی چونەتە ناو ساڵەوە) وەبە بەزەیی نەبێت و ڕەحم بەبچووکمان نەکات، وەمافی زاناکانمان نەزانێت.

واتە: ڕێزی لێ نەگرێت قەدری لا بەرز نەبێت، لەکاتێکدا قەدری لای پەروەردگار زۆر بەرزە، بۆیە سەلەف ئێمە یەك لەئامۆژگاریەکانیان ئەوەبوو بۆ قوتابی عیلم کە ڕێز لەمامۆستاکانیان بگرن ولەکاتی شەرح کردنی بابەتێکدا ووتەیان پێ نەبڕن، ئیمامی بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، لە(كتاب العلم)دا بابێکی داناوە لەژێر ناوی (باب من سئل علماً وهو مشتغل في حديثه فأتم الحديث ثم أجاب السائل)

واتە: کەسێك پرسیاری زانستێکی شەرعی لێکرا، لەکاتێکدا سەرقاڵی وتەکەی بوو، ئەوە وتەکەی، یان وتارەکەی تەواو دەکات، پاشان وەڵام دەداتەوە.

پاشان فەرموودەیەکی هێناوە لە أبی هورەیرەوە ﷺ دەفەرمووێت:

(بَيْنَمَا النَّبِيُّ ﷺ فِي مَجْلِسٍ يُحَدِّثُ الْقَوْمَ جَاءَهُ أَعْرَابِيٌّ فَقَالَ: مَتَى السَّاعَةُ؟ فَمَضَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُحَدِّثُ، فَقَالَ بَعْضُ الْقَوْمِ: سَمِعَ مَا قَالَ فَكَرِهَ مَا قَالَ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: بَلْ لَمْ يَسْمَعْ، حَتَّى إِذَا قَضَى حَدِيثَهُ قَالَ: أَيْنَ أُرَاهُ السَّائِلُ عَنْ السَّاعَةِ؟ قَالَ: هَا أَنَا يَا

---

(١٢) (من هدي السلف في طلب العلم:٦٠- ٦١).

(١٣) (سنن ابن ماجة: ١٩١٩، بلفظ آخر، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٤٤٣).

رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَإِذَا ضُيِّعَتْ الْأَمَانَةُ فَانْتَظِرْ السَّاعَةَ، قَالَ: كَيْفَ إِضَاعَتُهَا؟ قَالَ: إِذَا وُسِّدَ الْأَمْرُ إِلَى غَيْرِ أَهْلِهِ فَانْتَظِرْ السَّاعَةَ)[١٤]
.

واتە: لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ لەمەجلیسێکدا شتی بۆ باس دەفەرموون، کابرایەکی دەشتەکی هاتو وتی: قیامەت کەی دێت؟ پێغەمبەری خواش ﷺ بەردەوام بوو، هەندێك ووتیان بیستی چی ووت بەلاّم پێی ناخۆش بوو، هەندێکی تر ووتیان: بەڵکو نەیبیست، تاکاتێك تەواو بوو فەرمووی: کوا ئەوەی پرسیاری لەقیامەت کرد؟ کابرا ووتی بەڵێ منم، فەرمووی: کاتێك سپاردە (ئەمانەت) پارێزگاری لێ نەکراو فەوتێنرا، چاوەڕوانی هاتنی قیامەت بە، کابرا ووتی: فەوتانی چۆنە؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: ئەگەر کار سپێردرا بە کەسی ناشیاو ئەوا چاوەڕوانی قیامەت بە.

جا ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە بەدی دەکرێ کە گوێ بیستی بووە بەلاّم وەلاّمی نەدایەوە، وەکو ئەوەی فێری ئەدەبی بکات.

*عطاء بن أبي رباح (رحمه الله) دەفەرمووێ: (وإني لأسمع الشاب ليتحدث بالحديث فأسمع له كأني لم أسمع به، ولقد سمعته قبل أن يولد).

واتە: گوێم لەگەنج دەبوو فەرموودەیەکی باس دەکرد، وا گوێم لێ دەگرت هەروەکو ئەوەی کە نەمبیستووە، لەکاتێکدا ئەو فەرموودەیەشم بیستبوو پێش ئەوەی ئەو گەنجە لەدایك بووبێ.

*قال ميمون بن مهوان (رحمه الله):

(لا تمار من هو أعلم منك، فإن فعلت خزن عنك علماً، و لم تضره شيئاً)[١٥]

واتە: هەرگیز موناقەشەو دەمە دەم لەگەڵ کەسێکدا مەکە کە لە تۆ شارەزاترە، ئەگەر وات کرد (واتە: ئەدەبت نواندو هیچت نەوت) ئەوا بەشێك لەعیلمەکەی دەدا بەتۆ، یان بەشێك لە عیلمەکەی لای تۆ کۆدەبێتەوە لەکاتێکدا هیچ زیانیشی لێنادەیت.

## نۆیەم: لەپرسیار کردندا ئەدەب پێویستە.

بیستراوە قوتابی هەیە پرسیار دەکات وەلاّمیش دەزانێ، یان بۆ تاقیکردنەوەی مامۆستا بۆ ئەوەی بەرپەرچی بداتەوە، یان بۆ دەربڕینی ئەوەی ئەیزانێ، ئەوە هەم (ریایە)و هەم کەم ئەدەبییە، هەیشە مەبەستی خێرە بەلاّم نازانێ لەشێوازی پرسیار، ئیمامی الذهبی لە (السير) دا باسی کردووە کە ئیمامی مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) لەحەلقەی عیلمدا بوو، وانەی دەوتەوە، پاشان پرسیاری لێکرا لەبابەتێکدا، وەلاّمی دایەوە بەوتەی زەیدی کوڕی ثابت رضي الله عنه (اسماعيل ابن بنت السدي) ووتی: بەلاّم علي وابن مسعود (خوایان لێ ڕازی بێت) وا نالێن لەمەدا.... پاشان دەڵێت: ئیمامی مالیك فەرمووی: لەکوێوە هاتووی؟ وتم لەکوفەوە، فەرمووی: (فأين خلفت الأدب؟) ئەدەبت لەکوێ بەجێ هێشت؟ ئەڵێت: وتم لەڕاستیدا یادم خستیتەوە بۆ ئەوەی سوودمەندبم، فەرمووی: علی وعبدالله (خوایان لێ ڕازی بێت) نکوڵی لە فەزڵیان ناکرێ، وە ئەهلی

---

(١٤) (رواه البخاري: ٥٩- ٦٤٩٧، السنن الكبري للبيهقي: ١٠/ ١١٨، جامع الأصول في أحاديث الرسولﷺ، شرح السنة للبغوي: ٧/ ٣٤٣ / ١- ٢٢١، مسند الإمام أحمد: ١٧- ٤١٦).

(١٥) (المبتكرات في الخطب والمحاضرات: ١٣١).

ئێوەش لەسەر قەولی زەیدی کوڕی ثابت رضي الله عنه، ئەگەر تۆ لەناو کەسانێکدا بیت ودەست پێشخەریت کرد لەوەدا کە نایزانن ونایناسن، ئەوانیش بەشتێك دەست پێدەکەن تۆ پێت ناخۆش بێ.

کە وابوو شێوازی پرسیار یان موناقەشە ئەدەبی خۆی هەیە، بۆیە برای خۆشەویستی فێرخواز، خۆت بپارێزە لەو جۆرە کەسانە، یان مەپرسە لەشتێکدا کە پەیوەندی بەتۆوە نییە، یان وەڵام مەدەرەوە کە پرسیار لەتۆ نییە، یان کەوەڵامت لا نییە، دووبارە ئیمامی الذهبي (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) لە (السير) دا هێناویەتی کە (شبطون) کەیەکێك بوو لەزانایانی (الاندلس) ئیمامی الذهبی لەو مەجلیسە دابوو، کاغەزێکی بۆ هات لەلای یەك لە کاربەدەستەکانەوە پرسیاری تێدا نوسیبوو دەربارەی تەرازووی قیامەت (أهما من ذهب أو من فضة؟) ئایا تای تەرازووی قیامەت لە ئاڵتونە ئەو دوانە یان لەزیو؟ ئەمیش کاغەزەکەی ئەم دیو دیو کردو تێیدا نوسی قال صلى الله عليه وسلم:

(من حسن اسلام المرء تركه ما لا يعنية)[١٦].

واتە: لەتەواوی جوانی ئیسلامەتی ئینسان وازهێنانێتی لەوەی پەیوەندی پێوە نییە، چ بەوتە بێت یان کردەوە.

## دەیەم: لەڕەوشتو ئەدەبی مامۆستاکەت سوود وەربگرە.

برای شیرینم، ئەی قوتابی عیلم، چەندە پێویستە عیلم لەمامۆستاکەت فێر بیت ئەوەندەش پێویستە فێری ئەدەبو ڕەوشتی جوان بیت لەمامۆستاکەت.

ئیمامی الصنعاني وجگە لەویش دەگێڕنەوە (مەجلیسی ئیمامی أحمد (رحمه الله) (٥٠٠٠) کەس ئامادە دەبوون، (فكان خمسمأته يكتبون، والباقي يستمدون من سمته وخلقه وأدبه)

واتە: بەڵام (٥٠٠) کەس دەینوسی، ئەوانی تر بەهرەمەند دەبوون لەجوانیو بەهێزی وتەکانی، وەلەڕەوشت بەرزیو جوانی ئەدەبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

وە أبو بكر المطوعی دەفەرمووێت: (ئامادەی مەجلیسی أبی عبدالله بووم (ئیمامی ئەحمەد) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دوانزە ساڵ، مسندی بەمنداڵەکانی دەخوێندەوە، وەمن هیچم نەدەنوسی، بەڵکو تەنها تەماشای ئەدەبو بەرزی ڕەوشتیم دەکرد)[١٧].

گەنجی وا هەیە کە سەردانی دەکەیت، یان دەدوێیت لەگەڵیدا هەست بەبەرزی هیمەتو جوانی ڕەوشت دەکەیت، کەوابوو لەسەردانی مامۆستایان دامەبڕێ، با مامۆستاشت نەبن، إبراهيم النخعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێ:

(كنا نأتي مسروقا فتعلم من هديه ودله).

واتە: دەچووین بۆلای مەسروق، فێری ڕێنماییەکانی دەبووین، وابن وهب دەفەرمووێ:

(ما تعلمت من أدب مالك أفضل من علمه). واتە: ئەو ئەدەبەی لەئیمامی مالیك فێری بووم، چاکتر بوو لە عیلمەکەی.

(١٦) (سنن ابن ماجة: ٣٩٧٦، سنن الترمذي: ٢٣١٧- ٢٣١٨)، وصححه الشيخ الألباني في: مشكاة المصابيح: ٤٨٣٩).

(١٧) (سير أعلام النبلاء: ١١/ ٣١٦، معالم في طريق طلب العلم: ٨٢).

## لەکۆتاییدا

أ- خۆت بپارێزە لەخیلافاتی نێوان زانایان، چونکە وریایت کەم دەکاتەوە.

ب- کاتی خۆت مەکوژە بەخوێندنی کتابی قورس، چونکە کاتت دەبات وتێش ناگەیت.

ت- هەرگیز کتاب مەگۆڕە تا تەواوی نەکەیت، چونکە بێبەش دەبیت لەگەوهەری عیلم.

ث- لەگرنگەوە دەست پێبکە، با یەکەم وانەت پاش کتابەکەی - الله - عەقیدە بێت.

ج- بیرت نەچێت کار بکەیت، بەو زانستەی بەدەستی دەهێنی، وەیەکەم کەس لەخۆتەوە دەست پێبکە.

ح- وریابە سەرکەش نەبی بەو زانیاریەی لاتە، واتە بەچاوی کەمال مەڕوانە خۆت، یان بێ پێویستی دەرنەبڕی لەمامۆستایان، چونکە ئەوە خۆی لەخۆیدا جەهلە، هەرکەس وابوو، ئەوا ئەوەی لەدەستی چووە زۆر زیاترە لەوەی بەدەستی **هێناوە**، قال سعيد بن جبير (رحمه الله): (لا يزال الرجل عالماً ما تعلم، فاذا ترك التعلم وظن أنه قد استغني فهو أجهل ما يكون)(١٨) .

واتە: بەردەوام ئینسان شارەزایە مادام هەوڵی فێربوون بدات، جاکاتێك وازی لەفێربوون هێنا، وەگومانی برد کە بێ پێویستە، ئەوا زۆر نەزانترە لەپێشتری.

خ- خۆت بپارێزە بەسەر قاڵبوون بەفەرموودەی لاوازو غەریب وشازەوە،

قال الامام أحمد رحمه الله:

(شر الحديث الغرائب التي لا يعمل بها، ولا يعتمد عليها)(١٩).

واتە: خراپترینی شت لەفەرموودەدا ئەوانەن کەکاریان پێ ناکرێ، وەمتمانەیان ناکرێتە سەر.

کۆتا وتەم ئەوەیە: پێویستە لەسەر قوتابی عیلم کەدوور بێت لەگاڵتەوگەپو قسەی سووك، یان پێکەنینی زۆر، چونکە هەیبەتی ئەو زانستەی هەڵتگرتووە کەمی دەکاتەوە، وەسوپاسی خوای گەورە بکە کەبۆی ئاسان کردوی کەسێك کەفێرت بکات، بۆیە دوعای خێر بەردەوام بکە بۆ ئەو مامۆستایانەی کەهەڵگری ڕێبازی سەلەفی صالحن.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آلهِ وَصحبِهِ وسلم**.

=================================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

(١٨) (من هدي السلف في طلب العلم: ٦٩).

(١٩) (شرح علل الترمذي: ١/ ٤٠٨، من هدي السلف في طلب العلم: ٧٠).

## چەند ڕێنموییەك بۆ :

# پەروەردەكردنی منداڵەكانمان

## لەسەر بەرنامەو ڕێبازی پێشین

دایكی سوننە

---------------------------------

لە بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - كوردستان - كەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:

بە ڕاستی منداڵ بەخشش‌و نیعمەتە لە خوای پاك‌و بێگەردەوە, دڵ خۆش دەبێت بە بینینیان، و هەروەها چاو گەش دەبێت بە بینینیان دەرونیش خۆش حاڵ دەبێت بە خۆش حاڵیان وە یەکێك لە پاڕانەوەکانی پێغەمبەر زەکەریا ﷺ:

﴿وَزَكَرِيَّآ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرْنِى فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٨٩﴾﴾ (الأنبياء: ٨٩).

واتە: ئەی پەروەردگارم بە تەنهایی مەمهێڵەوەو تۆش چاکترینی ئەوانەی کە دەمێننەوەو لەناو ناچیت .

وە منداڵ جوانی‌و ڕازاوەییەکی ژیانی دونیایە هیچ کەسێك گەورەیی ئەو نیعمەتە نازانێ جگە لەو کەسانە نەبێت کە بێ بەشن لێی, دەبینیت ماڵ‌و کاتی سەرف دەکات‌و دەبەخشێ لە پێناوی گەڕان بۆ چارەسەری ئەوەی کە تووشی بووە .

جا خوشکی ژیرو بەڕێزم: تۆش وەکو دایکێکی بەرپرسیار لە بارەی ئەم ئەمانەتەی کە خوای گەورە داویەتە سەرتدا بۆ ئەوەی هەڵگری بیت, بزانە کە بەڕاستی ئەم ئەمانەتە (پەروەردە کردنی منداڵەکانت) ئەمانەتێکی گەورەیەو, بشزانە خوای گەورە پرسیارت لێ دەکات لە دوارۆژدا لێت دەپرسێت کە ئایا پاراستووتە یان فەوتاندووتە؟

وە بشزانە نرخ‌و جوانی‌و ڕازاوەیی نەوەکان، تەواو کامل نابێت ئیلا بە ئاین‌و ڕەوشت جوانی نەبێت ئەگەر وانەبێ ئەوا دەبێت بە بەڵا لەسەر دایك‌و باوك لە دونیاو دوا ڕۆژدا .

پێشینان زۆر سوور بوونە لەسەر هەستانی ڕاستەوخۆی خۆیان بەم گرنگیە کە ئەویش گرنگی پەروەردە کردنی منداڵ بووە وەك چۆن دەگێڕنەوە کە خەلیفەی عەباسی (المنصور) ناردی بۆ لای ئەوانەی کە لە زیندانا بوون‌و پێیانی ووت: توندترین‌و سەخترین شتێك کە هاتبێت بە سەرتاندا چیبووە لەم زیندانەدا؟ ووتیان: ئەوەی لە دەستمان چوو لە پەروەردەی منداڵەکانمان .

کەوابوو چەند شتێك پێویستە لەسەر من‌و تۆیش تایبەت بەو منداڵانەمان کە لە سەرووی حەوت ساڵانەوەیە, ئەوەش لە ڕووی ئیمانی‌و کۆمەڵایەتیەوە, ئاشکراشە کە ڕووە پەروەردەییەکان زۆر زۆرن بەڵام مەجالەکە ئەوەندە فراوان نیەو ڕێگە نادات بە باسکردنی هەموو ڕووە پەروەردەییەکانی تر، بە هەر حاڵ گرنگترینی ئەو شتانەی کە پێویستن ئەمانەن:

١- سووربە لەسەر پاراستنی بیروباوەڕیان لەوەی کە تێکی دەدات, کەوابوو دووریان بخەرەوە لە بەکارهێنانی: چاوەزارو، تەمیمە (واتە: مووروی هەڵواسراو بە نیازی پارستنی)، وە دەست خوێندنەوە لە لایەن فاڵچیو... جگە لەمانەش .

قوئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دڵیاندا زۆر بە گەورە ڕاگرە، گومانیش لەوەدا نییە کە بڵاو بوونەوەی ئەو ڕووشێنەرو تێکدەرانەی بیرووباوەڕ وەك خوێندنەوەی دەست لە نێو فێرخوازاندا لە قەتابخانەدا تەنها هۆکاری نەزانین‌و بێ ئاگایی‌و کەمتەرخەمی دایکان و باوکانە لە ئاراستە کردن‌و هۆشیارکردنەوەی منداڵەکانیاندا .

٢ ـ سوور بە لەسەر چاندنی باوەڕ لە دڵەکانیاندا بە چاودێری کردنی خوای گەورە بە سەریانەوە, وە تێبفکرێ لە وەصیەتەکەی لوقمان بۆ کورەکەی:

﴿ يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٖ فَتَكُن فِي صَخۡرَةٍ أَوۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَأۡتِ بِهَا ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ١٦ ﴾ (لقمان: ١٦).

واتە: ئەی کوڕی ئازیزم بەڕاستی ئەگەر گوناهێك بە قەدەر تۆسقاڵە خەردەلەیەك هەبێت لەناو بەردێکدا یان لە ئاسمانەکان یان لە زەویدا حەشار درا بێت ئەوا خوای گەورە دەیهێنێتەوە مەیدانو دەیخاتە ڕوو .

وە ئەوەیان بۆ باسکەن کە خوای گەورە چاودێریان دەکاتو ئاگادارە بە سەر کردارەکانیانەوە ... لە (ثابت) ی کوری قەیسەوە رضي الله عنه لە ئەنەسەوە رضي الله عنه دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی:

(أتى علي رسول الله ﷺ وأنا ألعب مع الغلمان، قال: فسلم علينا، فبعثني إلى حاجة، فأبطأت على أمي، فلما جئت قالت: ما حبسك؟ قلت: بعثني رسول الله ﷺ لحاجة، قالت: ما حاجته؟ قلت: إنها سر، قالت: لا تحدثن بسر رسول الله ﷺ أحدا، قال أنس: والله! لو حدثت به أحدا لحدثتك، يا ثابت)(١) .

واتە: پێغەمبەری ﷺ خوا هات بۆ لام و منیش یاریم دەکرد لەگەڵ منداڵەکانداو سەلامی لێ کردین, جا منی نارد بۆ پێویستیەکیو دوا کەوتم بۆ گەڕانەوەم بۆ لای دایکم، کاتێك گەڕامەوە پێی ووتم: چی وا دوایخستی؟ منیش ووتم پێغەمبەری خوا ﷺ ناردمی بۆ پێویستیەکی خۆی, ئەویش ووتی پێویستیەکەی چی بوو؟ ووتم ئەو کارەی نهێنی بوو . ئەویش وتی نهێنیەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هیچ یەکێك ئاشکرا نەکەی، ئەنەس فەرموی: قەسەم بە خوای پەروەردگار ئەگەر بۆ هەر یەکێك بیگێڕمەوە ئەوا بۆ تۆم دەگێڕایەوە ئەی (ثابت) .

جا تەماشای کە چۆن ئەو دایکە سزای نەدا کاتێك کە کوڕەکەی نهێنیەکەی لێی شاردەوە؟ هەر وەك چۆن هەندێك لە ئافرەتانی ئەم سەردەمە دەیکەن!!! بەڵکو هەندێکان پرسیارێکی زۆر دەکەن لێیان سەبارەت بە تایبەتمەندی ئەو ماڵانەی کە دەڕۆنە ماڵیان!!! وە ئەوەش کە لەلایاندا ڕوودەدات!!! وە بەوەش بەدوا گەڕانو زانینی نهێنیەکان لە دەروونیدا دەچێنیت بەبێ ئەوەی دایکەکە بە خۆی بزانێت!!

٣ ـ بەبەردەوامی ئەوەیان بۆ باس بکەن کەخوای گەورە (عزيز ذو انتقام) ە، واتە: بە تواناو تۆڵەسێنەرە بۆ ئەو کەسانەی کە سەرپێچی دەکەن, وە هەروەها لێخۆشبوو بە بەزەییە بۆ ئەو کەسانەی کە تۆبە دەکەنو دەگەڕێنەوە، وە مردنو توندوتیژی قەبرو تاریکییەکەی وەنارەحەتیەکانی ڕۆژی دواییان بۆ باس بکەو بیریان خەرەوەو, هانیان بدەن لەسەر تاعەت، بەتایبەت نوێژکان, چاودێریان بکەن تیایداو بەخەبەریان بێننەوە لەخەو بۆی, وە پلەو پایەی لەدڵیاندا زۆر گەورە ڕاگرە, وە وریابە لەو بەزەییەی کە دەبێتە ڕێگر لە بەخەبەر هاتنەوەیان, ئەوەی کە تۆو ئەوانیش بەرەو ئاگر دەبات پەنا بە خوای پەروەردگار .

ڕایانبێنە بۆ ڕۆژووگرتن لە تەمەنی منداڵیدا بۆ ئەوەی ئاسان بێت لە تەمەنی پێگەیشتنیاندا، وە وایان پێ بکەن کە هەست بکەن بە چاودێری خوای پەروەردگار بۆیان، کە ڕۆژوو گەورەترین پەروەردەکارە بۆیان بۆ هەست کردنیان بە چاودێری خوای پەروەردگار.

٤ ـ چاودێری منداڵەکانت بکەو وازیان لێ نەهێنیتو ئیهمالیان نەکەی کە خەمساردی بکەن لە ئەنجامدانی تاوانەکانو تۆش ئاگەدار بیت, ئامان بێدەنگ مەبە کە ئاگاداریو دەزانی کچەکەت گوێ بیستی گۆرانی دەبێت، یان بۆیە دەدات لە نینۆکیو دەست

---

(١) (رواه مسلم).

نوێژ دەگرێت بەبێ ئەوەی لایببات, یان مووی دەموو چاوی هەڵ دەگرێتو لایدەبات، یان قژی کورت دەکاتەوە لەسەر ئەو کورت کردنەوانەی کە حەرامن, یان کەمتەرخەمی لە بەشێك لە حیجابی شەرعی دەکات یان خەم ساردی تیا بکات، بەوەی کە عاباکەی برازێنێتەوە یان بیداتە سەر شانی, یان خۆی بۆن خۆش بکات لە کاتی دەرچوونیدا, یان هەر بەشێك لە لەشی دەربخات, یان خۆی بە تەنها بڕوات بۆ بازاڕ یان شوێنە گشتیەکان یان لەگەڵ سایەقدا خۆی بە تەنها سواری سەیارە بێت, یان خەم ساردیو کەم تەرخەمی بکات لە لەبەرکردنی جلو بەرگی ڕووتو کورت کراوە, یان گۆڤاری خراپو ڕووخێنەرەکانی هەبێت, وە زۆر وریا بە لەوەی کە تەلەفون بخەیتە ژووری تایبەتی خۆی, چاودێریشی بکەی لە دوورەوە وە ئاگاداربە لەوە کە زیادەڕەوی بکەی لە سیقە پێکردنیداو وە لەو وەسوەسە زیادڕەویانەی کە لەوانەیە کاریگەری بکاتە سەر کچەکەتو متمانەی بە خۆی نامێنێت.

پاشان وریابە ئەی دایکی بەڕێز بیانوو بەوە بێنیتەوە بەوەی کە دەسەڵاتت بە سەریانەوە نییەو, پێت ناخۆشە ئەو تاوانە ئەنجام!!! بەڵکو دەسەڵات دارو، بەتوانابە لە حەقو ڕاستیداو، ڕازی مەبە بە شتی ناڕەواو, لەسەرخۆو نەرموونیان بە لە جگە لەمانە, بە بەردەوامی بیر بکەرەوە لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێ:

(ومن كانت له ابنتان فأحسن إليهما كن له ستراً من النار)[٢] .

واتە: هەرکەسێك دوو کچی هەبێت وچاك بێت لەگەڵیاندا ئەوا دەبن بە پارێزەرو بەربەست بۆی لە ئاگر .

شێخی پایەبەرز ( ابن باز ) (بە ڕەحمەت بێت) فەرموویەتی:

(والإحسان إلى البنات يكون بتربيتهن التربية الإسلامية؛ وتعليمهن وتنشئتهن على الحق والحرص على عفتهن وبعدهن عما حرم الله من التبرج وغيره, وهكذا تربية الأخوات والأولاد الذكور, إلى غير ذلك من وجوه الإحسان حتى يتربى الجميع على طاعة الله ورسوله والبعد عما حرم الله و القيام بحق الله سبحانه وتعالى, وبذلك يعلم أنه ليس المقصود مجرد الإحسان بالأكل والشرب والكسوة فقط. بل المراد ما هو أكبر من ذلك من الإحسان إليهم من عمل الدين والدنيا)[٣] .

واتە: چاکەکاری لەگەڵ کچاندا بە پەروەردە کردنیان دەبێت بە پەروەردە کردنێکی ئیسلامیانەو فێر بکرێنو پەروەردە بکرێن لەسەر حەقو سووربوون لەسەر پاراستنیانو دوورخستنەوەیان لەوەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە لە تەبەروج و جگە لەوەش, وە هەر بەم شێوەیە پەروەردە کردنی کچانو کوڕان لە منداڵەکان جگە لە مانەش لە ڕووی چاکەکاریەوە تاکو هەموو پەروەردە دەبن لەسەر گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ, و دوورکەوتنەوە لەوەی خوا حەرامی کردووەو هەستان بە حەقی خوای باڵادەست, وە بەئەمەش بزانە کە مەبەست تەنها چاکەکاری نییە لە خواردنو خواردنەوەو جلوبەرگ کردن نییە, بەڵکو مەبەست لەوە گەورەترە لە چاکە کاری بۆیانو لە گەڵیاندا لە کارو کرداری ئاینو دونیا .

وە هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت:

(وإن الحديث عام للأب والأم).

---

(٢) (رواه البخاري ومسلم).

(٣) (مجموع فتاوى ومقالات متعددة: ٤ / ٣٧٧).

واتە: بە ڕاستی باسەکە گشتیەو دایكو باوكیش دەگرێتەوە .

٥ ـ منداڵـەکـانت وریـا بکـەرەوە لـە هاوڕێی خراپو خراپێتی هاوڕێتی کردنیان بۆ ڕوون بکەرەوە: پرسیارێك ئاراستەی ئەو کەسانە کرا لە یەکێك لە ناوەندەکانی منداڵپاریزی لە شارێك لە شارەکانی میرنشینی سعودیە بوون سەبارەت بە هێنانیان بۆ ئەم ناوەندە؟ وەڵامی (٧٥ ٪) یان هۆکارو پاڵنەری ئەوەیان گەڕاندەوە بۆ هاوڕێی خراپ!!!! کەوابوو بیانپارێزن لێیان, وە هەروەها لە کۆڵان وخراپییەکەی وایان لێ بکەن وا ڕایان بهێنن کە کاتەکانیان تەرخان بکەن بۆ ئەو شتانەی کە سوودی هەیە بۆیان وەکو قورئان لەبەرکردن لە مزگەوتدا, وە بەشدار بوون لە ناوەندی پشووی هاوینەیی، پاشان وریابە لە هێنانی دز بۆ ماڵەکەت, بەڵێ دزی بیروباوەڕو شەرەف!!! بە هۆی ئەو ئامرازە زیانبەخشانەی کە هەن بە تایبەت سەتەلایت ئەگەریش چی مەبەستت دڵ خۆش کردنیان بێت .

یەکێك لە بانگەشەکاران دەڵێت: ئەو باوکەی کە سەتەلایت پێشکەش بە منداڵەکانی دەکات, لە ڕاستیدا منداڵەکانی پێشکەش بە سەتەلایت دەکات؟!!!!

شێخ ( السعدی ) (بە ڕەحمەت بێت) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: هەر کەسێك واز لە شتێك بێنێو نەفسیشی حەزی لێ بکات خوای پەروەردگار پاداشتی دەداتەوە بە لەوە باشتر لە دونیاو دوا ڕۆژدا, وە هەر کەسێك واز لە تاوانو سەرپێچی بێنێ لەبەر خوا، و نەفسیشی حەزی لێبێت ئەوا خوای پەروەردگار پاداشتی دەداتەوەو دەیکات بە ئیمان لە دڵیداو سنگ فراوانیو سنگ کردنەوەو بەرەکەت لە ڕۆزیو تەندروستی لە جەستەیدا, لەگەڵ ئەوەش کە بۆی هەیە لە لای خوای پەروەردگار لە پاداشتی خوای پەروەردگار کە هیچ توانایەك نییە لەسەر وەصف کردنی .

٦ ـ پاشان وریابە ئەی ـ خوشکی خوێنەرم ـ لە دوعا لێکردنیان ئەگەر چی تورەش بوویت تاکو لەگەڵ ئەو کاتەدا نەگونجێ کە دوعای تێدا وەردەگیرێ وە دوعاکەت گیرا بێت, بەڵکو دوعای خێریان زۆر بۆ بکە .

پێشەوا (القرطبي) ئەفەرمووێت: هێچ شتێك چاوی ئیمانداری پێ گەشاوەو ئارام و ڕوونکەرەوە نابێت وەك ئەوەی کە خێزانو منداڵەکانت ببینیت کە گوێڕایەڵ بن بۆ خوای پەروەردگار .

داوا دەکەین لە خوای پەروەردگار چاکسازی نیەتو زوڕییەتمان بکات وە بینکاتە ڕوونکەرەوەو ئارامی چاومان لە دونیاو دوارۆژدا, وە یارمەتیشمان بدات لەسەر هەڵگرتنی ئەم سپاردەیە .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّه رَبِّ الْعَالَمِينَ

==============================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

# چەند بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر حەرامێتی (گۆرانیو مۆسیقا)

✍ م /رمضان عبدالرحمن جمال

==================================

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

✉ islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، أما بعد:

**خوای گەورەو میهرەبان دەفەرمووێت:**

﴿ أَفَمِنۡ هَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ تَعۡجَبُونَ ۝٥٩ وَتَضۡحَكُونَ وَلَا تَبۡكُونَ ۝٦٠ وَأَنتُمۡ سَٰمِدُونَ ﴾ [النجم:٥٩ - ٦٠ - ٦١].

عبدالله **کوڕی عباس** رضي الله عنه **لە تەفسیری** (سَٰمِدُونَ) **دا دەفەرمووێت:**(هو الغناء)[١] .

**واتا: ( گۆرانییە)**

**پێغەمبەری خوا** ﷺ **دەفەرمووێت:** (**ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف**)[٢] .

**واتە: لەناو ئوممەتی مندا چەند کۆمەڵێك پەیدا دەبن کە زیناو ئاوریشمو شەرابو عارەقو** (المعازف) **حەڵاڵ دەکەن (واتە: خۆی حەرامە) .**

**المعازف: بریتیە لەئالاتو ئامێری (مۆسیقاو گۆرانی)، پێغەمبەری خودا** ﷺ **زەمی ئەو کەسانەی کردووە کە هەڵدەسن بەحەڵاڵ کردنی ئامێرەکانی (مۆسیقاو گۆرانی) وە باسی کردووەو دەفەرمووێت حەڵاڵ دەکرێت لەگەڵ (زینا) و (ئاورێشم) و (عارەق) دا.**

**وەهەروەها جگە لەم فەرمودەیەش چەندەها فەرموودەی صحیح لە پێغەمبەری خواوە** ﷺ **بۆمان نەقڵ کراوە کە بەڵگەنو دەلالەت لەحەرام بوونی (مۆسیقاو گۆرانی) دەکەن، وە هەڕەشەیە بۆ ئەو کەسەی حەڵاڵی دەکات، وەیان بەردەوام دەبێت لەسەری، ئەگەر ترسی درێژبوونەوەمان نەبوایە ئەوە باسی ئەو هەڕەشانەمان دەکرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسەو کیفایەتە کەیەك بەڵگەی ڕاست لەپێغەمبەری خواوە** ﷺ **هەبێت .**

**هەر کەسێك گومانی هەیە لەحەرامێتیدا با سەرنج بدات بۆ ئەو بەڵگانەی کەهاتوە لەقورئانی بیرۆزو لەفەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەری خوادا** ﷺ.

**خوای گەورەو میهرەبان دەفەرمووێت:**

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴾ [لقمان: ٦] .

**زۆربەی لێکدەرەوانی قورئان لەسەر ئەوەن کەبەڕاستی مەبەست بەمە واتا** (لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ) **بریتییە لە (مۆسیقاو گۆرانی) ، ابن مسعود** رضي الله عنه **فەرموویەتی (والله الذي لا أله غيره أن ذلك هوالغناء)**[٣].

---

(١) (رواه الطبري: ١٣ / ٨٢).

(٢) (البخاري: ٥٥٩٠، ومسلم: ٣٠٣٢).

(٣) (تفسير القرطبي: ١٤/٤٨).

واتە: سوێند بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێك بەحەق نییە غەیری ئەو نەبێ کە (اللّه) یە, مەبەست پێی گۆرانیو مۆسیقایە سێ جار ئەو سوێندەی دووبارە کردەوە.

لێکدانەوەی هاوەڵان بۆ قورئان بەڵگەیەو دەبێتە بەڵگە چونکە زاناترین کەسن بە قورئان .

• **زانای پایەبەرز** شيخ الإسلام ابن تيمية **دەفەرمووێت**: (...... قوله وإباحه الغناء فيقال له هذا من الكذب على الأئمة الأربعة فانهم متفقون على تحريم المعازف التي هي ألات اللهو كالعود و نحوه... )[٤] .

واتە: ئەو کەسەی کەدەڵێ گۆرانی وتن ڕەواو دروستە, ئەوە پێی دەڵێم ئەمە درۆ کردنە بەدەم پێشەوای هەر چوار مەزهەبەکەوە کەبریتین لە (أبو حنيفه ومالك وشافعي احمد) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) چونکە هەر چوار پێشەواکە یەکدەنگن لەسەر حەرامێتی ئامێرەکانی مۆسیقا ئەو ئامێرانەی هۆکاری سەرگەرمی و خافڵاندنن وەکو عودو هاوشێوەکانی .... **هتد** .

• عومەری کوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێبێت) نامەی نارد بۆ مامۆستای منداڵەکەیو تیایدا نووسیبووی: با یەکەم شت کەلەتۆوە فێری دەبن لەپەروەردە کردندا باڕق لێبوونی غافڵ کەرەکان بێت, کەسەرەتاکەی لەشەیتانەوەیە کۆتای یەکەشی توڕەبوونی خوای گەورەیە چونکە من لەکەسانی جێی سیقەوە لەزانستهەڵگرانەوە پێم گەیشتووە کە ئامادە بوونی کۆڕی مۆسیقاژەنو گوێگرتن لە گۆرانی وتن دووڕوویی لە دڵدا دەڕوێنێت وەکو چۆن کە ئاو گژو گیا دەڕوێنێت[٥] .

• عبدالله ی کوڕی مسعود رضي الله عنه فەرموویەتی: (الغناء ينبت النفاق في القلب كما ينبت الماء الزرع, والذكر ينبت الإيمان في القلب كما ينبت الماء الزرع)[٦].

واتە : (گۆرانی ومۆسیقا دووڕوویی لەدڵدا دەڕوێنێت هەروەکو چۆن ئاو گژو گیا دەڕوێنێت, یادی خوای گەورە باوەڕ لەدڵدا دەڕوێنێت وەکو چۆن ئاو گژو گیا دەڕوێنێت).

• ئەبو بەکری صدیق رضي الله عنه کاتێ بینی دوو جاریە بچوکەکە دەف لێدەدەنو گۆرانی دەڵێن ئاگاداری کردنەوەو فەرمووی: (مزمور الشيطان)[٧] .

واتە: جووزەلەی شەیتانە, وەپێغەمبەری خوا ﷺ بێ دەنگ بوو لەسەریو نەیفەرموو وانییە.

---

(٤) (منهاج السنة النبوية: ٣/ ٤٣٩).

(٥) (رواه ابن ابي الدنيا, وابن الجوزي: ٢٣٥).

(٦) (رواه ابن ابي الدنيا: ١٣٠, والبيهقي).

(٧) (متفق عليه)

* تێبینی: هەندێ کەس ئێستا واتێی گەیشتون کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ بێدەنگ بوو بێت لەسەر لێدانی (دەفو گۆرانی جاریەکان)، نەخێر ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ بێدەنگ بوو لەسەر وتەکەی ئەبو بەکری صدیق رضي الله عنه کاتێ کە فەرمووی (مزمور الشیطان)ە .

• عوسمانی کوڕی عەففان رضي الله عنه باسی فەزڵی خودا دەکات بەسەرخۆیەوە لەوەی کە نەکەوتۆتە ناو ئەو تاوانەوە دەفەرموویت: (ماتغنیت ولاتمنیت)[٨] . واتە: نەگۆرانیم وتووە نە ئاواتو تەمەنام کردووە کە بیڵێم .

•پێغەمبەری خوا ﷺ لەفەرموودەیەکی پیرۆزدا دەفەرموویت: (لیكونن في هذه الأمة خسف ومسخ وقذف. فقال رجل من المسلمين يارسول الله ومتى ذلك؟ قال: إذا طهرت القيان والمعازف وشربت الخمور)[٩].

واتە: لەم ئوممەتەدا ڕۆچوون بەزەویداو شێوە گۆڕین وبەردە باران ڕوودەدات، پیاوێك لەموسڵمانان ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کەی ئەوە ڕوودەدات فەرمووی: کاتێك گۆرانی بێژو مۆسیقا ژەن پەیدابوون وەعارەقیش خورایەوە.

خوێنەری خۆشەویست سەرنج بدەو بزانە چ هۆکارێك وای کردووە کە لەلای زۆرێکمان زۆر ئاساییە وبەسووك تەماشای ئەو تاوانە ئەکەین کەزۆرێك لەچینی گەنجانی مەشغوڵ وبێئاگا کردووە لەچێژ وەرگرتن لەسەرچاوە پاکەکەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کەئەویش گوێگرتنە لەئایەتە پیرۆزەکانی خوای گەورە وفەرموودە ڕاستەکانی خۆشەویستمان ﷺ .

بەڵام زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ بەئاشکرا لەزۆربەی ڕاگەیاندنەوە ( گۆرانی ومۆسیقا) بانگەشەی بۆ دەکرێت وخەڵکی پێ غافڵ دەکرێت لەیادی خوا، بۆیە دەڵێین ئەی گەنجانی بەڕێز ئەی موسڵمانی خۆشەویست ئاگاداربەو بڕوانە بزانە خوای گەورە لەبارەی ئەو شتانەی کە خەڵکی بەمەبەستی ئارامگرتنی دڵەکانیان بەکاریان دەهێنن لە وەسائیلە دونیاییەکان ئاگادارمان دەکاتەوە ودەفەرموویت: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ﴾ [الرعد: ٢٨].

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دڵەکانیان ئارامدەگرێت بەیادی خوا، ئاگاداربن بەیادی خوا دڵەکان ئارام دەگرێت.

بۆیە برای شیرینم بەڵگە نەویستە دوای ئەم ئایەتە پیرۆزە بۆ وازهێنان لەم جۆرە تاوانە کەبریتیە لە (مۆسیقا وگۆرانی) خوای پەروەردگار ئاگاداری کردوینەتەوە لێی، بۆیە دوو خاڵی زۆر گرنگ لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەدی دەکرێت:

١- گرتنە بەری وەسیلەی جگە لە یادی خوای پەروەردگار دڵەکان ئارام ناکات.

---

(٨) (رواه ابن أبي عاصم: ٢/٥٩٥، والطبراني: ١/٨٥).

(٩) (صحيح الجامع الصغير: ٦٧٥٤) .

٢- ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەتەنها بەیادی خوای پەروەردگار دڵەکان ئارام دەگرێت.

• خـوا ناسـێك دەفـەرمووێت: ئەگـەر مەلیکـەکانو نـەوەکانیان بیـان زانیایـە کـەچ دڵ ئـارامیو خۆشـیەك لـەدڵی ئیماندارانـدا هەیـە لێیـان دەسـەندین ئەگـەر بـە شمشێریش بێت، جـا داواکـارین لـەخوای گـەورە بمـان گێڕێـت لـەو کەسانەی کە دڵەکانیان ئارام دەگرێت بەیادی خـوا، وەخـوای گـەورە بمانپارێزێت لـەم جـۆرە تاوانـە وەبمانپارێزێـت لـەو غەفڵەتانـەی کـە سەرئەکێـشن بـۆ خـراپتر وەبەداخـەوە کاتێـك کـەئامۆژگاری کەسـێك دەکـەیت کـە سـەرقاڵە بەوکارەوە پێی دەڵێیت برای خۆشەویست ئەو کارەی تۆ دەیکەیت قەدەغـە کـراوە لەدینـداو بـۆی ڕوون دەکەیتـەوە بەبەڵگەوە لە وەڵامدا دەڵێت گوێ لەمە دەگـرم کەبریتیـە لـە ( الأناشيد الإســـلامية)واتـە: سـرودی ئـاینی لەهەنـدێك مۆسیقاو گۆرانی باشترە.

تێبینی: کاتێك دەوترێت ( الأناشيد الإسلامية ) دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١- ئەو ( الأناشيد الإسلامية)ا نەی کە ئامێرەکانی مۆسیقایان لەخۆ گرتوە .

٢- ئەو ( الأناشيد الإسلامية) انەی کە ئامێرەکانی مۆسیقایان لەگەڵدا نییە .

مەبەست لێرەدا کەدەوترێت قەدەغەکراوەو حەرامـە بریتییـە لـەخاڵی یەکـەم واتـا ئـەو سـرودانەی کـە ئالـەتی مۆسیقایان لەگەڵدا لێدەدرێت .

زانای پایە بەرزی ئیسلام صالح بن عبدالله الفوزان لـەکتابی (الخطبة المنبرية ج ٣ ص ١٨٤ – ١٨٥) لەسـەر ئـەم بابەتـە (الأناشيد الإسلامية) ڕونکردنەوەیەکی داوەو دەفـەرمووێت: ئـەوەی کـەوا پێویـستە ئاگادارکردنـەوەی لەسـەر بکرێـت کەوا زۆر بڵاوە لەناو گـەنجانی خـاوەن دینـدا ئـەویش بریتیـە لـەو شریت وکاسـێتانەی کـەوا پێـك هـاتووە لەسـروود کەبەزمانی عەرەبی پێی دەوترێت ( الأناشيد الإسلامية) کەبـەدەنگی جـەماعی دەوترێـت ئـەویش جۆرێکـە لـەگۆرانیو هەندێ جار بەدەنگێکی وەها دەوترێ کەفیتنـە دروسـت دەکـات. وەدەفرۆشـرێت لـەبازاڕو تۆمارگاکانـدا لەگـەڵ ئـەو شریتانەی قورئانی پیرۆزو وتاری ئایینی تێدا تەسجیل کراوە.

وەناوهێنانی ئەم گۆرانیانە بە( الأناشيد الإسلامية) ناوێکی هەڵەیە لەبـەر ئـەوەی ئیـسلام ( الأناشــيد الإســـلامية)ی بۆمان دروست نەکردووە، ئیسلام یادی خواو خوێندنی قورئانی پیرۆزی بۆمان حـەڵاڵ کـردووە، وەئیـسلام فێربـوونی زانستی بەسوودی بۆمان حەڵاڵ کردووە بۆیە پێویستە موسڵمانان ئاگادار بکرێنـەوە لـەم جـۆرە گۆرانیانـە وەمـەنعی فرۆشتنی بکرێت لەبازاڕەکاندا وەمەنعی بڵاوکردنەوەی بکرێت.

بۆیـە ئەوانـەی ڕەواج دەدەن بـەم جـۆرە گۆرانیانـە لەوانەیـە بڵـێن پێغەمبـەری خـوا ﷺ سـروودی گوتـووە لەچـەند کاتێکدا یان گوێی لێگرتووە یان بێدەنگ بووە لەسەری.

وەلامی ئەم پرسیارە ئەوەیە ئەو سروودانەی ووتراوە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ یان خۆی لەوێ بووەو یان بێدەنگ بووە لەسەری ئینکاری نەکردووە ئەو سروودانە کەوتراوە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ نەدەووترا بەدەنگێکی کۆمەڵ وەبەشێوەیەك وەکو گۆرانی وەناویش ناهێنرا بە ( الأناشـيد الإسـلامية) ئەوەی دەووترا پێك هاتبوو لەچەند دێڕە شعرێکی عەرەبی کە باسی (حیکمەت)ی لەخۆ گرتبوو وەباسی چەند نموونەیەکی بەسوودو باسی ڕێزو ئازایەتی پیاوچاکانی دەکرد وەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ شعریان دەووت تاك تاك لەبەر ئەوەی ئەم مانایانەی لەخۆگرتبوو وەشعریان دەووت لەکاتی ئیش کردن وماندووبووندا وەکو بینا دروست کردن یان چوون بۆسەفەرێك لەکاتی شەودا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە شیعرانە حەلاڵە لەچەند کاتێکدا بەتایبەتی ئەوەك بکرێت بەپیشەیەك لەپیشەکان بۆ پەروەردە کردنو بانگەواکردن بەکاربهێنرێت وەکو لەم ڕۆژگارەدا دەیبینین کەپێی دەڵێن: (الأناشيد الإسلامية) یان ( الأناشيد الدينية) ئەمە تازە داهێنراوە لەدیندا ئەمە بریتیە لەدینی سۆفیگەری ئەوانەی کەوا (بیدعة) واتە شتی تازە لەدیندا دروست دەکەن وەپێویستە موسڵمانان وگەنجانی خاوەن دین لێی ئاگادار بکرێنەوە لەم تێکەڵ کردنە وەمەنع کردنی ئەو شریتانەی کە لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرێت لەبەر ئەوەی فیتنە سەرەتا دەست پێدەکات کەمەو ئاسانە بەلأم وردە وردە زیاد دەکات ئەگەر پەلە نەکرێت بۆ لەناو بردنی لەناو موسڵماناندا.

لەکۆتایدا داواکارین لەخوای گەورە گوێڕایەڵیمان پێ ببەخشێتو وەهیدایەتمان بدات بۆ گەڕانەوە بۆلای قورئانی پیرۆزو سوننەتە پاکەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى اله وصحبه وسلم**

===============================

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

**لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن**

# نــوێــژ
# کۆڵەکەی دینە

✍: زينب حاجى محمود

--------------------------------

لەبڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين, أما بعد:

سەرەتا: وام بە باش زانی بابەتێکی لەم جۆرە بنووسمو پێشکەشی بکەم بە هەموو ئەو کەسانەی کە تا ئێستا گرنگی بە نوێژەکانیان نادەن، وە هیوادارم لەم بابەتەمدا بتوانم سوودێك بگەیەنم بە خوێنەری بەڕێز:

پێم خۆشە بەم ووتە پیرۆزەی (رَبُّ العالـــمين) دەست پێبکەم کە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ [الذاريات].

واتە: من جنۆکەو ئادەمیزادم درووست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە بەندایەتی من بکەنو بە تاکو تەنها من بپەرستن .

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوەو پێت دەڵێم: بۆچی تا ئێستا بیرت لەوە نەکردۆتەوە نوێژەکانت بە شێوەیەك بێت کە ڕەزامەندی خوای گەورەی لەسەر بێت؟؟؟

خۆ تۆ هەتاهەتایە لە ژیاندا نامێنیو ڕۆژێك دێت مردن یەخەت بگرێت!

ئەوەش باش بزانە کە مردن بە دەوڵەمەندیو فەقیری نییە! وە بەجوانی و ناشیرینی نییە! وە بە زیرەکیو تەمەڵی نییە! وە بە پیریو گەنجی نییە! وە بە گەورەو بچووکی نییە! چەندەها کەس هەبوون لە تەمەنی منو تۆش بچوکتر بوون کە چی ئێستا مردوون, هەریەکێك لە ئێمە ڕۆژی مردنی دیاری کراوە, باشە قەت بیرت لەوە نەکردۆتەوەو بڵێی: خۆ هەردەبێت ڕۆژێك بێت منیش بمرم بۆ چی تەمەنی ئاڵتونیم بە فیڕۆ بچێ؟

وە ئەم پرسیارەش لە خۆت بکەو بڵێ: باشە بۆچی شەیتان گاڵتەم پێ بکات؟ لە کاتێکدا کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاگادارمانی کردۆتەوەو فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ الشَّيْطَانُ ۖ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٢﴾﴾ [الزخرف].

واتە: با شەیتان ڕێتان پێنەگرێتو لە ڕێی ڕاست لاتان نەدات، چونکە بێگومان ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە.

بەڕاستی مردن حەقەو ئەو حەقەش هەموو کەسێك دەبێت بیچێژێت, ئیتر ئەمڕۆ بێت یان سبەی وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ۗ ﴿١٨٥﴾﴾ [آل عمران] .

واتە: هەموو نەفسێك دەبێت مردن بچێژێت، کە تۆش مردیت ئەوا ناتوانی بۆ یەك چرکەش بێت بگەڕێیتەوەو تەوبە بکەی, هەروەها لە دوای مردن دەرگای تەوبە دادەخرێو تەوبە لە کەس وەرناگیرێ, بۆیە تادرەنگ نەبووە تەوبە بکەو نوێژەکانت بە ڕێکی ئەنجام بدە .

پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ دەفەرمووێ: (رَأْسُ الأَمْرِ الإِسْلاَمُ وَعَمُودُهُ الصَّلاَةُ ...)[1].

واتە: سەری هەموو شتێك ئیسلامە، وە بڕبڕەی پشتی ئیسلامیش نوێژ کردنە، بە واتایەکی تر: (نوێژ کۆڵەکەی دینی ئیسلامە) .

وە هەروەها دەفەرمووێت:

---

(١) (صحيح سنن الترمذي: ٢٦١٦)

(أَوَّلُ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الصَّلاَةُ فَإِنْ صَلُحَتْ صَلَحَ لَهُ سَائِرُ عَمَلِهِ، وَإِنْ فَسَدَتْ فَسَدَ سَائِرُ عَمَلِهِ)(٢).

واتە: یەکەمین کردەوە کە لە ڕۆژی دواییدا بەندەی لەسەر موحاسەبە دەکرێت نوێژە, ئەگەر نوێژەکەی ڕێکو چاکو تەواو بوو ئەوا سەرجەم کردەوەکانی تریشی چاکو تەواو دەبێت، وە ئەگەر خراپ بوو ئەوا سەرجەم کردەوەکانی تریشی تەواو نابێت .

سوێند بە خوا نوێژ کردن دڵو دەروونت ئاسوودە دەکات, بۆیە تکات لێدەکەمو ئامۆژگاریم ئەوەیە تادرەنگ نەبووە دەست بکە بە نوێژ کردنو قیامەتی خۆت مەفەوتێنە بۆ دونیایەك کە وەك پارچە بەفرێك وایە کە لەناو دەستتدا بیٚو هەردەبیٚ بتوێتەوەو ببێت بە ئاو و نەمێنیٚ, بەڵام ئەو بەهەشتەی کە خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ موسڵمانانی لەخواترسی ئیمان جێگیر پانایەکەی بە قەد هەموو زەوی‌و ئاسمانەکانەو خۆشییەکەی هەرنابڕێتەوە.

هەروەها ئەوەش بزانە کە بێباوەڕان (ئەو کەسانەی کە تا ئێستا باوەڕیان بە مردنو نوێژکردنو باڵاپۆشیو تەوبە کردن نییە) لە قەبردا فریشتەیەکیان بۆ دانراوە سزادەری بێت .

خۆ ئەگەر باوەڕی هێنابیٚو نوێژی بە ڕێکی کردبیٚو خۆی پاراستبیٚ لە کارە خراپو پڕوپوچەکانی ئەم دونیا براوەیە ئەوا ئەم کردەوە چاکانە دەبنە ڕێگر لەو سزا سەختەی قەبرو قیامەتو دەبنە هۆی سەرکەوتنی لەو ڕۆژەی کە نە باوکو نە دایکیش بە هانای ڕۆڵەیانەوە ناچن لەو ڕۆژەی کە خوای پەروەردگار لە قورئاندا بەم جۆرە بۆی باس کردووین: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ١ يَوۡمَ تَرَوۡنَهَا تَذۡهَلُ كُلُّ مُرۡضِعَةٍ عَمَّآ أَرۡضَعَتۡ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمۡلٍ حَمۡلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٞ ٢﴾ [الحج] .

واتە: ئەی خەڵکینە لە خوای پەروەردگارتان بترسن چونکە بەڕاستی کارەساتی بوومەلەرزەی قیامەت شتێکی زۆر گەورەیە (١) ڕۆژێك دەیبینن هەموو شیردەرێك بیٚئاگایە لەوەی کە شیری پیٚدەدات، وە هەموو خاوەن حەملێکیش حەملەکەی دادەنێتو خەڵکیش دەبینیت سەرخۆشنو لە ڕاستیشدا سەرخۆش نین بەڵام سزای خوا تووندو سەختە .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿يَوۡمَ تَكُونُ ٱلسَّمَآءُ كَٱلۡمُهۡلِ ٨ وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ٩ وَلَا يَسۡـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمٗا ١٠ يُبَصَّرُونَهُمۡۚ يَوَدُّ ٱلۡمُجۡرِمُ لَوۡ يَفۡتَدِي مِنۡ عَذَابِ يَوۡمِئِذِۭ بِبَنِيهِ ١١ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَأَخِيهِ ١٢ وَفَصِيلَتِهِ ٱلَّتِي تُـٔۡوِيهِ ١٣ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ يُنجِيهِ ١٤ كَلَّآۖ إِنَّهَا لَظَىٰ ١٥ نَزَّاعَةٗ لِّلشَّوَىٰ ١٦ تَدۡعُواْ مَنۡ أَدۡبَرَ وَتَوَلَّىٰ ١٧ وَجَمَعَ فَأَوۡعَىٰٓ ١٨ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ خُلِقَ هَلُوعًا ١٩ إِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ جَزُوعٗا ٢٠ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلۡخَيۡرُ مَنُوعًا ٢١ إِلَّا ٱلۡمُصَلِّينَ ٢٢ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَاتِهِمۡ دَآئِمُونَ ٢٣ وَٱلَّذِينَ فِيٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ حَقّٞ مَّعۡلُومٞ ٢٤ لِّلسَّآئِلِ وَٱلۡمَحۡرُومِ ٢٥ وَٱلَّذِينَ يُصَدِّقُونَ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ٢٦ وَٱلَّذِينَ هُم مِّنۡ عَذَابِ رَبِّهِم مُّشۡفِقُونَ ٢٧ إِنَّ عَذَابَ رَبِّهِمۡ غَيۡرُ مَأۡمُونٖ ٢٨ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ٢٩ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ٣٠ فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ ٣١ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ ٣٢ وَٱلَّذِينَ هُم بِشَهَٰدَٰتِهِمۡ قَآئِمُونَ ٣٣ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَاتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ٣٤ أُوْلَٰٓئِكَ فِي جَنَّٰتٖ مُّكۡرَمُونَ ٣٥﴾ [المعارج] .

---

(٢) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٣٥٨).

واتە: ڕۆژی قیامەت ئەو ڕۆژەیە کە ئاسمان وەکو مسو ڕۆنی تواوەی لێدێت ﴿٨﴾ وە شاخەکان وەکو خووری شیکراوەی لێدێت ﴿٩﴾ وە هیچ دۆستێك لە دۆستەکانی خۆی ناپرسێتەوەو بایەخیان پێنادات (واتە: کەس لە کەس ناپرسێتەوە ئەگەر چی دۆستو خۆشەویستیشی بێت) ﴿١٠﴾ لە کاتێکدا کە دەشیانبینن، تاوانبار خۆزگە دەخوازێت بەوەی کەوا کوڕەکانی بکات بە فیدای سزای ئەو ڕۆژە ﴿١١﴾ هەروەها خێزانەکەیو براکەشی ﴿١٢﴾ هەروەها ئەو بنەماڵەو عەشیرەتەش کە دەیگرنە خۆیان ﴿١٣﴾ هەروەها هەموو ئەو کەسانەش کە لە زەویدان بەس بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت ﴿١٤﴾ نەخێر، ئەوە ئاگرێکی بڵێسەدارە ﴿١٥﴾ پێستی روو و سەرو لەشی دائەماڵێت ﴿١٦﴾ وە ئەو ئاگرە بانگی ئەو کەسانە دەکات کەوا لە دونیادا پشتیان کردووە لە حەقو لاڕێبوونە ﴿١٧﴾ وە پارەی کۆکردۆتەوەو هەڵیگرتووەو لە پێناوی خوادا لێی نەبەخشیوە ﴿١٨﴾ بەڕاستی مرۆڤــ وا دروست کراوە کە سوورە لەسەر دونیاو خۆشیەکانی ـ بە شێوەیەك کە ـ ﴿٢٠﴾ ئەگەر زیانێکی پێبگات زۆر بێزارو بێتاقەت دەبێت ﴿٢٠﴾ وە ئەگەر خێرێکیشی تووش ببێت دەیگرێتەوەو لێی نابەخشێت ﴿٢١﴾ تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە نوێژگەرن ﴿٢٢﴾ ئەوانەی کەوا هەمیشە بەردەوامن لەسەر ئەنجامدانی نوێژەکانیان ﴿٢٣﴾ وە ئەوانەی کەوا لە نێو پارەو ماڵیاندا مافێکی دیاریکراوی زانراو هەیە ﴿٢٤﴾ بۆ ئەو کەسانەی کە داوادەکەنو ئەوانەش کە بێبەشنو داواناکەن ﴿٢٥﴾ وە ئەوانەی کەوا باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەیەو بە ڕاستی دەزانن ﴿٢٦﴾ وە ئەوانەی کەوا لە سزای پەروەردگاریان دەترسن ﴿٢٧﴾ بەڕاستی سزای پەروەردگاریان نابێت کەس خۆی لێ بێباك بکات بەڵکو دەبێت هەموو کەسێك لێی بترسێت ﴿٢٨﴾ وە ئەوانەی کەوا پارێزگاری دەکەن لە عەورەتیان ﴿٢٩﴾ ئیللا لە خێزانو کەنیزەکەکانیان نەبێت ئەوا لەمەدا گلەییان لەسەر نییە ﴿٣٠﴾ وە هەرکەسێك لە جگە لەوەدا بەکاری بێنێت ئەوا سنووری خوای بەزاندووە ﴿٣١﴾ وە ئەوانەی کەوا ئاگایان لە ئەمانەتو بەڵێنەکانیانە خیانەتی تێدا ناکەن ﴿٣٢﴾ وە ئەوانەی کەوا کە هەڵدەسن بە بەجێهێنانو دەربڕینی شایەتیدان لە کاتی پێویستدا ﴿٣٣﴾ وە ئەوانەی کەوا پارێزگاری دەکەن لە نوێژەکانیانو بە ڕێکوپێکترین شێوە ئەنجامیان دەدەن بێ کەمتەرخەمی ﴿٣٤﴾ ئا ئەوانە لە نێو باخەکانی بەهەشتدا ڕێزیان لێدەگیرێت ﴿٣٥﴾ .

ئەمە پاداشتو دەرئەنجامی کەسانی نوێژگەرە ئەو نوێژگەرانەی کەوا هەمیشە بەردەوامن لەسەر نوێژکردنو پارێزگاری دەکەن لەسەریو کەمتەرخەمی تێدا ناکەنو هەرگیز نوێژیان لێ نافەوتێت .

وە با پێکەوە ئاوڕێك بدەینەوە بە لای کەسانی کەمتەرخەم لە نوێژەکانیاندا و هەروەها ئەوانەش کە نوێژ ناکەنو دەیفەوتێنن بۆ ئەوەی بزانین چ پاسزاو دەرئەنجامێکیان هەیە:

## سزای ئەو کەسانەی کەوا کەمتەرخەمن لە نوێژەکانیاندا:

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ۝٤ الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥﴾ [الماعون] .

واتە: تیاچوونو سزا بۆ ئەو نوێژگەرانەی کەوا کەمتەرخەمی دەکەن لە نوێژەکانیانداو بایەخی پێنادەنو لە کاتی دیاری کراویدا دوای دەخەن .

وە خوای گەورە زەمی مونافیقو دووڕووکان دەکاتو باسی یەکێك لە سیفەتەکانیان دەکات کەوا تەمبەڵی دەکەن لە نوێژکردندا هەروەك فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلَاةِ قَامُوا كُسَالَىٰ ۝١٤٢﴾ [النساء] .

واتە: مونافیقەکان کاتێك هەڵئەسن بۆ نوێژکردن بە تەمبەڵیەوە هەڵئەسن .

جا ئەگەر ئەمە حاڵی کەسانی نوێژگەری کەمتەرخەمو تەمبەڵ بێت (واتە نوێژ دەکەن بەڵام کەمتەرخەمیو تەمبەڵی تێدا دەکەن) کە سیفەتی مونافیقەکانەو تووشی سزاو تیاچوونیان بکات ! ! ! کەواتە دەبێت حاڵی کەسانی نوێژنەکەر چۆن بێت ئەوانەی کە هەر نوێژ ناکەنو وازیان لێهێناوە ؟

## سزای ئەو کەسانەی کەوا هەر نوێژ ناکەن و وازیان لێهێناوە:

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ۝٣٨ إِلَّا أَصْحَابَ الْيَمِينِ ۝٣٩ فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءَلُونَ ۝٤٠ عَنِ الْمُجْرِمِينَ ۝٤١ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ۝٤٢ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ۝٤٣﴾ [المدثر] .

واتە: هەموو کەسێك لە ڕۆژی قیامەتدا گیرۆدەی کردەوەکانیەتی (٣٨) ئیللا ئەو کەسانە نەبێت کەوا نامەی کردەوەو کتێبەکانیان دەدرێتە دەستی ڕاستیان (٣٩) ئەوانە لە نێو باخەکانی بەهەشتەوە پرسیار دەکەن (٤١) لە تاوانبارەکان (٤١): چی ئێوەی بردە نێو دۆزەخەوە؟ (٤٢) ئەوانیش دەڵێن: ئێمە لەو کەسانە نەبووین کە نوێژیان دەکرد (٤٣) .

## ئایا دەزانیت ئەگەر کەسێك نوێژ نەکات لەگەڵ کێدا حەشر دەکرێت ؟

وەڵامی ئەم پرسیارەمان لەم فەرموودەیەی خوارەوە دەست دەکەوێت:

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ ذَكَرَ الصَّلاَةَ يَوْماً فَقَالَ:

**(مَنْ حَافَظَ عَلَيْهَا كَانَتْ لَهُ نُوراً وَبُرْهَاناً وَنَجَاةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ لَمْ يُحَافِظْ عَلَيْهَا لَمْ يَكُنْ لَهُ نُورٌ وَلاَ بُرْهَانٌ وَلاَ نَجَاةٌ، وَكَانَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَعَ قَارُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَأُبَيِّ بْنِ خَلَفٍ)**[٣].

واتە: ڕۆژێکیان پێغەمبەر ﷺ باسی نوێژی کردو فەرمووی: هەرکەسێك پارێزگاری بکات لەسەری ئەوا نوێژ کردنەکەی دەبێتە مایەی ڕووناکیو بەڵگە و ڕزگاربوونی لە ڕۆژی قیامەتدا، وە هەرکەسێکیش پارێزگاری نەکات لەسەری ئەوا ڕووناکیو بەڵگەو ڕزگار بوونی نیە، وە لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ (قَارُون وَفِرْعَوْن وَهَامَان وَأُبَيِّ بْنِ خَلَف) دا حەشر دەکرێت .

(٣) (رواه الإمام أحمد في مُسنَده رقم: ٦٧٣٣، والدارمي والبيهقي، وصححه الشيخ الألباني في مشكاة المصابيح: ٥٧٨).

(ابن القيم) **فەرموويەتی:** (وفيه نكتة بديعة وهو أن تارك المحافظة على الصلاة إما أن يشغله ماله أو ملكه أو رياسته أو تجارته، فمن شغله عنها ماله فهو مع قارون، ومن شغله عنها ملكه فهو مع فرعون، ومن شغله عنها رياسة ووزارة فهو مع هامان، ومن شغله عنها تجارته فهو مع أبي بن خلف)[٤].

**واتە: ئەم فەرموودەیە وانەیەکی کەم وێنەی تێدایە ئەویش ئەوەیە: ئەو کەسەی کە وازدێنێت لە پارێزگاری کردن لەسەر نوێژ یان ئەوەیە پارەو ماڵەکەی سەرقاڵی دەکات بۆ ئەوەی نوێژ نەکات یان موڵك یان دەسەڵات یان کەسابەتو بازرگانی، جا هەرکەسێك پارەو ماڵەکەی سەرقاڵی بکات بۆ نەکردنی نوێژ ئەوا لەگەڵ** (قارون)**دا حەشر دەکرێت، وە هەرکەسێك موڵکەکەی سەرقاڵی بکات بۆ نەکردنی نوێژ ئەوا لەگەڵ** (فرعون)**دا حەشر دەکرێت، وە هەرکەسێك دەسەڵات و وزارەتەکەی سەرقاڵی بکات بۆ نەکردنی نوێژ ئەوا لەگەڵ** (هامان)**دا حەشر دەکرێت، وە هەرکەسێك کەسابەتو تیجارەتەکەی سەرقاڵی بکات بۆ نەکردنی نوێژ ئەوا لەگەڵ** (أبي بن خلف)**دا حەشر دەکرێت .**

**وە خوای گەورە فەرموویەتی:**

﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ﴿٥٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا ﴿٦٠﴾﴾ [مريم] .

**واتە: لە پاش پێغەمبەران‌و شوێنکەوتوە ڕاستەقینەکانیان کەسانێك هاتن بەرەو دوا ڕۆیشتن‌و خۆیان دواخست لە ڕێبازی ئەوان بەوەی کەوا نوێژیان فەوتاندو نەیاندەکردو شوێنی ئارەزووەکانیان کەوتن ئەوانە لەداهاتوودا تووشی زەرەرو سزای سەخت دەبنەوە ﴿٥٩﴾ ئیللا ئەوانەیان نەبێت کە تەوبە دەکەن‌و ئیمان‌و باوەڕ دێنن‌و کردەوەی چاکە دەکەن ئا ئەمانە دەچنە نێو بەهەشتەوەو هیچ ستەمیان لێناکرێت .**

**کەواتە خوێنەری بەڕێز هەندێك بیربکەرەوە لەوەی کە ئێمەی ئادەمیزاد بۆچی دروست کراوین؟ هەندێك بیربکەرەوە لە مردن, هەندێك بیربکەرەوە لەسەرئەنجامی تاوان کردن, هەندێك بیربکەرەوە لەو ڕۆژەی کە خۆت بە تاقو تەنها لە گۆڕدای نە دایك نە باوك نە برا نە خوشك نە پارە نە قەسرو سەیارە نە شەهادەی بەرز , هیچ بە هاناتەوە نایەت جگە لە کردەوە چاکەکانت نەبێت کە لە دونیادا ئەنجامت دابوون .**

**دووبارە داوات لێدەکەمەوە تا دەرگای تەوبەت لێدانەخراوە تا کارلەکار نەترازاوە تا زمانت توانای پاڕانەوەی هەیە لە خوای گەورە تا چاوەکانت توانای بینینیان هەیە بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بگەڕێرەوەو تەوبە بکە با لە دواڕۆژدا نەبیت بە ئەهلی دۆزەخ, مەڵێ تاوانم زۆرەو ناتوانم تەوبە بکەم ئەی نازانی تەوبە بۆ ئەو کەسانەیە کە تاوانیان کردووەو گوێڕایەڵی خوای گەورەیان نەکردووە ئیتر بە نوێژ نەکردن بێت یان بە نەکردنی باڵاپۆشی بێت بۆ خوشکان یان بە هەر تاوانێکی تر ... هتد، ئەی نازانی ئەو تەوبە کردنەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانت ببورێت؟ وەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاگادارمان دەکاتەوەو دەفەرمووێت:** ﴿قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾﴾ [الزمر]

---

(٤) (الصلاة وحكم تاركها ص: ٦٣ — ٦٤) .

واتە: بڵێ ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە ڕۆچوونو زیادەڕەویتان کردووە لە تاوان کردن بێئومید مەبن لە ڕەحمەتو میهرەبانی خوا چونکە بەڕاستی خوا لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبێت، بەڕاستی خوا لێبووردەو بە بەزەییە .

بەڕاستی بایەخدان بە نوێژو پارێزگاری کردن لەسەری ئەوەندە گرنگە تەنانەت وەصێتو دواین ئامۆژگاری پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوممەتەکەی بریتی بووە لە نوێژ:

عَنْ عَلِيٍّ رضي الله عنه قَالَ: كَانَ آخِرُ كَلَامِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ: (**الصَّلَاةَ الصَّلَاةَ** ...)(٥) .

واتە: دوا وتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بریتی بوو لە: ئاگاتان لە نوێژەکانتان بێت ئاگاتان لە نوێژەکانتان بێت .

وە کۆتا وتەی منیش ئەوەیە داواکارم لەو خوایەی کە منی هیدایەت داوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست, هەمووان هیدایەت بدات پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێت کە پەشیمانی سوودی نییە, وە زۆر سوپاسی خوێنەری بەڕێز دەکەم کە چەن چرکەیەك لە تەمەنی بە خوێندنەوەی ئەم نووسراوە بەخشی، هیوادارم توانیبێتم لەو چەن چرکەیەدا هەندێك سوودم پێ گەیاندبێت, بە هیوای نوێژێك کە ڕەزامەندی خوای گەورەی لەسەر بێ بۆ هەموو لایەك . ئامین

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

==================================

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

**لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن**

(٥) (صحيح سنن أبي داود: ٥١٥٦) .

# حوکمی کڕینو فرۆشتنی ئاڵتونو زیو بە قەرز

م/ محسن محمود سليمان
پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی
صلاح الدين لە زەڕایەن

==================================

لە بڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

**عێراق - کوردستان - کەلار**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين .

بە یارمەتی خوای گەورەو میهرەبان بەکورتی حوکمی کڕینو فرۆشتنی ئاڵتونو زیو بە قەرز ڕوون ئەکەمەوە چونکە ئەبینین زۆرێك لە موسڵمانان دووچاری ئەم جۆرە بەیعە بوونە, بەراستی یەکێك لەو شتانەی کە دەکەوێتە ژێر حوکمی ریباوە کڕینو فرۆشتنی ئاڵتونو زیوە بە قەرز, وەخوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ ۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ (البقرة: ٢٧٥) .

واتە: ئەو کەسانەی کە ریبا دەخۆن کاتیك زیندو دەبنەوە لە ڕۆژی دواییدا هەر ئەڵێی شەیاتێنی دەستی لێ وەشاندون, چونکە ئەوان ئەیان ووت کڕینو فرۆشتنیش هەروەکو ریبا وایە (هەردووکیان بە لای کافرەکانەوە یەکسانن), بەڵام خوای گەورە کڕینو فرۆشتنی حەڵاڵ کردووەو ریبای حەرام کردووە، پاشان هەر کەسێك ئامۆژگاری پەروەردگاری پێ گەیشتو وازی لە سو خواردن هینا ئەوا چاوپۆشی لێ دەکرێت لەو سوەی کە لە پێشدا خواردویەتی واتە: بەر لە دابەزینی حوکمی حەرام بوونی سو، بەڵام هەر کەسێك لە دوای دابەزینی ئەم حوکمە گەڕایەوە بۆ سو خواردن ئا ئەوانە دەبنە هاوڕێی ئاگرو بە هەمیشەی تیایدا دەمێننەوە .

هەر بۆیە مامەڵە کردن بە ریبا بەهەر شێوەیەك بێت حەرامەو یەکێکە لە گوناهە گەورەکان، چونکە ئیعلان کردنی جەنگە لەگەڵ خواو پێغەمبەردا ﷺ وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ﴾(البقرة: ٢٧٨ – ٢٧٩).

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە بنو سنور شکێنی مەکەنو واز بێنن لە پاشماوەی ئەو سوەی کە بەلای خەڵکەوەیە هێشتا ئەگەر ئێوە باوەڕداری تەواون, خۆ ئەگەر دەستان لە سو خۆری هەڵنەگرت ئەوا ئیعلانی جەنگیکی گەورە بکەن لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا ﷺ خۆ ئەگەر دەست لە سو خۆری هەڵگرنو پەشیمان ببنەوە ئەوا سەرمایەکانی خۆتان بەتەنهاو بێ سو لە قەرزارەکان بسەننەوە, ئیتر نە ئێوە لە قەرزارەکان ستەم بکەن نە ئەوانیش ستەمتان لێ بکەن).

## پێناسەی ڕیبا

(ریبا) یان( سو) بریتییە: لە وەرگرتنی هەر زیادەیەك لە بەرامبەر کێشی مادەیەکی ڕیبەوی تر کە هاوجنسی خۆی بێت, وەك گەنم بە گەنم یان ئاڵتون بە ئاڵتون, بەڵام هەرکاتێك هاوجنسی خۆی نەبوو وەك گەنم بە جۆ یان بە خورما, یان ئاڵتون بە زیو ئەوا دروستە بە زیادو کەم بفروشرێت بەڵام نابێت قەرزی تێدا بێت.

یان بریتیە لە وەرنەگرتنی مادە ڕیبەوییەکان دەست بە دەست لەکاتی کڕینو فرۆشتنداو دواخستنی بۆ کاتێکی تر.

# جۆرەکانی ڕیبا

ریبا بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بەدو بەشەوە:

١- ربا الفضل: واتە زیاد کردن.

بریتییە لە فرۆشتنی شتێك بە زیاتر لە کێشی خۆی, یان پارەیەك بە زیاتر لە ئەندازەی خۆی بە حازر.

وەك فرۆشتنی یەك کیلۆ گەنم یان جۆ یان خورمای چاك بە زیاتر لە کیلۆیەك لە جنسەکەی خۆی, وە هەروەها وەك فرۆشتنی سەد دینار بە سەدو دە دینار, یان دولارێك بە دوو دولار..... بە حازر.

کەواتە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە پێویستە گەنمە خراپەکە بفرۆشێتو پاشان بە پارەکەی گەنمی چاك بکرێت, یان ئاڵتونە بەکارهێنراوەکە بفرۆشێتو پاشان ئاڵتونی تازەی پێ بکرێت, وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە بیلال رضي الله عنه کە خورما خراپەکەی خۆی بفرۆشێتو بە پارەکەی خورمای چاك بکرێت.

٢- ربا النسیئة: واتە ریبای دواخستن.

وە ریبای نەسیئەش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

یەکەم/ بریتییە لە زیاد کردنی ئەو پارەیەی کە دەدرێت بە قەرز پێدراو بەرامبەر درێژ کردنەوە مودەی قەرزەکە, ئەم جۆرەیان کوتومت ریبای سەردەمی نەفامی بووە پێش ئسلام.

دووەم/ بریتییە لە دواخستنی یەکێك لەو دوو جنسەی کە کڕینو فرۆشتنەکەی پێدەکرێت لە کاتی مامەڵەکەدا, وەك کڕینو فرۆشتنی ئاڵتونو زیو بە قەرز, یان کڕینو فرۆشتنی پارە بە قەرز وەك دۆلار, دینار, تمەن, یۆرو....

عوبادەی کوری صامت رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ، وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ، وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ، مِثْلًا بِمِثْلٍ، سَوَاءً بِسَوَاءٍ، يَدًا بِيَدٍ، فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الْأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ )[1].

واتە: پێویستە لە کاتی کڕینو فرۆشتندا ئاڵتون بە ئاڵتون, زیو بە زیو, گەنم بە گەنم, جۆ بە جۆ, خورما بە خورما, خوێ بە خوێ, وەك یەك بن لە کێشداو بێ زیادو کەم, وە دەست بە دەستیش بێت واتە قەرزی تیادا نەبێت، بەڵام هەر کاتێك ئەم شتانە لەگەڵ هاو جنسی خۆی کڕینو فرۆشتنی پێ نەکرا ئەوا دروستە کڕینو فرۆشتنی پێ بکەن بەڵام بەو مەرجەی دەست بە دەست بێتو قەرزی تیادا نەبێت.

لە ئەنجامی وورد بوونەوە لەم فەرموودەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شتانەی کڕینو فرۆشتنی پێ دەکرێت ئەگەر هاوجنسی یەکتر بوون وەك ئاڵتون بە ئاڵتون گەنم بە گەنم.... پێویستە دوو مەرجی تیادا بێتەدی

یەکەم: پێویستە لە کێشدا وەك یەك بێت, واتە زیادو کەمی نەبێت.

---

(١) (رَوَاهُ مُسْلِمٌ).

دوەم: وە پێویستە دەست بەدەست بێت, واتە: قەرزی تیادا نەبێت٠

بەڵام ئەگەر لەگەڵ هاو جنسی خۆی کڕینو فرۆشتنی پێ نەکرا ئەوا تەنها یەك مەرجی تێدا پێویستە ئەویش ئەوەیە دەست بە دەست بێتو قەرزی تێدا نەبێت, وەك کڕینی ئاڵتونو زیو بە پارەی حازر ٠٠٠

کەواتە کڕینو فرۆشتنی ئاڵتونو زیو بە قەرز یان هەندێکی بە قەرزو هەندێکی بە حازر دەکەوێتە ژێر ئەم بابەتەوەو ریبایە, ئیتر جیاوازی نییە لە نێوان ئەو کەسانەی کە تەنها بەشی پێداویستی خۆیان دەکڕن یان ئەو زەرەنگەرانەی کە بە جوملە دەیکڕن بۆ بازرگانی پێکردنی٠

وە ئەمەی کە ووتمان لە پێشەوە کۆدەنگی زانایانی لەسەرە وەك ئیمامی نەوەوی و وەزیر ابن هوبەیرەو ئیبن حەجەر (رەحمەتی خوایان لەسەر بێت) دەفەرموون: هەموو زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە دروست نییە ئاڵتون بە ئاڵتون، زیو بە زیو کڕین وفرۆشتنی پێوە بکرێت ئیلا پێویستە وەزن بە وەزن بێت وە دەست بە دەست بێت واتە: قەرزی تیادا نەبێت, بەڵام ئەگەر ئاڵتون بە زیو بوو ئەوا دروستە لە کێشدا جیاوازبن بەڵام هەر پێویستە دەست بە دەست بێتو قەرزی تێدا نەبێت)[٢] .

بۆ زیاتر بەرچاو روونی موسڵمانان چەند فەتوایەکی دەستەی گەورە زانایانی هاوچەرخ لەم بارەیەوە دەخەینە روو:

١- پرسیار لە شێخ بن باز کرا (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی حوکمی گۆڕینەوەی ئاڵتونی کۆن بە تازە؟

لە وەڵامدا فەرمووی: (پێویستە لە پێشدا ئاڵتونەکەی خۆی پێ بفرۆشێتو پارەکەی لێ وەربگرێت پاشان ئەگەر ویستی بە نرخی رۆژ ئاڵتونی تازەی لێ بکڕێت, بەڵام دروستە ئاڵتون بفرۆشیت بە غەیری مەوادی ریبەوی وەك سەیارە, قوماش, گەنم, جۆ بە قەرز....)[٣].

٢- پرسیار لە شێخ ئیبن عوسەیمین کرا (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی حوکمی کڕین وفرۆشتنی ئاڵتون بە قەرز٠

لە وەڵامدا فەرمووی: (کڕین وفرۆشتنی ئاڵتون بە قەرز حەرامە بە کۆ دەنگی هەموو زانایان چونکە ریبای نەسیئەیە وەك لە فەرموودەکەی عوبادەی کوڕی سامت دا هاتوە رضي الله عنه)[٤] ٠

وە هەروەها موفتی پێشوی سعودیە شێخ محمد بن ابراهیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە وەڵامی پرسیارێکدا لەسەر کڕینو فرۆشتنی ئاڵتون بە قەرز فەرموویەتی: (کڕینو فروشتنی ئاڵتون بە پارەی سەردەم پێویستە دەست بە دەست وحازر بێ خۆ ئەگەر وانەبێت ریبایە)[٥] ٠

---

(٢) (المجموع: ٩/ ٣٩٢، واختلاف الأئمة العلماء: ٣٥٨/١, وفتح الباري: ٣٨٠/٤, والمغني: ١٢/٤, والفقه على مذاهب الاربعة: ١٧٤/٢)٠

(٣) (فتاوى إسلامية: ٧٧٠/٢)٠

(٤) (فتاوى اسلامية: ٧٧٥/٢)٠

(٥) (فتاوى الشيخ محمد بن إبراهيم: ١٠٧/٧)٠

٤- پرسیار لە شێخ ئیبن عوسەیمین کرا (رەحمەتی خوای لێ بێت) لەسەر ئەوەی کە هەندێك لە زەڕەنگەرەکان بەمەرجیان داناوە بو کڕینی ئاڵتونی کۆن لە فرۆشیار پێویستە ئاڵتونی تازەی لێ بکڕیت؟

لەوەڵامدا فەرمووی: (ئەمەش بەهەمان شێوە دروست نییە چونکە ئەمە فێڵێکی ترە بۆ کڕین و فرۆشتنی ئاڵتون بە ئاڵتون بە کێشی زیاتر, وە فێڵ کردن لە شەرع دا حەرامە, چونکە یاری کردنە بە حوکمەکانی شەرع, بەڵام ئەگەر هیچ رێکەوتنێك لە نێوانیاندا روونەدات ئاڵتونی خۆی پێ بفرۆشێت و پارەکەی لێ وەربگرێت پاشان ئەگەر ویستی ئاڵتونی تازەی لە لا بکڕێت, یان لە زەڕەنگەرێکی تری بکڕێت, وە ئەمەیان باشترە)[٦].

٥- وەهەروەها پرسیاری لێ کرا دەربارەی گۆڕینەوەی ئاڵتونی کۆن بە تازە لەگەڵ پێدانی کرێی دروست کردن؟

لەوەڵامدا فەرمووی: (دیسان ئەمەش حەرامەو ئەچێتە ژێر حوکمی ریباوە, هەروەك وتمان با ئەوەی خۆی بفرۆشێت و پارەکەی وەربگرێت پاشان ئاڵتونی تازە بکڕێت, بەڵام ئەگەر کەسێك پارچەیەك ئاڵتون ببات بۆ لای زەڕەنگەرێك بۆی دروست بکات وە دواتر کرێی دروست کردنەکەی بداتی ئەوا لەم حاڵەتدا دروستەو ناچێتە ژێر حوکمی ریباوە)[٧].

٦- پرسیار کرا لە لیژنەی دائیمەی فەتوا دەربارەی حوکمی پارە گۆڕینەوە بە قەرز؟

لەوەڵامدا فەرموویان: (گۆڕینەوەی دینار بە ریاڵ یان بە دۆلار دروستە بەو مەرجەی قەرزی تیادا نەبێت بە هیچ شێوەیەك, خۆ ئەگەر قەرزی تێ کەوت ئەوا دەبێتە ریبا)[٨].

## لە کۆتاییدا:

١- دواکارم لە موسڵمانان کە ئیتر واز لەم جۆرە کڕین و فروشتنە بهێنن چونکە بەدڵنیاییەوە ریبایە.

٢- پێویستە هەر کەسێك بە ئەندازەی ئەو پارەیەی کە پێیەتی ئاڵتون بکڕێت بە حازر, یان لای کەسێك پارە بە قەرز بێنێت و ئاڵتونەکە بە حازر بکڕێت.

٣/ ئاڵتون و زیو و پارە بە هیچ شێوەیەك دروست نییە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت لەگەڵ یەکدا بە قەرز, واتە پێویستە دەست بە دەست بێت بە حازر وەك کڕینی پارە بە پارە, یان ئاڵتون بە ئاڵتون, یان ئاڵتون بە پارە, یان زیو بە پارە.

٤- وە هەروەها پێویستە لەسەر زەڕەنگەرەکانیش کە خۆیان ئاڵتون بە قەرز نەهێنن وە بە قەرزیش نەیفرۆشن، چونکە جیاوازی لە نێوان کڕیارو فرۆشیاردا نییە وە بۆ هەردووکیان ریبایە.

---

(٦) (فتاوى اسلامية: ٢/٧٧٣).

(٧) (فتاوى اسلامية: ٢/٧٧٣).

(٨) (فتاوى اللجنة الدائمة: ١٣/٤٥٣).

٥- وە پارەی ئەمڕۆ بە هەموو جۆرەکانیەوە حوکمی ئاڵتونو زیوی هەیە، چونکە هەردووکیان هاوبەشن لە عیلەتی (ریبا )کە بریتییە لە (الثمنية) واتە: ئاڵتونو زیو وەك پارە حیسابیان بۆ دەکرێت کە بۆ کڕینو فرۆشتن بە کار دەهێنرێن هەروەك زانایانو پسپۆڕانی بواری شەریعەتو ئابوری ئیسلامی بە ڕوونی ئەمەیان ڕۆشن کردۆتەوە, بۆ زیاتر ئاشنا بوونت ئەتوانیت سەیری ئەم سەرچاوانەی لای خوارەوە بکەیت:

١- أبحاث هيئة كبار العلماء(١/٨٨_٩٣).

٢- فتاوى اللجنة الدائمة (١٣/٣٩٨).

٣- مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية (١٩/٥٥١).

٤- إعلام الموقعين لابن القيم (١/١٣٦).

٥- الموسوعة الكويتية (٣٦/٣٢١).

٦- الفقه الاسلامي وأدلته (٥/٤٠٩).

٧- الفتاوى الإقتصادية (١/٦٠).

**خوازیارم لە خوای پەروەردگار لە گوناهی هەمو لایەکمان ببورێتو یارمەتیمان بدات بۆ هەمو کارێکی چاك.**

وصلى الله وسلم على سيدنا ونبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين.

=================================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

# پێویستی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لە کڕین و فرۆشتنەکاندا

لسماحة الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز – رحمه الله –

وەرگێڕانی: م/ عبدالوالى عبدالرحيم على القزلجى

==================================

لەبڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله, والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.

له پاشاندا: له ڕاستیدا خوای گەورە لەسەر موسڵمانانی پێویست کردووە کە ڕاستگۆ و دڵسۆز بن لـە هـەموو کـڕین و فرۆشـتنەکاندا، وە درۆ کردن وفێڵ کردن و خیانەتی لەسەر حەرام کردوون, ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە لە ڕاسـتگۆیی و دڵـسۆزیی و گێڕانـەوەی سپاردەکاندا خێرو چاکەی کۆمەڵگای تێدایە هەروەها هاریکاری کردنی بەسود لـەنێوان تاکەکانیـدا، وە ڕزگـار بـوون لـە سـتەمکاری هەندێکیان لە هەندێکیان وە دەست درێژی کردنی هەندێکیان بۆ سەر هەنـدێکیان, وە بـە هـۆی ئـەوەی کـە فێـڵ کـردنو خیانـەتو درۆکردن خراپکردنی کاروباری کۆمەڵگەی تێدایەو دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان ستەم لـە هەنـدێکیان بکـەن وە دەبێتـە هـۆی بردنـی مـاڵ و سـامان بـە ناحـەق، وە دروسـت بـوونی ڕق و کینـە لەیـەکترو دوورکەوتنـەوە لـەنێوان کۆمـەڵگادا, هـەر بۆیـە لـە فەرموودەیەکی صەحیحی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە کە فەرموویەتی:

(الدين النصيحة ثلاثا، قلنا لمن؟ قال لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم)[1].

واتە: دین هـەمووی ئامۆژگاریـە، وتمـان بـۆ کـێ ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمووی: بـۆ خـوای گـەورەو بـۆ قورئانەکـەی وە بـۆ نێردراوەکەی وە بۆ پێشەوای موسڵمانان وە بۆ خەڵکی بە گشتی.

وە لە هەردوو صەحیحەکەدا (واتە بوخاری و موسلیم) لە جەریری کوڕی عەبدوڵای بەجەلیـەوە دەفـەرمووێت: (بايعت رسـول الله صلى الله عليه وسلم على إقام الصلاة وإيتاء الزكاة والنصح لكل مسلم)[2].

واتە: پەیمانم دا بە پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئەنجامدانی نوێژەکان وە پێدانی زەکات وە ئامۆژگاری کردن بۆ هەموو موسڵمانێك.

وە هەر لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە لە حەکیمی کوڕی حیزام رضي الله عنه فەرموویـەتی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: (البيعـان بالخيار ما لم يتفرقا فإن صدقا وبينا بورك لهما في بيعهما وإن كتما وكذبا محقت بركة بيعهما)[3] . واتـە: کڕیـارو فرۆشـیار سەرپـشکن لـە ڕازی بوون یان پەشیمان بوونەوە تا لەیەك جیانەبوونەتەوە, وە ئەگەر لە کڕینو فرۆشـتنەکەیاندا ڕاسـتگۆ بـوون وە چاکیو خراپـی ماڵەکەیان بۆ یەکتری باس کردو خستیانە پێش چاو ئەوا خوای گەورە بەرەکـەت دەخاتـە نـاو کـڕینو فرۆشتنەکەیانەوە, وە ئەگـەر عەیبـەکانیان شـاردەوە، وە درۆیـان کـرد لـە کـاتی کـڕینو فرۆشـتنەکەدا ئـەوا خـوای گـەورە بەرەکـەتی ئـەو کارەیـان لەسـەر هەڵدەگرێتەوە.

وە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرمووێت: (هەرکەسـێك فێـڵ بکـات لـە ئێمـە نییـە) وە لـە صـەحیحی موسـلیمدا هـاتووە لـە ئـەبو هورەیرەوە رضي الله عنه دەفەرمووێت:

---

(١) (أخرجه مسلم في صحيحه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٤٩٦٦).

(٢) (صحيح الترغيب والترهيب: ٧٥١ ).

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٢٨٩٦).

أن رسول الله ﷺ مر على صبرة من طعام فأدخل يده فيها فنالت أصابعه بللا فقال: يا صاحب الطعام ما هذا؟ قال: أصابته السماء يا رسول الله، قال: أفلا جعلته فوق الطعام حتى يراه الناس؟ ثم قال: من غش فليس منا)(٤) .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای خواردنێكدا تێپەڕی كە دانرابوو لەناو شتێكدا ئەویش دەستی خستە ناو خواردنەكەوە لەو كاتەدا دەستەكانی تەڕاییەكی پێگەیشت وە فەرمووی: (ئەمە چییە ئەی خاوەنی خواردن)؟ ئەویش وتی: ئەوە ئاوی باران لێیداوە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش فەرمووی: (ئایا نایخەیتە بەشی سەرەوەی خواردنەكە هەتا خەڵكی بیبینێ؟ هەركەسێك فێڵ بكات لەئێمە نییە).

ئەم فەرموودە ڕاستانەو ئەوەش كە لەو ڕوانگەیەوە هاتووە هەر هەمووی بەڵگەیە لەسەر پێویستی دڵسۆزی و ڕوونكردنەوە لە كڕین و فرۆشتندا، وە بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی درۆكردن و ساختە كردن و خیانەت لەو شتانەدا هەروەك چۆن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی هۆكاری بەرەكەتە لە مامەڵەدا, وە درۆو ساختەكردن هۆكاری نەمانیەتی, وە لە ئەمانەت و ڕاستگۆیی ئەوەیە كە ئەو عەیبانەی كە نادیارە ڕوونی بكەیتەوە بۆ كەسی كڕیار یان كەسی كرێچی وە دەرخستنی نرخی ڕاستی ئەو شتومەكە لە كاتێكدا كە لێی دەپرسرێت . وە ئەوە غەش و فریودانە كە زیادە بخرێتە سەر ئەو شتەی كە سەرپشك كراوی تێیدا یان زیادە بخەیتە سەر نرخی ئەو شتە بۆ ئەوەی كڕیار یان ئەوەی بە كرێ دەیبات ئەو پارە زیادەیە بدات یان نزیكی ئەو بڕە بدات، وە لە هەردوو صەحیحەكەدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە رضي الله عنه دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (ثلاثة لا يكلمهم الله يوم القيامة ولا ينظر إليهم ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم: رجل على فضل ماء بالفلاة يمنعه من ابن السبيل، ورجل بايع رجلا بسلعة بعد العصر فحلف له بالله لأخذها بكذا وكذا فصدقه وهو على غير ذلك، ورجل بايع إماما لا يبايعه إلا لدنيا فإن أعطاه منها وفى وإن لم يعطه لم يف)(٥).

واتە: سێ كەس خوای گەورە قسەیان لەگەڵ ناكات وە تەماشایان ناكات لە ڕۆژی دواییدا وە پاكیشیان ناكاتەوە لە تاوان وە سزایەكی سەختیشیان بۆهەیە, پیاوێك لە شوێنێكی چۆڵەوانیدا لەسەر ئاوێكە كە لێی زیادە كەچی ڕێگری دەكات لەو ڕێبوارانەی كە بەلایدا تێدەپەڕن وە ناهێڵێت لەو ئاوە بەكار بهێنن, وە پیاوێك شتومەكێك بە پیاوێك دەفرۆشێت لەدوای عەسر وە سوێندی بۆ دەخوات بە خوا كە ئەوەندەو ئەوەندەی پێداوە ئەویش باوەڕی پێدەكات لە كاتێكدا ئەو درۆ دەكات, وە پیاوێك بەیعەت دەدات بە پێشەوایەك تەنها لەبەر خاتری دونیا ئەگەر ماڵی دونیای پێببەخشێ ئەوا وەفا بە بەیعەتەكەی دەكات وە ئەگەر پێی نەبەخشێ ئەوا وەفا بە بەیعەتەكەی ناكات.

كەواتە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان كە لەخوا بترسن لە هەموو مامەڵەكانیاندا وە خۆیان بەدور بگرن لە هۆكارەكانی تووڕە بوونی خواو سزای سەختی كە بەڵێنی داوە بۆ ئەوانەی كە ساختەو فێڵ و خیانەت و درۆ دەكەن, هەروەك چۆن پێویستە لەسەر هەموومان كە ئامۆژگاری یەكتری بكەین بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و تەقوای خوا لە هەموو كاروبارەكاندا . لەبەر ئەوی ئەوە

---

(٤) (رواه مسلم وابن ماجة والترمذي، وانظر: صحيح سنن الترمذي: ١٣١٥).

(٥) (صحيح الجامع الصغير: ٣٠٦٨).

خۆشبەختی دونیاو دوا ڕۆژی تێدایەو دەبێتە هۆی سافی دڵەکانو چاکسازی کۆمەڵگا, وە هەروەها دەبێتە هۆی خستنەوەی بەرەکەت لە مامەڵەدا وە ڕزگار بوون لە خواردنی حەرامو ستەمی موسڵمان لە براکەی .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا ثم شبك بين أصابعه)[٦].

واتە: باوەڕدار بۆ باوەڕدار وەکو دیوارێك وایە هەندێکیان هەندێکیان تۆکمەو توندو تۆڵ دەکەن وە پەنجەکانی کرد بەناو یەکدا .

وە فەرموویەتی:

(مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى)[٧] .

واتە: وێنەی موسڵمانان لە خۆشەویستیو بەسۆزیو میهرەبانیدا لەگەڵ یەکتری وەکو وێنەی لاشەیەك وایە کە ئەگەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی ئەو لاشەیە توشی ئازار بوو هەموو لاشەکە توشی شەونخونیو تا دەبێت.

وە داواکارم لە خوای گەورە کە کاروباری موسڵمانان چاك بکات, وە دڵەکانیان کۆ بکاتەوە لەسەر تەقوا, وە سەرپەرشتیارەکانیان چاك بکات, وە ڕاستگۆیی بە هەموویان ببەخشێ, وە دڵسۆزیان بکات لەهەموو کاروبارەکانیاندا وە هاریکاری یەکتری بکەن لەسەر خێرو چاکە, وە هەر ئەو خوایە بەخشندەیە .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله و صحبه وسلم .

مجموع فتاوى و مقالات متنوعة: (١٠٣\٤ , ١٠٤ ) .

==================================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

(٦) (مشكاة المصابيح: ٤٩٥٥).

(٧) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٠٨٣).

# بالاپۆشی
# ڕێگایەکە بۆ بەختەوەری

✍ : آية عبدالله

======================================

لە بڵاوکراوەکانی

**مالّپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين وبعد:

خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩﴾ [الأحزاب] .

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزانەکانتو کچەکانتو ئافرەتی ئیماندارانیش بڵێ کەوا باڵایان سەرتاپێ بپۆشن، چونکە ئەو باڵاپۆشیە نزیکترە لەوەی کە بناسرێنەوە بە ڕەوشت پاکیو حەیاو حیشمەتو قورسو سەنگینی تاوەکو ئازار نەدرێن لە لایەن پیاوانی خراپەکارەوە، وە خواش لێبووردەو بە بەزەییە .

ئەی خوشکی بەڕێزم ئەی ئەو کەسەی خوای گەورە ڕێزی لێ ناوی بەوەی کە سورەتێکی لە قورئانی پیرۆزدا بەناوی تۆوە دابەزاندووە کە (سورة النساء)ە, ئەی ئەو کەسەی کە پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری موسڵمانانی کردووە بەوەی کە بە چاکە مامەڵەت لەگەڵدا بکەن:

(اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا)[١] .

خوشکی هاودینم: چەند ساتێك گوێ بدە بە قسەکانم چەند چرکەیەك لە ژیانی خۆت بۆ خوای میهرەبان تەرخان بکەو ئەم چەند دێڕەی بەردەستت بخوێنەوە ... ئەم بابەتەی کە باسی لێوە دەکەم دڵنیابە گرنگیەکی زۆری لە دونیاو قیامەتی منو تۆیشدا هەیە, ئەویش بابەتی (**باڵاپۆشی**)یە کە زۆر قسە لەخۆ دەگرێ , بەڵام هیوادارم بەچەند ڕستەو وتەیەك سوود بە خۆمو تۆش بگەیەنم، لێرەدا لەسەرەتای باسەکەمدا پرسیارێکت ئاڕاستە دەکەم: خوشکی بەڕێزم ئایا نوێژو ڕۆژوو بۆ کێ ئەنجام دەدەیت؟ ئەی بۆچی ئەنجامیان دەدەیت؟

بێگومان هەر هەموومان ئامادەییمان تێدا هەیە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە !

وەڵامەکەشی ئەوەیە: بۆ خوای گەورە ئەنجامیان دەدەم، چونکە فەرزی کردووە لەسەرم بۆ ئەوەی لە دونیاو قیامەتدا بەختەوەر بم .

جا خوشکە ڕێزدارەکەم ئەو خوایەی کە نوێژو ڕۆژووی لەسەرت فەرز کردووە هەر ئەو خوایەیە کە (**باڵاپۆشی**)و حیجابیشی لەسەرت فەرز کردووە بۆ ئەوەی لە دونیاو قیامەتدا بەختەوەر بیت, ئەمیش فەرمانێکی خوای گەورەیە بۆ بەندەکانی کە تایبەتە بە ئافرەتانی باوەڕدارەوە, لەوانەیە زۆر بیانوی جۆراوجۆر بۆ خۆت بهێنیتەوە, بەڵام خوای گەورە هەموو شتێك زۆر باش دەزانێتو یەکێك لە شتە زۆر باشەکانیش بریتیە لە (**باڵاپۆشی**) بۆ ئافرەتان بۆیە فەرزی کردووە لەسەریان, هیوادارم تۆش یەکێك نەبیت لەو ئافرەتانەی کە دەڵێن: جارێ گەنجینو کاتمان لە پێشەو هەر کاتێك گەورە بوین ئەو کاتە حیجاب دەکەینو باڵاپۆشین دەپۆشین! بەڕاستی ئەمە یەکێکە لەو بیانوانەی کە بە داخەوە ئافرەتانی موسڵمان ـ کە

(١) (صحيح البخاري رقم: ٥١٨٦).

خۆیان بە شوێن کەوتەی پێغەمبەر ﷺ دەزانن ـ خۆیانی پێ دەخەڵەتێنن, بەڕاستی تۆ لەکاتێکدا کە بە توانایتو دەتوانیت بەرەنگاری پیلانەکانی شەیتانو ناحەزانی ئیسلامو ڕەوشت بەرزیو نەفسو ئارەزوو ببیتەوە ئەگەر (**بالاپۆش**) بیت ئەو کاتە (**بالاپۆش**)یەکەت دەبێتە مایەی حەیاو حیشمەتو بەختەوەریو سەربەرزیت لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، خۆ ئەگەر لە کاتی پیریدا خۆت (**بالاپۆش**) بکەیت ئەوا لەبەر ئەوەی کە دیمەنو روخسارت تێکدەچێت دڵنیابە ئەو کاتە خوای گەورە لێت وەرناگرێت چونکە (**بالاپۆشی**) ئەو کاتەت لەبەر ڕەزامەندی خوا نییە!

وە ئایا تۆ لەلایەن هیچ کەسێکەوە پەیمانت پێدراوە کە چەندساڵێکی تر دەژیتو بەم زووانە نامریتو تەمەن درێژ دەبی؟ ئەی نەتزانیوە مردن بە گەنجیو پیری نییە کە تەمەن کۆتایی پێهات ئەوا دەبێت ماڵئاوایی بکەیت لە دونیا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ فَلَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ٤٩﴾ [یونس] .

واتە: هەرکاتێك کۆتایی بەتەمەنیان هات ئەوا بۆ ساتێکیش دواناخرێنو پێشیش ناخرێن, چونکە خوای گەورە خۆی ئەجەلی دیاری کردووە بۆ هەر یەکێکمان، چییە؟ تاکەی خۆت دەخەڵەتێنیت؟ تاکەی شەیتان لە خشتەت بەرێت؟

بە دڵنیایی منیش دەمرمو تۆش دەمریتو سەفەری قیامەت لە ڕێی هەموو کەسێکدایە! بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن دەمریتو چۆن ئەم دونیا کاتییە بەجێ دێڵی, ئەگەر ئیماندارو چاکەکار بیت بەردەوامیش بیت لەسەری ئەوا ڕۆح کێشانت ئاسان دەبێتو هەر لەسەرە مەرگدا مژدەی بەهەشتت پێ دەدرێت, بەڵام خوای گەورە پەنای منو تۆش بدات خۆ ئەگەر دوور لە خوا بیتو ملکەچی فەرمانی پەروەردگارت نەبیت ئەوا ڕۆح کێشانت زۆر ناڕەحەت دەبێتو دووچاری سزای سەختی دۆزەخ دەبیتەوە.

**وە بشزانە کفن نە گیرفانی هەیەو نە لەسەر مۆدێلیش دەدروێت!!!**

خوشکی بەڕێزم بەڕاستیو بەبێ گومان ئەم سەفەری مردنە سەفرێکی یەکجاریو دوورو درێژەو گەڕانەوەشی نییەو تۆش ڕێبواریت لەم دونیادا .. خوشکەکەم ئەو دیمەنەی ڕۆحکێشانو مردن بیهێنە پێش چاوی خۆتو ئەنجا ئاورێك لە کردەوەکانت بدەرەوە! بەڕاستی کە مردن یەخەتی گرتو ڕۆحت گەیشتە قورگت ئیتر زمان توانای قسەی نامێنێتو دەرگای تەوبە دادەخرێت! دەی بۆ تاوەکو دەرگای تەوبەت لێ دانەخراوە پەشیمان نابیتەوە؟

چونکە تۆ بەو جلەی کە لەبەرتدایە و پێی دەگەڕێیت پێچەوانەو بەرەنگاری فەرمانی خوایەك دەکەیت کە دروستی کردوویت, سوپاس بۆ خوای گەورە چەندین خوشکی تر هەن کە پێش تۆ پەشیمان بونەتەوەو گەڕاونەتەوە بۆ لای خوای گەورەو بەرگی ڕێزداریو حەیاو حیشمەتیان پۆشیوە دەی تۆش پەلە بکەو بگە بە کاروانی تۆبەکارانو چاکەکاران نەك ئەوانەی کە دەڵێن: جارێك زووە .. منداڵین .. گەنجین .. کاتمان ماوە!!! لە خوای گەورە زیاتر کەس نازانێت کەی دەمریت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣﴾ [آل عمران: ١٣٣].

واتە: پێش برکێ بکەن بۆ لێخۆشبوونی پەروەردگارتان‌و بۆ بەهەشتێك کە پانایيەکەی وەکو پانایيی ئاسمان‌و زەوييە کە ئامادە کراوە بۆ خۆپارێزان لە تاوان‌و خواپەرستان. دڵنیات دەکەمەوە ئەگەر ببیتە بالآپۆش ئەوا لەناختدا هەست بە خۆشی ئیمان دەکەیت‌و ئاسوودەو بەختەوەر دەبیت، وە ئەوەش باش بزانە کە خۆشی ئیمان‌و خۆشی قیامەت زۆر گرنگترە لەخۆشی دونیا, چونکە ئەم دونیایە کاتی‌یەو هەرچ شتێك بکەیت یان ببینیت هەر تەنها دەڵێی خۆش بوو یان جوان بوو, بەڵام خۆشی دوارۆژ باشترەو هەمیشەیی‌و بەردەوامیشە، وە ئەوەشت بیردەخەمەوە و ڕاتدەچەڵەکێنم بەوەی کە پێغەمبەر ﷺ جارێك ئاگری دۆزەخیان نیشانداو بینی زۆربەی ئەهلی دۆزخ (ئافرەت) بوون! دەزانیت بۆ چی؟ چونکە هەروەك لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا: ....، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ، مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ، رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ، لاَ يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا)[٢].

واتە: دوو چین لە ئەهلی ئاگرن‌و من نەیانمبینیون: ....، وە ئافرەتانێك کەوا پۆشاکیان لەبەردایەو ڕووتیشن، بە مەکرو نازو لارولەنجەوە ڕێدەکەن‌و سەنجی پیاوان بۆ خۆیان ڕادەکێشن، سەریان وەکو تۆپەڵەو کۆپانی سەر پشتی وشتر وایە، ئەو ئافرەتانە ناچنە ناو بەهەشتەوە و هەست بە بۆنەکەیشی ناکەن، هەرچەندە بۆنەکەی ئەوەندەو ئەوەندە ڕێگا هەستی پێدەکرێت

جا خوشکەکەم خۆت ڕزگار بکەو لە خەوی غەفڵەت ئاگادار بەرەوەو دڵنیابە کە تۆ بەرگەی ئەو ئاگرە ناگری, بۆ بەزەیت بەم لاشەیەت نایەتەوە؟

* ئیتر دەیخەمە دەست خۆت‌و خۆت لەم چرکە ساتەدا بڕیار بدە: دوونیای کاتیت دەوێت یان دوارۆژو بەهەشتی نەبڕاوەو هەمیشەیی؟

واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

==============================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

(٢) (صحيح مسلم رقم: ٥٧٠٤).

# دایكی بڕواداران (سەودەی كچی زەمعە)

## (خوای لێ رازی بێت)

# خاوەنی دوو كۆچ

دایكی ئەلەند

=====================================

لەبڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - كوردستان - كەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ٠

## سەودەی کچی زەمعە (خوای لێ رازی بێت):

ئێستاش لەگەڵ ئەستێرەیەکی گەشاوە بەنوری ئیسلام، هاوەڵێکی بەڕێز خاوەنی دوو هیجرەتو باوەڕێکی بەهێزو هەڵوێستی بەرز، دایکی باوەڕداران، ئەویش خاتوو (سەودەی کچی زەمعەی کوڕی عبدالشمس ی کوڕی عبدالودی عامریە) لەبنەماڵەیەکی قورەیشیە دایکیشی (شەمسەی کچی قەیسی کوڕی زەیدی کوڕی عامڕە).

ئافرەتێکی ڕەوشت بەرزو پاکو ڕاستو بەردەوامو چەسپاو بووە لەکارەکانی،

هەرچەندە داب ونەریتێکی باوبوو لەناو قورەیشیش بەڵام ئەم هەمیشە ڕقی لە کڕنووش بردن بووە بۆ بتە بێ سودەکان، سەودە جوانیەکی ئاسایی هەبووە نەزۆر جوانو نەزۆر ناشیرین بوو .

شووی کرد بە ئامۆزاکەی (سەکرانی کوڕی عەمرﷺ) برای هاوەڵی بەڕێز (سوهەیلی کوڕی عەمرﷺ) ژیانێکی زۆر سادەو ئاسودە ژیاوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وهەرزوو باوڕیان هێناو لە موسڵمانە پێشەنگەکان بوون.

دوا ی ئەو ئازارە زۆرەی کە لەلایەن قورەیشیەکان تووشی بوو پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێکردن بچن بۆ حەبەشە چونکە ئەوێ پادشایەکی لێیە ستەم لەکەس ناکات بۆ ئەوەی ئاینەکەیان پارێزراوبێ تاخوای گەورە ڕەحمیان پێدەکاتو ڕزگاریان دەکات لەدەست زوڵم وستەمی بێ باوڕان، ئەم کۆچ کردنە یەکەم کۆچ کردن بوو لە ئیسلام، سەودە لەگەڵ هاوسەرەکەی ئارامگرو خۆڕاگربوو زۆر ئازاری دووریان چەشت، لەگەڵ ئەمەش زۆری پێنەچوو(سەکرانی) هاوسەری مرد زۆر لەدووری ئەو دڵتەنگ بوو، خاتوو سەودە زۆر لەحەبەشە نەمایەوە گەڕایەوە مەککە بەڵام هیچ شوێنی نەبوو ڕووی تێ بکات ناچار گەڕایەوە ماڵی باوکی کەهێشتا باوەڕیان نەهێنابوو، پێغەمبەرﷺبەم هەواڵە زۆر دڵتەنگ بوو، ئەوەش لەکاتێك بوو خاتوو خەدیجە (خوای لێ رازی بێت): کۆچی دوایی کردبوو.

## شوو کردنی خاتوو سەودە بە پێغەمبەرﷺ:

لەکاتێکدا خاتوو خەدیجە(خوای لێ رازی بێت) کۆچی دوایی کرد هاوسەری بەوەفاو دڵسۆزی پێغەمبەرﷺ کاریگەری زۆری لێکرد هەموو کات بیری لای ئەوبوو، وەهیچ یەکێك لەهاوەڵان نەیاندەتوانی داوای ئەوەی لێبکەن ژن بهێنێ هەرچەندە پێغەمبەرﷺ زۆر پێویستی بەئافرەتێك بوو پشتیوانی بکاتو کاروباری ماڵەوەی بۆ هەڵسوڕێنێو منداڵەکانی بۆ پەروەردە بکاتو تەنها کەمێکیش ئەم بۆشاییەی بۆ پڕ بکاتەوە.

بەلاّم (خەولە) (خوای لێ رازی بێت) ئافرەتێکی باوەڕداڕو ڕاستگۆو چاونەترس بوو یەکێك بوو لە کۆچ کردووەکان لەگەڵ هاوسەرەکەی (عثمانی کوڕی مضعونﷺ) ومهاجرەکان کۆچی کرد بوو بۆ مەدینە، زۆر غەمبار بوو بۆ حاڵی پێغەمبەروﷺ منداڵەکانی بۆیە ڕۆژێك چووە لایو پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ژن ناهێنی؟

پێغەمبەرﷺ بەدڵێکی زۆر بەغەم فەرمووی: کێ هەیە جێگەی خەدیجەم بۆ بگرێتەوە ئەی خەولە؟

خەولە ووتی: ئەگەر بتەوێ ژن یان ئەگەر بتەوێ کچ!!

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەو کچە کێیە؟ خەولە (خوای لێ رازی بێت) وتی: کچی خۆشەویستترین هاوڕێتە (ئەبو بەکری صدیق ﷺ).

کەمێك بیری کردەوەو فەرمووی: ئەی ژنەکە کێ یە؟

ووتی: سەودەی کچی زەمعە (خوای لێ رازی بێت).

پێغەمبەرﷺ فەرمووی بۆم بخوازە.

پێغەمبەرﷺ عائیشەی (خوای لێ رازی بێت) مارە کردو سەودەی گواستەوە، چونکە عائیشە لەتەمەنێك بوو هێشتا منداڵ بوو.

ئەم دەنگو باسو هەواڵە لەناو خەڵکی زۆر بەگەرمی بلاّوبووەوە، هەرکەسێك ئەم هەواڵەی بزانیایە تووشی شۆك ئەهات وسەرسام ئەبوو، ئەیانووت چۆن پێغەمبەر ﷺ ئافرەتێکی بەم شێوەیەی خواستوە تەمەنی گەورەو جوانیەکی وەهای نییەو هەژارە!!....

چۆن ئەم سەودەی (خوای لێ رازی بێت) خواستوە لەدوای خەدیجە (خوای لێ رازی بێت) کەخاوەن جوانیو سامانو گەورە خانمی قورەیش بوو!؟......

بەلاّم هەرکەسێ لەخواترس بێ خوای گەورە دەرگای لێ ئەکاتەوە بەشێوەیەك کە هەستی پێناکات، پێغەمبەرﷺ کارەکانی پڕە لەحیکمەتو زانایی، زۆر بەزەیی بە خراپیو لاوازی حاڵی خاتوو سەودە ئەهاتەوە، وە بیری کردەوە منداڵەکانی پێویستیان بە ئافرەتێکی بە تەمەنو لەخواترس بوو چونکە ئەو کات خاتوو ڕوقییە (خوای لێ رازی بێت) شووی کردبوو بە خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفانﷺ، کەس نەبوو خزمەتیان بکاتو ئەم بارە لەسەر شانی پێغەمبەرﷺ سووك بکات، چونکە ئەو بۆ گەیاندنی پەیامی خوا بە تەواوی مرۆڤایەتی نێردراوە.

## بوو بەدایکی ئیمانداران:

خوای گەورە لەدونیا پاداشتی خۆڕاگریو مل کەچ نەکردنی خاتوو سەودەی(خوای لێ رازی بێت) بۆ بێ باوەڕان دایەوە، شەرەفێکی گەورەی پێ بەخشیو کردی بە هاوسەری کۆتا پێغەمبەرو دایکی ئیمانداران.

پێغەمبەرﷺ دەیزانی هیچ ئافرەتێك ناتوانێ شوێنی خاتوو خەدیجە (خوای لێ رازی بێت) پڕ بکاتەوە، بەلاّم خاتوو سەودە(خوای لێ رازی بێت) کاتێ چووە ماڵی پێغەمبەرﷺ ئافرەتێکی نەرمو نیانو لەسەرخۆ بوو زۆر بەباشی

خزمەتی منداڵەکانی ئەکرد هەرچەندە ئافرەتێکی لاشە قورس بوو زۆر هەوڵی ئەداو هەموو توانای ئەخستە گەڕ بۆ ئەوەی لەجێی ئەم ئەرکە بێت کەپێی سپێردراوە، وەهەوڵی ئەدا خۆشیو بەختەوەری بخاتە ئەم ماڵە پیرۆزە، ئەگەڕا لە هەواڵێك دڵی ئەندامانی ئەم ماڵە خۆش بکات بۆیە زۆر لە هەواڵی خاتوو ڕوقییە (خوای لێ رازی بێت) وئیمامی عوسمانی ﷺ ئەپرسیو بۆیانی ئەگێڕایەوە چونکە ئەوان (ڕەزای خوایان لێ بێ) کۆچیان کرد بوو بۆ (حەبەشە) پێغەمبەرﷺ بەبیستنی هەواڵیان زۆر دڵخۆش ئەبوو، خاتوو سەودە (خوای لێ رازی بێت) بەقسە خۆشەکانی ئەم ماڵە پیرۆزەی شاد کرد بوو، وە پێغەمبەر ﷺ زۆر ڕێزی تەمەنی ئەگرتو ئاگای لەدڵی بوو.

## هەڵوێستێکی ناوازە:

سەودەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ رازی بێت) هەڵوێستی ناوازەی هەبوو گەورەیی دەرئەکەوت بەو کارانەی ئەنجامی ئەدا، وەك زانراوە ماناو مەبەست لە ژن هێنانو بنەماکەی بەپلەی یەکەم دامەزراوە لەسەر چێژ وەرگرتن لەلایەنی سۆزو ویژدانەوە ئینجا لەدوایی مەبەستەکانی تر.....بەڵام لەم بارودۆخە سەیری کرد خاتوو (سەودە) (خوای لێ رازی بێت) ناتوانێ ئەم هەقە بدات تەمەنیشی زۆر گەورە بووە بۆیە پێغەمبەر ﷺ نەیدەتوانی خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕێ ئەمەش هەقی هەموو ئافرەتێکە بۆیە خاتوو (سەودە) (خوای لێ رازی بێت) ئەیزانی پێغەمبەرﷺ بەزەیی پێدا هاتۆتەوەو بۆ ڕێزگرتن لەباوەڕەکەیو خۆڕاگرییەکەی خواستویەتی، پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی لەم حاڵەتی شەرمەزاریە ڕزگاری بکات نەیدەویست بێ بەشی بکات لەهەقی خۆی بۆیە شەوێك پێغەمبەرﷺ لەلای دانیشت زۆر بەحەکیمانەو بەنەرمی ئەم بارەی تێگەیاندو ویستی لێی جیابێتەوە بۆ ئەوەی خاتوو سەودەش (خوای لێ رازی بێت) هەقی نەڕوات، بەڵام خاتوو (سەودە) (خوای لێ رازی بێت) بە پێغەمبەریﷺ فەرمووی: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تەڵاقم مەدەو با لەژێر سێبەری تۆ بمێنمەوە، چیم نەماوە لەژن ومێردایەتی، بەڵام ئاواتەخوازم ئەم شەرەف وڕێزە لەدەست نەدەم کەخوای گەورە پێی بەخشیومو وەك خێزانی تۆ زیندو بکرێمەوە لە ڕۆژی دوایی).

پێغەمبەریشﷺ رازی بوو.

سێ ساڵ دوای ئەو پێغەمبەرﷺ خاتوو عائیشەی (خوای لێ رازی بێت) هێناو خاتوو سەودە (خوای لێ رازی بێت) دڵی پڕ بوو لەئیمانو خاوەن دڵێکی فراوان وهەڵوێستی ناوازە بوو... شەوەکانی بۆ خاتوو عائیشە ڕەت کردەوە، خوای گەورە لەبەر ئەم هەڵوێستەی ئایەتی نارده خوارەوە دەفەرمووێ:

﴿وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ ﴿١٢٨﴾﴾ (النساء) .

خاتوو عائشە لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرمووێ: ئەگەر ژنێك لای پیاوێك بێتو نەتوانێ کاری پێویست ئەنجام بدات پیاوەکە ئەیەوێ لێی جیابێتەوە ئەویش دەترسێ تەڵاق بدرێ ئەڵێ حەز ناکەم تەڵاقم مەدە ئەگەر دەتوانی چارەسەرێکم بۆ بدۆزیتەوە .

## کۆچ کردنی دووەمی بۆ (مەدینە):

خاتوو سەودە(خوای لێ ڕازی بێت) لەمەککە مایەوە تاخوای گەورە ڕێگای بە پێغەمبەرﷺ دا کۆچ بکات بۆ مەدینە،…کاتێ جێگیر بوون دوو حوشتری دا بە(ڕافع) بچێ هەریەك لە سەودەی دایکی ئیمانداران‌و (فاطمە و ئوم کلثوم)ی کچی‌و ئوم ئەیمەن‌وئوسامەی کوری زەید (خوایان لێ ڕازی بێت) بێنن بۆ مەدینە بەمە خاتوو سەودە (خوای لێ ڕازی بێت) دووجار کۆچی کرد بۆ مەدینە لەپێناو بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خواو بێغەمبەرەکەی بووبە خاوەنی دوو کۆچ، خێرو بەرەکەت ڕووی تێکردن‌و پێغەمبەرﷺ هەموو خێزانەکانی تری هێناوە یەك لەدوای یەك بۆ ئەوەی پەیامە پیرۆزەکەی بەدونیا بگەیەنێ. خاتوو سەودە (ڕەزای خوای لێ بێ) پایە بەرزو لەخواترس بوو کاتەکانی بە قورئان خوێندن‌وناسینی فەرموودە بەسەر ئەبرد وە زۆر فەرموودەی گێڕاوەتەوە، زۆر دڵ‌و دەروون فراوان بووە هەر شتێکی دەست بکەوتایە بە هەژارانی ئەبەخشی، جارێك ئیمامی عومەر رضي الله عنه دوای کۆچ کردنی پێغەمبەر ﷺ پارەی بۆ نارد هیچی نەگێڕایەوەو داویەتی بەهەژاران، تێکۆشاوەو هیجرەتی کردوە لەشەڕی خەیبەر وەك برین پێچو ئاو دان بەموجاهیدەکان بەشداری کردووە .

زۆر بەهێمنی هەموو کاتەکانی خەریکی ئەنجام دانی پەرستن بووە بەختەوەری‌و ئارامی لەسەر ئاسمانی ئەودا بەدی ئەکرا، بەڵام ئەم بارودۆخە بەردەوام نەبوو چونکە پێغەمبەرﷺ کۆچی دوایی کرد زۆر کاریگەری لەسەر هەبوو زۆر دڵتەنگ بوو چونکە زۆری خۆشی ئەویست بەڵام ئارامی گرت .

ژیانی بەردەوام بوو تا سەردەمی خەلافەتی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتتاب رضي الله عنه) لەگەڵ خەلیفە ئەبو بەکر رضي الله عنه زۆر ڕێزیان ئەگرت‌و چاودێریان ئەکرد، لە تەمەنی هەشتا ساڵی گیانی پاك‌و بێگەردی گەڕایەوە بۆ لای خوای گەورەو کۆچی دوایی کرد.

هەرچەندە کۆچی دوایی کرد بەڵام بووە پێشەنگ بۆ ئافرەتە باوەڕدارەکان لەهەموو کات‌و سەردەمێك خوای گەورە ڕەحمی پێ بکات ولێی ڕازی بێت.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين.**

==================================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

# کۆتایی هاتنی تەمەن بەخراپە
# نیشانەو هۆکارەکانی

## بەشی دووەم وکۆتایی

✍ م. فەرەیدون موحەممەد

========================================

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

✉ islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

**عێراق - کوردستان - کەلار**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

لەپاش ئەوەی لە بەشی یەکەمدا باسی کۆتایی هاتنی تەمەنمان کرد بە چاکە بە پشتیوانی خوای گەورە لە بەشی دووەمو کۆتاییدا دێینە سەر باسی:

**کۆتایی هاتنی تەمەن بەکاری خراپە**: واتە: ئەو بەندەیەی کەوا دوای ئەو هەموو هەوڵو تێکۆشانەی لە خزمەتی دینداریو خواناسیدا بەسەری بردووە، بەڵام بەردەوام نابێتو زوو کۆڵ دەدا واتە ناگاتە دوا مەنزڵی چاکان، هەر بۆیە بەو جۆرە کەسانە دەوترێت: (ئاخر شەڕ) کە بەڕاستی ئەو هۆکارانەش زۆرن کە بەندە وا لیَ دەکەن بەرەو ئەو ئاقارە هەنگاو بنێ وخوّی لیّ ون بێت. بۆیە پێویستە مرۆڤ هەمیشە ئاگادارو وریا بێت، خۆی مل کەچی شەیتان ودارو دەستەکەی نەکات، چونکە رسول الله ﷺ دەفەرمووێت:

(يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيْهِ)[1].

واتە: هەموو بەندەیەك لەسەر ئەو حاڵەتە زیندوو دەکرێتەوە کە لەسەری مردووەو کۆتایی بەژیانی هاتووە.

کەواتە بامرۆڤ ژیرانە بڕوانێتە سەرەنجام و دواڕۆژی خۆی، لەبەر ئەوەی بەردەوام لە ئامادەباشیدا بێت وەبەهیچ شێوەیەك ساردبوونەوەو دابڕان ڕووی تیَ نەکات، ئەی بەندەی خوا ئامۆژگاری بۆ خۆم پاشان بۆ تۆش نەکەی تەوبە دوابخەیت یان ساردی لەبەرامبەریدا بنوێنی! ! ئەزانی بۆ؟؟ لەوانەیە بڵێی بۆچی؟ منیش پێت دەڵێم: لەبەر ئەوەی یەکەم: تۆ نازانی کەی دەمری؟ دووەم: تۆ نازانی کۆتایی تەمەنت بەچی دێت؟ سێیەم، تۆ نازانی لەسەرچی کردەوەیەك دەمری؟ دەی کەواتە ئەوە بزانە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٣١﴾ [النور].

واتە: تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، تابەهۆی ئەو تەوبەیەوە ڕزگاربن و سەرفرازی دواڕۆژبنو پارێزراویش بن لە سزای خوای گەورەو میهرەبان.

شێخ حەسەنی بەصری (ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرمووێت: دڵی مرۆڤ بەشەش شت خراپ دەبێت: (یەکێك لەوانە کەسێکە تاوان دەکات بەتکای ئەوەی کە تەوبە بکاتو بەردەوامە لەسەریو بەڵام هەر تەوبەکەی دوا دەخات تا وای لێدێت مردن یەخەی دەگرێتو ئەویش فریای تەوبە ناکەوێت). هەروەها یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کۆتایی تەمەن بەخراپە دەهێنێت بریتییە لەهیوا بوون بەدونیاو پشت کردنە قیامەت هەروەك عبداللەی کوڕی عومەر رضي الله عنه دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی خستە سەرشانمو فەرمووی:

---

(١) (رواه مسلم: ٧٤١٣) .

(كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَقُولُ إِذَا أَمْسَيْتَ فَلَا تَنْتَظِرْ الصَّبَاحَ وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلَا تَنْتَظِرْ الْمَسَاءَ وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ)[٢] .

واتە: لەژیانی دونیادا وابژی بەوێنەی کەسێکی نامۆ یان ڕێبوارێك، وە عبداللەی کوڕی عومەر رضي الله عنه فەرمووی: ئەگەر ئێوارەت کردەوە چاوەڕوانی بەیانی مەکە, ئەگەر بەیانیت کردەوە چاوەڕوانی ئێوارە مەکە، وەسوود لە لەش ساغیت وەرگرە بۆ کاتی نەخۆشیت، وەسوود لەدونیات وەرگرە بۆکاتی سەرە مەرگت. کەواتە: زۆر بەئاگابە براو خوشکی ئازیز...مردن هەردێت ......بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لێت ڕاپێچی دونیایەکی ترت دەکات. دەی کەواتە ئاگاداری ئەم خاڵانە بە بزانە هیچیانت تیدا بەرجەستە نییە؟ ......

## یەکەم- مردن لەسەر تاوانێك (هاوەڵ بڕیاردان) کەبەهەمیشەیی لە دۆزەخدا دەتهێڵێتەوە:

هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای تاكو بێ هاوبەش یەکێکە لە تاوانە زۆر گەورەکانو مرۆڤ بۆ هەتاهەتایی لەدۆزەخدا دەهێڵێتەوە، جائەمەش بەوە دەبێت کە مرۆڤ کەسێك یان بەردێك یان دارێك یان مانگ یاخود پێغەمبەرێك یان هەرشتێکی دی بکاتە هاوەڵی خوا لە پەرستنو هاوار بۆ کردنو پەنا پێگرتنو داواکردندا وەکو هاوشێوەی خوای لێ بکات، هەرکەسێك بەم شێوەیە بکاتو تەوبەی لەسەر نەکاتو بمرێت ئەوە بەهەشتی لێ حەرام کراوەو بۆ هەتا هەتایش دۆزەخیە، هەر بۆیەش ئەم هاوەڵ بڕیاردانە دوو جۆری هەیە کە ئەوانیش: (الشرك الاكبر) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە: ئەم جۆرە بریتییە لەو شیرکەی کە خاوەنەکەی بێ باوەڕ دەبێت وپێی لە ئیسلام دەردەچێت (دوای ئەوەی پێی ڕادەگەیەنرێتو بەڵگەی پێویستی لەسەر دەکرێت) ئەویش چەند جۆرێکی هەیە لەوانە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا لە: پەروەردگارێتیدا، وەلەپەرستندا، وە لە ناوو سیفەتدا.

(الشرك الاصغر) هاوەڵ بڕیاردانی بچووك: ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە خاوەنەکەی پێی لە ئیسلام دەرناچێتو بێ باوەڕیش نابێتو کردەوەش هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵام تاوانێکی زۆر گەورەی ئەنجام داوە، وە مەترسی چوونە دۆزەخیشی لێ دەکرێت، لەوانە هاوەڵ بڕیاردان لە: نیەتدا وە لە ووتەو زماندا، وەلە شێوازی کردەوەدا .خوای گەورەش دەفەرموویت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ٤٨﴾ [النساء] .

واتە: خوای گەورە لە کەسێك خۆش نابێت کە هاوەڵی بۆ بڕیاردابێت، بەڵام لە غەیری شیرك خۆشدەبێت بۆ کەسانێك بە ویستی خۆی، وەهەرکەسیش هاوەڵ بڕیار بدات ئەوە بەڕاستی تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە. ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ ٧٢﴾ (المائدة) .

واتە: هەر کەسێك هاوەڵ بڕیار بدات بۆ خوا ئەوە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات، وە بۆ هەتا هەتایش شوێنی ئەو ناو ئاگرە. هەروەها پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت: (مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ وَمَنْ مَاتَ وَهْوَ لَا يَدْعُو لِلَّهِ نِدًّا دَخَلَ الْجَنَّةَ)[٣] .

---

(٢) (رواه البخاري: ٦٤١٦) .

واتە: هەرکەسێك مردبێتو لە حاڵەتێکدا هاواری لە غەیری خوا کردبێت دەچێتە ئاگرەوە، وەهەرکەسێکیش مردبێتو هاواری لە غەیری خوا نەکرد بێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە.

**دووەم: مردنی کەسی نوێژ نەکەر:**

نوێژ بریتیە لە خواپەرستیەکی گەورە کە بە کردارو دەربڕینو خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزو چەند پاڕانەوەیەکی دیاری کراو لە سوننەتی صەحیحدا، هەر لە دابەستنی الله اکبر تاکو سەلام دانەوە نوێژکردن لە دینی ئیسلامدا گرنگیەکی تایبەتی پێدراوە، هەرنوێژیشە کۆڵەکەی دینەو هیچ خواپەرستیەکی تری ناگاتێ، وە تەنها نوێژیشە دەبێتە هۆی ڕۆشن کردنەوەی دڵانو بەرچاو ڕوونی چاوانو پاك بوونەوەی دەروون، وەپشوو دانێکیشە بە ڕوحو لاشە، سەر لە نوێ تازە کردنەوەی پەیوەندیە لەگەڵ پەروەردگاری بەرزو بێ وێنە، کەواتە پێویستە ئاگاداری نوێژەکانمان بین ولەکاتی خۆیدا ئەنجامی بدەین وە پەنا بگرین بەخوای گەورە لە کەسانی نوێژنەکەر،

خوای گەورەش دەفەرمووێت:

﴿ فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ٥٩ ﴾ [مريم] .

واتە: لەدوای پێغەمبەرانو پیاوچاکان نەوەیەك هاتن بە دوایاندا نوێژەکانیان دەفەوتاندو شوێنی هەواو ئارەزووەکانیان کەوتن، جا ئەوانەش بەهۆی ئەو نوێژ فەوتانو نەکردنەیانەوە تووشی ئازارو زیان دەبنو دەگەن بە تۆڵەی خۆیانو بەسزای شیویێك لەشیوەکانی دۆزەخ. وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: کاتێك کە هەندێك کەس دەچنە ناو سەقەرەوە کە ناوێکە لە ناوەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێ دەکرێت: ﴿ مَا سَلَكَكُمۡ فِي سَقَرَ ٤٢ قَالُواْ لَمۡ نَكُ مِنَ ٱلۡمُصَلِّينَ ٤٣ ﴾ [المدثر] .

واتە: ئەوە هۆی چی بوو ئێوە ڕاپێچی دۆزەخ کران؟ ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن: چونکە ئێمە لە گرۆی نوێژ کەران نەبووین.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (خَمْسُ صَلَوَاتٍ كَتَبَهُنَّ اللَّهُ عَلَى الْعِبَادِ فَمَنْ جَاءَ بِهِنَّ لَمْ يُضَيِّعْ مِنْهُنَّ شَيْئًا اسْتِخْفَافًا بِحَقِّهِنَّ كَانَ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدٌ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ وَمَنْ لَمْ يَأْتِ بِهِنَّ فَلَيْسَ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدٌ إِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ وَإِنْ شَاءَ أَدْخَلَهُ الْجَنَّةَ)[٤].

واتە: پێنج نوێژ هەن ئەوانەی کە خوای گەورە لەسەر بەندەکانی نووسیوە، جا هەر کەسێك جێ بەجێی بکات وە هیچ شتێکی لێ نەفەوتاندبێ، بەهۆی کەم تەرخەمیو گوێ پێنەدانەوە، ئەوە لای خوای گەورە بەڵێنو پەیمانی هەیە کە بیخاتە بەهەشتەوە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو، کەسەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامی نەدابێو نوێژەکانی فەوتاندبێ، یان هەر نەیکردبێ، ئەوە مافی خوایەکە هیچ بەڵێنو پەیمانێکی نەداتێ بەوەی کە بیخاتە بە هەشتەوە، ئەگەر ویستی لێ بوو ئەوە سزای دەدات وەئەگەر ویستیشی لێ بێت ئەوە دەیخاتە بەهەشتەوە.

---

([٣]) (رواه البخاري: ٤٤٩٧) .

([٤]) (رواه احمد وابوداود وابن ماجة والنسائي وصححه الشيخ الالباني في: صحيح الجامع الصغير: ٣٢٤٣) .

**سێ هەم: مردن لەسەر کاری داوێن پیسی:**

کاری داوێن پیسی (الزینا) بریتییە لەوەی کە دوو کەس لەدوو ڕەگەزی جیاواز لە جێگەیەکدا کۆببنەوەو ئەو کارە بەد ڕەوشتیە ئەنجام بدەن، ئەو کارە دزێوو پیس و گلاوەیە کەدەبێتە هۆی خراپ کۆتایی هاتنی تەمەن، وەدەشبێتە هۆی تێك چوونو شیرازە پچڕاندنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو بلاوبوونەوەی نەخۆشیو نەمانی شەرمو ڕێزو پلەو پایە، بۆیە هەرکەسێك پیشەی ئەم کارە بێتو بەردەوام بێت لەسەریو هەر لەسەر ئەوەش بمرێت، ئەوە بێگومان دواڕۆژێکی ترسناك چاوەڕوانی دەکات، خوای گەورەش دەفەرمووێت:

﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾ [الاسراء] .

واتە: نزیکی زینا مەکەون، چونکە بەڕاستی ڕەوشتێکی بەدو خراپو ناشیرینەو ڕێگەیەکی تا بڵێی دزێوو بێزراوە. (نەك هەر مەیکەن بەڵکو نزیکیشی مەکەون هۆکارەکانی نزیك کەوتنەوەش زۆرن لەوانە: تێڕوانینی حەرام، تەوقەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، بەتەنها مانەوەی ئافرەت وپیاو لە شوێنێکدا،.......هتد هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

( لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ )[٥] واتە: ئەو کەسەی کە کاری زینا کردن ئەنجام دەدات ئەوە لەکاتی زیناکەدا باوەڕەکەی لە لاشەی دەردەچێت.

یاخود خەمخۆری مرۆڤایەتی پێشەواو ڕێ نیشاندەر پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرمووێت:

(إِذَا زَنَى الرَّجُلُ خَرَجَ مِنْهُ الْإِيمَانُ كَانَ عَلَيْهِ كَالظُّلَّةِ فَإِذَا انْقَطَعَ رَجَعَ إِلَيْهِ الْإِيمَانُ)[٦].

واتە: هەرکات بەندەیەك لەبەندەکانی خوا زینا بکات لەکاتی زیناکردنەکەدا باوەڕ لە لاشەیدا دەردەچێتو لەسەر سەری دەوەستێت، جا هەرکات وازی لە زیناکردنەکەدا هێنا ئەوە باوەڕەکەی دەگەڕێتەوە لاشەی.

**چوارەم: خۆ کوشتن:**

خۆکوشتن یان ئازاردانی لاشە بەهەرشتێك کەببێتە هۆی لەناوچوونو مردنی ئەوە حەرامەو لەکارە بێزراوەکانە، جائەم خۆکوشتنە ئەگەر لەبەر ئازارو ئەشکەنجەی لاشە بێت یان لەبەر خەمو خەفەتو ئێش بێت کە کەسێك بەرامبەری دەیکات، یان لەداخی کوفری بەرامبەر بێت یان......هەمووی حەرامەو دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە، بۆیە بەندەی خوا پێویستە هەمیشە ئارامگرو لەسەر خۆبێت، چونکە هەرکات توشی خەمو خەفەتو نارەحەتیو نەهامەتی بوو پێویستە ئارامو لەسەرخۆ بێت لەبەرامبەر ئەو ئازارانەدا نەك پەنا بباتە بەر (خۆکوشتن) خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴿٢٩﴾ ﴾ (النساء: ٢٩) .

---

([٥]) (رواه البخاري: ٣٤٧٥، ومسلم: ٥٧).

([٦]) (رواه أبوداود والترمذي والبيهقي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب: ٢٣٩٤) .

واتە: نەکەن نەفسی خۆتان بکوژن‌و لەڕەحمەتی خوا بێ ئومێدبن، چونکە بەڕاستی خوای گەورە زۆر بەبەزەییە بەرامبەر بەئێوە، پاشان دەفەرمووێت:

﴿ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾ ﴾ (النساء) .

واتە: هەرکەسیش کاری ناڕەوای ئاوا بکات بەهەر نیازێك بێت، ئەوە لەئایندەدا دەیخەینە ناو ئاگری گەورەوە تاکو بسوتێ‌و سزا بچێژێت، ئەم کارەش بۆ خوای گەورە زۆر ئاسانە .

هەروەها پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت: (مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ يَتَوَجَّأُ بِهَا فِي بَطْنِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا وَمَنْ شَرِبَ سَمًّا فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَحَسَّاهُ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا وَمَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَرَدَّى فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا)[٧] .

واتە: هەرکەسێك خۆی بکوژێت بەئاسنێك (لێرەدا بەمانای ئەوانە دێت کە لە ئاسن دروستکراون ( فیشەك، چەقۆ، شمشێر، شیش، چەکوش،....) ئەوا بەو ئاسنەی کە خۆی پێ کوشتووە لەناو دۆزەخدا بەردەوام لە خۆی پێ ئەداتەوە و بە نەمری‌و هەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتەوە، وەهەرکەسیش خۆی ژەهر خوارد بکات جا بەهەرجۆرە دەرمانێك بێت یان بەهەر جۆرە خواردن‌و خواردنەوەیەك بێت ئەوە ئەو ژەهرەی خۆی پێ کوشتووە بەردەوام لەدەستیدایە‌و لەناو دۆزەخدا خۆی پێ دەکوژێت‌و بۆ هەتا هەتایی تیایدا دەمێنێتەوە، وە هەرکەسیش خۆی لەشاخێکی بەرزەوە فڕێ بداتە خوارەوە بەمەبەستی خۆکوشتن یان لەسەر دیوارەوە یان لەهەرشوێنێکی بەرزەوە ئەوە بەردەوام لەناو دۆزەخدا لەو شوێنە بەرزەوە هەڵدەدرێتە خوارەوە بۆ هەتا هەتایی لەدۆزەخدایە . یاخود لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرمووێت:

(الَّذِي يَخْنُقُ نَفْسَهُ يَخْنُقُهَا فِي النَّارِ وَالَّذِي يَطْعُنُهَا يَطْعُنُهَا فِي النَّارِ)[٨] .

واتە: ئەوکەسەی کە هەناسە لە خۆی دەبڕێت‌و خۆی دەخنکێنێت ئەوە دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە‌و لەوێش بەردەوام خۆی دەخنکێنێت، وەهەر کەسێکیش بە هەر شتێك نەفسی خۆی بکوژێت دەچێتە دۆزەخەوە .

**پێنجەم: خۆشویستنی تاوان‌و بەردەوام بوون لە سەری:**

هەرکاتێك لەناو خەڵکیدا تاوان زۆر بوو وەشوێن کەوتە‌و جێبەجێکەری زۆر بوو، وەبەشێوەیەکی سانایی‌و سوکی تەماشاکرا هەروەها ئەنجام دانیشی بووە شتێکی بەردەوام، ئەوە بێگومان چاوەڕوانی خەشم‌و قینی خوا دەکرێت بۆ سەر زەوی، جاخووگرتن بەتاوان وپەشیمان نەبوونەوە لێی کردارێکی ناپەسەندو جێی خۆشحاڵی شەیتانە، هەروەها شوێنی گرتنەوەی تاوانیش زیاتر ناو دڵەکانە، هەرکات جێی خۆی کردەوە لەناو دڵدا ئیبلیس ودارودەستەکەشی لە پیلاندانانداندن بۆی، تا بەوەی ڕاپێچی ناو دۆزەخی بکەن‌و کۆتایی تەمەنی بەخراپە بهێنن، کەواتە ئیستا باهەریەك

---

(٧) (رواه البخاري: ٥٧٧٨، مسلم: ١٠٩) .

(٨) (رواه البخاري: ١٣٦٥).

لەخۆمان بپرسین ئەوە بۆچی دڵ هەندێك جار بە (قلب) هاتووە بێگومان وەڵامەکەی زۆر ئاسانە، زانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێت دەفەرموون: دڵ سیفەتێکی هەیە ئەویش ئەوەیە زوو هەڵدەگەڕێتەوە بۆیە پێی دەوترێت قلب.

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت:( دڵی نەوەی ئادەم لەو شلەیەی کە لەناو دەفرێکدایە دەکوڵێتو ئەم دیوو دیودەکات، توندترو خێراتر ئاوەژوو دەبێتو هەڵدەگەڕێتەوە)[٩]. تاوان بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم چوونە بەهەشت وکۆتایی هاتنی تەمەن بەچاکە، بۆیە پێغەمبەری ئازیزمانﷺ لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت:

(إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا أَخْطَأَ خَطِيئَةً نُكِتَتْ فِي قَلْبِهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ فَإِذَا هُوَ نَزَعَ وَاسْتَغْفَرَ وَتَابَ سُقِلَ قَلْبُهُ وَإِنْ عَادَ زِيدَ فِيهَا حَتَّى تَعْلُوَ قَلْبَهُ وَهُوَ الرَّانُ الَّذِي ذَكَرَ اللَّهُ ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾[١٠] .

واتە: هەرکاتێك بەندە کەوتە ناوتاوانەوە، ئەوە یەکسەر خاڵێکی ڕەش لەسەر دڵی دروست دەبێت، جا ئەگەر لەو تاوانە پەشیمان بووەوەو داوای لێ خۆشبوونی لە خوا کردو گەڕایەوە ئەوە خاڵە ڕەشەکەش لەسەر دڵی دەسڕێتەوەو نامێنێ، بەڵام ئەگەر هەر بەردەوام بوو لەسەر تاوانو دەگەڕایەوە سەری ئەوە وردە وردە ئەو خاڵە گەورە دەبێتو تاوای لێدێت هەموو دڵی داگیر دەکاتو ئیتر ئەو پەردەیە دەدرێت بەسەر دڵیدا کە خوای گەورە دەەفەرمویێت: ﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ [المطففين] .

واتە: نا وانییە، بەڵکو ئەوەی دەیانکرد لەخراپەو تاوان هەر بەو هۆیەوە خوای گەورە پەردەی هێنا بەسەر دڵیاندا

(قال الحسن: هو الذنب على الذنب حتى يموت القلب. قال ابن عباس: "ران على قلوبهم" طبع عليها)[١١] .

پێشەوا حەسەن (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: واتە تاوان لەسەر تاوان ئەنجامی دەدەن تاکو مردن دەگاتە سەریان، پێشەوا ابن عباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمویێ: "ران على قلوبهم" طبع عليها واتە مۆر دەدرێت لەسەر دڵیان جا بەبێ گومان هەرکەسیش مۆر بدرێت لەسەر دڵی بە هۆی تاوانەوەیە وەئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە.

**شەشەم- هیوا درێژی بەژیانی دونیا :**

هیوا بوون بەژیانی دونیاو کەوتنە ژێرباری ئەو خەمەوە یەکێکە لەو تاوانانەی کە خوا پەنامان بدات مرۆڤ بەرەو هەڵدێرو لەناوچوون دەباتو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن لەسەر خراپە، جا هەرکەسێك کەوتە نێو ئەم گێژاوەوە ئەوە دەبێت دوا ڕۆژی خۆی بهێنێتە پێش چاو کەدوایی خۆی پەشیمانە لەسەر ئەوەی بۆچی هەموو غەمو پەژارەی دونیاو کارکردن بووە بۆ ژیانی دونیاو دواڕۆژی فەرامۆش کردووە، بەڕاستی ئەم ژیانی دونیایە کە چاوی زۆرێك لە مرۆڤەکانی کوێر کردووە لەئاست بینینی پاداشتو نازو بەخششەکانی خوای گەورە لەو ژیانەی تر کە دوو ڕۆژەو بەردەوامیش هەڵی خەڵەتاندون وتەنها سەرقاڵی سەروەتو سامانو جوانیو ڕازاوەییەکەی کردوون، ئەویش بە

---

(٩) (بڕوانە: سلسة الاحاديث الصحيحة: ١٧٧٢).

(١٠) (رواه الترمذي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب: ١٦٢٠) .

(١١) (بڕوانە: البغوي تفسير سورة المطففين: ٩ / ٢٥٣-٢٥٤) .

هاوكاریو دەست بارگرتنی شەیتانی لێزانو فێڵباز ئیبلیسی نەفرەت لێكراو، خوای گەورەو میهرەبانیش دەفەرموێت:

﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا وَهُمۡ فِيهَا لَا يُبۡخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيۡسَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ [هود].

واتە: هەر كەسێك تەنها ژیانی ئەم دونیایەو جوانیو ڕازاوەییەكەیو بەرق وبریقی ئەوی بوێ، وەپاشەڕۆژی پشت گوێ بخات، ئەوە ئێمەش هەر لەدونیادا بەتێرو تەسەلی هەموو ئەو هەوڵو كۆششەی كەكردویەتی وەك سەردانی خزمانو چوون بۆلای نەخۆشو قسەی زل كردن تیایدا .دەدەینەوە بەتەندروستی لاشەیو ڕۆزی پێدانیو دەركردنی ناوو شۆرەتی دونیایی بەمەرجێك هیچیی لێكەم ناكەینەوە وەك خۆی پاداشتی دەدەینەوە بەلاّم ئەوانە لەدواڕۆژدا جگە لەئاگری دۆزەخ هیچ بەشێكو بەهرەیەكیان نییە !وەهەر هەوڵو چاكەیەك كەلەدونیا كردبێتیان هەمووی بەفیڕۆ چووە هەر لە دونیادا، هەروەها پێغەمبەر خوا ﷺ دەفەرموێت:

( فَوَاللَّهِ مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ وَلَكِنِّي أَخْشَى أَنْ تُبْسَطَ عَلَيْكُمْ الدُّنْيَا كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ)[١٢].

واتە: سوێند بەخوا لە هەژاری ناترسم كە توشی ئێوە بێت، بەلاّم دەترسم دونیا برژێت بەسەرتانداو دەرگای خۆشیەكانتان بۆ بكاتەوە وەك چۆن كرایەوە بۆگەلانی پێشوو، وەئێوەش پێشبڕكێی لەسەر بكەن وەك چۆن ئەوان پێشبڕكێیان لەسەركرد، وەلەناوتان بەرێت وەك چۆن ئەوانی لەناو برد.

ڕەحمەتی خوا لەزاناو پیاوچاك شێخ حەسەنی بەصری (ڕەحمەتی خوای لێبێت) كە دەفەرموێت: (لاتخرج نفس إبن ادم من الدنيا إلا بحسدات الثلاث: إنه لم يشبع مما جمع ولم يدرك ما أمل، ولم يحسن الزاد لما يقدم عليه )[١٣] .

واتە: گیانی نەوەی ئادەم دەرناچێ لەلاشەی لە دونیادا مەگەرسێ ئاخ هەڵدەكێشێت: تێر ناخوات لەوەی كۆیكردوەتەوە، وەنەگەیشتووە بەوەی كەهیوایەتیەتی، وە زادو توێشووی باشی هەڵ نەگرتووە بۆ ئەو ڕۆژەی لەسەر پێیەكانی دەوەستێت .

**حەوتەم- دواخستنی تەوبە:**

تەوبە كردنو گەڕانەوە بۆ لای خوا پێویستە لەسەر هەموو بەندەیەك، جا تەوبە كردن لەسەر ئەنجامدانی هەموو تاوانێك پێویستە، وە پەیوەست نییە بە تەنها كاتێك یان شوێنێك یان تاوانێك، بەڵكو هەمیشە پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ لای خوای گەورەو داوای لێخۆشبونو لێبوردنی لێ بكەیت، جا تەوبە كردن خۆی لە خۆیدا گۆڕانو دیواو دیو كردنی بەندەیە لە بارێكەوە بۆ بارێكی تر، بۆیە ئەم جۆرە تەنها بە وتەو قسەی سەر زار نابێت، بەڵكو دەبێت كۆچ بكەی لە تاوانەوە بەرەو بەندایەتیەكی ڕاستەقینە، هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ [النور] .

---

(١٢) (رواه البخاري: ٤٠١٥، ومسلم: ٧٦١٤) .

(١٣) (**بڕوانە**: حلية الأولياء: ٢٧٢/٦، وذم الدنيا ٢٧٥).

واتــە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بگەڕێنەوە بۆ لای خواو تەوبە بکەن، هەمووتان وە لەهەموو ئـەو تاوانانـەی کە گـەورەو بچوکن بۆ ئەوەی ڕزگارتان بێت لە سزای خواو سەرفرازی دواڕۆژ بن.

هەر بۆیە قەدەغەیە دواخستنی تەوبە وەخۆ هەڵخەڵەتاندنە پێش هەموو شتێك وە بـە گـوێ کـردن لـە شەیتانیشە لـە هـەمان کاتدا، بۆیە خوای گەورە بەزەیی بێتەوە بە حاڵی من و تۆشدا، ئەی بەندەی خوا نەکەی تەوبە دوا بخەیت؟! ئـەزانی بـــۆ؟؟ چونکە تۆ نازانیت کەی دەمریت لەوانەیە زۆر نزیك بێت کاتی گەڕانـەوەی یـەکجاریت بـۆ لای خـوا، بۆیـە زوو تەوبـە بکـە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

( إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَيَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ )[١٤].

واتـــە: خـوای گەورە تەوبەی بەندەکەی وەردەگرێت پێش گەیشتنی بە غەرغـەرەی گـیان کێشان، واتـە تـاپێش ئـەو کاتـە وەردەگیرێت دوایی سودی نـیـیە. هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت:

(التَّائِبُ مِنْ الذَّنْبِ كَمَنْ لَا ذَنْبَ لَهُ)[١٥] .

واتــە: ئەو کەسەی کە تەوبە دەکات لە تاوان، وەك ئەوە وایە کە هیچ تاوانێکی نەکردبێت .

## هەشتەم- ئافرەتانێك بە پـۆشـاکی تەسك وتەنـك وکورتـــەوە بمرێت.

بەڕاستی توێژی ئافرەتان تەنها مافیان لە ژێر سایەی دینی ئیسلامدا پـارێزراوەو ڕێـزو پلـەو پایـەیان هـەر لەوێدا بـۆ دیاری کراوە، هەر بۆیـە ئـافرەتیش وەك هـەموو دروسـتکراوەکانی خـوای گـەورە خـاوەن سیفەتو جـوانیو ناسـکیو لاشەیەکی تایبەتیە کە تەنها خوای گەورە خۆی دەزانێت چۆن دەبنە جێی سـەرنجی پیـاوان، جـا دوژمنـانی ئیسلامو دوژمنانی بەرنامە پیرۆزەکەی خوا بەردەوامن لە سەر پیلان گێڕانو بەرنامە بۆ داڕشتن تـا وا لـەو ئافرەتانـە بکـەن کە ببنە هۆی لەخشتە بردنو ترازاندنی ڕەگەزی بەرامبەر ئەویش بە لەکەدار کـردنو نـاو زڕانـدن وبڵاوکردنـەوەی جۆرەهـا جلو پۆشاکی ناشەرعیو سەرنج ڕاکێشەر تا ئافرەتانی پێ هەڵبخەڵـەتێننو لـەو ڕێگایـەوە مـەرازە گڵاوەکـانی خۆیـان بهێننە دی، هەربۆیە بەم جلو بەرگە بـەناو داپۆشـەرەوە کەوتوونەتـە نـاو زۆنگـاوو ڕەشـاوی چـاولێ کـەری ڕۆژئـاواو دوژمنانی خوا، وەبەداخیشەوە دەڵێم لە وڵاتی خۆشمان دەستەو تاقمێکی چاوچنۆك هەن کە شـەوو ڕۆژیـان خـستۆتە سەر یەك بۆ دوورینو بڵاو کردنەوەی ئەم جۆرە جلانە، سەرەڕای ئەوەی کـە کۆمـەڵێکیش هـەن خـەریکی ڕازاندنـەوەو نمـایش کردنـی ئافرەتـانو شـەرمو شکۆیان نـەماوەو ئافرەتـانی نیـوە ڕووت بەرهـەم دەهێـنن لـە کاتێکدا کۆمەڵگە چـاوەڕوانی شـتی باشـترو چـاکتر دەکـات لەوانـە، بـەڵام بەداخـەوە ژەهـری خۆیـان ڕشتووە .....بۆیـە لێرەوە ئـەو فەرمووەیە دەدەین بە گوێی هەموو خوێنەرو گوێگرێك کە خۆشەویستمان ﷺ دەفەرموێت:

(صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا)[١٦] .

---

[١٤] (رواه أحمد والترمذي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: ١٩٠٣) .

[١٥] (رواه ابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: ٣٠٠٨) .

واتە: دوو کۆمەڵ هەن کە من نەیانم بینیوە ئەوانە لە ئەهلی ئاگرن‌و دەچنە دۆزەخەوە، کۆمەڵێکیان بریتین لەو کەسانەی کە پیشەیان ئازاردانی خەڵکی یە بەقامچی کە لە شێوەی کلکی مانگا دەچێت‌و لە خەڵکی پێدەدەن، وە کۆمەڵی دووەم ئافرەتانێکن کە پۆشاکیان لەبەردایە بەڵام ڕووتیشن، (پۆشتە ڕووتەکان) ئەوانە بەوە ناوەستن کە هەر خۆیان وابن بەڵکو هانی ئافرەتانی تریش دەدەن کە بێنە پێڕیانەوە، وەبەڕێگادا بەلەنجەو لار دەڕۆن تا سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشن، ئەو جۆرە ئافرەتانە قژیان دەبەستن‌و گلۆڵەی دەکەن‌و لەبان سەریان دەیبەستن‌و کۆی دەکەنەوە هەروەك کۆپارەی بان پشتی وشتر، جا ئەمانە ناچنە بەهەشتەوە، وەبۆنی بەهەشتیش ناکەن، کەبۆنی خۆشی بەهەشت چەندەها ساڵە ڕێ دەڕوات. یاخود لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (ثَلَاثٌ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْعَاقُّ وَالِدَيْهِ وَالْمَرْأَةُ الْمُتَرَجِّلَةُ الْمُتَشَبِّهَةُ بِالرِّجَالِ وَالدَّيُّوثُ)[١٧] .

واتە: سێ جۆر لە خەڵکی ناچنە بە هەشتەوە وەخوای گەورەش لەڕۆژی دوایدا تەماشایان ناکات، ئازاردەری دایك‌و باوك، ئافرەتانێك کە ڕووتن‌و لە پۆشاکدا لاسایی پیاوان دەکەنەوە، وەکەسانێك کە بێ غیرەتن واتە پیاوانێکن کە بەتەنگ ئافرەتان وخێزانەکانیانەوە نایەن، لەڕووی ڕەوشت‌و هەڵسوو کەوتەوە.

## نۆیەم: چوونە لای جادووگەران و بڕوابوون پێیان.

جادووگەران‌و فاڵچی‌و ئەستێرە گرەوەکان هەموویان دەکەونە بەر هەڕەشەی خوای گەورەو میهرەبان، وەتوڵەو سزای بە ئازاریان هەیە لە دوا ڕۆژدا، چونکە ئەوانە بێ بڕوابوون بەو خوایەی کە تەنها دەسەڵات‌و زانینی شتە نادیارو پەنهانەکان شایستە بە خۆیەتی، وەهیچ کەسیش ناتوانێت غەیب بزانێت تەنها خوای گەورە خۆی نەبێت، وەهەرخۆشی بڕیاردەرو ژیێنەرو مرێنەرو دروستکەرە، وەك دەفەرمووێت:

﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ٢٦﴾ [الجن] .

واتە: تەنها خوای گەورەو میهرەبان خۆی زانایە بە شتە نادیارو غەیبەکان، وە بە هیچ جۆرێك شتە نادیارو غەیبییەکان بۆ هیچ کەسێك دیار ناخات‌و ئاشکرای ناکات، جا کەسانێك هەن دەچنە لای ئەو جادووگەرانەو بڕوایان پێ دەهێنن‌و خۆیان لە دینی ئیسلام بێ بەری دەکەن (پەنا بەخوا) بەوەی کە گوایە شتە نادیارەکانیان پێ دەڵێن‌و دڵیان خۆش دەکەن بەڵام خۆی لە ڕاستیدا وانیە بەڵکو قورئان دەفەرمووێت:

﴿سَحَرُوٓاْ أَعۡيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو بِسِحۡرٍ عَظِيمٍ ١١٦﴾ [الاعراف] .

واتە: جادووگەران بەو جادووەی دەیکەن خەڵکی پێ هەڵدەخەڵەتێنن, وەخەڵکی پێ چاوبەست‌و چەواشە دەکەن، وەخەڵکانیش دەترسن‌و ترس دەچێتە دڵیانەوە, هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

(مَنْ أَتَى كَاهِناً أَوْ عَرَّافاً فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ)[١٨].

---

(١٦) (رواه مسلم: ٧٣٧٣) .

(١٧) (رواه أحمد والنسائي والبزار والحاكم وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب: ٢٠٧٠).

(١٨) (رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب: ٣٠٤٧).

واتە: هەرکەسێك بچێتە لای جادووکەرێك یان فاڵچیەك یان کاهینێك، وەباوەڕی پێ بکات وە بەوەی کە دەیڵێ بەڕاستی بخاتەوە ئەوە بێ باوەڕ بووە بەو قورئانەی کە دابەزیوەتە سەر پێغەمبەری خوا موحەممەدﷺ، یان لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت:

(مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً)[١٩] .

واتە: هەرکەسێك بچێتە لای فاڵچیەك‌و پرسیاری لێ بکات دەربارەی شتێك، ئەوا بۆ ماوەی چل شەو نوێژی لێ وەرناگیرێت.

کەواتە چوونە لای فاڵچی‌و جادووگەر هۆکارن بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە.

**دەیەم:باوەڕنەکردن بەقەزاو قەدەری خواو ڕق لێ بوونەوەی.**

بێگومان قەدەر یەکێکە لە بنچینەکانی باوەڕبوون بە خوا وەبەشێکی گرنگیشە لەشەش پایەکە لەلای پێشەوایانی ئەهلی سوننەو جەماعە وە بە بێ باوەڕبوون بەو پایەیە باوەڕ دانامەزرێت، وەباوەڕبوونە پێی بە خەیرو شەڕیەوە، وەك ئەوەی پێویستە مرۆڤ لە هەموو کات وساتەکاندا خۆی تەسلیمی قەدەری خوا بکات، هەروەك قەدەر خۆی بریتیە لەو یاساو ڕێساو بەرنامە تۆکمەیەی خوای گەورە خۆی داڕیشتووەو بوونەوەری لێ دروست کردووە، وە مرۆڤ و جن‌و هەموو دروستکراوەکانی بەو بەرنامەیە دەڕۆن بەڕێوە، خوای گەورەش دەفەرمووێت:

﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾﴾ [القمر] .

واتە: ئێمە هەموو شتێکمان بەقەدەرو ئەندازە ڕێژی دروست کردووە یاخود دەفەرمووێ:

﴿وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾﴾ [الرعد] .

واتە: هەموو شتێك کەلای ئێوەیە بەئەندازەو قەدەری خوایە

(ثَلاثَةٌ لايَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفًا وَلَا عَدْلًا عاق وَمَنان وَمَكذُبُ بِالقَدَر)[٢٠] .

واتە: سێ جۆرە کەس لە ڕۆژی دوایدا خوای گەورە نە تەوبەیان لێ وەردەگرێت وەنەفیدیەیان لێ وەردەگرێت: ئازار دەری دایك وباوك، منەتکەر بەسەر خەڵکیدا، وەبەدرۆ خەرەوەی قەدەر. هەروەها پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەفەرمووێت: (إِنَّهُ سَيَكُونُ فِي أُمَّتِي أَقْوَامٌ يُكَذِّبُونَ بِالْقَدَرِ)[٢١] .

واتە: بەڕاستی لە دوای من کەسانێك دێن کە قەدەری خوا بەدرۆ دەزانن‌و بڕوای پێناکەن.

ئیمامی مەنناوی لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی: (أي لا يصدقون بأنه تعالى خلق أفعال عباده كلها من خير وشر وكفر وإيمان)[٢٢] .

واتە: باوەڕیان بەوە نییە کە خوای پەروەردگار بەدیهێنەرو خالقی کردەوەی بەندەکانە لە خێرو شەڕو کوفرو ئیمان, وە پێغەمبەری خواﷺ لە فەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی: (لَوْ أَنَّ اللَّهَ عَذَّبَ أَهْلَ سَمَوَاتِهِ وَأَهْلَ أَرْضِهِ لَعَذَّبَهُمْ غَيْرَ ظَالِمٍ لَهُمْ وَلَوْ

[١٩] (رواه مسلم: ٥٩٥٧) .

[٢٠] (رواه الطبراني وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: ٣٠٦٥) .

[٢١] (رواه احمد وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع: ٣٦٦٩) .

[٢٢] بروانە: (فيض القدير شرح الجامع الصغير: ١٣٣/٤)

رَحِمَهُمْ كَانَتْ رَحْمَتُهُ لَهُمْ خَيْراً مِنْ أَعْمَالِهِمْ وَلَوْ كَانَ لَكَ جَبَلُ أُحُد أَوْ مِثْلُ جَبَلِ أُحُد ذَهَباً أَنْفَقْتَهُ فِى سَبِيلِ اللَّهِ مَا قَبِلَهُ اللَّهُ مِنْكَ حَتَّى تُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ وَتَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ وَأَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ وَإِنَّكَ إِنْ مِتَّ عَلَى غَيْرِ هَـذَا دَخَلْـتَ النَّارَ)[٢٣] .

واتە: ئەگەر بهاتایە خوای گەورە هەموو ئەهلی ئاسمانەکانو ئەهلی زەوی ئەشکەنجە بدایە, ئەوا ئەشکەنجەی دەدانو ستەمیشی لێ نەدەکردن, وە ئەگەر ڕەحمیشی پێ بکردنایە ئەوا ڕەحمەتەکەی ئەو باشتر بوو بۆیان لە کردەوەکانی خۆیان, وە ئەگەر هێندەی کێوی ئوحد ئاڵتون لە پێناوی خوای گەورەدا سەرف بکەیت خوای گەورە لێتی قەبووڵ ناکات هەتا باوەڕ بە قەدەریش نەهێنیت, وە بزانیت ئەوەی کە توشت بووە هەر دەبوو توشت بێت، وە ئەوەی کە توشت نەبووە هەرگیز نەدەبوو توشت ببێت, وە ئەگەر لەسەر هەر بیرو باوەڕێکی تر جگە لەمە بمریت ئەوا دەچیتە ئاگرەوە. وە بێگومان ئەم تاقمو دەستانە هاتنە دی وبوونیان هەبوو وەهەیشە کە لەوانەن بڕوایان بە قەدەری خوا نییە، لەوانە کۆمەڵی قەدەریەکان (القدرية ) کە یەکەم کۆمەڵێ گومڕابوون لەدوای چینی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمانە دەرکەوتنو کەسانێك بوون کە بڕوایان بەوە نەبوو کە هەر شتێك ڕوودات قەدەری خوایە وەقەزاو قەدەریان بە ڕاست نازانیو دەیان ووت هەموو شتێك کە لە گەردووندا ڕوودەدات بە قەزاو قەدەری خوا نییە، بەڵکو ئەمانە هەمووی بە هۆی پیسیو چەپەڵی بەندەکانەوەیە، هەربۆیە ئەمانە لای ئەهلی سوننەو جەماعە لە دین دەرچوونەو ئەوانە مەجوسی ئەم ئوممەتەن، هەروەك یحیی بن یعمر بە عبدالله ی کوڕی عومەری رضي الله عنه ووت: ئەی باوکی عبدالرحمن خەڵكانێك پێش ئێمە هەبوون قورئانیشیان دەخوێند بەڵام گومڕا بوون بەوەی کە دەڵێن: هەرچیەك ڕوو دەدات (انف) واتە: پێشتر تەقدیر نەکراوەو بەرنامەی بۆ دانەڕێژراوە، لەلایەن پەروەردگارەوە، وەدەڵێن خوا زانیاری پێی نەبووە بەڵکو کاتێك شتەکە ڕوویدا ئینجا خوای گەورە زانیاری پێی دەبێت، جا ابن عمر رضي الله عنه فەرمووی: دەی ئەگەر تۆ گەیشتی بەو جۆرە کەسانە پێیان بڵێ: من لێیان بەریم وەئەوانیش لەمن بەرین، پاشان فەرمووی: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر هەر یەکێکیان بەئەندازەی کێوی ئوحود ئاڵتوونی هەبێت و لەپێناوی خوادا ببەخشێت ئەوە خوای گەورە لێی وەرناگرێت، تاکو باوەڕی بە قەدەری خوا نەبێت بە خێرو شەڕیەوە، پاشان فەرمووی:

(ان مجوس هذه الامة المكذبون بالقدر ان مرضوا فلا تعدوهم وان ماتوا فلا تصلوا عليهم وان لقيتم فلا تسلموا عليهم )[٢٤] .

واتە: مەجووسی ئەم ئوممەتە ئەوانەن کە قەدەری خوا بۆ شتەکان بەدرۆ دەزانن جا ئەگەر ئەوانە نەخۆش کەوتن مەچن بۆ سەردانیان، وەئەگەر مردن نوێژیان لەسەر مەکەن، وەئەگەر لە ڕێگەیەکدا بەئەوان گەیشتن سەلامیان لێ مەکەن. کەواتە زۆر کارێکی ترسناکە ئەگەر کەسێك لەسەر ئەم حاڵەتە بمرێتو بگەڕێتەوە بۆ لای خوا چونکە بێ بەشە لە بەهەشتی خوا.

**یانزەهەم: مردن لەسەر کاری داهێنراو** ( بدعة ) **زیادکردن لە دیندا.**

بیدعە کاری زیادکراوە لەدیندا وەداهێنانی شتێکە کە بنچینەی نەبێتو بەهەواو ئارەزووو بخرێتە ناو دینەوە، یان شتێك هەڵبەستی بۆ خواو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە لەدینی خوادا جێی نابێتەوەو دەدرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیدا، سەرەڕای ئەوەش سزای خوای بۆ هەیە لە دواڕۆژدا، وەهەرکەسیش لەسەر ئەو کارە کۆتایی بەتەمەنی بێت ئەوە لەسەر گومڕایی

---

(٢٣) (رواه احمد وابوداود وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع: ٥٢٤٤).

(٢٤) **بڕوانە**: (لمحة عن الفرق الضالة للشيخ الدكتور صالح بن فوزان الفوزان: ص ٣٢ ) .

مردووەو هەموو گومڕاییەکیش بۆ ناو ئاگری دۆزەخە (خوا پەنامان بدات) هەروەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: (كُـلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّار)[٢٥] .

واتە: هەموو زیادکردنێك لە دیندا گومڕاییە وە هەموو گومڕاییەکیش بۆ ئاگری دۆزەخە. وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێشەوامانﷺ دەفەرمووێت: (إِنَّ اللَّهَ احتَجَرَ التوبَةَ عَلَى كُل صاحِب بِدعَة)[٢٦].

واتە: بەڕاستی خوای گەورە تەوبەی قەدەغەکردووە لەسەر هەموو خاوەن بیدعەیەك.

هەر بۆیە خاوەن بیدعەو زیادکەر لەدیندا هەمیشە لە خەمی زیادکردن وبەرەو پێشبردنی بەرنامە دەستکردەکەی خۆیەتی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە هەڕەشەی خواو پێغەمبەری خواﷺ دەربارەی ئەو زیادکردنانەی کە بە ناوی دینەوە دەکرێن. بۆیە ئەم کەسانە تازیاتر لەو بوارەدا هیلاكو ماندوو ببن زیاتر هۆکارن بۆ ئەوەی لە خوای گەورە دوور بکەونەوە. وەمردنیش لەسەر ئەم کارە هۆکارە بۆ کۆتایی هاتنی تەمەن بە خراپە. خوای گەورەو میهرەبان هەمووان بپارێزێت و بەدوورمان بخات لەم کارە بێزراوە.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

## سەرچاوەکان

١- أحكام الجنائزو بدعها (الشيخ المجدد محمد ناصرالدين الالباني) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

٢-معلومات مهمة من الدين لايعلمها كثير من المسلمين (محمد بن جميل زينو) (خوا بیپارێزێت).

٣-حسن الخاتمة (يوسف الحاج احمد)

(خوا بیپارێزێت).

==================================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

---

([٢٥]) (رواه احمد وابن ماجة وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: ١٣٥٣).

([٢٦]) رواه البيهقي وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع الصغير: (١٦١٩) .

# جۆری پیاوان لە تەرازوی ئافرەتاندا

وەرگێڕانی : م/ أبو بكر أحمد

===================================

لەبڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

الحَمْدَ للهِ والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، أما بعد...

سوپاسو ستایش بۆ خوای پەروەردگار کە تەمەنی دریژ کردمو ئەم جارەش بە خوێنەرانی خۆشەویست گەیشتمەوە، بەو ئومێدەی کە بتوانم بابەتێك باس بکەم سودو کەڵکی هەبێت بۆ هەموو لایەکمان (إِنْ شَاءَ الله) .

**دایکی باوەڕداران خاتوو عائیشە** (**خوای لێ ڕازی بێت**) **دەدوێتو پێغەمبەری خوا ﷺ گوێ دەگرێت** .

**ئیمامی** (بوخاری) (**ڕەحمەتی خوای لێ بێت**) بابێکی داناوە بەناوی (باب حُسْن الْمُعَاشَرَةِ مَعَ الأَهْل) واتە: ڕەفتارو هەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ خێزاندا .

مرۆڤی باوەڕدار دەبێت هەڵسوکەوتو ڕەفتاری چۆن بێت لەگەڵ خێزانو منداڵەکانیدا, وە چۆن مامەڵەو ووتووێژ لەگەڵ خێزانی دەکات، پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەو هەموو سەر قاڵیو ئیشو کارەی کە لەسەریەتی بەوەی کە پێویستە پەیامی خوای گەورە بە خەڵکی بگەیێنێت, هەروەها ئایین بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی تێدایە کە کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ گوێ گرتن لە خێزانی بەڕێزی، ئەمیش هەمووی ئەوە دەگەیێنێت کە بەندەیەکی نەرمو نیانو لەسەرخۆو ڕەوشت جوانو پایەبەرزە، وە خوای پەروەردگاریش دەربارەی دەفەرموویت: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾[القلم] .

واتە: بەڕاستی ئەی موحەممەد ﷺ تۆ لەسەرخوو ڕەوشتێکی زۆرگەورەو بەرزو پیرۆزو بێ وێنەی، هەروەها لە ئایەتێکی ترد پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ ۖ ﴿١٥٩﴾ ﴾ [آل عمران] .

واتە: بەهۆی بەزەییو میهرەبانی خوای گەورەوەیە کە تۆ نەرمو هێمن بوویتە لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر کەسێکی تووڕەو قسەڕەقو بێ بەزەیی بوویتایە، ئەوا کەس لەدەورت نەدەماو هەموویان بڵاوەیان دەکرد .

**باوەڕداری خۆشەویست:** دایکی باوەڕداران خاتوو عائیشە (**خوای لێ ڕازی بێت**) وەکو ئافرەتێکی زیرەكو تەمەن منداڵ زۆر جار نموونەی ئافرەتانو پیاوانی پێش ئیسلام (سەردەمی جاهیلی) بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هێناوەتەوە، بەبێ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ دڵ گران بوو بێت، بەڵکو گوێی بۆ گرتووەو قسەکانیشی پەسەند کردووە، دایکی باوەڕداران خاتوو عائیشە (**خوای لێ ڕازی بێت**) دەفەرموویت: ئەم بەسەرهاتەم بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕایەوە، ئەویش فەرموودەکەی (أُمّ زَرْع) ئەم فەرموودەیە چەندین سودو کەڵكو ئامۆژگاری لە خۆ گرتووەو سیفەتی هەندێك لە ژنانو پیاوانی تێیدایە، هەروەها چۆنێتی ژیان بەسەربردنی ژنو پیاو، وە چۆنێتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ یەکدا ...هتد.

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتوو عائیشە[١] (**خوای لێ ڕازی بێت**) دەفەرموویێت: جارێکیان (١١) ئافرەت دانیشتن لەگەڵ یەکدا، بەڵێنو پەیمانیان لە یەکتری وەرگرت کە وەصفی هاوسەرەکانی خۆیان بکەن بۆ یەکتریو هیچ شتێکیش لە یەکتری نەشارنەوە، واتە: (١١) ئافرەت جەویان بۆ ڕەخساو لە ماڵ هاتنەدەرو کۆبوونەوە، لەڕاستیدا هەرکات ئافرەتان کۆببنەوە, ئەوا زۆربەی زۆری قسەکانیان لەسەر پیاوانە، پیاوەکەت چی دەکات؟! هەڵسوکەوتو ڕەوشتی چۆنە؟! ... هتد، هەروەها هەرکاتێکیش پیاوان کۆببنەوە, ئەوا زۆربەی زۆری قسەکانیان لەسەر ئیشو کارو کەسابەتو مەعاش هتد ... ، وە دەگونجێت قسەکانیان لەسەر ئافرەتانیش بێت .

## ئافرەتی یەکەم: مێردەکەی بەد ڕەوشتو بێ خێرە:

**دەڵێت:** ( زَوْجِي لَحْمُ جَمَلٍ غَثٌّ) واتە: مێردەکەی من گۆشتی ووشتری لەڕوو لاوازەو سیسە، (عَلَى رَأْسِ جَبَلٍ وَعْرٍ) لەسەر لوتکەی شاخیکی سەختو گرانە، (لاَ سَهْلٌ فَيُرْتَقَى وَلاَ سَمِينٌ فَيُنْتَقَلَ) ئاسان نییە سەرکەوتن بەسەر ئەو جۆرە شاخەدا، هەروەها ئەوەندەش قەڵەو نییە کەببرێت، زۆر بە ناڕەحەت پێی دەگەی.

**مەبەستی ئەوەیە مێردەکەی زۆر ویشكو لوت بەرزو خۆ بەگەورەزانو بێ خێرو تووڕەیە، وە ڕەفتاری زۆر خراپە لەماڵەوە، ئەگەر بتەوێت ڕازی بکەیت, ئەوا وەك ئەوە وایە کە بەسەر شاخێکی سەختو دژواردا سەر بکەویت، هەروەها ئەگەر داواکارییەکت لێی هەبێت, ئەوا دەبێت زۆر لێی بپاڕێیتەوەو لەبەر دەستیدا بگریت, پاشان داواکارییەکەت بۆ جێ بەجێ دەکات .**

## ئافرەتی دووەم: مێردەکەی عەیبی زۆرە:

**دەڵێت:** (زَوْجِي لاَ أَبُثُّ خَبَرَهُ) واتە: هەواڵی مێردەکەم ناگێڕمەوەو بڵاوی ناکەمەوە، (إِنِّي أَخَافُ أَنْ لاَ أَذَرَهُ) دەترسم نەتوانم هەموو عەیبەکانی باس بکەم ئەوەندە زۆرە، واتایەکی تر دەترسم تەڵاقم بدات، (إِنْ أَذْكُرْهُ أَذْكُرْ عُجَرَهُ وَبُجَرَهُ)، خۆ ئەگەر باسیشی بکەم, ئەوا دەبێت باسی گرێو دەمار ڕەقیو وشکەکانی لاشەیو ناوسکیشی بکەم .

**مەبەستی ئەوەیە کە مێردەکەی بەکەڵکی ئەوە نایات هەواڵی بگێڕێتەوە، چونکە زۆر تووڕەو دەمارگیرە، وە ئەگەر هەواڵیشی بگێڕێتەوە, ئەوا دەبێت باسی هەموو خراپەکانی بکات، ئەوەیش ناکرێت, چونکە ئەگەر باسی خراپەکانی بکات زۆر دەخایەنێت، هەروەها دەترسێت هەواڵەکە بەمێردەکەی بگاتەوەو دوایی تەڵاقی بدات .**

## ئافرەتی سێ یەم: مێردەکەی گێژو بێ ئاگایە:

---

[١] أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٥١٨٩) وَمُسْلِمٌ (٦٢٥٥).

**دەڵێت:** (زَوْجِي الْعَشَنَّقُ ) واتە: مێردەکەی من درێژیکی قوچی باڵا بەرزی گێژە، ( إِنْ أَنْطِقْ أُطَلَّقْ ) ئەگەر هەواڵی بگێڕمەوەو باسی بکەم تەڵاق دەدرێم (وَإِنْ أَسْكُتْ أُعَلَّقْ )، وە ئەگەر بێدەنگیش بم ئەوا بەهەڵبەستراوی (مُعَلَّقَة)، لەلای دەمێنمەوە .

**مەبەستی ئەوەیە مێردەکەی زۆر بەد ڕەوشتەو خراپە، بەڵام ئەم ئافرەتە مێردەکەی خۆش دەوێت‌و دەیەوێت لەلای بمێنێتەوەو ژیانی لەگەڵدا بەسەر ببات‌و ڕازی بێت بەهەموو شتێکی، چونکە مێردەکەی خۆش دەوێت، هەروەها ئەم ئافرەتە مێردەکەی کەوتنی تەڵاقەکەی بەستووە بە مەرجەوە، وەك ئەوەی کە بەخێزانەکەی بڵێت: ئەگەر بچیت بۆ فلانە ماڵ یان فلانە کار بکەیت, ئەوا تەڵاق دراوی، بۆیە ژیانی خۆشی تێدا نییە .**

## ئافرەتی چوارەم: مێردەکەی بێ ئازارە:

**دەڵێت:** (زَوْجِي كَلَيْلِ تِهَامَــةَ) واتە: مێردی من وەك شەوی تیهامەیە (شەوی تیهامە فێنك‌و خۆشەو مام ناوەندە)، (لاَ حَرٌّ وَلاَ قُرٌّ) نە ڕەوشتی توندەوگەرمە وە نە ساردیشە، (وَلاَ مَخَافَةَ وَلاَ سَآمَةَ) نە لێی دەترسم نە لێشی بێزارو بێتاقەت دەبم .

**مەبەستی ئەوەیە کە مێردەکەی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی چاك‌و باشە لەگەڵیدا, وە ڕەوشت بەرزو بەڕێزە، وەکو شەوی تیهامەیە (شەوی تیهامە کەشێکی مام ناوەندە نەگەرمەو نەساردە)، هەروەها ڕەفتاری توندوتیژ نییەو ساردو سڕیش نییە، واتە: ژیانێکی خۆش‌و بەختەوەر بەیەکەوە بەسەر دەبەن, وە یەکیان خۆش دەوێت‌و لەیەکتری ڕازین‌و کێشەیان نییە .**

## ئافرەتی پێنجەم: مێردەکەی پرسیار لەخێزانی ناکات:

**دەڵێت:** (زَوْجِي إِنْ دَخَلَ فَهِدَ) واتە: مێردەکەی من ئەگەر بێتەوە بۆماڵ, وەك پڵنگە (حەزی لەخەوە)، واتایەکی تر زۆر پەلاماری خێزانی دەدات‌و باوەشی پێدا دەکات, ( وَإِنْ خَرَجَ أَسِدَ ) وە هەر کاتێکیش بچێتە دەرەوە دەڵێی شێرە (زۆر ئازاو چاو نەترسە)، ( وَلاَ يَسْأَلُ عَمَّا عَهِدَ) وە پرسیار لە خێزانی ناکات سەبارەت بە ئیش وکاری ماڵ .

**مەبەستی ئەوەیە کە مێردەکەی زۆر خەواڵووە حەزی لە خەوە وەکو پڵنگە کە دێتەوە بۆ ماڵەوە، وە باوەش بەخێزانیدا دەکات‌و پەلاماری دەدات, هەروەها ئازاو بەجەرگیشە لە دەرەوە وەکو شێر چاو نەترس‌و ئازایە، لەگەڵ ئەوەشدا پرسیار لە شتومەکی ماڵ ناکات، بڵێت کوا فلانە شتمان یان فلانە شتت چی لێکردو دات بەکێ هتد...**

## ئافرەتی شەشەم: مێردەکەی زۆر خۆرو نەوسنە:

**دەڵێت:** (زَوْجِي إِنْ أَكَلَ لَفَّ) واتە: مێردەکەی من ئەگەر خواردی لوولی دەدات، ( وَإِنْ شَرِبَ اشْتَفَّ ) وە ئەگەر بخواتەوە چۆڕی دەداتو قەترە ناهێڵێتەوە، (وَإِن اضْطَجَعَ الْتَفَّ) وەئەگەر پاڵ بکەوێتو بخەوێت خۆی لول دەکات ولێکدەئاڵێت، (وَلاَ يُولِجُ الْكَفَّ لِيَعْلَمَ الْبَثَّ) وە دەست ناخاتە ناو دەستم تاکو بە ئازارو ئارەزووەکانم بزانێت .

**مەبەستی ئەوەیە مێردەکەی زۆر خۆرو چڵێسو نەوسنە، ئەگەر خواردن دابنرێت لە هەموو جۆرکانی دەخوات، وە ئەگەر بخواتەوە قەترە ناهێڵێتەوە هەمووی لول دەکات، خەمی کەسی نییەو هەست بەئازارو ئارەزووەکانی خێزانی ناکاو یاری لەگەڵ ناکات .**

**بێگومان ئافرەت بەدرێژایی ڕۆژ ماندوو دەبێت، بەوەی کە خەریکی ناوماڵ پاککردنەوەو خواردن ئامادەکردنو خزمەتکردنی منداڵە، پێویستە دەست خۆشی لێ بکرێتو قسەی خۆشی لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەوەی هەست بە ماندوێتیو بێتاقەتیو ئازار نەکات، وە بەدڵنیایی ئەگەر ئەم قسە خۆشانە لەگەڵ خێزانتدا بکرێت, ئەوا ئەگەر شاخێکی گواستبێتەوە هەست بە ئازار ناکات، جا هەرکات بەخێزانت بڵێیت: بەڕاستی ماندوو دەبیتو ئازار دەکێشی لەبەر ئێمە، وە خێزانیشت بەهەمان شێوە بەتۆ بڵێت: تۆش ماندوو دەبیتو ئیشو کارمان بۆ دەکەیتو بژێوی ڕۆژانەمان بۆ پەیدا دەکەیت، کە ئەمە حەقیقەتو ڕاستیە، ئەوا پیاو لەگەڵ خێزانەکەیدا کێشەو دەمەقاڵێیان نابێتو ژیانێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر دەبەن .**

## ئافرەتی حەوتەم: مێردەکەی توندو تیژە:

**دەڵێت:** (زَوْجِي غَيَايَاءُ أَوْ عَيَايَاءُ طَبَاقَاءُ) واتە: مێردەکەی من ڕەزا قورسو نەزانو بێ ئاگاو قسە وەرنەگرە، (كُلُّ دَاءٍ لَهُ دَاءٌ) هەموو دەردو ناتەواوی تێدا کۆبۆتەوە، (شَجَّكِ أَوْ فَلَّكِ) لەکاتی لێ داندا سەر بریندار دەکاتو ئیسک دەشکێنێت، (أَوْ جَمَعَ كُلاًّ لَكِ) وە یان جاری واهەیە هەردووکیان بەجێ دەهێنێت .

**مەبەستی ئەوەیە کە هاوسەرەکەی قسە وەرنەگرەو تێگەیشتنی نییەو تەنها قسە قسەی خۆیەتی، وە هەرچی عەیب هەیە لەودا کۆ بۆتەوە، هەموو دەردو نەخۆشیەك لەودا کۆ بۆتەوە, هەروەها زۆر توندو تیژە، لەکاتی لێداندا پێست بریندار دەکاتو سەر دەشکێنێت .**

## ئافرەتی هەشتەم: مێردەکەی بۆن خۆشو نەرمو نیانە:

**دەڵێت:** (زَوْجِي الرِّيحُ رِيحُ زَرْنَب) واتە: مێردی من بۆنی وەکو بۆنی زافەرانە (زافەران: گیایەکی بۆن خۆشە)، (وَالْمَسُّ مَسُّ أَرْنَب ) وە نەرمو شلە وەکو کەروێشك .

**مەبەستی ئەوەیە مێردەکەی کەسێکی بۆن خۆشو نەرمو نیانە، هەروەها لەسەرخۆو قسەوەرگرە دەتوانیت قسەی لەگەڵدا بکەیتو قسەت لێ وەردەگرێت، وە بەڕێزەو ڕەوشتی زۆر جوانو شیرینە, واتە: لە مێردەکەی ڕازییە .**

## ئافرەتی نۆیەم: مێردەکەی زۆر بەڕێزە:

**دەڵێت:** (زَوْجِي رَفِيعُ الْعِمَادِ) واتە: مێردی من کۆڵەکەی ماڵەکەی بەرزە، واتایەکی تر: خانەدانو باڵا بەرزو شۆخو شەنگە, (طَوِيلُ النِّجَادِ) قایشی شمشێرەکەی درێژەو گەورەیە، (عَظِيمُ الرَّمَادِ) خۆڵەمیشی کوانووی زۆرە، چونکە بەردەوام ئاگر لەماڵیدا کراوەتەوە لەبەر زۆری میوان, (قَرِيبُ الْبَيْتِ مِنَ النَّادِي) ماڵی نزیکە لە یانەی قەومەکەی.

**مەبەستی ئەوەیە کە مێردەکەی کەسێکی دەوڵەمەندو خانەدانو میوان پەروەرەو زۆری حەزی لەمیوانداریيە، هەروەها ماڵەکەی لەشوێنێکە کەزۆر ئاسانە دۆزینەوەی، نەکو لە جێگەیەك بێت کە دۆزینەوەی مەحاڵ بێت، بەڵکو نزیك یانەی کۆبوونەوەی قەومەکەیەتی (شوێن و جێگەی کۆبوونەوەی قەومەکەی) .**

## ئافرەتی دەیەم: مێردەکەی کەسێکی خانەدانو میواندارە:

**دەڵێت:** (زَوْجِي مَالِكٌ وَمَا مَالِكٌ) واتە: مێردی من سەروەرو ساماندارە چ سەروەرو سامانداریێك! (مَالِكٌ خَيْرٌ مِنْ ذَلِك) سەروەرو سامانداریێکە چاکتر لەوەی کە باس بکرێت، (لَهُ إِبِلٌ كَثِيرَاتُ الْمَبَارِك) وشتری زۆری هەیەو لە پشتیردا دەیان هێڵێتەوە، (قَلِيلاَتُ الْمَسَارِح) لەوەڕگایان کەمە، (إِذَا سَمِعْنَ صَوْتَ الْمِزْهَرِ أَيْقَنَّ أَنَّهُنَّ هَوَالِكُ) وە ئەگەر وشترەکان گوێیان لەدەنگی زوڕناو تەپڵ بێت, ئەوا دەزانن دەبێت یەکێکیان لەناوچێت .

**مەبەستی ئەوەیە کە مێردەکەی کەسێکی پایە بەرزەو وشتری زۆری هەیەو هەموویان نانێرێت بۆ لەوەڕگا، بەڵکو لەماڵەوە ڕایانی گرتووە بۆ سەربڕین, چونکە دەزانێت کە میوانی دێت، ئەمیش حەزدەکات وشتریان بۆ سەر بڕێت، جا هەر کاتێك وشترەکان دەنگی تەپڵو زوڕنا ببیستن, ئەوا بەتەمای ژیان نامێنن و دڵنیان یەکێکیان لە ناو دەچێت .**

## ئافرەتی یازنزەیەم: مێردەکەی کەسێکی پایەبەرزو خۆشەویستە:

**دەڵێت:** ( زَوْجِي أَبُو زَرْعٍ فَمَا أَبُو زَرْعٍ ) .

واتە: مێردی من ئەبو زەرعە جا ئێوە بەڵام چ ئەبو زەرعێکە، (أَنَاسَ مِنْ حُلِيٍّ أُذُنَيَّ وَمَلأَ مِنْ شَحْمٍ عَضُدَيَّ) هەردوو گوێمی خستبووە لەرزە بە گوارەو ئاڵتوون، وە ئەوەندە خواردنی پێداوم مەچەکەکانم قەڵەو بووە، (وَبَجَّحَنِي فَبَجِحَتْ إِلَيَّ نَفْسِي ) وە ئەوندە ڕیزی لێگرتووم خۆشمی دەوێتو نازمی کێشاوە خەریکە لەخۆم بای ببم، (وَجَدَنِي فِي أَهْلِ غُنَيْمَةٍ بِشَقٍّ ) وە منی دۆزییەوە لە شوێنێك کە خاوەنی هەندیك مەڕو ماڵات بووینو ژیانمان زۆر سەخت بوو، (فَجَعَلَنِي فِي أَهْلِ صَهِيلٍ وَأَطِيطٍ وَدَائِسٍ وَمُنَقٍّ) وە گواستمیەوەو بۆ ماڵێکی دەوڵەمەند, وە منی کردووە بە خاوەنی ئەسپ و وشترو کێڵگەو خەلەو خەرمان، (فَعِنْدَهُ أَقُولُ فَلاَ أُقَبَّحُ وَأَرْقُدُ فَأَتَصَبَّحُ وَأَشْرَبُ فَأَتَقَنَّحُ) وە لەلای هەر شتێك بڵێم ڕووگرژ ناکاتو گوێم بۆ دەگرێت، وە هەتاوەکو بەیانی دەخەوم، چونکە خزمەتکارمان هەبوو, وە هەتا دەمتوانی لە جۆرەها شەرابی نایابم دەخواردەوە، (أُمُّ أَبِي زَرْعٍ فَمَا أُمُّ أَبِي زَرْعٍ عُكُومُهَا رَدَاحٌ وَبَيْتُهَا فَسَاحٌ) دیکی ئەبو زەرع جا ئێوە چ

دەزانن سەبارەت بە دایکی ئەبو زەرع ؟ جەواڵەکانی گەورەو قورسو پڕن، وە ماڵەکەی بەرپانو فراوانە، ( ابْنُ أَبِـي زَرْعٍ فَمَا ابْنُ أَبِي زَرْعٍ مَضْجِعُهُ كَمَسَلِّ شَطْبَةٍ وَيُشْبِعُهُ ذِرَاعُ الْجَفْرَةِ) کوڕەکەی ئەبو زەرع جا ئێوە چ دەزانن سەبارەت بە کوڕەکەی ئەبو زەرع, شوێنو جێگەی خەوتنی وەك لقی داری خورمای سەوزی لەگەڵا ڕووتکراو بوو، کەم گۆشتو ناو قەد باریك دەستی کیژۆڵەیەك تێری دەکرد ئەوەندە کەم خۆر بوو، ( بِنْتُ أَبِي زَرْعٍ فَمَا بِنْتُ أَبِي زَرْعٍ طَوْعُ أَبِيهَـا وَطَوْعُ أُمِّهَا وَمِلْءُ كِسَائِهَا وَغَيْظُ جَارَتِهَا) کچەکەی ئەبو زەرع جا ئێوە چ دەزانن سەبارەت بە کچەکەی ئەبو زەرع، گوێڕایەڵی دایك وباوکێتیو زۆر بەڕەوشتە، قەڵەو خرپنەو پڕبە پۆشاکەکەی بەرێتی، هەوێ کەی ڕقی لێ یەتی, چونکە زۆر جوانو بەڕەوشتە، (جَارِيَةُ أَبِي زَرْعٍ فَمَا جَارِيَةُ أَبِي زَرْعٍ) خێزانی ئەبو زەرع (خێزانی دووەمی) جا ئێوە چ دەزانن سەبارەت بە خێزانی دووەمی ئەبو زەرع، (لاَ تَبُثُّ حَدِيثَنَا تَبْثِيثًا) هەر کێشەیەك هەبێت لەماڵدا بەهیچ شێوەیەك بڵاوی ناکاتەوەو نایگێڕێتەوە بۆ خەڵکیو نایباتە دەرەوە، (وَلاَ تُنَقِّثُ مِيرَتَنَا تَنْقِيثًا) وە دەست بڵاو نییەو خوردن بە فیڕۆ نادات، دەستی بەماڵی خۆیەوەیەتی، دزی لێ ناکات، (وَلاَ تَمْلأُ بَيْتَنَا تَعْشِيشًا) وە ماڵمانی بەپاکو خاوێن ڕادەگرت، وەك ماڵی باڵندە نەبوو پڕبێت لە گیاو پووش، (خَرَجَ أَبُو زَرْعٍ وَالأَوْطَابُ تُمْخَضُ) ڕۆژێك ئەبو زەرع دەرچوو لەماڵ ئەوەندە زوو بوو مەشکەکان دەژەنران، (فَلَقِيَ امْرَأَةً مَعَهَا وَلَدَانِ لَهَا كَالْفَهْدَيْنِ) گەیشت بە ئافرەتێك دوو منداڵی پێ بوو، دوو منداڵەکە زۆر جوان بوون، ( يَلْعَبَانِ مِنْ تَحْتِ خَصْرِهَا بِرُمَّانَتَيْنِ ) دوو منداڵەکە یاریان دەکرد بە دوو هەنار, ( مەبەست دوو مەمکی ئافرەتەکەیە منداڵەکان یاریان بەمەمکەکانی دایکی دەکردو دەیان مژی)، ( فَطَلَّقَنِي وَنَكَحَهَا) جا ئەبو زەرع منی تەڵاقداو ئەوی مارەکرد، (فَنَكَحْتُ بَعْدَهُ رَجُلاً سَرِيًّا) وە دوای ئەو شوم کرد بە پیاوێکی سەخیو ئابڕو مەندو دەوڵەمەند، (رَكِبَ شَرِيًّا) سواری ئەسپی نایابی خۆش ڕەو دەبوو، (وَأَخَذَ خَطِّيًّا) وە ڕمی چاکی هەڵ دەگرت، (وَأَرَاحَ عَلَيَّ نَعَمًا ثَرِيًّا) وە ماڵو سەروەتو ئاژەڵی زۆری پێدام، (وَأَعْطَانِي مِنْ كُلِّ رَائِحَةٍ زَوْجًا) وە لە هەموو ئاژەڵێکی سەربڕین دووانی پێدابووم، (قَالَ كُلِي أُمَّ زَرْعٍ وَمِـيرِي أَهْلَـكِ) پێ دەووتم: ئەی دایکی زەرع لێیان بخۆو بۆ خزم وناسیارەکانیشتی بنێرە، (فَلَوْ جَمَعْتُ كُلَّ شَيْءٍ أَعْطَانِي مَا بَلَغَ أَصْغَرَ آنِيَةِ أَبِي زَرْعٍ ) وە ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە پێی داوم کۆی بکەمەوە، ئەوا لەلای من ناگات بە جامۆڵکە بچوکێکی ئەبو زەرع .

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتوو عائیشە (**خوای لێ ڕازی بێت**) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: (كُنْتُ لَكِ كَأَبِي زَرْعٍ لأُمِّ زَرْعٍ ) واتە: من بۆ تۆ وەکو ئەبو زەرع وام بۆ دایکی زەرع، (إِلا أَنَّ أَبَا زَرْعٍ طَلَّقَ، وَأَنَـا لا أُطَلِّـقُ) جگە لەوەی کە ئەبو زەرع تەڵاقی دا، بەڵام من تەڵاقت نادەم .

## سودو ئامۆژگارییەکانی ئەم چیرۆكو بەسەرهاتە:

(١) **کەمی وەفا لەلای ئافرەتان:** ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە زەمی هاوسەرەکانیان کرد زیاترە لە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە مەدحی هاوسەرەکانیان کرد، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ، فَإِنِّي رَأَيْتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ» فَقُلْنَ وَبِمَ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: « تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ»[٢] .

واتە: ئەی گرۆو کۆمەڵی ئافرەتان خێرو چاکە زۆر بکەن، چونکە من بینتم زۆرینەتان ئەهلی ئاگرن، ئافرەتەکان وتیان: بۆچی زۆرینەمان ئەهلی ئاگرین؟ ئەویش فەرمووی: لەبەر ئەوەی نەفرەت زۆر دەکەنو سوپاسی مێردەکانتان ناکەنو کوفری ژیانیش دەکەن، وە ئاشکرایە کە لەلای زۆرێك لە ئافرەتان ئەگەر هاوسەرەکانیان بەدرێژای ساڵ چاك بێت لەگەڵیاندا، بەڵام خراپەیەکی لێ ببینن ئەوا دەڵێی هەرگیز چاکەیان لێ نەبینیوە، بۆیە وەفا لەلای ئافرەتان کەمە، جا ئەگەر پیاوی موسڵمان خوای گەورە خێزانێکی چاكو بەوەفای پێ ببەخشێت، ئەوا خۆشترین ژیانی دونیای دەبێت .

(٢) **پێویستە لەسەر ئافرەت نهێنی پیاوەکەی بپارێزێت:** لەبەر ئەوەی ئافرەت ئەمانەتە لەلای پیاو پێویستە لەسەر ئافرەتیش نهێنی هاوسەرەکەی بپارێزێت: خوای پەروەردگار مەدحی ئەو ئافرەتانە دەکات کە گوێڕایەڵی هاوسەرەکانیانو نهێنییەکانی دەپارێزێت: ﴿فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ ٣٤﴾

واتە: ئافرەتانی ژیرو صاڵحە هەمیشە گوێڕایەڵی خوای گەورەنو پاشان گوێڕایەڵی هاوسەرەکانیانن، وە نهێنی نێوان خۆیانو هاوسەرەکانیان دەپارێزن، (بەتایبەت ئەو نهێنییانە کە خوا دەیەوێت پارێزراو بن)، وە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڕەشەی توندی لەو پیاو و ئافرەتانە کردووە کە باسی سەر جێگای خۆیان بۆ خەڵکی دەگێڕنەوە، فەرموویەتی: (فَإِنَّمَا مِثْلُ ذَلِكَ مِثْلُ الشَّيْطَانِ لَقِيَ شَيْطَانَةً فِي طَرِيقٍ فَغَشِيَهَا وَالنَّاسُ يَنْظُرُونَ)[٣] .

واتە: نموونەی ئەو کەسەی کە باسی سەر جێگای خۆیو هاوسەری بۆ خەڵکی دەگێڕێتەوە، وەك شەیتانێکی نێر وایە کە لەسەر ڕێگایەك بگات بە شەیتانێکی مێ، وە ئەو کارەی لەگەڵدا ئەنجام بداتو خەڵکیش سەیری بکەن.

(٣) **زۆر خواردن پێچەوانەی سونەتە:** بێگومان هەر کەسێك زۆر بخوات زۆریش ئاو دەخوات وە زۆریش دەخەوێت وە کارو کردەوەی زۆریشی لەدەست دەچێت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (مَا مَلأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنٍ بِحَسْبِ ابْنِ آدَمَ أُكُلاَتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ فَإِنْ كَانَ لاَ مَحَالَةَ فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ وَثُلُثٌ لِشَرَابِهِ وَثُلُثٌ لِنَفَسِهِ)[٤] .

---

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٠٤).

(٣) صَحِيح: أَخْرَجَه أَحْمَد فِي الْمُسْنَد: (٢٨٣٥٠)، وَالطَّبَرَانِيُّ فِي الْكَبِير: (١٩٨٩١)، وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي: صَحِيح الْجَامِع الصغير: (٤٠٠٨).

(٤) صَحِيح: أَخْرَجَه أَحْمَد فِي الْمُسْنَد: (١٧٦٤٩)، التِّرْمِذِيّ فِي السُّنَن: (٢٣٨١)، وابن مَاجَة فِي السُّنَن: (٣٣٤٩) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي: صَحِيح الْجَامِع الصغير: (١٥٧٤).

واتە: ئادەمیزاد هیچ دەفرێکی پڕنەکردووە لە وورگی خراپتر بێت، بەگوێرەی پێویست چەند پاروویەك بەسە بۆ مرۆڤـ کە پشتی ڕاگیر بکات ئەگەرنا باسێ یەکی گەدەی دابنێت بۆ خواردن، وە سێ یەکی بۆ خواردنەوە، وە سێ یەکی بۆ هەناسەی.

**(٤) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار ڕێز لەمیوانی بگرێت:**

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ)(٥) .

واتە: هەرکەسیك باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لەمیوانی بگرێت.

**(٥) لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا لێدانی توندو تیژ قەدەغەکراوە:**

پرسیارکرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی ماڤی خێزان، ئەویش فەرموویەتی: (... وَلاَ تَضْرِبِ الْوَجْهَ وَلاَ تُقَبِّحْ وَلاَ تَهْجُرْ إِلاَّ فِي الْبَيْتِ)(٦) .

واتە: نابێت لەدەموو چاوو ڕووی بدەی، وە نابێت قسەی ناشیرینی پێ بڵێی، وە نابێت پشتی تێبکەی، مەگەر ئەوەی کە سەر جێگەی لەگەڵ نەکەی (ئەویش نابێت لە ژوورێکی تر بەتەنها بخەویت).

**(٦) دەبێت پیاو بەچاکی هەڵسوکەوت لەگەڵ خێزانیدا بکەن:**

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لأَهْلِهِ وَأَنَا خَيْرُكُمْ لأَهْلِي)(٧) .

واتە: باشترینی باشترینتان ئەوەتانە کە لەگەڵ خێزانەکەی دا ڕەفتارو هەڵسوکەوتی چاكو باشە، وە منیش لە هەمووتان زیاتر ڕەفتارو هەڵسوکەوتم لەگەڵ خێزانمدا چاكو باشە.

**(٧) خۆشەویستی لەنێوان ژنو پیاودا خراپەکان دادەپۆشێت:**

بەڕاستی هەرکەسێك لەهەرکەسێك ڕازی بێت، ئەوا خراپەکانی بە چاکە دەبینێت، وە بە ڕاستی خۆشەویستی هەموو شتێکی نێوان ژنو پیاو دادەپۆشێت، لەگەڵ ئەوەی کە ئەبوو زەرع ژنەکەی تەڵاق دا، بەڵام خێزانەکەی هێشتا مەدحی دەکاتو باسی چاکەکانی دەکات، بۆیە دەیوت: ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کەئەم پیاوەم پێی داوم کۆی بکەمەوە، ئەوا ناگات بە جامۆڵکە بچوکێکی ئەبوو زەرع.

**(٨) پێویستە ئافرەتی باوەڕدار هاوسەری چاك بۆ خۆی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی کە تاموو چێژ لە ژیانی هاوسەرێتی وەرگرێت:**

---

(٥) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ: (٦٠١٨).

(٦) صَحِيح: أَخْرَجَه أَحْمَد فِي الْمُسْنَد: (٢٠٥٤٨)، وَأَبِي دَاوُد فِي السُّنَن: (٢١٤٢)، وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي: صَحِيح الْجَامِع الصغير: (١٧).

(٧) صَحِيح: أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيّ فِي السُّنَن: (٢٨٩٥) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي: صَحِيح الْجَامِع: (٣٣١٤).

بێگومان ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە توشی پیاوانو ئافرەتان دەبێت، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە پەلە دەکەن لەکاتی هەڵبژاردنی هاوسەردا، بۆیە جاری واهەیە ئافرەت بەهۆی دەوڵەمەندیو شەهادەو ڕەچەڵەکەوە تێدەکەوێت، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(إِذَا خَطَبَ إِلَيْكُمْ أَوْ (إِذَا أَتَاكُمْ) مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَزَوِّجُوهُ إِلاَّ تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ عَرِيضٌ)(٨) .

واتە: ئەگەر یەکێك هاتە پێشەوە بۆ داخوازبێنی کچەکانتان، لە دینو ڕەوشتی ڕازی بوون ئەوا بیدەنێ، ئەگەر نا ئەوا فیتنەو ئاشوب لەسەر زەوی بڵاو دەبێتەوە.

**(٩) پیاوو ئافرەتی باوەڕدار دەبێت خۆیان بۆ یەکتری بڕازێننەوەو بۆنی خۆش لە خۆیان بدەن:**

یەکێك لەو ئافرەتانە دەڵێت: هاوسەرەکەم بۆنی وەك زافەرانە (واتە بۆنی زۆر خۆشە)، هاوەڵی خۆشەویست ئەنەسی کوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێت)، دەفەرمووێت:

(كَانَ لَه سُكَّةٌ يَتَطَيَّبُ مِنْهَا )(٩) .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ گوڵاو پرژێنێکی هەبوو خۆی پێ بۆن خۆش دەکرد.

وە هاوەڵی خۆشەویست عەبدوڵڵای کوڕی عەباس(خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت:

(إِنِّي لأَتَزَيَّنُ لاِمْرَأَتِي كَمَا تَتَزَيَّنُ لِي)(١٠) .

واتە: من خۆم بۆ خێزانەکەم جوان دەکەم هەروەك چۆن ئەو خۆی بۆ من جوان دەکات.

**(١٠) نابێت پیاوی باوەڕدار ڕەزیل بێت:** لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هەڕەشەی توند لەو کەسانە کراوە کە ڕەزیلن بەرامبەر بە ژێردەستەکانیان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يَحْبِسَ عَمَّنْ يَمْلِكُ قُوتَهُ)(١١) .

واتە: بەسە بۆ مرۆڤ تاوانو گوناه کە بژیوی ئەوانە نەدات کە لە ژێر دەستیایەتی.

**(١١) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار خۆی بپارێزێت لە لوت بەرزیو خۆبەگەورە زانین:**

یەکێك لەو ئافرەتانە دەڵێت: هاوسەرەکەم ڕازیکردنی مەحاڵە ئەوەندە لوت بەرزە، وە هەڕەشەی توند کراوە لەو کەسانەی کە لوت بەرزن، خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ لَا جَرَمَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾ .

واتە: بە دڵنیایی خوای گەورە دەزانێت بەوەی کە دەیشارنەوەو بەوەی کە ئاشکرای دەکەن، بەڕاستی خوا خۆ بەزل زانی خۆش ناوێت.

---

(٨) حَسَن: أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيّ فِي السُّنَن: (١٠٨٤)، وابن مَاجَة فِي السُّنَن: (١٩٦٧)، وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي: صَحِيح الْجَامِع الصغير: (٢٧٠).

(٩) صَحِيح: أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد فِي السُّنَن: (٤١٦٢) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع الصغير: (٤٨٣٢).

(١٠) تَفْسِير الْقُرْطُبِيّ: (١٢٣/٣) وَفِقْه السُّنَّة: (٢٢٠/٢).

(١١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ: (٢٣٥٩).

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِأَهْلِ النَّارِ كُلُّ عُتُلٍّ جَوَّاظٍ مُسْتَكْبِرٍ)[١٢] .

واتە: ئایا پێتان ڕابگەیێنم كێ ئەهلی ئاگرە؟ هەموو كەسێكی ویشكو دڵ ڕەقی شانازیكەرو خۆ بەزل زانو لوت بەرزە.

**(١٢) ئافرەتی چاكو باش ئەوەیە كە لەلای خەڵكی بە چاكە باسی هاوسەرەكەی بكات، وەك (دایكی زەرع).**

پێشەوا ئیبنو حەجەری عەسقەلانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) چەند سودو ئامۆژگاریەكی باس كردووە لەم فەرموودەیەدا:

(١) هەڵسو كەوتی چاك لەگەڵ ئافرەتاندا, وە گفتوگۆ لە كاروباری ژیاندا ئەگەر ڕێگرییەك نەبێت بۆ ئەو گفتوگۆیە .

(٢) هەندێك جار گفتوگۆی خۆش, گاڵتەو سوعبەت كردنو قسەی ڕەوا لەگەڵ خێزاندا, دروستەو هیچی تێدا نییە .

(٣) ئاشكراكردنو دەرخستنی خۆشەویستی بۆ ئافرەت, بەشێوەیەك سەر نەكێشێت بۆ لەخۆ بایی بوون .

(٤) قەدەغەكردنو ڕێگری لە فەخرو شانازی بەماڵو سەروەت .

(٥) دروستە ئافرەتان باسی چاكەی مێردەكانیان بكەن .

(٦) بیرخستنەوەو قسەو گفتوگۆكردن سەبارەت بە ئوممەتانی پێشین, هەروەها نمونە هێنانەوە لەسەریان, وە بكرێن بەسەر مەشقو چاویان لێ بكرێت لە كارە چاكو باشەكانیاندا .

(٧) ئەم چیرۆكە ئافرەتان هاندەدات بۆ ئەوەی بە وەفا بن بەرامبەر مێردەكانیان, وە بەكەمو كوڕی مێردەكانیان ڕازی بنو سوپاسیان بكەن .

(٨) خۆشەویستی ڕاستەقینە عەیبو خراپە دادەپۆشێت, ئەبو زەرع لەگەڵ ئەوەی كە خێزانەكەی تەڵاقداو لێی جیابووەوە, ڕێگرییەك نەبوو بۆ خێزانەكەی كە باسی چاكەكانی نەكات, بەڵكو بەشێوەیەكی وا باسی ئەبو زەرعی دەكرد, وەك ئەوەی هەر لێی جیا نەبوو بێتەوە .

(٩) هەركات ئافرەتان كۆببنەوە, ئەوا زۆربەی زۆری قسەكانیان لەسەر پیاوانە، پیاوەكەت چی دەكات؟! هەڵسوكەوتو ڕەوشتی چۆنە؟! ... هتد، هەروەها هەركاتێكیش پیاوان كۆببنەوە, ئەوا زۆربەی زۆری قسەكانیان لەسەر ئیشو كارو كەسابەتو مەعاش هتد ... ، وە دەگونجێت قسەكانیان لەسەر ئافرەتانیش بێت .

(١٠) دروستە مرۆڤ بڵێت بەقوربانت بم, جا بۆ گەورەكەی بێت یان بۆ خاوەن عیلمو زانیاری, وە یان بۆ ئەو كەسانەی كە خۆشی دەوێن, لە براكانیو ئەوانەی كە ئامادە نین, بەڵكو پاداشتیش دەدرێتەوە, بەمەرجێك مەبەستی ئەو كەسە ڕێزو سۆزو میهرەبانی بێت .

(١١) دروستە وەصفی چاكەی ئافرەتان بۆ پیاوان باس بكرێت, بەمەرجێك نەناسراو بن واتە دیاری كراو ناسراو نەبن.

---

(١٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ: (٤٩١٨).

(١٢) مەرج نییە ئەو کەسەی خۆی دەچوێنێت بەیەکێکی ترەوە هەموو شتەکانی وەکو ئەو بێت, هەروەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: من بۆ تۆ وەکو ئەبو زەرع وام بۆ دایکی زەرع, جگە لەوەی کە ئەبو زەرع تەلاقی دا، بەلاّم من تەلاّقت نادەم, وە هەروەها ئەبو زەرع دەولّەمەند بوو لە مالّو سەروەتو خزمەتکارو مندالّو ... هتد .

(١٣) دروستێتی خۆچواندن بە ئەهلی صالحو چاکەوە لە هەموو ئوممەتێکدا, چونکە دایکی زەرع هەوالّی باوکی زەرعی گێڕایەوە, وە پێغەمبەر ﷺ خۆی چواند پێیەوە لە چاکەکانیدا .

## ناوی ئافرەتەکان:

**پێشەوای خۆشەویست** الْحَافِظ (أَبُو بَكْر الْخَطِيب الْبَغْدَادِيّ) لە پەرتووکی: (الْمُبْهَمَات) دا دەفەرمووێت:

**ئافرەتی دووەم ناوی:** (عَمْرَة بِنْت عَمْرو).

**ئافرەتی سێ یەم ناوی:** (حبى بِنْت نعب).

**ئافرەتی چوارەم ناوی:** ( مهدد بِنْت أَبِي مرزمة).

**ئافرەتی پێنجەم ناوی:** ( كَبْشَة ).

**ئافرەتی شەشەم ناوی:** (هِنْد).

**ئافرەتی حەوتەم ناوی:** (حبى بِنْت عَلْقَمَة).

**ئافرەتی هەشتەم ناوی:** (بِنْت أَوْس بْن عَبْد).

**ئافرەتی دەیەم ناوی:** (كَبْشَة بِنْت الْأَرْقَم).

**ئافرەتی یانزەیەم ناوی:** (أُمّ زَرْع بِنْت أُكَيْهِل بْن سَاعِد)[١٣] .وَآخِرُ دَعْوانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْغَالَمِينَ وَ الصَّلاة وَالسَّلامُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّد وَعَلَى آلهِ وَصَحْبهِ أَجْمَعِين.

================================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

(١٣) شَرْح النَّوَوِيّ عَلى مُسْلِمٌ: (٨/١٩٨/٤٤٨١).